# چۆن منالەکانت پەروەردە ئەکەیت

" سی بنچینە و ڕێسا ئەتگەیەنێت بە چاکترین و سەرکەوتووترین ڕێگە لە پەروەردەکردندا "


ئامادەکردنی
أحمد بن ناصر الطیار

وەرگێڕانی
ساماڵ عەلی فەرەج


کتێبخانەی (PDF)
گروپێک بۆ خزمەتکردن بە خوێنەران و
خوێندکاران و کتێب دۆستان
لایک و کۆمێنت بۆ پۆستەکانمان بکەن و هاوڕێیانتان
بانگهێشت بکەن بۆ بەردەوامیمان

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

عبدالله حنيف ١٤٣٧

# چۆن منداڵەکانت پەروەردە ئەکەیت

" سێ بنچینە و ڕێسا ئەتگەیەنێت بە چاکترین و
سەرکەوتووترین ڕێگە لە پەروەردەکردندا "

لە ئامادەکردنی
أحمد بن ناصر الطيار

وەرگێڕانی
سامال عەلی فەرەج

ناوی کتێب: **چۆن منداڵەکانت پەروەردە ئەکەیت**

نوسینی: **أحمد بن ناصر الطيار**

وەرگێڕانی: **سامال عەلی فەرەج**

سالی چاپ: ٢٠١٩ ز

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: **مەهرین دیزاین**

لە بەڕێوەبرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی ( ١١٣٤ ) سالی ( ٢٠١٩ ) پێدراوە

MAHREN DESIGN

Mahren Design

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

**پێشەکی وەرگێڕ :**

الحمد لله و الصلاة و السلام علی رسول الله ، أما بعد :

پێشتر بەیارمەتی خوا توانیم نامیلکەیەک بەچاپ بگەیەنم بەناونیشانی ( پەروەردەکردنی منداڵان لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا )، جا کاتێ برایەک دەستنووسەکەی بینی ووتی: بەڕاستی گەورەکان زیاتر پێویستیان بە پەروەردەکردنە وەک لەمنداڵان، وە پێی ووتم خۆزگە کتێبێک هەبوایە لەسەر پەروەردەکردنی گەورەکان!، جا بەڕاستی ئاواتی ئەو برایە هاتەدی، ڕەنگە پێتان سەیر بێت چونکە ناونیشانی پەرتوکەکەمان لەسەر پەروەردەکردنی منداڵانە و باس لەپەروەردەکردنی ئەوان ئەکات، بەڵام من ئەڵێم بەڕاستی ئەگەر بێتو گەورەکان هەر لەسەرەتاوە خودی خۆیان لەسەر ئەو ڕێنماییانە پەروەردە نەبووبێتن کە لە دووتوێی پەرتوکەکەدا خراوونەتەڕوو، ئەوا هەرگیز ناتوانن پەروەردەیەکی ڕاست و دروستی منداڵەکانیان بکەن و لەسەریان ڕایان بهێنن چونکە بێگومان هەڵسوکەوت و کرداری ناتەندروستانەی زۆرێک لە گەورەکان لەو پەروەردەیە باشتری لێ ناکەوێتەوە کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەرهەمەکەی بەچاوی خۆمان ئەبینین، مەگەر چۆنەها خوای میهرەبان بەڕەحمی خۆی نەوەی موسڵمانانی لەخراپە و چەوتڕەویی پاراستبێت و نموونەی باشیان تیا هەڵکەوتبێت، بۆیە ئالێرەدا ڕاشکاوانە پەیامی خۆم ڕائەگەیەنم و ئەیدەم بەگوێی هەموو پەروەردەکاراندا ( سەرەتا لەخۆمەوە دەست پێئەکەم ) کە ئەگەر ئەمانەوێ منداڵەکانمان بەشێوازێکی تەندروست و ڕێک و ڕاست ( بەگوێرەی پەیامەکەی خوای باڵادەست و ڕێنوێنیەکانی سەروەرمان ﷺ پەروەردە بکەین، ئەوا بابێین

لەخودی خۆمانەوە دەست پێبکەین وورد و درشتی ئەو خاڵانەی لەم پەرتوکەدا خراوەتە ڕوو بەپێی توانا لەخۆماندا جێبەجێیان بکەین و بەجۆرێکی ئەوتۆ تیاماندا ڕەنگ بداتەوە کە ببێتە ئاوێنەیەکی باڵانمای وتەکانمان، ئینجا بێین ڕێنماییەکان ئاراستەی منداڵەکانمان بکەین و لەسەریان پەروەردەیان بکەین و ڕایان بهێنین، هەتا تاکێکی چاک و بەکەڵک دەربچن بۆ خۆمان وکۆمەڵگاکەمان و لەلاڕێ بوونیش بیانپارێزین، چونکە بەڕاستی لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هۆکارەکانی گومڕاکردن و لەخشتەبردن و چەواشەکردن بازاڕیان گەرمە و لەهەڕمێنداان و تەونی جاڵجاڵۆکە ئاسای حەزو ئارەزوو هەوەسبازی تان و پۆی کۆمەڵگەی موسڵمانانی تەنیوە، و تۆڕی ئاسانکاری ئیبلیسانەی بۆ ڕۆڵەکانمان هەڵداوە تا ملیان پێوەی بێت و گیرۆدەی بن، کە کەوتنە ناو زۆنگاوەکەشیەوە هەروا بەئاسانی لەدەستیان قوتار نابن، جا ئەگەر ئەمانەوێ ڕۆڵەکانمان نەکەونە ناو داوی ئەو نەخشە گڵاوانەوە و تەڵەکەیان پیا نەتەقێ، ئەوا با بگەڕێینەوە بۆ پەروەردە ناوازەکەی سەروەری مرۆڤایەتی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە هەر ئەو پزیشکی دەردەکانە و بەکاکیلە و خرێکانمان توند بیگرین و دەست بەرداری نەبین و لەسەری بژین و بمرین و خۆمان و منداڵەکانمانی لەسەر پەروەردە بکەین و بەموو لێی لانەدەین تا ئەو ڕۆژەی ئەم دنیایە بەجێ ئەهێڵین و بەخوای خۆمان ئەگەینەوە، وە ئامادەکاریش خوا پاداشتی بەخێری بداتەوە توانیویەتی پەیام و مەبەستەکەی خۆی لەپەروەردەکردن بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش ئاماژە پێبدات و بیگەیەنێ، وەک واتەنی توانیویەتی خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێ، و ئەوەی تۆ مەبەستتە و لەناختا پەنگی خواردۆتەوە ئەو هاتووە ئاماژەی پێداوە و ڕوونی کردۆتەوە و بەرچاوڕۆشنی کردوویت، من بەش بەحاڵی خۆم کاتێ ئەم پەرتووکەم یەکەمجار کەوتە

بەردیدە یەکسەر دوای گەڕانەوە بۆماڵەوە دەستم کرد بەخوێندنەوەی و لەگەڵیدا کارلێکم کرد و ئاوێتەی بووم بەجۆرێک وەک چۆن کەسێکی تینوو لەوەرزی هاویندا هەڵوەدای ئاوێکی سازگار و فێنک وشیرینە هەتا گەروی ووشک و زمانی بەپەلاس بووی خۆی پێ تەڕ و پاراو بکات، ئاوا منیش ئەم نووسینەم بەوجۆرە بینیەوە، بۆیە هەر دوای لێبوونەوە لەخوێندنەوەی پشتیوان بەخوا دەستمکرد بەوەرگێڕانی هەتا خوێنەرانی موسڵمانی کوردزمان لێی بێبەش نەبن و دەستی و پەروەردەکارانیش بگرێت تا بە بەرچاو ڕۆشنیەوە منالەکانیان لەسەر پەروەردەبکەن، لەکۆتایدا جێی خۆیەتی کەوا سوپاسی مامۆستای بەڕێز (مامۆستا عەبدولغەفور عەبدوڵا) بکەم کە بەسنگێکی فراوانەوە هەر کاتێ پرسیارێکم هەبوایە و دەستەواژەیەکم لێ ئاڵۆز بوایە بۆی ڕوون ئەکردمەوە، بۆیە داواکارم لەخوای بەرز و بڵند خاوەنی تەخت و بارەگای مەزن پاداشتی بەخێری بداتەوە و زانست و زانیاری فراوان بکات.

لەکۆتایشدا سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان و بارانی سۆز و میهرەبانی خۆی بڕژێنێ بەسەر گیانی پاک و پیرۆزی پێشەوا و سەروەرمان و ماڵبات و هاوەڵەکانی بەگشتی هەتا ڕۆژی دوایی ئامین.

**ساماڵ علی فرج**

**٩ی شەعبانی ساڵی ١٤٣٩ ی کۆچی بەرامبەر بە ٢٥/ ٤/ ٢٠١٨ ـ سلێمانی ـ**

۞۞۞

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## پێشەکی :

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەرز و بڵندە لە هەموو هاوبەش و هاوتایەک کە بۆی بڕیار بدرێت، وە پاک و بێگەرد و بێ خەوشە لەوەی کە هیچ هاوسەر و منالێکی هەبێت، وە توانا و دەسەڵات و بەڵگە و نیشانەکانی دەورەی هەموو بەندەکانی داوە و لەژێر ڕکێفی ئەودان و ناتوانن لێی دەرباز ببن، وە گەواهی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نی یە شایەنی پەرستن بێت جگە لە خوای تاک و تەنیا نەبێت کە هیچ هاوبەشێکی نی یە، کە هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت دڵخۆش و ئاسودەی ئەکات لە ڕۆژی دوایدا، وە هەرکەسێکیش نکوڵی و سەرپێچی بکات ئەوا خوای باڵادەست لە بۆسەدایە بۆی و کە گرتی لە سزا و تۆڵەی دەرباز نابێت، وە هەروەها گەواهی ئەدەم کەوا موحەممەد بەندە و پەیامبەریەتی، کە سەرگەورەی خواپەرستان و دنیا نەویستانە، بانگخواز بوو بۆسەر ڕێگەی ڕێنوێنیکار و ڕێبازی ڕاست ودروست، ستایشی خوا لەسەر خۆی و خانەوادە و ماڵبات و تێکڕای هاوەڵەکانی بێت، کە هەموو تەمەنی خۆیان بۆ بانگەواز کردن و تێکۆشان لە پێناوی ئەم ئاینەدا خستەکار و بەکارهێنا و بڕاندەوە، وە قەڵایەکی تۆکمە و بەهێز بوون ڕوو بەڕووی شیرک و هاوبەشدانان و خوا نەناسی و بێ باوەڕی، وە سڵاو و ستایشێکی زۆری پەروەردگاریان لەسەربێت هەتا ڕۆژی دوایی ، ئامین. دوای ئەوە:

ئەی پەروەردەکار و بەخێوکەری بەڕێز ـ جا چ باوک بێت یاخود دایک ـ باش بزانە کەوا بەنرخترین شتێک کە هەتە لەدوای ئاینەکەتەوە، ڕۆڵە و منالەکانتە کە پارچەی جگەرتن،

کە ئەوان لە مەزنترین هۆکارەکانی بەختەوەریت یان کلۆڵی و بەد بەختیتن، بە چاکبوون و ڕێک و ڕاست بوونیان: بێخەم و دەرون ئاسودە ئەبیت، و ژیانت ساف و ڕوون و خۆش گوزەران ئەبیت، وە بەخراپ بوون و یاخی بوونیشیان: ژیان و گوزەرانت ناخۆش و سەخت وناڕەحەت و نالەبار ئەبێت، و دەرد و خەفەت و مەینەتی و ناخۆشی و ئێش و ئازار ئەنۆشیت و یەخەت ئەگرێ و لێت نابێتەوە.

بەڕاستی منالەکانت سەروەت و سامانی تۆن لە ژیانتدا وەک خوای بەرز و بڵند ئەفەرمووێ: ﴿ٱلۡمَالُ وَٱلۡبَنُونَ زِينَةُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾ الكهف: ٤٦

واتە: (ماڵ و منالٌ جوانی و ڕازاوەیی ژیانی دنیان ).

بێگومان پەروەردەکار و بەخێوکەری ژیر و تێگەیشتوو ئەوکەسەیە کە تێئەکۆشێ و هەوڵ ئەدات بۆ پارێزگاری لێکردن و گەشەپێدان و چاودێری کردنیان، و ئەگەڕێ بەدوای ئەو ڕێگا و هۆکارانەی کە بە هۆیانەوە ئەتوانێ پەروەردەیان بکات بە پەروەردەیەکی ساغڵەم و ڕاست و دروست، ئەگەرچی ئەوەش وا پێویست بکات کەوا بەشێک لە کات و ماڵ و سامانی خۆی بۆ تەرخان بکات و لەپێناویدا بەختی بکات.

جا ئەگەر هەق و مافی ڕەوات هەیە بەسەر منالەکانتەوە، ئەوا بەهەمان شێوە تۆش ئەرک و لێپرسراویت لەسەر شانە بەرامبەریان، پێشەوا ئیبنولقەیم بەڕەحمەت بێ جەخت لەسەر ئەم لێپرسراوێتی یە ئەکاتەوە و ئەفەرمووێ:( هەندێ لە زانایان فەرموویانە: خوای پاک و بێگەرد لەڕۆژی دوایدا لێپرسینەوە لە باوک ئەکات لەبارەی منالەکەیەوە، پێش ئەوەی

لێپرسینەوە لەمناڵ بکات سەبارەت بە باوکی، جا هەروەک چۆن باوک هەق ومافی هەیە بەسەر مناڵەکەیەوە، بەهەمان شێوە مناڵیش هەق و مافی هەیە بەسەر باوکیەوە.

جا هەروەک چۆن خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَـٰنًا﴾ الأحقاف: ١٥ ، واتە:( ئێمە فەرمانمان بە ئادەمیزاد کردووە بە چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوکی دا ).

هەروەها فەرمووشیەتی: ﴿قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ﴾ التحريم: ٦ ، واتە:( خۆتان و ژن و مناڵ و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێک کە سووتەمەنیەکەی مرۆڤ و بەردە ).

جا ئامۆژگاری و فەرمانی خوای مەزن بۆ باوکان و دایکان کەوا چاکبن لەگەڵ مناڵەکانیان لەپێشترە لە فەرمانکردنی بۆ مناڵان کە چاکبن لەگەڵ باوک و دایکیاندا، بۆیە هەرکەسێ کەمتەرخەمی بکات لە فێرکردنی ئەو شتەی کە کەڵک و سودی هەیە بۆ مناڵەکەی، و گرنگی پێ نەدات و وازی لێ بهێنێت و پشت گوێی بخات، ئەوا تا ئەوپەڕی ڕادە خراپەی لەگەڵدا نواندووە، هەر بۆیە زۆربەی مناڵان خراپ بوونیان لە ڕێگەی باوکان و دایکانەوە و بەهۆی ئەوانەوە بووە، بەهۆی فەرمامۆشکردنیان، و وازلێ هێنانیان لەوەی کە بێن فەرز و سوننەتەکانی ئاینیان فێربکەن، بەوەش هەر بەمناڵی لە دەستیان دان و وونیان کردن، کە نە توانیان کەڵک بەخۆیان بگەیەنن و سودیان بۆ خۆیان هەبێت، وە نەشیان توانی بە گەورەیی کەڵکیان بۆباوک و دایکیان هەبێت )[1].

(١) تحفه المولود ١/ ٢٢٩ .

ئەوەتا وەک ئەبینین هەموو ڕۆژێک لە هەوڵی پەیداکردنی ڕسق و ڕۆزیدایت، و خەریکی گەشەپێدانی ماڵ و سامانەکەتی، و پرسیار ئەکەیت و ئەگەڕێیت بەشوێن ڕێگەکانی گەشەپێدان و زۆرکردنیدا، جا ئایا بەهەمان شێوەی ئەوە منداڵەکانیشت شایانی هەمان بەتەنگەوەچوون و سووربوون لەسەر پەروەردەکردنیان و هەمان ڕەنج لەگەڵدان و تێکۆشان نین؟.

وە ئەگەر ئێمە لای خۆمانەوە هەوڵمان دابێت بۆ هێنانە دنیایان (لە ڕێگەی خێزان پێکهێنانەوە)، ئەی باشە هەوڵمانداوە بۆ پەروەردەکردنیان هەتا ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمە و چورتم و ناڕەحەتیەکان ببنەوە، و بۆ ئەوەی ببنە یارمەتیدەر و هاودەممان و دڵمان پێیان بکرێتەوە، یاخود پەروەردەکردنیانمان خستۆتە پشتگوێ بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەی نەگبەتی و بەدبەختی بۆمان، ئەی باشە ئێمە چیمان بۆکردوون دوای هاتنە بوونیان بۆ گۆڕەپانی ئەم دنیایە؟ وە ئایا ئێمە هەر بەڕاستی چۆن بووین لەگەڵیاندا؟ وە ئایا لەبارترین و گونجاوترین ڕێگە، و چاکترین هۆکار چی یە بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان؟.

بەڵام خۆی گیروگرفتەکە لەوەدایە زۆربەی باوکان و دایکان دەرفەتیان نی یە و نایان پەرژێت یاخود ئەوەندە ئارامیان نی یە کەوا گوێ لە منداڵەکانیان بگرن و دڵیان بدەنێ، بۆئەوەی بزانن چی لە مێشک و دڵ و دەروونیاندایە، و لە سروشتی هەست و سۆز و مەبەستیان تێبگەن، هەر بۆیە ئەبێت لەگەڵ دەروونی خۆماندا تێبکۆشین و هەوڵ بدەین کەوا خۆمان ڕابهێنین لەسەر هونەری چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕۆڵەکانماندا،و سەربکەینەسەر ئەوەی کە بە شێوازێکی تەواوتر و چاکتر و ناوازە لەگەڵیاندا بجوڵێینەوە.

وە هەندێ لە باوکان ـ خوا هیدایەتیان بدا ـ لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ منداڵەکانیاندا هیچ نەرمیەکیان تیادا نی یە و نەرمی نانوێنن، یان ئەبێ بڵێ ڕەشە یان سپی، یاخود بەشێوازێکی تر: یان ئەبێ لەگەڵیدا ڕێبکەوێ یان ئەبێ جیابێتەوە، ڕێک لە شێوازی سەربازی ئەچێت! و بەکوردیەکەی تەنیا زمانی کوتەک ئەزانن.

کاتی خۆی ئەم ڕێبازە هەندێ لە باوکان و دایکان پەیڕەویان ئەکرد، بەجۆرێک بوو کوڕ هیچ ڕێگەیەکی خۆدەربازکردنی نەبوو لێی مەگەر گەڕانەوە نەبێت بۆلای باوک و دایکی، بەڵام بەڕاستی هەرگیز ئەم شێوازە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت، چونکە ئەگەر هاتو منداڵ لەوان جیابۆوە ئەوا خراپەکاران ئەیقۆزنەوە و پێشوازی لێ ئەکەن و باوەشی بۆئەکەنەوە، و دەرگای شەڕ و خراپە کراوە و ئاوەڵایە لەبەردەمیدا.

بۆیە مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵدا هونەرێکە هەروا بە ئاسانی نایەت بەدەستەوە و قورس و گرانە لەلای زۆرێک لە باوکان ودایکان، زۆرجار باوکان هەوڵ ئەدەن و ئەگەڕێن بەدوای باشترین ڕێگەدا بۆ چۆنێتی هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردن لەگەڵیاندا.

وە ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە زۆر بەناڕەحەت کەسێکت دەست ئەکەوێت کە منداڵی هەبێت مەگەر سکاڵا و دەردە دڵی نەبێت لەدەست ئەو سەختی و دژواریانەی کە لە میانەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا ڕووبەڕووی ئەبێتەوە، وە ئەگەر تازە خوای گەورە منداڵێکی پێ بەخشیبێت ئەبینیت کۆڵی خەم و پەژارەی ئەو ناڕەحەتیانە لەخۆی بار ئەکات کە لە کاتی پەروەردەکردنیدا بەرەنگاری ئەبێتەوە، و ڕاشکاوانە پێت ڕائەگەیەنێ کە سەردەم و نەوەکان گۆڕاوون ( بەکوردیەکەی پێت ئەڵێ زەمانە گۆڕاوە )، بەڵام ئەوەی کە سەیرە

ئەوەیە سەرەڕای ئەوانەش ئەو کەسە نایەت ئەگەر یەک کاتژمێریش بێت لە مانگێکدا خۆی ماندوو بکات بەوەی کە کتێبێک بخوێنێتەوە یان گوێ لە کاسێتێک بگرێت یاخود ئامادەی خولێک بێت لەسەر چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕۆڵەکاندا، یان ئەگەر هەر هیچ نەبێت با بێت بەلایەنی کەمەوە ڕاوێژ بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بکا لە بواری پەروەردەدا، و ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ئەزمونەکانیان بە دڵێکی فراوانەوە وەربگرێت.

بەڵکو زۆرێک لەوانە بێ هیچ پێشینەیەک خودی خۆیان ئەخەنە ناو ئەو ئەزمونە گرنگ و هەستیارەوە، بێ ئەوەی هیچ کەڵکێک وەربگرن نە لە کەسانی تر و نە لەوانەش کە لەو شارەزاتر و پێشکەوتوو ترن.

ئای کە مایەی سەرسوڕمانە! ئەگەر هەر یەکێک لەوان بیەوێت بچێتە ناو پڕۆژەیەکی بازرگانیەوە، کە ئەو پارە و سامانەی هەیەتی بیخاتە ناویەوە، ئەبینیت ئەوکەسە دێت پرس و ڕا بە بازرگانان و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارەدا ئەکات، و نەخشە و تێڕوانینێکی گەورە بۆ ئەو پڕۆژەیە دائەڕێژێ، بەجۆرێک لە دڵنیاییەکی تێر و تەواو و شارەزاییەکی باشەوە ئەچێتە ناو کایەکەوە!.

ئەی باشە ڕۆڵەکانیان، و پارچەکانی جگەریان، گەورەتر و مەزنترین پڕۆژە نیە لە ژیانیاندا؟.

وە زۆرجار باوکان و دایکان ڕۆڵەکانیان ڕووبەڕووی لۆمە و سەرزەنشت کردن ئەکەنەوە کاتێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی نەشیاو ئەنجام ئەدەن، یان کردەوەیەکی خراپ و هەڵەیان لێ ئەوەشێتەوە، بەڵام ئەوەیان لە بیر ئەچێتەوە کە خۆیان شایستەتر و لە پێشترن بەوەی

کە سەرزەنشت و سەرکۆنە بکرێن، چونکە لەوانەوە جۆری لە بە زایەدان و کەمتەرخەمی هەبووە لە گرتنەبەری شێوازی چاکتر و تەواتر لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕۆڵەکانیاندا، لەبەر ئەوەی کەمتەرخەمی و خەمساردی ئەوان لە پێش کەمتەخەمی منداڵەکانیانەوە بووە، وە ئەوان کانی و سەرچاوەی بنەڕەتی بوون کە ئەگەر بهاتایە سازگار و زوڵاڵ و شیرین بوایە ئەوا ئاولێ هەڵهێنجانەکەشی چاک و تەندروست ئەبوو، وە ئەگەر سەرچاوەکە لێڵ و لیخن و بۆگەن بێت ئەوا بەهەمان شێوە ئاو لێ هەڵهێنجانەکەشی پیس و بێ کەڵک ئەبێت.

وە باش بزانن ـ ئەی باوکان و دایکانی بەڕێز ـ هەریەکێ لە ئێوە ئەگەر ئەیەوێ منداڵەکانی بە باشی پەروەردە بکات: با بێت لە پەروەردەکردنی خودی خۆیەوە دەست پێبکات، و لەسەر ڕازانەوە بە خووڕەوشتی بەرز و جوان مەشق بەخۆی بکات و ڕای بهێنێت، و بە نەرمونیانی و میهرەبانی و بە ئارامی هەڵسوکەوت بکات، و هەوڵ بدات و تێبکۆشێت لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەم بنچینە و ڕێسا و شێوازانەی کە ئەیخەینە ڕوو، وەلێ ئەگەر بێتو وانەکەن ئەوا وەک ئەو کەسە ئەبن کە تۆوێکی چاک و پاک لە زەویەکەی وشک و بێفەڕدا ئەڕوێنێت کە هیچی لێ سەوز نابێت.

باشە گوێگرتن لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکان و نیشانە و بەڵگەکان چ کەڵک و سودێکی هەیە، لەکاتێکدا تۆ پێی ڕازی نیت و ملی بۆنادەیت، یان پێی ڕازیت، بەڵام ئەوەی هەیە سوور نیت لەسەر ئەوەی کەوا ئیشی پێبکەیت و جێبەجێی بکەیت.

بەڕاستی پەروەردەکردنی مناڵ ئەوەندە ئاڵۆز و قورس نی یە وەک باسی لێوە ئەکرێ، بەڵکو ئەتوانیت زۆر بە سانا و ئاسانی پەروەردەیان بکەیت، ئەگەر پشت بەخوای بەرز و بڵند ببەستیت، و دەست بگریت بەو هۆکارانەی کە یارمەتی دەرن لەو بوارەدا، وە مرۆڤ توانیویەتی زۆر لە ئاژەڵی دڕندە و کوشندە دەستەمۆ و ماڵی بکات، هەر لە شێری کێوی ودڕندەوە بیگرە، هەتا هەڵۆ و بازی بڕندە و بریندارکەر، ئەی باشە تۆ ناتوانیت کەوا مناڵەکەی خۆت و پارچەی جەرگەکەت دەستەمۆ بکەیت؟ کە تەبا و گونجاوە لەگەڵتا لە خووڕەوشت و سیفەت و هەموو شتەکانی ترتدا؟.

وە زۆربەی خەڵکی نایەن ڕۆڵەکانیان لەسەر زانستێکی بنج داکوتاو و ڕەسەن و ڕێسا و بنچینەیەکی لێکۆڵراوە پەروەردە بکەن، بۆیە مناڵەکانیان وەک هەر مناڵێکی تری ئاسایی پێئەگات و گەورە ئەبێت، وە ئەگەر هاتو جۆرێک لە چاکێتی و بەهرە و بلیمەتی لێ دەرکەوێت ئەوا لە لایەنێکی ترەوە کاریگەریەکەی بۆهاتووە و پێی گەیشتووە، جا یان لە مامۆستاکەیەوە، یان هاوڕێیەکیەوە، یان بەهۆی بانگخوازێکی دڵسۆز و ڕاستگۆوە بووە، یاخود بەهۆی چاکێتی و ساڵح بوونی باوک و دایکیەوە یان یەکێکیانەوە بووە.

بۆیە نەکەی فریوبخۆی و بخەڵەتێی بەوەی کە کاتێ ئەبینی کەسی واهەیە مناڵی ساڵح و دیار و بەناوبانگی هەیە، و لەکاتێکیشدا نازانێت شتێک بنوسێت و بخوێنێتەوە، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەو هۆکارانەوە بەدەستی هێنابێت کە باسم لێوەکرد، وە لەوانەیە ئەو باوک و دایکانە هەر بەسرووشتی پاکیان هەڵسوکەوتێکی ڕاست و دروست و تەندروستیان لەگەڵ مناڵەکەیاندا کردبێت، وە بەهۆی ئەو زانستە سروشتیە خواڕسکەوە پەروەردەی

کردوون نەک لەسەر زانستێکی تیۆری بەدەست هاتوو، هەردوو ئامراز و هۆکارەکەش یەکن.

وەرە با نمونەیەکتان لەسەر ئەوە بۆ بهێنمەوە: پرسیام لەیەکێک لەو کەسانە کرد کە لە پەروەردەکردنی منالەکانیدا سەرکەوتوو بووە ـ ئەوەش بزانن ئەوکەسە تەنیا بڕوانامەی سەرەتایی بەدەست هێنابوو، وە نە خوێندەوارێکی باش بوو نە ڕۆشنبیرێکی ئەوتۆشی هەبوو ـ سەبارەت بە پێشکەوتن و لێهاتوویی و چاکێتیان، و خۆشەویستی و پەیوەندی هاوڕێتیان لەگەڵیدا بەجۆرێک بوو، هەتا ئەگەر لە کۆڕ و مەجلیسێکدا بوونایە تەنیا لای ئەویان بەچاک ئەزانی و لە نزیکی ئەوەوە نەبوایە دانەئەنیشتن و ئەهاتن قسەیان لەگەڵدا ئەکرد، وە یەکێکیان بوو بە پزیشکێکی بەناوبانگ و خاوەن پلە و پایە، و یەکێکی تریان هێندەی نەماوە کۆلێژی پزیشکی تەواو بکات، منالەکانی تریشی لە دواناوەندی دەرچوون بە ڕێژەی سەروو نەوەت و شەش لە سەت، وە سووربوونیانم بۆ نوێژکردن زۆر بەدڵدا چووبوو، لەگەڵ بە ئەدەبی و خوڕەووشت بەرزیان، باوکەکەیان پێی ووتم: هۆکاری هەرە گەورەی من بریتی بووە لە چاکەکردنی زۆرم لەگەڵ دایک و باوکمدا، و جێ بەجێ کردنی هەق و مافەکانیان بە تەواوەتی، هەروەها نزاکردن و لە خوا پاڕانەوەم بۆیان لە نهێنی و ئاشکرامدا.

وە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەم لەگەڵیاندا ئەوا من بەتەواوەتی وەک هاوڕێی خۆم دامناوون و لەگەڵیاندا ئەجولێمەوە، بەبێ هیچ ئەرک و زۆر لەخۆکردنێک مامەڵەیان لە گەڵدا ئەکەم، و لەدڵمدا میهرەبانی و سۆز و بەزەییەکی زۆرم هەیە لە بەرامبەریاندا، وە

بەبیرمدا نایەت ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بێت لە یەکێکیانم دابێت، و بەردەوام ڕاوێژیان پێ ئەکەم، و ڕاو بۆچوونیان وەرئەگرم، و بەرپرسیارێتیان ئەدەمێ و بڕوا بەخۆ بوونیان لەناخ و دەروونیدا ئەچێنم، هەتا ئەو ڕادەیەی هاتووم کارتی حسابی بانکی خۆمم پێداوون، و پێم ووتوون: من ئێوەم سەرپشک کردووە و کردوومن بە ئەمینداری ماڵ و سامانی خێزان و خانەوادەکەتان، وە ڕێزێکی زۆر لە منداڵەکانم ئەگرم و هەرگیز چرووک و دەست قوچاو نیم لە بەرامبەریاندا .

جا نمونەی ئەم پەروەردەکار و بەختیوکەرە سەرکەوتووە کە هەر بەسرووشتی پاک و پەروەردەی ڕاست و بێ خەوشی خۆی پێویستی بە خوێندنەوە نەبووە، وە بەڕاستی ئەم پەرتووکە نەهاتووە تەنیا بۆ هەڵهێنجان و دەرخستنی نهێنی سەرکەوتووەکان نەبێت، لەگەڵ وەرگرتن و فێربوونی هۆکاری سەرکەوتنیان، و هەڵهێنجانی نهێنی ئەو کەسانەی کە سەرنەکەوتوون لە پەروەردەکردندا، لەگەڵ فێربوونی هۆکاری سەرنەکەوتنیان و تێکشکانیان لەو بوارەدا.

ئا ئەوەتا ئەی باوکی سەرکەوتوو، ئەم چەند بنچینە و ڕێسا و شێوازانەم لەم ئەزمونانەدا بۆ داناوویت، وە ئەو هەڵوێست و ویستگانەی کە لە گەڵیاندا ژیاوم و لەو کەسانەم بینیوە، و هەڵمهێنجاندوە و تاقیم کردۆتەوە، و بەراوردم کروون وڕێکم خستوون، دوور لە بیرۆکەدانانێک کە هەر لە خەیاڵاتەوە نزیک بێت، وە خەیاڵپڵاویەک کە بە بیری کەسدا نەیەت، و بێم لە دنیای مەحاڵدا دایبەزێنم و جێ بەجێی بکەم. وە هاتووم هەموو ئەو

زانیاریانەم وەرگرتووە کە ئەبنە پاڵپشت بۆ ئەو زانیاریانەی کە لە میانەی خوێندنەوەی دەیەها پەرتووک و ووتار و نامە، و تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەستم خستووە و پێی گەیشتووم.

وە ئەم بنچینە و ڕێسا و شێوازانەی کەوا لەبەر دەستدان: ئەو وونبووەیە کە باوکان و دایکان و پەروەردەکارانی پیاو و ژن هەڵوەداین و بەدوایدا ئەگەڕێن و هەواڵی ئەپرسن، وە خاوەن فام و ژیرەکان لەسەری ڕێک کەوتوون، و باوکان و دایکانی سەرکەوتوو کوڕان لەسەر شیاوێتی و تەندروستێتی، و پەروەردەکاران لەسەرین، و زانایان و نوسەران بڕیاریان لەسەرداوە.

وە کات و هەوڵ و تەقەلا و ڕەنجێکی باشی وویستووە لە ئامادەکردنیدا، وە تۆ هیچت لەسەر نی یە ئەوە نەبێت کەوا بەووریاییەوە ئاگاداری بیت و چاودێری بکەیت و وەری بگریت، و دڵتی بدەیتێ، و بڕیار بدەیت بە جوانی جێبەجێ بکەیت.

وە ئەمانەی باسم کردوون تەنیا هۆکارن و هیچی ترنا، ئەگینا ڕێنوێنی و هیدایەت تەنیا بەدەستی پەروەردگاری مەزن و خاوەن دەسەڵاتە.

وە هەرهەموویان لەسەر بنچینە و بناغەیەکی شەرعی و پەروەردەیی مەزن بنیات نراوون، جا هەرکەسێ کەمتەرخەمی بکات وگوێی پێ نەدات ئەوا بێ بەش ئەبێ لە خێر و چاکە و سەرکەوتن و سەرفرازی، وە هەرکەسێکیش ئیشی پێ بکات ئەوا لە ژیاندا ئەیباتەوە و سەرکەوتن و سەرفرازی بەدەست دێنێت.

وە زۆر سوور بووم لەسەر ئەوەی کە کەڵک و سوود وەرگرم لە ئەزموون و زانیاری و پسپۆڕێتی پەروەردەکارانی سەرکەوتوو، وە ناسین و هەڵوەستە کردن و وەستان لەسەر

ئەزموونی پەروەردەکارانی سەرنەکەوتو و بەفیڕۆدەر، هەر بۆیە وێنەیەکی ڕوون و دیارم لەلا دروست بوو سەبارەت بە پەروەردەی سەرکەوتوو لەگەڵ پەروەردەی سەرنەکەوتوو فاشیل.

**وە بۆم دەرکەوت کەوا پەروەردەکاران و بەخێوکەرانی سەرکەوتوو هەرهەموویان لە پەروەردەکردنیاندا پشتیان بە چوار شێواز بەستووە ( کە لە سرووشت و سەلیقەیاندا بووە بێ هیچ زۆر لەخۆکردنێک ) :**

١) دەربڕینی خۆشەویستییان بۆ منداڵەکانیان، دەستەواژە و دەربڕینی جوانی خۆشەویستی و نەرم و نیانی دان بەگوێیاندا .

٢) ڕێزگرتن و هاندان و ستایش کردنیان، و بەخشینی متمانە و باوەڕ بوون بە خۆیان.

٣) ڕێزلێنان و ئافەرین کردنیان و جێ بەجێ کردنی پێویستیەکانیان لە سنوری گونجاو و ماقوڵدا.

٤) مامەڵەکردن لەگەڵیاندا وەک هاوڕێیەک ، بێ هیچ ڕۆتین و ڕەسمیاتێک و چاودێری کردنێکی مەرجداری وورد و نا بابەتیانە.

وە بۆم دەرکەوت هەموو ئەوانەی کە سەرنەکەوتو و فاشیل بوون لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا بەهیچ یەکێک لەم خاڵانە خۆیان ئارایشت نەدابوو وە تیایاندا نەبووە.

وە سوپاسێکی زۆری بەڕێز دکتۆر ( محمد الدّويش ) ئەکەم ـ سەرپەرشتیاری گشتی ماڵپەڕی پەروەردەکار ـ لەسەر ئاوێتە بوونی لەگەڵ ئەم پەرتوکەدا، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە

هات سەرلەبەری کتێبەکەی خوێندەوە، و تێبینی خۆی لەسەر نووسی، و هەڵەکانی ڕاست کردەوە، و هەرچی زانیارییەک کە خوای گەورە پێی دابوو لە بواری پەروەردەکردن و ئەزموون و پسپۆڕێتی خۆیدا هەمووی پێ بەخشیم، خوای مەزن بە چاکترین شێوە پاداشتی بەخێری بداتەوە.

وە زۆربەی سەرنج و تێبینیەکانیم لە پەڕاوێزدا نووسیوە.

هەروەها سوپاسی ( شیخ بندر بن عبدالله الفایز ) ئەکەم لەسەر ئەو هەوڵ و کۆششەی کە هیچ درێخیەکی نەکرد لە ناردنی کتێبەکەم بۆ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارەدا هەتا پێش لە چاپدانی پیایدا بچنەوە، خوای گەورە پاداشتی هەڵ و کۆششەکەی بداتەوە، و بێ بەشی نەکات لە خێر و چاکەی هەرکەسێ ئەم پەرتوکە ئەخوێنێتەوە و کەڵکی لێ وەرئەگرێت.

✡✡✡

| ژ | بنەمای هەڵسەنگاندن | بەڵێ | جارجار | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا تۆ مناڵت خۆش ئەوێ؟ | | | |
| ٢ | ئایا مناڵ تۆی خۆش ئەوێ؟ | | | |
| ٣ | ئاخۆ پێتوایە کە پەروەردەکردنەکەت ڕاست و دروستە؟ | | | |
| ٤ | ئایا ڕەچاوی جیاوازی تاکیی و تایبەتی ئەکەیت لە نێوان مناڵەکانتدا؟ | | | |
| ٥ | ئایا شێوازەکانی نوێی پەروەردەکردنت پێ باشە؟ | | | |
| ٦ | ئایا توانای پەرەپێدان و ئیشپێکردنی بەهرەکانت هەیە؟ | | | |
| ٧ | ئایا تۆ توانای ئەوەت هەیە لەکاتی قسەکردندا بەرامبەرەکەت بوورووژێنیت و هانی بدەیت؟ | | | |
| ٨ | ئایا توانای لەخۆگرتنی کەسانی ترت هەیە؟ | | | |
| ٩ | ئایا تایبەتمەندیەکانی قۆناغەکانی تەمەنی مناڵەکەت ئەزانیت؟ | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ئایا شێوازی خەڵات کردن و سزادان بەکار ئەهێنیت؟ | | | |
| ١١ | ئایا کێشە و گیروگرفتە دەروونیەکانی مناڵ و ڕێگەی چارەسەرکردنیان ئەزانیت؟ | | | |
| ١٢ | ئایا هیچ ئامانج و مەبەستێکت هەیە لە پەروەردەکردندا؟ | | | |
| ١٣ | ئایا تۆ نەرم و نیانی بێ هیچ لاوازییەک، وشک و ڕەقیت بێ هیچ توندوتیژییەک؟ | | | |
| ١٤ | ئایا تۆ توانای هەڵسوکەوت کردنت هەیە لەگەڵ هەڵوێستی جیاوازدا و گۆڕینی سیمای دەم و چاوت وەک چۆن هەڵوێستەکە ئەیخوازێت؟ | | | |
| ١٥ | ئایا تۆ پێشەنگیت لە: خوێندن و ڕواڵەت و خواپەرستیتدا؟ | | | |

**چۆنێتی هەڵسەنگاندن:**

بۆ بەڵێ (٣) نمرە دابنێ  بۆ جارجار (٢) نمرە دابنێ  بۆ نەخێر (١) نمرە دابنێ

ـ ئەگەر لە(٣٥) زیاتر بوو: ئەوا تۆ بەخێوکەرێکی زۆر چاکیت خۆشی لەخۆت.

ـ لە ( ٢٠ ـ ٣٥ ): زیاتر گرنگیی بەخۆت بدە.

ـ کەمتر لە ( ٢٠ ): جوان بەخۆتدا بچۆرەوە.

## ٢) چۆن منالەکەت هەڵئەسەنگێنیت؟

| ژ | بنەمای هەڵسەنگاندن | بەڵێ | جارجار | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا ئەندامەکانی لەشی ساغ و تەندروستە؟ | | | |
| ٢ | ئایا هیچ نەخۆشیەکی نی یە؟ | | | |
| ٣ | ئەوەی کە فێری ئەبێت جێ بەجێی ئەکات؟ | | | |
| ٤ | لەماڵەوە هیچ کێشە و گیروگرفتێکی هەیە: ( هەژاری - هەتیوی - جیابوونەوەی دایک و باوک ( تەڵاق ) - دەمەقاڵێ )؟ | | | |
| ٥ | ئایا توانای داهێنان و نوێگەری هەیە لە ژیانی ڕۆژانەیدا؟ | | | |
| ٦ | کەمتەرخەم نی یە و بە پەرۆشە بۆ کارەکانی؟ | | | |
| ٧ | گورج دەمە و نقە نق ناکات لەکاتی قسەکردندا؟ | | | |
| ٨ | ئایا ئەوکارەی لەبەردەم تۆدا ئەیکات بەتەنیاش بێت هەر ئەیکات؟ | | | |
| ٩ | ئایا دەستپاک و ئەمینە؟ | | | |
| ١٠ | ئایا کەسێکی ئیجابی و بەجێیە؟ | | | |
| ١١ | لە تەمەنی خۆی گەورەترە ( هەڵسوکەوتی لە تەمەنی خۆی زیاترە )؟ | | | |
| ١٢ | ئایا بەپیر کاری خێر و چاکەوە ئەچێت؟ | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | ئایا بەپیر پەرستش و خواپەرستیەوە ئەچێت؟ | | | |
| ١٤ | ئایا هیچ پیشەیەک ئەکات؟ | | | |
| ١٥ | ئایا هیچ حەز و خولیایەکی هەیە؟ | | | |

چۆنێتی هەڵسەنگاندن:

بۆ بەڵێ (٣) نمرە دابنێ  بۆ جارجار (٢) نمرە دابنێ  بۆ نەخێر (١) نمرە دابنێ

ـ ئەگەر لە(٣٥) زیاتر بوو: ئەوا خوا فەڕ و بەرەکەت بخاتە منالەکەتەوە.

ـ لە ( ٢٠ ـ ٣٥ ): منالەکەت پێویستی بە بایەخ پێدانی زیاترە.

ـ کەمتر لە ( ٢٠ ): لەخوا بترسە و سپاردە بەزایە مەدە ( کە منالەکەتە )[١].

✡✡✡

(١) ینظر کتاب : " فن التربیة الأولاد في الإسلام " للدکتور محمدسعید مرسي ( ١/ ٣٩٠ ــ ٣٩١ ).

ئێستاش پشتیوان بەخوا دەست ئەکەین بە باسکردنی بنچینە بنەڕەتیەکان لە پەروەردەکردندا:

وە ئەم بنچینانەش دابەش ئەبن بۆ دوو بەش:

# بەشی یەکەم

## خۆپاراستن

کە لێرەدا دێت بە مامەڵەیەکی چاک مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەیت کە بەرهەڵستی و ڕێگری لێ ئەکات کەوا تووشی پێ هەڵخلیسکان وهەڵەی ڕەووشتی، و گیروگرفتەکانی خووڕەووشتی خراپ ببێت، کە ئەمەش لەساڵی یەکەمی مناڵەکەوە دەست پێئەکات و بەدرێژایی ژیانی لەگەڵیدا بەردەوام ئەبێت.

وە ئەم بەشە گرنگترینیانە، کە تیایدا مناڵ لەو هەڵانە ئەپارێزێت، وە بەهەمان شێوە تۆش - ئەی پەروەردیاری بەڕێز - لە چەوتڕەویی، و بەدڕەوشتیەکەی ئەپارێزێت.

وە ووتراوە: خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن.

وە ئەم بەشە بیست و هەشت بنچینە و ڕێسای پەروەردەیی لەخۆ ئەگرێت:

## بنچینەی یەکەم

پێویستە هەڵسوکەوت و مامەڵەمان لەگەڵ ڕۆڵەکانماندا بەگوێرەی قۆناغەکانی تەمەنیان بێت، وەک لەپەندێکی بەناوبانگدا هاتووە کە ئەڵێت: یاری لەگەڵدا بکە لەحەوتدا ( واتە: تا تەمەنی حەوت ساڵی) ئەدەبی دابدە لە حەوتدا (واتە: لەتەمەنی حەوت ساڵی یەوە ئەدەبی دابدە)، وە هاوڕێتی بکە لەحەوتدا ( واتە: لە تەمەنی چواردە ساڵیەوە بۆ بیست و یەک ساڵی کە قۆناغی هەرزەکاری یە) .

منالٌ بەسێ قۆناغدا تێ ئەپەڕێت، بۆهەر قۆناغەو مامەڵەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە:

**قۆناغی یەکەم :** یاری لەگەڵدا بکە لە حەوتدا، واتە هەتا تەمەنی حەوت ساڵی، کە قۆناغی یاری کردن و ڕابواردن و بێگوناهیە، کە تیایدا شێوازی لێدان و بێ بەش کردن بەکارناهێنرێت، مەگەر لە سنورێکی تەسکدا نەبێت، بەڵکو ئەبێت بۆ خوو ڕەوشت و نەریتی جوان ڕێنمایی و ئاڕاستە بکرێت.

وە پەیامبەری خوا ﷺ یاری وگاڵتەی لەگەڵ منالاٌندا ئەکرد، و بە سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی یەوە هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵدا ئەکردن.

ئا ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ حەسەنی کوڕی عەلی ی ماچ ئەکات، کە منالێکی پچوک بوو، وەک لە فەرموودەدا هاتووەکە: ( قَبَّلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الحَسَنَ بْنَ عَلِيٍّ وَعِنْدَهُ الأَقْرَعُ بْنُ حَابِسٍ التَّمِيمِيُّ جَالِسًا، فَقَالَ الأَقْرَعُ: إِنَّ لِي عَشَرَةً مِنَ الوَلَدِ مَا قَبَّلْتُ مِنْهُمْ أَحَدًا، فَنَظَرَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ثُمَّ قَالَ: «مَنْ لاَ يَرْحَمُ لاَ يُرْحَمُ» )[1].

واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ حەسەنی کوڕی عەلی ماچ کرد لەو کاتەدا ئەقرەعی کوڕی حابیسی تەمیمی لەلا دانیشتبوو، ئەقرەع ووتی: من ( دە ) منالم هەیە هەتا ئێستا کەسیانم ماچ نەکردووە، ئەوە بوو پەیامبەری خوا ﷺ تەماشای ئەقرەعی کرد و پاشان فەرمووی:" ئەوەی بەزەیی بەخەڵکدا نەیەتەوە خواش بەزەیی بەودا نایەتەوە ".

بەڵکو ڕەنگە پێغەمبەری خوا ﷺ بەمناڵانەوە خەریک بووە و ڕووخۆش و هاودەمیی کردوون، و پێویستیەکانیانی جێ بەجێ کردووە، و هەست وسۆزیانی تێر وپاراو کردووە، لەکاتێکدا ئەو لە نوێژدا و لەبەردەستی پەروەردگاریدا بووە، کە بێگومان نوێژ لەلای ئەو سۆمای چاو و مایەی ئارامی و چێژ وەرگرتن لە خواپەرستی و ئاسودەیی بووە بۆی، یان لە کاتی ووتاردانداا بووە کە بەرنامە و شەرعی خوای بەرز و بڵندی ڕائەگەیاند.

( خَرَجَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مرةً إلى صَلاَةِ الظُّهْرِ - أَوِ الْعَصْرِ - وَهُوَ حَامِلٌ الْحَسَنَ - أَوِ الْحُسَيْنَ - فَتَقَدَّمَ النَّبِيُّ ﷺ إلى الصَّلاةِ فَوَضَعَهُ بَجانبه، ثُمَّ كَبَّرَ للصَّلاَةِ فَصلَّى، فَلمَّا سَجَدَ أَطَالَ السجود، فَلَمَّا انْتَهَت الصَّلاَةُ، قَالَ النَّاسُ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّكَ سَجَدْتَ

(١) البخاري ( ٥٩٩٧ ) ، و مسلم ( ٦٠٢٨ ) .

سَجْدَةً قَدْ أَطَلْتَهَا، فَظَنَنَّا أَنَّهُ قَدْ حَدَثَ أَمْرٌ، أَوْ أَنَّهُ يُوحَى إِلَيْكَ، قَالَ: « فَكُلُّ ذَلِكَ لَمْ يَكُنْ وَلَكِنَّ ابْنِي ارْتَحَلَنِي، فَكَرِهْتُ أَنْ أُعَجِّلَهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهُ » )[1].

جارێکیان پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ماڵەوە هاتە دەرەوە بۆ ناومان بۆ ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ ـ یان عەسر بوو ـ کە حەسەن ـ یاخود حوسەینی هەڵگرتبوو ـ پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چووە پێشەوە بۆ نوێژکردن و لە تەنیشت خۆیەوە داینا، پاشان ئەڵلاهوئەکبەری کرد بۆ نوێژ دابەستن و نوێژی کرد، کاتێ چووە سوژدەوە زۆر مایەوە لە سوژدەدا، کاتێ نوێژ تەواو بوو، خەڵکی ووتیان: ئەی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تۆ سوژدەیەکت برد زۆرت درێژ کردەوە، گومانمان بۆ ئەوە چوو کە شتێک ڕووی دابێ، یاخود نیگات بۆ بێت، فەرمووی:" هیچ شتێک لەوانە ڕووی نەدا بەڵام کوڕەکەم سواری پشتم بوبوو، پێم ناخۆش بوو پەلەی لێ بکەم هەتا پێویستیەکەی بەجێ بێنێ ".

واتە: هەتا تێر ئەبێ لە یاری کردن لەسەر پشتم، وە بە وویست و ئارەزووی خۆی دێتە خوارەوە!!

وە جارێکیان هات بۆ مزگەوت ( ئومامەی کچی زەینەبی خوا لێی ڕازی بێت )کچەزای هەڵگرتبوو، وە پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرنوێژی بۆ خەڵکی ئەکرد و ئەویشی هەڵگرتبوو، کاتێ لە سوژدە هەڵئەسایەوە هەڵی ئەگرت، وە کاتێ سوژدەی ئەبرد لەسەر زەوی دایئەنا [2].

---

(١) رواه الإمام أحمد ( ١٦٠٣٣ )، و صححه محققه شعيب الأرنؤوط .

(٢) البخاري ( ٥١٦ )، و مسلم ( ٤١ ) .

حافزی ئیبنو حەجەر بەڕەحمەت بێ فەرموویەتی: لە سۆز و بەزەیی و میهرەبانی پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئومامە خوا لێی ڕازی بێت ئەوە بوو کاتێ ئەچووە ڕکوعەوە یان سوژدەی ئەبرد ئەترسا لەوەی کە بکەوێتە خوارەوە بۆیە لەسەر زەوی دایئەنا، وەک ئەوەی لەبەر هۆگربونی بە پێغەمبەرەوە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نە ئەبوو هەر لەسەر زەوی دابنێ کە بە جیابوونەوەی لێی بێئارام و شپرزە ببێ، بۆیە پێویست بوو کە هەڵئەسایەوە لە سوژدە هەڵی بگرێتەوە، وە هەندێ لە زانایان ڕادەی گرنگی و بایەخی سۆز و ڕەحمی منالّیان لەم فەرمودەیە دەرهێناوە، چونکە لەو کاتەدا( کاتی نوێژدا ) دژبەیەکیەک هاتۆتە کایەوە لە نێوان پارێزگاری کردن لە زیادەڕەویی کردن لە خشوع و ملکەچی لەگەڵ پارێزگاری کردن لە بەتەنگەوە چوونی ئارەزوو و دڵخۆشکردنی منالّەکەدا، پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هات دووەمی هەڵبژارد[1].

ئیبنوعوسەیمین بەڕەحمەت بێ فەرموویەتی: ( هەموو ئەوانە لەبەر ڕادەی سۆز و بەزەیی پێداهاتنەوەی بووە، ئەگینا خۆ ئەیتوانی بە عائیشە یان بە یەکێک لە خێزانەکانی تری بڵێ: ئا ئەم کچە بگرە و ئاگات لێی بێت، بەڵام ئەوە سۆز و بەزەیی یە، وە ڕەنگە زۆر هۆگری باپیرەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووبێت ئەویش وویستبێتی کەوا دڵی خۆشبکات و دەروونی ئاسوودە بکات )[2].

( بَيَنما رَسُولُ اللّهِ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلى المِنْبَرِ يَخْطُب، إِذْ أَقْبَلَ الْحَسَنُ وَالْحُسَيْنُ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا يَمْشيان وَ يَتَعَثُران عَلَيْهِمَا قَمِيصَانِ أَحْمَرَانِ، فَنزَلَ رَسُولُ الله (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَحَمَلَهُمَا،

---

(١) الفتح الباري ( ١٠/ ٥٢٧ ).

(٢) شرح رياض الصالحين (٤/ ٤٥٧ ).

ثُمَّ قَالَ: " صَدَقَ اللَّهُ: (إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ)، رَأَيْتُ هَذَيْنِ الغُلامَين يَمْشِيان وَ يَتَعَثُران فَلَمْ أَصْبِرْ حَتى نَزَلْتُ وَ حَمَلْتُهُما )[1].

واتە:لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەر دوانگە وتاری ئەدا، لەپڕ حەسەن و حوسەین رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا هاتن، ئەڕۆیشتن و ئەکەوتن، یەکی کراسێکی سووریان لەبەردا بوو، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەدوانگە دابەزی و هەڵی گرتن، پاشان فەرمووی: ( بەڕاستی خوای گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿أَنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ﴾ الأنفال: ٢٨ ، ئەم دوو منالەم بینی کە ئەڕۆیشتن و هەڵئەنوتان، خۆم پێ نەگیرا هەتا هاتمە خوارەوە و هەڵمگرتن ).

واتە دەروونی ئاسوودە نەبوو هەتا لەدوانگەکە دابەزیی و هەڵی گرتن، لەکاتێکدا ئەو لەبەردەم کۆمەڵێکی زۆری خەڵکیدا وەستابوو، وە لە پەرستش و خواپەرستیدا بوو، بەڵام ئەو سۆز وبەزەییەی کە لە دڵیدا بوو بەرامبەر بە منالان پەلەی پێکرد و نەیهێشت بوەستێت هەتا لە ووتارەکەی ئەبێتەوە ئەو کاتە بیانکاتە باوەش و ماچیان بکات.

کە ئەمە بۆخۆی پەیامێکە بۆ هەموو باوک ودایکێک کە بە خۆیاندا بچنەوە سەبارەت بە هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە منالەکانیان، وە لاسایی پەیامبەر و خۆشەویستەکەیان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکەنەوە و پەیڕەوی لێ بکەن ئەگەر خۆیان بە بڕوادار و شوێنکەوتەی ئەوئەزانن، و خۆشیان ئەوێت و بەگەورە و مەزنی دائەنێن: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣١﴾ آل عمران: ٣١

(١) رواه أبو داود ( ٣٦٠٠ )، و صححه الألباني في صحيح و ضعيف أبي داود.

واتە:( بڵێ ( ئەی پەیامبەر صَلَّى‌ٱللَّهُ‌عَلَيْهِ‌وَسَلَّمَ ) ئەگەر ئێوە خواتان خۆش ئەوێت ئەوا شوێنی من بکەون ئەوکاتە خواش ئێوەی خۆش ئەوێت و لەگوناهەکانتان ئەبورێت وە خوا لێبوردە و لێخۆشبووی میهرەبانە).

وە لەم تەمەنەدا یاری کردن لە گەڵیاندا هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە خۆشیان بووێیت و پابەندبن پێتەوە، ولەلای خۆتەوە ئارامی و دڵنیایی و خۆشی بخەیتە ناو دڵیانەوە.

( هەندێ جار خۆت وا ئەبینیتەوە کە یاری و گەمە لەگەڵ منداڵەکەتدا بکەیت بەڵام سەرقاڵ و شپرزەیت لە کارێک یان کێشەیەکدا ( کە ناتوانیت یاری لەگەڵدا بکەیت )، کە ئەم هەڵوێستەت ئەوە ئەگەیەنێ کە تۆ هێشتا بە تەواوەتی منداڵەکەت نەخستۆتە ناو ڕووپەڕی ژیانی تایبەتی خۆتەوە.

بۆیە کاتێکی گونجاو دیاری بکە و لە دەروونی خۆتدا بڵێ: ئەم کاتە هەر هەمووی بۆ منداڵەکەم، بەوەش هەوڵ بدە کە ئەوەندەی لە تواناتدایە ئەو کاتە بە شێوەیەکی تەواوەتی لەگەڵ منداڵەکەتدا بەسەر بەریت، وە بەجۆرێک بێت کە هەردووکتان بە تەواوەتی چێژ لەو کاتە وەربگرن و خۆشی لێ ببینن.

وە ئیشەکەت هەر چیەک بێت ئەوا منداڵەکەت مافی بەسەر خۆت و کاتەکەشتەوە هەیە.

بۆیە بەدەنگەوە چوون بۆ پێویستیەکانی لەکاتی ئێستادا یارمەتی ئەدات بۆ ئەوەی کە خۆی و تۆش باش بناسێت، کە یاریدەی ئەدات لەوەی کە لەڕۆژانی داهاتوودا لەگەڵ دەوروبەریدا باش بگونجێت )[١].

(١) أولادنا من الطفولة إلى الشباب : ٢٨.

وە با خۆمان بەدوور بگرین لەو یاریانەی کە مەترسی هەیە بۆسەر منالەکە، یان ڕق و تووڕەیی منالەکە ئەووروژێنێ، کە سیفەت و خوو ڕەوشتی توڕەیی و وڕک گرتنی تیا جێگیر ئەکات.

( هەروەها هەڵەیەکی تری باو هەیە لەلای زۆرێک لە خێزانەکان، ئەویش بریتی یە لە سەرکردنە سەر منالْ ئەگەر بۆ یاری و گاڵتەوگەپیش بێت لە هەڵسوکەوتیدا وە بەجۆرێک قسەی لەگەڵدا بکەیت و بیدوێنیت کە ڕق و تووڕەیی هەڵبسێنیت )[1].

وە منالْ لەم تەمەنەدا ـ بەتایبەتی دوای سێ ساڵی ـ ئەگەڕێ بەدوای کەسێکدا کە یاری لەگەڵدا بکات و هاودەمی بێت و لەگەڵیدا پێ بکەنێت، وە هەرگیز ناگەڕێ بەدوای پەیداکردنی هاوڕێدا بە ئەندازەی ئەوەی کە ئەگەڕێ بەدوای کەسێکدا کە یاری و گاڵتەوگەپی لەگەڵدا بکات و کەیف خۆشی بکات.

ئای کە جوان و قەشەنگە کاتێ کە پەروەردیاری سەرکەوتوو سوور بێت لەسەر ئەوەی کە گەورەترین هاوڕێ، و چاکترین گاڵتەوگەپکەر بێت بۆ منالەکەی و یاری لەگەڵدا بکات، کە یەکەمین هاوڕێیەتی گیانی بەگیانی لە نێوان خۆی و منالەکەی لەم قۆناغەدا دەست پێئەکات.

وە ئەوەی کەمتەرخەمی بکات لەم قۆناغەدا وگوێ نەدات بە گاڵتەوگەپ و یاری کردن لەگەڵیدا، و کاتێک تایبەت نەکات بۆ یاریکردن و گەشت و گەڕان لەگەڵیدا، وە منالەکەی بەوە ڕانەهێنێت کە بەردەوام سڵاوی لێ بکات و سەری ماچ بکات، وە خۆی ڕانەهێنێت

---

(١) فن التعامل مع الأطفال للدكتور فهد خالد: ٧٢.

لەسەر ئەوەی کە منداڵەکەی بە سنگیەوە بنوسێنێت، و دەست بهێنێت بەسەریدا، و دەستەواژە و دەربڕینی خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی بدا بەگوێیدا: ئەوا کاتێ کە منداڵەکە گەورە بوو هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەر باوک و دایکی بەهێز و بەتین نابێت.

وە دوای تێپەڕبوونی ئەو قۆناغە باوک و دایک توانای ئەوەیان نابێت کەوا ڕەوڕەوەی ئەو ساتانە بیگێڕنەوە بۆ دواوە و بێن ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی لەگەڵدا بکەن، و توانا و چالاکی ئەوەیان نابێت و زات ناکەن کە گیانی یاری کردن و گاڵتەوگەپی لەگەڵدا زیندوو بکەنەوە، وە سڵاوی گەرم و گوڕ، و سەر ماچ کردنی سەرلەنوێ لەگەڵدا دەست پێبکەن، مەگەر بە ناڕەحەتی و شەرمەوە بتوانن ئەو کارە بکەن .

وە پێویستە لەسەر باوک و دایک کەوا خۆیان بەدوور بگرن لە هۆکارەکانی دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ، وەک جیاوازی و ناکۆکی د یار و بەر چاوی نێوان ژن و مێرد، وە یەکێکی تر ئەوەیە کە منداڵەکان بەشتی خەیاڵی و پڕوپوچ بترسێنرێت، وەک جنۆکە، و دێو و درنج و شەولەبان، و دز، و شتی تری لەو بابەتە، وە یەکێکی تر بریتی یە لە: ( دەربڕینی ترس و دڵەڕاوکێی باوکان لەسەر منداڵەکانیان کە ئەم ترسە لە باوانەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکە )[1].

کە ئەمە لە ئایندەدا کاریگەری ئەبێت بۆسەری و کەسایەتیەکی لاواز و ترسنۆکی لێ دەرئەچێت، کە ناتوانێت بەبا شی و سەرکەوتووانە بڕیار لە سەر کارەکانی بدات و جێ بەجێیان بکات.

---

(١) فن التعامل مع الأطفال للدكتور فهد خالد: ٨٦.

ئا لێرەدا پێویستە لەسەرمان گرنگترین تایبەتمەندیەکانی مناڵ لەم قۆناغی تەمەنە سەرەتاییەیدا بناسین و بزانین چین، کە بە گرنگترین قۆناغ دائەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا، کە تیایدا سەرەتای بنیات و پێکهاتنە، وە لەسەر ئەو بناغەیەوە پێکهاتەی مرۆڤ دەرئەکەوێت: ئایا ساغ و تەندروستە یان نەخۆش و دەردەدارە، کە نزیکەی هەموو نەخۆشیە دەروونیەکان بەهۆی بەدحاڵی بوون لە سرووشتی ئەم قۆناغە و پێداویستیەکانیەوە پەیدا ئەبێت، هەر لە توڕەیی، و ترس، و گۆشەگیری، و میزەچڕکێ، و دەمەقاڵێ و شەڕەنگێزی، و درۆکردن، و دزی، و نەخۆشی تری جگە لەوانەش هەر هەمووی لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا پەیدا ئەبێت و سەرهەڵ ئەدا ئەگەر بێتوو بە خراپ مامەڵە لەگەڵ مناڵدا بکرێت تیایدا، و هەڵسوکەوتێکی پەروەردەیی ساغڵەم و تەندروستی لەگەڵدا نەکرێت.

بەڵام ئێمە لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە ئەکەینەوە کە ئەم خەسڵەت و تایبەت مەندییانە دروستکراو و لاسایی کرنەوە نین لەلای هەندێ لە مناڵان بەڵکو لەخودی مناڵەکەدا هەیە، تەنانەت ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەم مناڵە مناڵێکی ئاسایی و سروشتی یە، ئەگەرچی هەندێ زەرەر وزیانیشی بۆسەر پەروەردیار هەبێت، گرنگترینی ئەو تایبەتمەندییانەش بریتین لەمانەی خوارەوە[1]:

**١) جوڵەی زۆر و ئارام نەگرتنی لە شوێنێکدا:**

بێگومان بەگشتی مناڵ زۆر ئەجوڵێت، وە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە شوێنێکدا دانانیشێت.

---

(١) يُنظر كتاب: " فن تربية الأولاد في الإسلام " للدكتور محمد سعيد مرسي ( ١٣/١ ـ ٢٠ ) مع التصرف .

وە جوڵەی زۆر، و یاریکردنی بەردەوام، و ئارام نەگرتنی لە شوێنێکدا، و چوونە سەرەوە و هاتنە خوارەوە، و جگە لەو هەڵسوکەوتانەش، هەموو ئەمانە لە زیرەکی و شارەزایی و پسپۆڕێتی منداڵەکە زیاد ئەکەن کاتێ کە گەورە ئەبێت، بەڵام ئەوەی کە ناجوڵێت، و بەردەوام بە تەنیا لە قوژبنێکدا بە کزۆڵەیی لێی دائەنیشێت ئەوا ئەوە منداڵێکی ئاسایی نی یە، وە بەزۆری تووشی گۆشەگیری و چەپاندن و پیش خواردنەوە و ترس و بیم و شەرمنۆکی ئەبێت بەهۆی ئەوەوە.

بەڵام هەندێ کار هەیە کەوا ئەبێتە یارمەتیدەر لە فێرکردن و ڕێکخستنی جوڵەی زۆری منداڵ لەم قۆناغەدا، لەوانە:

أ ) دایک هەوڵ بدات کاتی دەست بەتاڵی خۆی لەگەڵ منداڵەکەیدا بەسەربەرێت لە کاری ناوماڵدا، چونکە بەگشتی دەروونی مرۆڤ وایە ئەگەر بە گوێڕایەڵیەوە خەریکی نەکەیت ئەوا بەگوناهـ و تاوانەوە سەرقاڵت ئەکات، منداڵیش هەروایە ئەگەر بە شتی بەسوودەوە سەرقاڵی نەکەیت ئەوا ئەو ووزە وتوانایەی کە هەیەتی لەشتی پڕوپوچ وبێ کەڵکدا بەتاڵی ئەکاتەوە و بەکاری ئەهێنێت.

ب) سەردانی کردنی ئەو خزم وکەس وکار و هاوڕێ و دراوسێیانەی کە منداڵی هاوتەمەنی منداڵەکەی تۆیان هەیە، هەتا یاری لەگەڵ هاوڕێ هاوتەمەنەکەی خۆیدا بکات، ت لەگەڵیاندا ئەو ووزە و توانایەی کە هەیەتی بەتاڵی بکاتەوە بەڵام ئەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەبێت ڕەچاوی هەڵبژاردنی خزم و هاوڕێ و دراوسێی چاک و ساڵح بکەیت، ئەوانەی کە منداڵەکانیان لەسەر خوو ورەوشتی بەرز و بەنرخ پەروەردە ئەکەن، ئەویش بۆ

ئەوەی گوێی لەو قسە ناشرین و جوێنانە نەبێت کە تۆ ڕێگریت لێ کردووە هەروەها شتی تریش لە خوو و ڕەووشتی قێزەوون و ناشرین ، واتا با ڕێسەکەت نەکەنەوە بە خوری ، جا هەر لەبەر ئەوە ئەبێت ڕێگری بکرێت لەوەی کە منالٚ زۆر بچێتە سەر جادە و شەقام و کۆلانەکان لەگەلٚ ئەو هاوڕێیانەی کە پەروەردەیەکی ڕاست و درووست نەکراون، هەروەها ئەبێت ڕێگری بکرێت لەوەی کە بە بەردەوامی تەماشای تەلەفزیۆن بکەن و چاوی لێ نەتروکێنن، چونکە ئەو پەروەردەیەی کە تۆ بەچاکی کردووتە ئەو خراپی ئەکات.

ج) گەشت وگەڕان و چوون بۆ سەیرانگا و باخە گشتی یەکان، بەلایەنی کەمەوە ئەگەر هەفتەی جارێکیش بێت.

د) بیخەیتەبەر یەکێک لە خولە تایبەتەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، یاخود جگە لەوێ بیبەیتە ئەو شوێنانەی کە لەسەر خێر و چاکە خوازی پەروەردە ئەبێت.

**٢) گوڕ و تینێکی زۆری لاسایی کردنەوە :**

بێگومان منالٚ لاسایی گەورە ئەکاتەوە بە تایبەتی دایک و باوک و مامۆستاکانی لە چاک و خراپدا، جا کاتێک باوک و دایک نوێژ ئەکەن ئەوا منالٚەکانی هەوڵ ئەدەن لاساییان بکەنەوە، وە کاتێ باوک جگەرە ئەکێشێت کوڕەکەی هەوڵ ئەدات لاسایی بکاتەوە ئیتر بەو جۆرە لە هەموو شتێکی تریشدا، جا ڕێگەکانی چارەسەر کردنی ئەمە بریتی یە لەم خالانەی خوارەوە:

أ ) چیرۆکی هاوەڵان و پیاوچاکان و زانایان و نمونەی جوانیان بۆ بگێڕینەوە، هەتا ئەوانیش بێن لاساییان بکەنەوە و چاویان لێ بکەن.

ب) هاوڕێیەتیان بکەین بۆ هەموو شوێنێکی چاک، بۆ ئەوەی چاوت لێ بکات و لاسایت بکاتەوە، وەک ڕۆیشتن لەگەڵیدا بۆ مزگەوت و سەردانی کردنی پیاوچاکان و ساڵحان.

ج) با لەبەردەم تەلەفزیۆندا دانەنیشێت بۆ بینینی کەسایەتیە نموونەیی ( خەیاڵی ) و توندوتیژەکان، بۆ ئەوەی تووشی پیش خواردنەوە و تێکشکاندن نەبێت، بەهۆی سەرنەکەوتنی لە لاسایی کردنەوەیاندا.

د) کاسێت و سی دی و ڤیدیۆی ئیسلامییان بۆ لێ بدەین، کە چیرۆکی بە ئامانج و پێکەر ئەگێڕێتەوە کە لەگەڵ تەمەن و بیر و هۆش و ژیریاندا ئەگونجێت کە ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە لەو بوارەدا.

جا کاتێ تۆزێک گەورە بوون و لە حەوتساڵیان تێ پەڕاند ئەوسا وایان لێ ئەکەین کە تەماشای ئەو فلیمانە بکەن کە کاریگەرییان زیاتر و بە کەڵک ترن بۆیان، وەک ئەو فلیمانەی کە ژیاننامەی سەرکردە ڕزگارکەرە موسڵمانەکانیان تیایە، وەک فلیمەکانی: موحەممەد فاتح و عومەر موختار(١).

(١) تێبینی: بەڵام زۆرێک لەزانیان فلیم و تەمسیلیان پێ باش نی یە و بەحەرامیان داناوە ئەویش لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە لەدایکمان عائیشەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا گێڕراوەتەوە، کە ووتویەتی: (حَكَيْتُ لَهُ إِنْسَانًا، فَقَالَ: (مَا أُحِبُّ أَنِّي حَكَيْتُ إِنْسَانًا وَأَنَّ لِي كَذَا وَكَذَا)، واتە:" جارێکیان لاسایی مرۆڤێکم بۆکردەوە ، فەرمووی:" حەزناکەم لاسایی کەس بکەمەوە و ئەوەندەو ئەوەندەشم هەبێت لەماڵ و سامانی دونیا( ئەگەر ماڵ و سامانێکی زۆریشم پێ بدرێت ) ". ئەبوداود ( ٤٨٧٥ )، تورمزی ( ٢٥٠٢ ). وە بنەڕەتی تەمسیلیش لەسەر درۆ بنیات نراوە کە کەسێک دێت دەوری کەسێک ئەبینێت کە ئەو نی یە، وە ڕەنگە قسەیەک بکات کە خوای گەورە تووڕە ئەکات و پێی ڕازی نی یە وەک ئەوکەسانەی کە دەوری کافر و بێ باوەڕان ئەبینن و قسەکانی ئەوان دووبارە ئەکەنەوە،

**٣) لاساری و یاخی بوون :**

منداڵ بە لاساری و یاخی بوونی توند و بەهێز جیائەکرێتەوە، با ئەوەمان لا سەیر نەبێت و بێین بەوە تاوانباری بکەین کە ئەم لاساری و سەرکەشیەی لەگەڵ باوک و دایک و مامۆستاکانی بە ئەنقەست ئەنجام ئەدات، بەڵکو پێویستە لەسەرمان هانی بدەین و تیژی بکەین بۆ ئەوەی کە پێچەوانەکەی بکات، و بێین ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەی بۆ بگێڕینەوە کە وای لێ بکات دووربکەوێتەوە لە لاساری و یاخی بوون، وەک ئەوەی بێین کەسی یاخی بە شەیتان بچوێنین کە لاساری و سەرپێچی خوای کرد و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبوو، خوای گەورەش بەهۆی ئەوەوە لێی توڕەبوو و خستیە ناو ئاگری دۆزەخەوە، هەروەها نمونەی کافر و بێ باوەڕی قێزەوون و بێجگە لەوانەشی بۆ بهێنینەوە، کە ئەم نمونانە وا لە منداڵەکە ئەکات لەو سیفەت و ئاکارە دوور بکەوێتەوە، وە لە کۆتایدا بە تەواوەتی جەخت لەسەر ئەوە ئەکەینەوە کە منداڵی لاسار و سەرکەش هەرگیز نەخۆش نی یە، و خراپەکار و چەتوون نییە بەرامبەر باوک ودایکی، بەڵکو ئەم لاساریەی ئەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی تەمەنەکەی، جا ئەگەر هاتوو بە قاچ و پێی پیسەوە چووە ناو سیسەمەکەیەوە و نەیوویست دابەزێتە خوارەوە، یان نەیوویست بخەوێت، و سوور بوو لەسەر قیرسیچمەیەتیەکەی، یاخود لاساری نواند لە هەر شتێکی تردا، ئەوا دووبارەی

---

یان هەر لەبنەڕەتدا کابرای ئەکتەر خۆی بێ باوەڕەو دەوری هاوەڵێک یان پیاوچاکێک ئەبینێت بەڵکو تەنانەت بێ ئەدەبی گەیشتۆتە ڕادەیەک پڕکێشی ئەوە بکەن بێن دەوری خوا ببینن کە تاوانباران بەئاگر سزا ئەدات و خواپەرستان بەرەو بەهەشت بەرێ ئەکات ( پەنا بەخوا ئەگرم لەو کارە قێزەوونە ) ، بۆیە پێمباش نی یە کە منداڵەکانمان لەسەر شتێک پەروەردە بکەین و ڕابهێنین کە لەگەڵ بەرنامەی ئیسلامدا ناگونجێت ئەگەرچی بەرگی ئیسلامیشیی لەبەر بکرێت و ناوی زل و قەبەشی لێ بنرێت و بەناوی پڕکردنەوەی بۆشایی بواری هونەری بێین موسڵمانانی پێوە خەریک بکەین کە کاتی زێڕینی خۆیان بەم شتانەوە خەریک بکەن ـ وەرگێڕ ـ

ئەکەمەوە کە پێویستە هانی بدەین و تیژی بکەین بۆ پێچەوانەکەی نەک سوکایەتی پێ بکەین و بیشکێنین و سزای بدەین.

**٤) جیانەکردنەوەی لەنێوان کاری ڕاست و هەڵەدا:**

کاتێ منداڵ ئەبینێ دایکی شقارتە یان چەرخێک دائەگیرسێنێ، هەوڵ ئەدات لاسایی بکاتەوە بەڵام دەستی خۆی ئەسووتێنێ، وە دێت دەستی ئەخاتە ناو ئاوێکی کوڵاو و گەرمەوە کە نازانێت زەرەر و زیانی چی یە، وە دێت دەستی خۆی ئەخاتە بەر پەروانەی پانکەوە لەکاتی ئیش کردندا، وە نموونەی تریش بێجگە لەونموونانە کە ئەوە دەرئەخات کەوا منداڵ توانای جیاکردنەوەی نی یە لە نێوان کاری ڕاست وهەڵەدا، بۆیە نابێت بە لێدان و سوکایەتی پێکردن و شکاندن لێ پێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، وەک چۆن لێ پێچینەوە لەگەڵ کەسێکی گەورە وژیردا ئەکرێت، چونکە ژیری و تێگەیشتنی منداڵ هێشتا کامڵ نەبووە، وە ئەگەر هاتوو شتێکی جیاکردەوە ئەوا ناتوانێ شتێکی تر بەهەمان شێوە جیابکاتەوە، بەڵام ئەوەی هەیە پێویستە لەسەر ئێمە کەوا دووری بخەینەوە لەو شتەی کە زیانی پێ ئەگەیەنێت، وەک چەقۆ، و شقارتە و چەرخ ، و پانکە و فێنک کەرەوە، و ئاوی گەرم.

**٥) زۆر پرسیار کردن :**

منداڵ پرسیار ئەکات لە هەرچی شتێک هەیە، و لەهەر کاتێکدا بێت، و هەرچۆنێک بێت، بەڵام ئێمە پێویستە لەسەرمان ئاگامان لەوە بێت کەوا درۆیان لەگەڵدا نەکەین، و وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدەینەوە کە لە توانای عەقڵ و هۆشیدا نیە و ناتوانێ دەرکی پێ بکات، و

با پەرچەکردارمان کۆنترۆڵ بکەین کاتێ ڕووبەڕووی پرسیارێکی چاوەڕوان نەکراو ئەبینەوە، و با پێی نەڵێین: تۆ هێشتا منداڵ و پچوکیت، و قسە لەسەر ئەم شتانە مەکە ( قسەی وا مەکە )، چونکە منداڵ لاسار و سەرکەشە ( عەنیدە )، و ئەو وەڵامە زیاتر شەیدای ئەکات بۆ زانینی وەڵامی پرسیارەکەی و گەڕان بەدوایدا، و ناچار ئەبێت پرسیار لە کەسێکی نزیکی بکات، یان لە مامۆستای دایەنگە یان خوێندنگەکەی بکات، کە ڕەنگە وەڵامێکی هەڵەی بداتەوە و ئەم وەڵامە بلکێت بە بیر وهۆشیەوە و بچێتە مێشکیەوە، کە ناتوانێ هەروا بە ئاسانی بیسڕێتەوە و نەیهێڵێت یان ڕاستی بکاتەوە، جا بۆیە پێویستە لەسەرمان کە دڵ و هۆشمان بکەینەوە بۆ پرسیاری منداڵەکانمان پێش ئەوەی پەنجەی پەشیمانی بگەزین و ئاخ هەڵکێشین.

**٦) بیر تیژی و توانایەکی زۆر بۆ لەبەرکردن :**

منداڵ بە سرووشتی پاکی خۆی بەردەوام بیر و هۆشی ساف و بێگەرد و سپیە، نە خەم و خەفەت و نە کێشە و گیروگرفتەکانی ڕۆژگار پیس و لەکەداریان نەکردووە، لەبەرئەوە شتانێکی زۆر لەبەر ئەکات بێ هیچ دەرککردن و تێگەیشتنێک، بۆیە پێویستە ئەم بەهرەی بیرتیژی و توانا زۆرەی بۆ لەبەرکردن بقۆزینەوە بۆ: لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، و فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر ﷺ ، و نزا و پاڕانەوە و ویردەکان، و شیعری پڕ واتا و سروودی بەکەڵک، وە خوێندن و لەبەرکردن، کە زۆر ئەستەمە لەم تەمەنەدا شتێک لەبەر بکات و لەبیری بچێتەوە .

بەڵام پێویستە ڕەچاوی شێوازی لەبەرکردنەکە بکرێت کە ئەبێت ئاسان و سەرنجڕاکێش بێت.

### ٧) حەزکردن لە هاندان :

که ئەمەش هۆکارێکی بەشداره لە هەموو تایبەتمەندییەکانی منالْدا، که پێویستمان پێیەتی لەکاتی لاساری و یاخی بوون، و لەکاتی جیانەکردنەوەی لە نێوان کاری ڕاست و هەڵەدا، و لەکاتی زۆر جوڵان وئارام نەگرتنی لە شوێنێکدا، وە پێویستە لەسەرمان هاندانەکانمان جۆراوجۆر بێت لە ماددییەوە بۆ واتایی و مەعنەویی، ئەویش بۆئەوەی منال لەسەر شتێکی دیاریکراو ڕانەیەت و خووی پێوه بگرێت، وە ببێت بە کەسێکی بەرژەوەندی پەرست و مەسڵەحەتچی، که بەرامبەر بەو کارەی ئەنجامی ئەدات شت وەربگرێت. وە هۆکارێکی گرنگی تر لە کاتی هاندانداندا ئەوەیە کە منال بە پاداشتی ڕۆژی دوایی یەوە ببەسترێتەوە، بۆ نموونه پێی بلێین: ( هەرکەسێ گوێ لە قورئان بگرێ خوا لێی ڕازی ئەبێت )، ( پاداشتی ئەم پیتە لە قورئان دە چاکەیە )، ( ئەو نوێژەی ئێستا لە مزگەوت ئەنجامتدا خێری بیست وحەوت ئەوەندەی ئەونوێژەی هەیە کە لە ماڵەوە ئەنجامی بدەیت )، وە بێین بە کاروکردەوەی هاوەڵانەوە بیان بەستینەوە و هۆگریان بکەین، بۆ نموونه کاتێ ئەچێت بۆ مەشق کردن لە یانەیەکی وەرزشدا با پێی بلێین: تۆ وەکو پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ بەهێز دەرئەچیت کە بێ باوەڕەکان لێی ئەترسان، یاخود بێین بیبەستینەوە بە کەسەی کە خۆشی ئەوێت، وەک باوکی، یان خاڵی، یان مامی، یان مامۆستاکەی، بێگومان شێوازەکانی هاندان فره و هەمەجۆرن، وە بۆ نموونە یەکێکی تر لەوانە: ( بێین ئەستێرەیەک بکەیت بە پەڕاوی دایەنگەکەیەوە ) و لەبەرچاوی هاوڕێکانی و کەس و کار و باوانیەوە ستایشی بکەیت، و بە جوانترین ناو کە خۆی پێ خۆشە بانگی بکەیت بێجگە لەو شێوازانەش.

**٨) حەزکردن لە یاری و گاڵتەوگەپ :**

کە بێگومان ئەم کارە نەنگ و ناتەواویی نی یە، بەڵکو زۆرجار یاریکردن هۆکارێکە بۆ وەرگرتن و دەستخستنی بەهرە و کارامەیی، و کۆکردنەوەی شارەزایی و پسپۆڕێتی، و گەشەکردنی زیرەکی، بەڕاستی چاکترین هۆکار بۆ فێربوون بریتی یە لە یاریکردن، وە یاریکردن و گاڵتەوگەپ ئارەزوومەندانە نی یە بەخواستی پەروەردەکارەکە بێت ( ئەگەر حەزی لێ نەکات ئیتر وازی لێ بهێنێت و فەرامۆشی بکات ) هەروەکو چۆن نەنگ و ناتەواویش نی یە بۆ مناڵەکە ( کە زۆر حەزی لە یاریکردنە )، بەڵکو ئەوەی ئەنجامی ئەدات سرووشتی تەمەنەکەیەتی وا ئەخوازێت و یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە بەبێ بوونی ئەوە ئەبێت بە مناڵێکی نا سرووشتی، وە ئێمە هەر ئەوەمان لەسەرە کە لە هەڵبژاردن و دیاری کردنی کاتەکانی یاری کردندا ڕێنوێنی بکەین و بۆ یاری خۆش و بەکەڵک ئاڕاستەی بکەین، وە تێی بگەیەنین کەوا چۆن کەڵک لەو جۆرە یاریانە وەربگرێت، وە هەروەها ئەو مناڵانەی بۆ هەڵبژێرین کە یاری لەگەڵدا بکات.

**٩) حەزکردن لە کێبڕکێ و ململانێ :**

ئەم تایبەتمەندیەش ئەگەر بە باشی ڕێنمایی و ئاڕاستە بکرێت ئەوا ئەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرکەوتن و لێهاتووی و داهێنان، ئەویش بەوە ئەبێت کەوا بێیت بە مناڵەکەت بڵێیت: حەزناکەم لە هیچ شتێکدا دواکەوتوو و لەدواوە بیت، بەڵکو ئەبێت هەمیشە یەکەم بیت. وە پێی بڵێ: فڵانە مناڵ ئەو کارە ئەکات، ئەی تۆ بۆچی وەکو ئەو نەبیت؟ بەڵکو تۆ ئەتوانی لەو باشتر بیت ئەگەر بێیت ئەوە و ئەوە ئەنجام بدەیت، ئیتر ئا بەوجۆرە بەردەوام

هانی بدە لەسەر کێبڕکێ کردن لەکاری خێر و چاکەدا لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە نەیەت زیادەڕەویی تیادا بکەی بەجۆرێکی ئەوتۆ کە گیانی شەڕەنگێزی، و غیرەکردن، و ڕق و کینە بەرامبەر کەسانی لەو سەرکەوتوو تری تیا بووروژێنیت .

**١٠) بیرکردنەوەی خەیاڵی یان زیندەخەون:**

بێگومان منالّ لەم تەمەنەدا هێشتا هۆش و عەقڵی کامڵ نەبووە وەک لە پێشەوە لێی دوایین، جا لەبەر ئەوە شەپۆلی خەیاڵ و داڵغەلێدان زاڵ ئەبێت بەسەر بیرکردنەوەیدا، کە ئەم دەستەواژەیە لای گەورەکان پێی ئەڵێن خەیاڵ پڵاوی یان داڵغە لێدان ـ بەتایبەتی لای کوڕ و کچی هەرزەکار و تازە پێگەیشتوو ـ کە ئەم داڵغە و خەیاڵە بیرکردنەوەیە لە دنیایەکی تردا نەک ڕاستەقینە، بۆیە نابێت بێزار و وەڕس بیت کاتێک ئەبینیت منالّەکەت دانیشتوو و بیر لەشتێک ئەکاتەوە ( کە هەر خۆی ئەزانێ چی یە ).

بۆیە کاتێ بۆی ئەدوێین و باسی بەهەشتی بۆ ئەکەین کە: هەر شتێک کە بەدڵتا بێت و حەزی لێ بکەیت تیایدایە، با لەوێدا وازی لێ بهێنین کە چۆنی ئەوێت بە ئارەزووی خۆی بیری لێ بکاتەوە، هەروەها کاتێ کە پێی ئەڵێین: ( پەروەردگارمان گەورە و مەزن و زۆر بەهێزە )، با لەوێدا وازی لێ بهێنین لە دەریای خەیاڵدا بە ئارەزووی خۆی مەلە بکات[1] هەتا ئەو کاتەی کە گەورە ئەبێت و هۆش و عەقڵی پێ ئەگات و کامڵ ئەبێت ( کە ئەتوانێت دەرک بەڕاستیەکان بکات و هەڵەکانی بۆ دەرئەکەوێت ).

---

(١) بەڵام بەو مەرجەی نەیەت لەسنوری خۆی بترازێت و بیر و خەیاڵی چۆنی بووێت ئا بەوجۆرە وێنای خوای گەورە بکات بەدروستکراوەکانی بچووێنێ، چونکە ئەگەر هاتو بەتێگەیشتنی خۆی ووێنای ئەمەی کرد ئەوا ئەمجۆرە تێڕوانینە لەزەینیدا جێگیر ئەبێت و زۆر بەزەحمەت لەهزر و هۆشیدا ئەسڕێتەوە ـ وەرگێڕ ـ.

**١١) خواست و ئارەزوو بۆ فێربوونی پیشە و پسپۆڕێتی :**

جا ئەگەر هاتو باوکی دارتاش بوو، یان یاریزان، یان ئاسنگەر، یان مامۆستا، یان وەستای ئاو و ئاوەرۆ، یاخود ئەگەر کەناسیش بێت، ئەوا ئەبینین مناڵ هەوڵ ئەدات بە لاسایی کردنەوەی باوکی فێری ئەو پیشەیە بێت، ئەمەش بۆ منالی پچوکی خوار شەش سالی یە، بەڵام دوای ئەو تەمەنە ئەم خولیایە کەم ئەبێتەوە.

**١٢) گەشەکردنی خێرای زمانەوانی و ڕاهاتن و فێربوونی زمان و توانای قسەکردن:**

بێگومان فەرهەنگی زمانەوانی منال بەبەردەوامی لەگەشە کردن و زیاد بووندایە، کە چەند شتێک کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەبێت بۆسەرئەم گەشەکردنە وەک تەندروستی گشتی منالەکە، بەتایبەتی ژەمە خۆراکی چاک و دروست، وە هەروەها پەیوەندی خێزانی، و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی، و ئابوری، و ئاستی زمانەوانی باوک و دایکەکە.

وە بۆ چاودێری کردنی گەشەکردنی خێرای زمانەوانی منالەکە، و بۆ دوورکەوتنەوە لەوگیروگرفتانەی کە دواتر لە گۆکردنیدا دەرئەکەوێت پێویستە ڕەچاوی ئەم خالانەی لای خوارەوە بکرێت:

١) دوورخستنەوەی منال لە ووشە ناشرین و پیس و قێزەونەکان: وەک جنێودان و قسەی ناشرین.

٢) پشکنینی ماوەیی و خولی منالەکە و چاودێری کردنی تەندروستی، بەتایبەتی گوێی، چونکە ڕەنگە توانای بیستنی کز و لاواز بێت.

٣) تێکەڵی و ئامشۆکردنی منالە چاک و ساڵحەکان.

٤) چیرۆکی پڕ واتا و بە ئامانجی زۆر بۆ لێبدەین لە ڕێگەی کاسێت و ڤیدیۆ و سی

دیەوە.

٥) ڕاستکردنەوەی ئەو بێژانەی ( ئەو لەفزانەی ) کە منال بە پێچەوانەوە ئەیڵێت و گوێ

ئەکات، و پێنەکەنین پێی، یاخود بێین پێی ڕابوێرین و گاڵتەی پێ بکەین بۆ ئەوەی لاسا

و یاخی نەبێت.

٦) پێویستە لەسەر پەروەردەکار ـ بە تایبەتی باوک و دایک ـ ووشەکان لە دەرچەی تایبەتی

خۆیەوە بە جوانی دەربڕن، بێ ئەوەی لێی بێدەنگ بن لەو ووشە هەڵانەی کە دەری ئەبڕ

**١٣) خواست و ئارەزوو بۆ شت هەڵوەشاندن و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی :**

ئەم خولیا و ئارەزووە هەندێ کەس بە جۆرێک لە تێکدانی دائەنێن کە لە ڕاستیدا وانی

یە، بەڵکو ئەوە لە سروشتی ئەو قۆناغەیە بۆیە پێویستە منال دووربخرێتەوە لە هەر شتێک

کە شیاوی هەڵوە شاندن بێت، یاخود ترسی ئەوەی لێ بکرێت، وە ئەبێت ئەو یاریانە

بۆ بهێنرێت کە تایبەتە بەو ئارەزووەوە وەک: شەمەندەفەر، و یاریە شەش پاڵوەکا

( میکانۆ )، و چیرۆک، و کاغەز، و قوڕی دەستکرد ( قوڕی صناعی ).

**١٤) خێرا هەڵچوون و تووڕەبوون :**

منال ڕقی هەڵئەسێت و تووڕەئەبێت بەڕادەیەک بۆ هەموو کارێکی گرنگ و بێ بایەخیش

گرنگترینی ئەو تووڕەبوون و هەڵچوونانەش بریتی یە لە:

١) **ترس:** کە ئەمە لای کچان زیاترە، بۆیە نابێ منال سزا بدرێت بەوەی کە بە پۆلیس بترسێنرێت، یان بە تاریکی، یان باوکی، یان بە مامۆستا، یان بە خێو و دێو و درنج و شەولەبان، یان بە غۆلی بیابان بترسێنرێت، چونکە هەموو ئەمانە ئاکامی قورس و خراپی ئەبێت لە پاشەڕۆژدا، و نەخۆشیەکی زۆری دەروونی، و میزەچڕکێ ( میز بەخۆداکردن )، و چەپاندن و پیش خواردنەوە، و گۆشەگیری لێ ئەکەوێتەوە.

٢) **تووڕەبوون:** کە لە نیشانەکانی بریتی یە لە: وازهێنان لە خواردن، یان شت شکاندن، یان لەخۆی ئەدات ( بە زللە و بۆکس بەرئەبێتە خۆی )، وە هۆکار و پاڵنەری تورەبوون چەند شتێکە لەوانە: قسە پێووتن و سەرزەنشت کردن و ڕەخنە لێگرتنی، بەردەوام بەراوردی بکەیت بەکەسانی تر، ناچاری بکەیت کەوا شوێن هەندێ داب و نەریت و سیستەم و ڕێوشوێنی تایبەت بکەوێت ( کە لەگەڵ تەمەن و سەردەمی ئەودا نەگونجێت )، ئەرکباری بکەیت و ئیشێکی پێ بسپێریت کە لەسەرو توانا و دەسەڵاتی ئەوەوە بێت، تووڕەبوونی باوک و دایک و دەمەقاڵێی بەردەوامی نێوانیان.

٣) **زۆمداری ( غیرەکردن ):** کە ئەمە بەزۆری لەناو کچاندا بڵاوە، وە زۆرجار بەهۆی لەدایک بوونی منالێکی نوێوە دروست ئەبێت، کە منال وا هەست ئەکات سۆز و خۆشەویستی باوک و دایکی لێ زەووت کردووە ، بۆیە هەڵئەسێت بە ئازاردانی، یان بەبێ وویستی خۆی میز ئەکات بەخۆیدا، یان دێت گاگۆڵکێ ئەکات لەکاتێکدا پێشتر بەپێی خۆی ئەڕۆی ئەمەش بۆ ئەوەی سەرنجی بۆ ڕاکێشرێت، وە ئەم غیرەکردنە ـ ئەگەر بوو ـ بەوە چارەسەر ئەکرێت کە بێیت داوا لە منالەکان بکەیت کەوا یەکتری ماچ بکەن، و

یەکێکیان دیاری بدات بەوەی تریان، و یەکتری پێش بخەن لە شتەکاندا و گیانی خۆنەوویستیان تیا بچێنرێت، و لەکاتی مامەڵە و هەڵسوکەوتدا کەسیان پێش نەخرێت، ئەگەرچی ئەوەی تریان کەموکوڕی هەبوو یاخود نەخۆش بوو، وە بۆ نموونە بێیت پرتەقاڵێک بدەیت بە گەورەکەیان تا بەیەکسانی بەسەر لەخۆی پچوکتردا دابەشی بکات، ئیتر ئا بەو شێوەیە.

پوختەی باس ئەوەیە کە:

- منداڵ خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی کە پێویستە بەدڵێکی فراوانەوە وەری بگرین و ڕێنوێنی بکەین و پەروەردە و پوختەی بکەین، وە بێگومان پەروەردەکردن پێچەوانە و ناساز ئەبێت ئەگەر ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە پەروەردەکارەکە یان منداڵەکە، یان زۆرکردن و گرنگی پێدانی ئەگەر بەو جۆرە نەبێت ( واتە: نابێت لە ڕادەی پێویست بچێتە دەرەوە و لە توانای منداڵەکەدا نەبێت، بەڵکوئەبێ بە پێی ئاستی تەمەنی منداڵەکە بێت و وەڕس و بێزاری نەکات ) ، وە ئەم تایبەتمەندیانە هاوبەشە لە نێوان کچ و کوڕدا، وە لەناو هەموو منداڵێکیشدا بەگشتی لەگەڵ جیاوازی پلەکانیشیاندا ، ئەویش لەبەر بوونی جیاوازی تاک لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا بەگشتی، وە منداڵانیش بەتایبەتی.

- تاوانبار نەکردنی منداڵان بە لاسار و یاخی و تێکدەر و نالەبار و چەقاوەسوو.

- ڕەچاوکردن و گوێدان بە پێشەنگێتی کردنی باش لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە، بەتایبەتی منداڵ دێت لاسایی کەسی بەرامبەری ئەکاتەوە کە پێشەنگە بۆی و شت لەبەر ئەکات لەبیری ناچێتەوە، و فەرهەنگەکەی زیاد ئەکات بەوەی کە ئەیبیستێت ( لە قسەی چاک و خراپ ).

- لابردنی ئەو شت و مەکانەی کە زیان بە منداڵ ئەگەیەنێت و دوورخستنەوەی لێی، وەک ئاوی گەرم، و چەقۆ، و ئاگر.

- گرنگیدان بە منداڵ بۆ لەبەرکردنی قورئان، و فەرموودە، و پاڕانەوە، و ویردەکان، و هەڵبەست و سرودی بەسوود.

- هەمیشە بەستنەوەی منداڵ بە پێشەنگە چاکەکانەوە لە پەیامبەران و هاوەڵان و پیاوچاکان.

- کڕینی یاری بۆ منداڵ توانا و زیرەکی پێ گەشەدەکات، بەتایبەتی ئەو یاریانەی کە هەڵئەوەشێنرێت و پێکەوەئەنرێتەوە، وە با یاریەکان جۆراوجۆر بن.

- چاودێری کردنی بەرەوپێش چوونی گەشەکردنی لاشەی منداڵەکە، کە کچ کێشی زیاتر ئەبێت لەکوڕ، و کوڕیش باڵای زیاتر بەرز ئەبێتەوە لە کچ، کە ئەم گەشەکردنە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بەوجۆرەیە بەنزیکی.

**قۆناغی دووەم :** ئەدەبی دابدە لە حەوتدا، واتە لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە، هەتا تەمەنی چواردە ساڵی، کە تەمەنی پێگەیشتن و فام کردن، و گەشەکردنی بیر و هۆش و تێگەیشتنە، بۆیە پێویستە لەسەر باوک و دایک کە پەروەردەی هۆش و عەقڵی منداڵەکەیان بکەن، وە شتێکی بەڵگە نەویستە کە مەبەست لە پەروەردەکردن تەنیا دابینکردنی خۆراک و پۆشاک و شوێنی حەوانەوە نی یە بۆ منداڵەکە وەک زۆرێک لەخەڵکی تێی گەیشتوون، بەڵکو ئەبێت خۆراکی مێشک و ئەقڵیشی بۆ فەراهەم بهێنرێت، بۆ ئەوەی ئاوەز و ژیری گەشە بکات، و خو و ڕەووشتی جوان بێت.

وە شتێکی زانراوە کە خوای بەرز و بڵند هەروەک چۆن جۆری ڕەگەز و شێوەی منداڵەکانمانی بەشێوەیەکی هەمەجۆر بەدیهێناوە، کە هەیانە قەڵەوە و هەشیانە لاوازە، و هەیانە باڵای بەرز و هەشیانە کورتە باڵایە، و هەیانە سپی پێست و هەشیانە ڕەنگی بۆرە، بەهەمان شێوە خوو ڕەووشت و ڕەفتاریشیانی بەشێوەیەکی هەمەجۆر بەدیهێناوە، کە تیایاندا هەیە هێمن و لەسەرخۆ و هەشیانە تووڕە و تڕۆیە، و هەیانە ژیر و تێگەیشتووە و هەشیانە گێل و کەودەنە، و هەیانە سانا و ئاسانە هەشیانە قورس و دژوارە.

بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان چۆنیەتی هەردوو بەدیهاتنەکەدا: بەڕاستی شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئێمە نەئەتوانین شێوە و ڕواڵەتیان بگۆڕین نە ئەشتوانین چاکیان بکەین، بەڵام خۆ ئەتوانین خوو ڕەووشت و ڕەفتاریان بگۆڕین و پەرەی پێ بدەین و ئیش بکەین لەسەر گەشە پێدانی لایەنە چاکەکانی، و سنورێک بۆ ڕەووشتە خراپ و قێزەونەکانی دابنێین، وە ئا لێرەدا نۆرەی باوکان و دایکان و پەروەردەکاران دێت کەوا ڕۆڵی خۆیان ببینن، جا ئەگەر تێبینی خوو ڕەووشت و ڕەفتارێکی جوانیان کرد لە منداڵەکەدا با بێن سوپاسی بکەن، و پشتگیری لێ بکەن و هانی بدەن لەسەری، وە ئەگەر تێبینی خوو ڕەووشت و ڕەفتارێکی خراپیان لێکرد ئەوا بابێن بە نەرم و نیانی ئامۆژگاری بکەن، و وازبهێنن لە ڕەخنە و تانوت لێدان و گاڵتە پێکردنی.

**قۆناغی سێ یەم :** هاوڕێتی بکە لە حەوتدا، واتە: لە تەمەنی چواردە ساڵیەوە، بۆ تەمەنی بیست و یەک ساڵی، ئەم قۆناغە لە هەرزەکاریەوە دەست پێئەکات، کە تیایدا غەریزە و خووە سرووشتیەکان ئەکرێنەوە، و گەنج هەوڵ ئەدات کە بوونی خۆی بسەلمێنێ، بۆیە

پێویستە لەسەر باوک و دایکی کە گوێی لێبگرن، و ڕێز لە ڕا و بۆچوونەکانی بگرن، و ئارام بگرن لەسەر نامۆیی ڕەفتارەکانی، و ووشکی خوو ڕەووشتەکانی، بۆئەوەی بەلەسە و یاخی نەبێت، و تووشی لادانی ئاکاری و ڕەووشتیی نەبێت.

وە زۆرێک لە باوکان سکاڵایانە لەدەست یاخی بوون و خراپی ئاکار و بەدڕەووشتیی منداڵە هەرزەکارەکانیان، هۆکاری ئەوەش بۆئەوە ئەگەڕێتەوە کە: ئەوان نەیانتوانیوە لە دوو قۆناغەکەی پێشتر یان لە قۆناغێکیاندا بە شێوازێکی جوان مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن، بەڵکو بە شێوازێکی ووشکی لە ڕادەبەدەر ، یان بە ناز پێدانێکی خراپکەر مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، وە پەروەردەکردنێکی ڕاست ودروست و بەکەڵکیان فەرامۆش کردووە، بەڵکو ئەمە بۆخۆی پەروەردەکردنێکی کوێرانەیە، بەبێ هیچ پلانێکی لێکۆڵراو، و بەرنامەیەکی پێکەر و ئامانجدار، جا ئەگەر پەروەردەکردنەکەیان لەسەر بناغەیەکی ڕاست و دروست لێکۆڵراوە بنیات نەنێن، و ڕووبەڕوی لێشاوی هەرزەکاری ببنەوە، کە پڕە لە هەژاندن و حەز و ئارەزوو، و بەخۆدا نازین و مەستی و هێز کە ناتوانێت بەسەر دەروون و حەز و ئارەزووەکانیدا زاڵ بێت و بیگرێتەوە و کۆنترۆڵی بکات، ئەوکاتە ڕازیکردن و گۆڕینی ئاکار و ڕەووشتی قورس و ناڕەحەت و زەحمەت ئەبێت.

ئەوکەسە ڕاستی ووتووە کە ووتوویەتی: ئەدەبی منداڵەکانتان دابدەن بە پچوکی، چاوتان پێیان گەش ئەبێتەوە کەگەورە ئەبن.

شاعیریش ووتویەتی:

قَد يَنفَعُ الأدبُ الأحداثَ في مَهَلٍ ‏ ‏ ‏ ‏ ‏ ‏ وليسَ ينفعُ في ذِي الشَّيبَةِ الأدَبُ

إِنَّ الغُصُونَ إِذا قَوَّمتَهَا اعتَدَلَت وَلَن تَلِينَ إِذا قَوَّمتَهَا الخُشُبُ[1]

واتە: ( لەوانەیە ئەدەب دادانی منالّی تازە پێگەیشتوو بەشێنەیی کەڵکی هەبێت، بەڵام لەگەڵ گەورە و بەتەمەندا هیچ کەڵکێکی نابێت.

لقی تەڕ و تازەی درەخت ئەگەر بتەوێت ڕاستی بکەیتەوە ڕاست ئەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بتەوێت تەختەیەکی ڕەق بەئاسانی بنوشتێنیتەوە و نەرمی بکەیت بۆت ناکرێ ).

وە هەندێ لە پێشـــینی چاک فەرموویانە: چاکە بکە لەگەڵ منالّەکەتدا، ئەوا بەڕاستی ئەویش شـــا یانیەتی کە چاکەت لەگەڵدا بکات ( تۆ چاک بە ئەویش لەگەڵتا چاک ئەبێت )، وە هەرکەسێ ئارەزووی لێ بێت ئەتوانێ خراپە لەگەڵ منالّەکەیدا بکات[2].

بەڵێ ! ئایا خراپەکردنی باوک لەگەڵ منالّەکەیدا بریتی نی یە لە پەروەردە نەکردنی بە پەروەردەیەکی ڕاست و دروست؟، و ئاوەڵاکردنی بوار بۆی لەبەردەم هەموو ئەو شتانەی کە ئارەزووی لێ ئەکات لە حەز و هەوەس و شاشەکانی تەلەفزیۆن، و هەڵڕشتنی پارە و سامان بۆی و ئاسانکاری بۆ چێژ وەرگرتن و ڕابواردنی؟ ئایا ئەوە خراپە کردن نی یە ئەی باوک ـ کە تۆ بێیت ووشک و ڕەق و توند و تیژ بیت لەگەڵیدا؟ ئەی ئایا ئەوە خراپەکردن نی یە کە بێیت نەهێڵیت منالّەکەت پەیوەندی بکات بە خولەکانی فێربوون و لەبەرکردنی قورئان، و ئەو هاوڕێ چاکانەی کە لەگەڵیدا ئەبن لەهەموو کارێکی خێر و چاکەدا؟ جا لەبەر ئەوە تۆ هەر بەمنالّی خراپەت لەگەڵدا کردووە، بۆیە لۆمە و سەرزەنشتی مەکە ئەگەر لە پیریدا خراپ بوو لەگەڵتا.

---

(١) المنتظم ( ١٢/ ١٣٣ ).

(٢) موسوعة ابن أبي الدنيا ( ٨/ ٤٤ ).

بۆیە پێویستە لەسەرمان کەوا چاودێری منالەکانمان بکەین بەتەنگیانەوە بێین لە تەمەنی هەرزەکاریدا، چونکە بەڕاستی قۆناغێکی هەستیار و ترسناکە، و ترسناک ترین قۆناغیش کە منالّ پیایدا تێپەڕ ئەبێت: بریتی یە لە قۆناغی هەرزەکاری مامناوەندی، کە لەتەمەنی چواردە سالّیەوە دەست پێ ئەکات، بۆ تەمەنی حەڤدە سالّی، کە ئەمەش قۆناغی لێشاوی لاوێتی یە، و قۆناغی گەشەکردن و گۆڕانکارییە خێرا و تیژ تێپەڕەکانە، کە لەناکاو دێت بەسەر هەرزەکاردا هەم لە لایەنی جەستەیی و هەم دەروونیشەوە، کە کار ئەکاتە سەر ڕەووشت و کردار و هەست و مێشکی.

وە ئەم قۆناغە تایبەتمەندی و گیروگرفتی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە هەر ئەبێ بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا بکرێت، لەسەر بناغەیەکی تۆکمەی زانستی و پەروەردەیی، دوور لە شپرزە بوون و کوێرانە، جا ئەگەر هاتو ئەم قۆناغە بە سەلامەت وهێمنی تێپەڕی، ئەوا ئەمە نیشانە و بەڵگەیە لەسەر چاکێتی و ژیری و تێگەیشتووی پەروەردەکارەکە.

وە ئەگەر ئێمە شارەزای تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە بووین، ئەوا مامەڵە و هەڵسوکەوت کردنمان لەگەڵ ئەم تایبەتمەندیەدا زۆر ئاسان ئەبێت.

دیارترین تایبەتمەندیەکانی هەرزەکاریش بریتی یە لە:

١) بوونی ووزەیەکی زۆری لەڕادە بەدەر لە جەستە و هەست و سۆزیدا، جا هەرزەکار لەم قۆناغەدا، ووزە وتوانایەکی زۆری جەستەیی و هەست و سۆزی هەیە، کە ئەگەر هاتو ئەی باوکی بەڕێز کەڵکی لێ وەرنەگریت و بەکاری نەهێنیت لەکاری چاکەدا، و وازی

لێ بهێنیت کە زۆران بگرێت لەگەڵ بەتاڵی و بێ ئیشیدا، و بێت هاوڕێتی هەرکەسێک بکات کەخۆی ئارەزووی لێ بێت، ئەوا تۆ هاتوویت بەبێ چەقۆ کوشتووتە، و لەدوای ئەوە شەکەت و ماندووت ئەکات ئەگەرچی لەدوای چەند ساڵێکی تریشەوە بێت.

وە ڕێگەچارەی بەکەڵک بۆ مامەڵ کردن لەگەڵ ئەم سیفەتەدا ئەوەیە کە: بەتەنگ منالەکەتەوە بێیت بە چاودێری کردن و لەخۆگرتنی، بەبێ زیادەڕەویی کردن لە ناز پێدانی. و پێویستە لێیەوە نزیک بیت، و هاوڕێتیت بکات لە چوون و هاتنەوەتدا، و پێویستە تۆ لەگەڵیدا وەک هاوڕێیەکی هۆگر و خۆشەویستی بیت، کە نهێنیەکانی خۆیت بۆ بدرکێنێت، و واز لە ڕۆتین و ڕەسمیات بهێنە، کە نابێت لە نێوان منال و باوکدا هەبێت، هەروەها نابێت لە نێوان ژن ومێردیشدا هەبێت.

٢) سەربەخۆ بوون و لەخۆبایی بوون، کە بەخۆ نازین زاڵ ئەبێت بەسەریدا، و هەوڵی خۆ سەلماندن وخۆ سەپاندن دەست ئەگرێت بەسەر خوو ڕەووشتیدا، و حەز بە کێبڕکێ ئەکات هەتا سەرنجی کەسانی تر بۆخۆی ڕابکێشێت، و وا بەچاک ئەزانێ کارێک ئەنجام بدات کە سەرنجی بدرێت و ئاووڕی بۆلابدرێتەوە، وەک پۆشینی پۆشاکی زەق و سەیر، و قژ درێژ کردنەوە، و گرنگیدان بە ئۆتۆمبیل و ئامێرەکانی، و ئارەزوو کردن بۆ ڕەفتار و ڕەووشتی شەڕەنگێزانە، هەتا کەسایەتی و سەربەخۆ بوونی خۆی بسەلمێنێت.

بەکەڵکترین ڕێگەچارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە: وای لێبکەیت کە هەستی باوەڕ بەخۆ بوونی لەلا بڕوێنیت، و لەکارەکاندا ڕاوێژی پێبکەیت و ڕای وەربگریت، و بەهێمنی چاودێری بکەیت، وە ئەو هەستەی لا دروست

نەکەی کەوا تێبگات دڵەڕاوکێت بۆ ئەنێتەوە و بەهۆی ئەوەوە تووشی نا ئارامی و شپرزەیی بوویت.

٣) ئەو وێڵە بەدوای کەسێکی پێشەنگدا هەتا دوای کەوێت و پەیڕەوی بکات، جا لە کاری خێردا بێت یان لەشەڕدا.

جا ئالێرەدا ڕۆڵی تۆ دێت ئەی باوک و پەروەردەکاری بەڕێز، تا ببیت بە پێشەنگێکی چاک و باش بۆ کوڕەکەت، و ڕازی بکەیت کە پێشەنگێکی باش بۆخۆی هەڵبژێرێت، هەتا پەنا نەباتە بەر نموونەی نامۆ و ناباو و شاز.

٤) حەزی لە کاری سەرکێشی و خۆخستنە ناو تاقیکردنەوەکان و ڕووبەڕوو بوونەکانە، بێ ئەوەی بڕوانێتە ترسناکی و سەرنجامە چاوەڕوان نەکراوەکانی.

وە بەکەڵکترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە: یارمەتی بدەیت بۆ ئەوەی گیانی ئازایەتی و جەربەزەیی تیا بڕوێنیت، کە ئەگەر بێتو ڕامی بکات لەو کارانەدا کە کەڵکی بۆی هەیە ئەوا لە پاشەڕۆژدا ئەبێت بە کەسێکی خاوەن پلە و پایەی ئەوتۆ کە بە پەنجەکانی دەست ئاماژەی بۆ بکرێت.

وە دوورکەوەرەوە لەوەی کە بێیت بەشێوازێکی ئەوتۆ وەسفی بکەیت کە سوکایەتی تیابێت وگیانی ڕق و تووڕەیی تیا بوورووژێنیت، وەک ئەوەی بێیت بە کەسێکی هەڵەشە و لاسار و شتی تر وەسفی بکەیت، چونکە ئەوە مەگەر هەر سووربوون لەسەر ئەو کارە و لاسارێتی تیا زیاد بکات و هیچی تر نا.

٥) شکاندنی ئەو کۆت پێوەندە باو ورۆتینیانەی کە لە چوار دەوریدان، وە پابەند نابێت بە نەریتە باو و ئاساییەکانەوە، بەڵکو حەزی لە کارە نامۆ و سەیر وسەمەرەکانە.

وە بەکەڵکترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە: زیرەکی و حەز و ئارەزووی گۆڕانکاری وداهێنانی تیادا گەشە پێبدەیت، بەڵام ئاگاداری بکەرەوە لەوەی کە ئەو سنوورانە نەبەزێنێت کە لەلایەن شەرعەوە دیاریکراوە و ڕێپێدراوە، وەک ئەوەی بێت پۆشاکێک لەبەر بکات کە خۆ چواندنی تیابێت بە بێ باوەڕان، یاخود بێت ئیشێک بکات کە خەڵک و کۆمەڵگەش گاڵتە و لاقرتێی پێبکەن.

٦) حەزکردن لەوەی کە سەربەخۆ بێ لە ماڵەوە ( پابەند نەبێت بە ماڵەوە )، و حەزکردن لە تەنیایی، و ئارەزووی پەیوەندی کردن و چوونە دەرەوە بۆ ناو هاوڕێکانی زیاترە.

وە بەکەڵکترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە: شوێنێکی لەبار و گونجاو بۆخۆی و هاوڕێکانی دابین بکەیت، کە تیایدا هەست بەجۆرێک لە سەربەخۆیی بکەن، و بەخێرهاتنی هاوەڵەکانی بکە، و ڕێزیان لێ بگرە و لەگەڵیاندا بچۆرە دەرەوە.

٧) گۆڕانی خێرا وبەهێز و بێباری لە هەست وسۆزیدا ئەویش بەهۆی بوونی هەستیارییەکی لە ئەندازە بەدەر، و متمانەیەکی کەم بەرامبەر بەوانەی کە لەدەوروبەریدان، بۆنموونە ئەبینیت ماوەیەک کەسێکی زۆر خۆش ئەوێت، کەچی زۆری پێ ناچێت زۆر ڕقی لەو کەسە ئەبێتەوە.

وە بەکەڵکترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە: نابێت لەم ماوەیەدا هیچ شتێکی لێ بگریت و سەرزەنشتی بکەیت کە ووتەی نەشیاو و نابەجێی بەرامبەر بەتۆی لێ دەرئەکەوێت، چونکە ئەو بە باوەڕێکی تەواو و دڵنیاییەوە قسە ناکات، بەڵکو بە پاڵنەری هەست وسۆزیەوە ئەو ووتەیە دەرئەبڕێت، جا ئەگەر هاتو بەتوندی ڕووبەڕووی بوویتەوە و بە تۆپزیی بەرپەرچت دایەوە: ئەوا ئەو کاتە ئەو قسەیەی کە بە سەرزارەکی و پاڵنەری سۆزەوە دەربیڕی بوو هەڵئەگەڕێتەوە بۆ دڵنیاییەکی جێگیر و چەسپاو.

وە هەر ئەبێت و پێویستە کە بڕوا و متمانە بوون بەخۆی پێ ببەخشرێت، و ڕای وەربگیرێت، و ئیش بە پێشنیارەکانی بکرێت، ئەگەرچی بەتەواوەتیش نەی پێکابێت.

٨) ڕائەکات لە ئیش کردن و خۆی لێ ئەدزێتەوە، زۆر ئەخەوێت و خەریکی تەمەڵی یە.

وە بەکەڵکترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە: نابێت بەو جۆرە وەسفی بکەیت و ئەوەی بەسەردا ببڕیت کەوا ئەو کەسێکی تەمەڵ و تەوەزەلە و حەزی لە ئیشکردن نییە، وە نابێت زۆری لێ بکەیت کە بە گرنگی پێدان و جدیەوە کارەکانی ڕاپەڕێنێت.

بەڵام هەوڵ بدە کە بەڕێگەی گفتوگۆی هێمنانە ڕازی بکەیت و دڵنیای بکەیتەوە کە ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر زۆر خەوتن و وازهێنان لە ئیش و کۆشش نەکردن لە خوێندنەکەیدا ئەوا لە ئایندەدا پەشیمان ئەبێتەوە، و کارلەکار ئەترازێت و قافڵەکە بەجێی ئەهێڵێ، و لە پاشەڕۆژدا بەچاوی خۆی ئەبینێت کە هاوڕێ کۆششکارەکانی لە چ فەرمان و وەزیفەیکی

بەرز و شکۆداردان، کەچی ئەو خۆی ئەبینێتەوە کە هیچ کەسێک پێشوازی لێ ناکات و
دانیامەزرێنێت مەگەر بە بڕە پارەیەکی کەم نەبێت.

وە ئەوەش باش بزانە کە مەزنترین هۆکاری تەمەڵی لاوان ئەگەڕێتەوە بۆ: زۆر دانیشتنیان
لە ماڵەوە، و تەماشا کردنی کەناڵەکان، و ئەنجامدانی ئەو جۆرە یاریانەی کە جوڵەی تیا
نی یە، وەک یاریە ئەلکترۆنیەکان ( پلەی ستەیشن و ئایپاد و مۆبایل ).

بۆیە هەوڵ بدە کە دانیشتنەکانیان لە ماڵەوە کەم بکەیتەوە، و ئەو ئامێرە ئەلەکترۆنیانە بگۆڕە
بەو جۆرە یاریانەی کە جوڵەی تیایە، وەک ئەوەی بێیت لەگەڵ هاوڕێی چاک و سالحدا
کۆی بکەیتەوە، کە بەیەکەوە یاری دووگۆڵی و وەرزشەکانی تر بکەن.

٩) لاساریی و سەرپێچی کردن، و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی گەورەکان و
پەروەردەکاران، و ڕقی لەو کۆت وپێوەند و یاسایانەیە کە باوەڕی پێیان نی یە.

وە بەکەڵکترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە
بێیت جڵەوی ڕابەری و سەرۆکایەتی بدەیتێ لە هەندێ کار و فەرماندا، و هەندێ
کاروباری ناوماڵی ڕووبەڕوو بکەیتەوە، وە ئەو بۆیە بەو کارە هەڵساوە چونکە ئەو
هەستەی لادروست بووە کە پەڕاوێز خراوە، و دەوروبەرەکەی هیچ گرنگیەکی پێ نادەن.

١٠) هەست و سۆزێکی لەڕادەبەدەر، کە بەرگەی وورووژێنەکان و خووە سرووشتیەکانی
( غەریزەکانی ) ناگرێت.

وە بەکەڵکترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە: دووری بخەیتەوە لە تەنیایی و دەست بەتاڵی، کە بواری بۆ ئەڕەخسێنێت کە بیر لەو شتانە بکاتەوە کە ئارەزووەکانی ئەوورووژێنێت، وە پێویستە وابەستەی بکەیت بە خوای بەرز و بڵندەوە، چونکە بەڕاستی هەست و سۆز هەژێنەرە، و ئارەزووی گڕگرتوویش دانامرکێتەوە بەوە نەبێت کە تۆ بێیت تەنیا بەخوای گەورەوە وابەستەی بکەیت، و بەهەشتەکەی بخەیتەوە یاد، و بە ئاگری دۆزەخ و سزاکەی بیترسێنیت.

هەروەها بەوەش دائەمرکێتەوە کە بێیت کاتە بەتاڵەکانی بۆ پڕ بکەیتەوە، و دووری بخەیتەوە لەو شتانەی کە ئارەزووەکانی ئەوورووژێنێت وەک کەناڵە بێ ڕەووشتیەکان، و وێنە ڕووت و بێ ئابڕووەکان.

١١) زیادەڕەویی ئەکات لە ڕابواردن و گاڵتەوگەپ و سوعبەت کردن، و پێکەنین و قاقا لێدان بەدەنگی بەرز.

وە بەکەڵکترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە: ئەو هەستەی لەلا دروست بکەیت کە تۆش بە شادمانی ئەو خۆشحاڵ ئەبیت، کەبێگومان ئەو شادمانی و کامەرانیەی کە تیایدایە سەرەنجامی ئاسودەیی دڵ و دەروونیەتی، و پێویستە داوای لێ بکەیت کە بە دەنگێکی نزم و بە هێواشی پێبکەنێت، وە تووڕەبوونی خۆتی بۆ دەرنەخەیت و بێیت لێی تووڕەبیت لە بەرامبەر دەنگ بەرزکردنەوەکەیدا کاتێ بە قاقا پێئەکەنێت.

١٢) دڵتەنگی و نائومێدی، و دوودڵی و پەستی و بێزاری.

وە بەکەڵکترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازی ڕەفتار و سیفەتەدا ئەوەیە کە: پێویستە بزانیت هۆکاری ئەوە: بریتی یە لەوەی کە زۆرجار ئەناڵێنێت بەدەست ئەوەی کە ناتوانێت هەستی ناو ناخی خۆی دەربڕێت، و هەڵچوون و گیروگرفتەکانی ئەشارێتەوە، وە هۆکارێکی تر توند وتیژی و بڕیاردانە لەلایەن کەس و کارەکەیەوە، و هەروەها بوونی بۆشایی و ترس لە پاشەڕۆژیش هۆکارێکی ترە.

جا ئەگەر هاتو هۆکارەکەمان زانی ئەوا چارەسەرکردنی زۆر ئاسانە، بۆیە پێویستە سەربەستی و ئازادی بدەینێ کە ڕا و پێشنیارەکانی خۆی دەربڕێت، و باوک و دایکی لێی نزیک ببنەوە و داوای لێبکەن ئەوەی کە لەناخی دڵ و دەروونیدایە و هەر گیروگرفتێکی کە هەیەتی ئاشکرای بکات و بۆیان بخاتە ڕوو تا ڕێگەچارەی لەباری بۆ بدۆزنەوە.

وە با بە نەرم و نیانیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، و سووربن لەسەر ئەوەی کە کاتە بەتاڵەکانی بۆ پڕ بکەنەوە، و هەموو ئەو سیفەت و خوو ڕەوشتە جوان و بەجێیانەی بهێننەوە یاد کە تیایدایە، و گیانی هیوا و وورەبەرزی و نەترسان لە پاشەڕۆژی تیا ببوژێننەوە.

وە هەموو ئەم دیاردانە و هی تریش، هەرزەکار دڕدۆنگ و شەکەت و ماندوو ئەکات، و وای لێ ئەکات کە دەروون گرژ و ڕاڕا و هەرجارەی لەسەر بارێک و بەجۆرێک بێت لەزۆربەی کاتەکانیدا، و ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە بە نارەحەت لێی تێبگەیت و لەگەڵیدا ڕێک بکەویت، بەڵام بە پەروەردەکردنێکی چاک و لێوان لێو لە خۆشەویستی و لێک تێگەیشتن و وتووێژ، و وەرگرتن و قبوڵکردنی باوک و دایک بۆی و هەموو ئەو شتانەش

کە لێی ئەوەشێتەوە، و ئارامگرتن لەسەری: ئەوا هەرزەکار ئەتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەو ئاستەنگ و ناڕەحەتی و مەترسیانەدا، پاشان هەر لەسۆنگەی ئەوەوە سەرکەوتن بەدەست دێت لە ژیانی زانستی و پیشەیی و ئاینی دا.

بۆیە تێگەیشتن لە دەروون و خودی کوڕەکە، و شارەزا بوون لەو ئاستەنگ و ناڕەحەتیە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە بەرەنگاری ئەبێتەوە یارمەتی باوک ئەدات لەوەی کە چۆن مامەڵەی لە گەڵدا بکات، و گەیشتن بە چارەسەری سەرکەوتووی بۆ ئاسان ئەکات.

ئەی ـ باوکان و دایکانی بەڕێز ـ ببنە یارمەتیدەر و پشتیوانی مناڵە هەرزەکارەکانتان لەم قۆناغە کە زۆر ناڕەحەت و دژوارە لەسەریان، لایەنگریان بن، و ئارام بگرن لەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەیان کە لەگەڵ تەمەنی ئێوەدا ناگونجێت، و کاردانەوەی خراپتان نەبێت بەرامبەریان و مەبنە دژ و بەرهەڵستکاریان چونکە لەدەستیان ئەدەن، وە ڕەق و توندوتیژ مەبن لەگەڵیاندا کە لێتان ڕابکەن و لەدەستان هەڵبێن.

جا ئەو بنچینە و ڕێسایانەی کە لەدوای ئەمەوە دێن لەسەر چاکترین و سەرکەوتوو ترین ڕێگە و ڕێباز دامەزراوە و هەڵهێنجراوە بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیاندا، لە تێکڕای قۆناغەکانیاندا، وە بەتایبەتی ئەو قۆناغی هەرزەکاریەی کە مایەی نیگەرانی و شپرزەیی یە بۆ باوکان و دایکان.

۞۞۞

## بنچینەی دووەم

چاکە بکەن لەگەڵ باوک و دایکتاندا منداڵەکانتان لەگەڵتاندا چاک ئەبن چونکە پاداشـــت بەگوێرەی کردارە،و ژیانیش قەرزدانەوە و ئەمەکداری یە، جا هەرکەسێ چاکەی کرد لەگەڵ دایک و باوکیدا ئەوا منداڵەکانیشی چـاکەی لەگەڵـدا ئەکەن، پێـغەمبەری خـوا ﷺ وەک لـێـی ئەگـــێڕنەوە فەرمـــوویەتی: ( بِروا آباءَکُم تبرکم أبنـاؤکم )[1].
واتە: ( چاکە بکەن لەگەڵ باوک و دایکتـاندا منـاڵەکانتان لەگەڵتـاندا چاک ئەبن ) .

پێشەوا ئیبنولقەیم بەڕەحمەت بێ فەرموویەتی: ( لەبەر ئەوە پاداشت دانەوە هاوشێوەی کردارەکانە بەگوێرەی چاک و خراپیەوە، جا هەرکەسێ نەنگی و کەم وکوڕی موسڵمانێک بپۆشێت خوای گەورەش نەنگی و کەم و کوڕی ئەو ئەپۆشێت، وە هەرکەسێ کارئاسانی بۆ قەرزار و نەدارێک بکات خوای گەورەش کارئاسانی بۆئەو ئەکات لە دنیا و دوارۆژدا، و هەرکەسێ دەروێک لە پەژارە و ناڕەحەتیەکانی دنیا لە براوادارێک بکاتەوە خوای گەورەش دەروێکی لە تەنگانەکانی ڕۆژی دوایی لێ ئەکاتەوە، و هەرکەسێ کەوتوویەک هەڵسێنێتەوە خوای گەورەش لە هەڵنوتانی ڕۆژی دوایی هەڵی ئەسێنێتەوە، و هەرکەسێ شوێن عەیب و عاری برایەکی بکەوێت خوای گەورەش شوێن عەیب و عاری ئەو

(١) رواه الحاكم و صححه ( ٧٢٥٨ ).

ئەکەوێت، و هەرکەسێ زیان بە موسڵمانێک بگەیەنێت خوای گەورەش زیان بەوکەسە ئەگەیەنێت، و هەرکەسێ کاری خەڵک سەخت و قورس بکات خوای گەورەش کاری لەسەر قورس و گران ئەکات، و هەرکەسێ لە شوێنێکدا موسڵمانێک سەرشۆڕ بکات کە پێی خۆشە لەو شوێنەدا سەربخرێت و پشتگیری لێ بکرێت خوای گەورەش لە شوێنێکدا ئەوکەسە سەرشۆڕ و زەلیل ئەکات کە پێی خۆشە لەو شوێنەدا سەربخرێت، و هەرکەسێ لێبوردە و دڵفراوان بێت بەرامبەر بە خەڵکی خوای گەورەش لێبوردە وبەخشندە ئەبێت بەرامبەری، بەسۆز و بەزەییەکانیش خوای گەورە بەبەزەیی ئەبێت لەگەڵیاندا و ڕەحمیان پێئەکات، وە بەڕاستی خوای دلۆڤان تەنیا بە بەزەیی ئەبێت بەرامبەر ئەو بەندانەی کە بەسۆز و میهرەبانن لەگەڵ خەڵکیدا، و هەرکەسێ خەرج بکات و ببەخشێت خوای گەورەش زیاتری پێ ئەبەخشێت، و هەرکەسێ ماڵ و سامانەکەی مۆڵ بدات و بیگرێتەوە خوای گەورەش لێی ئەگرێتەوە، و هەرکەسێ لەمافی خۆی خۆشببێت خوای گەورەش لە مافەکانی سەری خۆش ئەبێت و لێی ئەبورێت، و هەرکەسێ چاوپۆشی لە خەڵکی بکات خوای گەورەش چاوپۆشی لەو ئەکات، و هەرکەسێ بەدوای نەنگی و شورەیی خەڵکیدا بگەڕێت خوای گەورەش شوێن نەنگی وشورەییەکانی ئەو ئەکەوێت، ئا ئەوانەی کە باسکران بەرنامە و شەرع و قەدەر و نیگا و پاداشت و سزای خوای مەزنە کە هەر هەمووی لەسەر ئەم بنچینە و بنەڕەتە ڕاوەستاوە )[1].

وە تۆ زۆر بە ناڕەحەت کەسێکت دەست ئەکەوێت کە خراپەی لەگەڵ دایک و باوکیدا کردبێت وەلێ خوای گەورە منالی خراپی پێ نەدابێت کە خراپەی لەگەڵدا بکەن، و ژیانی

(١) أعلام الموقعين ( ١/ ١٥٠ ).

لێ تاڵ و ناڕەحەت بکەن، و بە ناڕەحەت کەسێکت دەست ئەکەوێت کە لەگەڵ دایک و باوکیدا چاک بوو بێت وەلێ خوای گەورە منالی چاک و ساڵحی پێ نەبەخشی بێت، کە هەمیشە شادی و کامەرانی بخەنە ناو دڵ و دەروونیەوە.

وە چەندین مرۆڤ هەبووە کە بە نەرم و نیان ترین شێواز هەڵسوکەوتی لەگەڵ منالەکانیدا کردووە، و جوانترین مامەڵەی نواندووە، بەڵام لە کۆتایدا سەرکەوتو نەبووە لە بەدەست هێنانی سۆز وخۆشەویستیان، و چاکبوونی هەڵسوکەوتیاندا، جا ئەگەر بەووردی لێی بکۆڵیتەوە چاک بۆت دەرئەکەوێت کە هۆکاری سەرەکی ئەگەڕێتەوە بۆ: کەمتەرخەمی کردنی لە ئاستی مافەکانی باوک و دایکیدا، یاخود ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پشتی بەخوا نەبەستووە لە پەروەردە کردنیاندا، بەڵکو پشتی بە زانیاری و ڕۆشنبیری و کەسایەتی خۆی بەستبوو.

بەڕاستی هیچ کامەرانی و بردنەوە و سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنیت مەگەر بە ڕەزامەندی باوک و دایکت نەبێت لێت، ئای چەند مرۆڤ هەیە کە بێ بەش بوون لە خۆشی و ڕابواردنی ژیانی دنیا، و چێژی هۆگربوون و هاودەمی بە منالەکانیانەوە، و سەرکەوتن لە ژیانیاندا، لەگەڵ بێ بەش بوون لەو کردەوە چاکانەی کە لە پەروەردگاریان نزیک ئەکاتەوە، ئەمانە هەرهەمووی بەهۆی خراپەکردن و گوێڕایەڵی نەکردن بووە بۆ دایک و باوکیان، جا ئەوانە لە نەگبەتی و ژیانێکی تاڵەوە ئەچن بۆ ژیان و گوزەرانێکی ناخۆشتر و لە بەڵا و موسیبەتێکەوە بۆ بەڵایەکی تر، کە ئاکامیان خراپ ئەبێت، و کۆتایشیان باش نابێت .

✿✿✿

## بنچینەی سێیەم

نەرم و نیانی نواندن لە مامەڵەکردندا، پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ( إِنَّ الرِّفْقَ لَا يَكُونُ فِي شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ، وَلَا يُنْزَعُ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا شَانَهُ ).[1]

واتە: ( بەڕاستی نەرم و نیانی لەهەر شتێکدا هەبێت جوانی ئەکات و ئەیڕازێنێتەوە، لەهەر شتێکیش دابڕنرێت ناشرینی ئەکات ) .

بێگومان نەرم و نیانی لە هەر شتێکدا هەبێت جوان و چاکی ئەکات، تەنانەت لەکاتی توڕە بوون و سەرزەنشت کردنیشدا، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چاکترین ئاکار و ڕەووشتە کە بەندە خۆی پێ ڕازاندبێتەوە، و لە هەموو فەرمان و کاروبارەکانیدا بەکاری هێنابێت.

بەڵکو تەنانەت پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئامۆژگاری بۆ عائیشەی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهَا دایکی بڕواداران کردووە و بەم ئاکارە جوانە ڕایسپاردووە و پێی فەرمووە: ( يَا عَائِشَةُ عَلَيْكِ بِتَقْوَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ وَالرِّفْقِ )[2].

(١) رواه مسلم ( ٦٧٦٧ ).
(٢) رواه الإمام أحمد ( ٢٤٣٠٧ )، و صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير ( ١٣٨٨٧ ).

واتە:" ئەی عائیشە دەست بگرە بە ترسان و پارێزکاری لەخوای بەرز و بڵند و هێمنی و نەرم و نیانیەوە ".

وەک ئەبینین پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە نەرم و نیانی هاوتای تەقوای خوا کردووە، چونکە بەندە بە ترسی خواو پارێزکاری نێوانی خۆی و خوای مەزن چاک ئەکات، وە بە هێمنی و نەرم و نیانیش نێوانی خۆی و خەڵکی چاک ئەکات. نەرم و نیانیش نەچۆتە هیچ ماڵێکەوە مەگەر لەگەڵ خۆیدا خێر و چاکە و سەرفرازی بۆ نەبردبێتن، پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ( إِذَا أَرَادَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ بِأَهْلِ بَيْتٍ خَيْرًا، أَدْخَلَ عَلَيْهِمُ الرِّفْقَ )[1].

واتە:" ئەگەر خوای بەرز و بڵند وویستی خێر و چاکەی بۆ خانەوادەیەک بوێت، ئەوا نەرم و نیانی ئەخاتە ناویانەوە ".

جا ئەوکەسەی لە هێمنی و نەرم و نیانی بێبەش بووە شایانیەتی کە: لە خێر و چاکەی دنیا و دوارۆژی بێبەش بێت، پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ( مَنْ يُحْرَمْ الرِّفْقَ يُحْرَمْ الْخَيْرَ )[2].

واتە:" هەرکەسێ لە نەرم و نیانی بێبەش بێت، لە خێر و چاکە بێبەش بووە ".

نەرم و نیانی بریتی یە لە: سانا بوون بە قسە و بەکردەوە، و گرتنەبەری ڕێگەی سوک و ئاسان لەهەموو کاروبارێکدا، کە دژی زەبروزەنگە، کە ئەمیان بریتی یە لە توند وتیژی و

(١) رواه الإمام أحمد ( ٢٤٤٢٧ )، وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير ( ٣٠٣ ).

(٢) رواه مسلم ( ٦٧٣ ).

دڵڕەقی، جا کەسی نەرم و نیان و لەسەرخۆ ئەگات بە هەموو پێداویستیەکانی یان هەندێکیان، بەڵام کەسی توند و تیژ پێی ناگات، ئەگەر گریمان پێشی بگات ئەوا بە ناڕەحەتی و زەحمەت بەدەستی دێنێت، و شایانیشیەتی کە بەتەواوەتی پێی نەگات.

ئائەوە ئەو ڕێبازە ڕاست و دروستەیە کە پێویستە لەسەرمان لەگەڵ ڕۆڵەکانمان و خێزانەکانماندا بەکاری بهێنین و جێبەجێی بکەین.

۞ ۞ ۞

## بنچینەی چوارەم

میانڕەویی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیاندا، جا هەرکەسێ لە سنوری گونجاوی خۆی تێی پەڕاند ئەوا ، ستەمی لێکردوون و مافی پێشێل کردوون ، وە هەرکەسێکیش لەو ڕادەیەی خۆی کەمی کردەوە و بایەخی پێنەدا ، ئەوا خراپەی کردووە و بەفیڕۆی داوە و کەمتەرخەمی نواندووە .

بێگومان میانڕەویی و مامناوەندی بوون لەهەموو شتێکدا: ڕێبازی بەرنامە و شەرعی پەروەردگارە، خوای بەرز و بلند ئەفەرمووێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ البقرة: ١٤٣

واتە:( هەروەها کردمانن بە ئومەتێکی میانڕەو )، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( الوَسَطُ العَدْلُ )[1].

واتە:" میانڕەوی بریتی یە لە دادپەروەری ".

بەڕاستی خوای گەورە ڕێزی لێناوین و چاکەی لەگەڵدا کردووین کەوا ئێمەی کردوە بە میانڕەو و دادپەروەر لەهەموو شتێکدا، کە بێجگە لە میانڕەویی هەردوو لاکەی تر ئەچنە ژێر باری مەترسیەوە، بەڵام خوای گەورە ئەم ئومەتەی کردووە بە مامناوەند لەهەموو

(١) رواه البخاري ( ٣٣٣٩ ).

کاروبار و فەرمانێکی ئایندا، سەبارەت بە پێغەمبەران مامناوەندن، لەنێوان ئەوانەی کە زیادەڕەوییان تیاکرد وەک گاورەکان ( کە ئەڵێن عیسا عَلَيْهِ السَّلَامُ خوایە یاخود کوڕی خوایە)، وە ئەوانەی کە بە دڵڕەقیەوە کینەبەرایەتیان کردن وەک جولەکەکان، وە هەروەها مامناوەندن لە بەرنامەی ئاین و شەریعەتیشدا، نە قورس کردن و پێداگیری جولەکەکان، و نەوەک بەسووک تەماشاکردن و گوێ پینەدانی گاورەکان.

وە خوای دلۆڤان ئەم ئوممەتەی گێڕاوە بە مامناوەند لە کاروبار و فەرمانەکانی ئاین، و ئاکار و خوو و ڕەووشت، و مامەڵە کردن و پەروەردە کردندیشدا.

پێشەوا ئیبنولقەیم بەڕەحمەت بێ فەرموویەتی: ( وە هەموو ئاکار و خوو ڕەووشتێکی بەرز و پەسەند بە دوو ئاکار و ڕەووشتی بێزراو و نەوویستراو دەورە دراوە. وە ئەو ڕەووشتە جوانە لە ناوەڕاستیاندایە. وە ئەملاو ئەولاکەی دوو و ڕەووشتی زەمکراو و قێزەونن.

بەڕاستی هەرکاتێ دەروونی مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاستی میانڕەوێتی لایدا ئەوا هەر ئەبێ بۆلای یەکێک لەو دوو ڕەووشتە بێزراوە لابدات، جا ئەگەر لە ڕەووشتی خۆبەکەم زانین لایدا ئەوا: یان بەرەو لووت بەرزی وخۆبەزل زانی لائەدات، یان بەرەو زەلیلی و سەرشۆڕی و ڕسوایی .

بەهەمان شێوە ئەگەر لە ئاکار و ڕەووشتی ئارامگرتنی سوپاسکراو لایدا ئەوا: یان بەرەو شپرزەیی و ناڕەزایی و چاوچنۆکی لائەدا، یان بەرەو ووشکی و زبری ناخ و دەروون، و دڵڕەقی، و بەبەرد بوونی ئاکار و ڕەووشت لائەدا.

وە ئەگەر لە ئاکار و ڕەووشتی هێدیی ولەسەرخۆیی لایدا ئەوا: یان بەرەو هەڵەشەیی و تووڕەیی و لاساری لائەدا، وە یان بەرەو زەلیلی و سەرشۆڕی و ڕسوایی لائەدات. جا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو کەسەی کە هێدی و لەسەرخۆییەکەی لە زەلیلی و سەرشۆڕی و بێ دەسەڵاتیەوە سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ ئەوکەسەی کە هێمنیەکەی لە توانا و دەسەڵات و سەربەرزی و شکۆمەندیەوە سەرچاوەی گرتووە.

وە ئەگەر لە ئاکار و ڕەووشتی نەرم ونیانی و بوونی حەوسەڵە لایدا ئەوا: یان بەرەو پەلەپەلی و زوو هەڵچوون و توندوتیژی لائەدات، یان بەرەو کەمتەرخەمی وگوێ پێنەدان لائەدات. وە بێگومان نەرم ونیانی و بەحەوسەڵەیی بوون لەنێوان هەردووکیاندایە.

وە ئەگەر لە ئاکار و ڕەووشتی سۆز وبەزەیی لایدا ئەوا: یان بەرەو دڵڕەقی و بێ بەزەیی لائەدا، یان بەرەو دڵ لاوازی و ترسنۆکی لائەدات، کە نەئەتوانێ مەڕێک سەربڕێت، و سزایەکی شەرعی جێبەجێ بکات، و ئەدەبی مناڵەکەی دابدات، واش ڕائەگەیەنێت کە سۆز وبەزەیی وای لێ ئەکات کە بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکات.

ئەمە لەکاتێکدا بەسۆزترین بەدیهێنراوی خوا کە موحەممەدە ﷺ بەدەستی پیرۆزی خۆی لەیەک شوێندا شەست و سێ هوشتری سەربڕی، و دەستی پیاوان و ژنانی لەسەر دزی ئەبڕیەوە، و لەگەردنی بێ باوەڕ و هاوەڵگەرانی ئەدا، و سنورەکانی جێبەجێ ئەکرد و بەردەبارانی داوێن پیسانی ئەکرد هەتا ئەمردن، ئەمە لەکاتێکدا بە بەزەیی ترین و میهرەبانترین بەدیهێنراوی خوای پەروەردگار بوو بە ڕەهایی.

وە هەروەها ڕووخۆشی، ئێسک سووکی. کە ئەم ئاکارەش مامناوەندە لە نێوان مڕومۆچی و ناوچەوان گرژی، و زیادەڕەویی کردن تیایدا کە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بەوجۆرە بیت ( و دەم دابچەقێنیت و حیلکە حیلکت بێت )، کە لە شان و شەوکەتت ببات، و ڕێز و شکۆت نەهێڵێت، هەروەک چۆن لادانی یەکەمیش پەستی و قین لێبوون، و سڵەمینەوە و دوورکەوتنەوەی لێ ئەکەوێتەوە.

وە بەڕاستی خاوەنی ئاکار و ڕەووشتی مامناوەند: ڕێزدار و خۆشەویست، سەنگین و بەتوانا، و خەڵکی حەز لەدیدار و بینینی ئەکەن.

وە لە سیفەت وتایبەتمەندیەکانی پێغەمبەرمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بریتی بووە لەوەی کە: هەرکەسێ ببینیایە یەکسەر لەخۆیەوە ڕێزی لێ ئەگرت، وە هەرکەسێکیش تێکەڵی بوایە و هاوەڵێتی بکردایە خۆشی ئەوویست )[1].

وە پشتیوان بەخوا لە دوایدا نموونەی زیاتر ئەهێنینەوە لەسەر میانڕەویی لە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکان و چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵیاندا.

❁ ❁ ❁

(١) مدارج السالكين ( ٢/ ٢٩٧ ).

# بنچینەی پێنجەم

پێویســـتە ئامانجی پەروەردەکار لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا ئەوە بێت کە: ساڵح و چاک و چاکساز دەربچن، و ڕێک و ڕاست بن بۆ بەرنامەکەی خوای گەورە و گوێڕایەڵی بن، و بیەوێت کە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بکات، نیەتی جێبەجێ کردنی فەرمانی خوای بەرز و بڵند بێـت کە ئەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ﴾ التحريم: ٦ .

واتە: ( ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێک کە سوتەمەنیەکەی خەڵک و بەردە ).

بێگومان هەرکەسێ ئەمە نیەت و مەبەستی بێت: ئەوا خوای بەرز و بڵند یارمەتی ئەدات و دامەزراوی ئەکات، پەروەردەکردنی منداڵەکانی لەلا ئاسان ئەبێت، بەڕاستی مەزنترین شت کە یارمەتی بەندە ئەدات: بریتی یە لە نیەت پاکی و مەبەستی چاک.

وە زۆرێک لە باوکان ئەم نیاز و مەبەستە پشتگوێ ئەخەن، و نایەن واتای پەرستش ل مامەڵە و پەروەردەکردنەکەیاندا بەکاربهێنن، بەوەش لە پاداشتێکی پوخت و بێگەرد، کۆمەک و یارمەتی و پێکاندنی ئامانج بێبەش ئەبن.

ئەوان دێن کوێرانە و بەهەڕەمەکی و شڵەژانەوە منداڵەکانیان پەروەردە ئەکەن، تەنانەت پەروەردەکردنێکی بێ ناوەڕۆک ئەکەن و کەمتەرخەم و بێ ئاگان لەم نەیەت و مەبەست

تەنانەت لەکاتی دابینکردنی خۆراک و پۆشاکیشدا بۆیان، لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( دِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيلِ اللهِ وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي رَقَبَةٍ، وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ عَلَى مِسْكِينٍ، وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ، أَعْظَمُهَا أَجْرًا الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ)(١).

واتە:" دینارێکت لەپێناوی خوادا خەرج کردبێت و دینارێکت بۆ ئازاد کردنی گەردنێک خەرج کردبێت، و دینارێکت بەخشیبێت بە هەژارێک، و دینارێکت بۆ خاو و خێزانەکەت خەرج کردبێت، مەزنترین پاداشتیان ئەوەیە کە لە خاو و خێزانەکەتدا خەرجت کردبێت".

وە هەرکەسێ منداڵەکانی لەسەر بنچینەیەکی ڕاست و دروست، و شێوازە لێکۆڵراوەکان پەروەردە کردبێت، ئەوا زۆربەیان مەبەستیان لەوەدا ئەوە بووە کە منداڵەکانیان دیار و جیاوازبن لە منداڵانی تر لە بوارەکانی خوێندن و ئاکار و ڕەووشتدا، وە بۆ ئەوەی گوێڕایەڵ و چاک بن، و لە شەڕ و خراپەیان پارێزراو بن، کە بەڕاستی ئەم نیاز و مەبەستە بەس نی یە لە پەروەردەکردندا، ئەی کوانێ ئەو نیەتەیان کە پەروەردەکردنەکەیان لە پێناوی خوادا بێت؟ و بێن بنچینەکانی بیروباوەڕی ئیسلامیان فێربکەن؟ و خوای گەورە بەهۆی ئەوانەوە خەڵک وووڵاتی موسڵمانانی پێ چاک بکات؟

جا هەرکەسێ نیەتەکەی بەوجۆرە نەبێت ئەوا شایانیەتی کە یارمەتی نەدرێت، و شەکەت و ماندو بێت و ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمە بێتەوە لە پەروەردەکردندا، وە ئەگەر منداڵەکانی بەو جۆرە گەورە بوون و پێگەیین کە خۆی وویست و ئارەزووی لێی بووە ئەوا نابن بە مایەی خێر و خۆشی وکەڵک پێگەیاندنی و سودێکی گەورەیان بۆی نابێت، وە ئەشێ کاتێ منداڵەکانی گەورەبوون و لە ژیاندا سەربەخۆ بوون و سەرقاڵی کار و فەرمانی

(١) رواه مسلم ( ٢٣٥٨ ).

تایبەتی خۆیان بوون، ئەوا گریمان ئەگەر چاکەشیان لەگەڵدا کرد ئەوا لەساڵێکدا جارێک یان دووجار ئەیبینن.

وە تەنیا نیەتی چاک بەس نی یە لە پەروەردەکردندا بەبێ گرتنەبەری هۆکارەکان، بەڵکو ئەبێت دەست بگرین بەهۆکارەکانەوە، گەورەترین هۆکاریش بریتی یە لەوەی کە: لەسەر خوو ڕەووشتی بەرز و ئاکاری جوان پەروەردەیان بکەین و ڕایان بهێنین، وەک ڕەووشتی مۆڵەت وەرگرتن لەکەسی بەرامبەر، و چۆنێتی نان خواردن، و سڵاو کردن، و سەردانی خزم و ناسیاو، و نەخۆش، و ڕێزگرتنی خەڵکی.

وە هەروەها پەروەردەیان بکەین و ڕایان بهێنین لەسەر پەرستشەکان، وەک نوێژ و ڕۆژوو و خێرکردن.

ئا ئەمەی کە باسکرا ئەرک و واجبە لەسەرشانی هەموو باوک و دایکێک.

ئیبنوعومەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا بەپیاوێکی فەرموو: "ئەی کابرا تۆ! بەچاکی ئەدەبی منالەکەت دابدە، چونکە تۆ لێپرسراوی بەرامبەری، ئەویش لێپرسراوە لەوەی چاکەت لەگەڵدا بکات"[1].

وە سوفیانی سەوری بەڕەحمەت بێ فەرموویەتی:" ووتراوە: مافی منال بەسەر باوکیەوە ئەوەیە کە بە چاکی ئەدەبی دابدات و پەروەردەی بکات "[2].

۞۞۞

---

(١) موسوعة ابن أبي الدنيا ( ٨/ ٧٨ ).

(٢) موسوعة ابن أبي الدنيا ( ٨/ ٧٨ ).

## بنچینەی شەشەم

پێویستە لەسەر چاودێری خوا ڕایان بهێنین نەک چاودێری ئێمە ، وە لەسەر چاودێری خودی خۆیان نەک چاودێری ئەوەی کە خەڵکی ئەیڵێن .

شتێکی زانراوە کە منالّ کاتێ گەورە ئەبێت، بەتایبەتی کاتێ ئەگاتە تەمەنی هەرزەکاری، ئەوا هەوڵ ئەدات و تێئەکۆشێ کە مەودای بیرکردنەوە و سەربەستی فراوان بکات، و سەربەخۆیی خۆی پێکبهێنێت، کە ئەمە لەخۆیدا کارێکی ئاسایی و ئەرێنی و گونجاوە و هیچ گرفتێکی تیادا نی یە.

وە شتێکی زانراوە کە منالّ لەم سەردەمەی ئێستاماندا ڕادەیەکی زیاتر لە سەربەستی و ماف و پلەی بەدەست هێناوە، زۆر زیاترە لەو سەربەستیەی کە باوک و دایکی لە ساتەوەختی خۆیاندا هەیانبووە، کە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە تازانەوەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووئەدات و بەردەوام شتی تازە دێتە ئاراوە.

هەرزەکار زۆربەی کاتەکانی بەبێ هیچ چاودێرێک ئەگوزەرێنێ، وە باوک ودایک ناتوانن لە خوێندنگە، و لەکاتی سەردانی کردنی خێزانیی بۆلای خزم وناسیاو، و لەکاتێ بە تەنیا ئەبێ لەگەڵ ئینتەرنێت و تەلەفزیۆندا چاودێری بکەن، وە بێگومان سڕینەوەی کەناڵەکان

و داخستنی مۆبایل کەڵکێکی ئەوتۆی نابێت، چونکە ئەم سەردەمە، سەردەمی کرانەوەیە لەگەڵ جیهانی دەوروبەرماندا، جا لەجیاتی ئەوەی بەردەوام پێی ڕابگەیەنین کەوا ئێمە چاودێریت ئەکەین، وە ئەگەر هەر هەڵسوکەوتێکی خراپ و نەشیاوت لێ بوەشێتەوە، ئەوا لەچوونە دەرەوە ، یاخود لە مۆبایل و شتی تریش قەدەغەت ئەکەین، جا ئێمە بەو هەڵوێستەمان وامان لێکردووە کە ئەو چاودێریمان بکات، و بۆمان بسەلمێنێت کە هیچ خراپە و هەڵەیەکی نەکردووە، لەکاتێکدا ئەتوانێت ئەو کارانە زۆر بەئاسانی ئەنجام بدات، کە ئێمە نەتوانین بەهیچ شێوەیەک ڕێگری لێبکەین، کەوابوو بۆ ئێمە نەیەین وابەستەی بکەین بەخوای گەورەوە؟ و پێی ڕابگەیەنین کەوا ئێمە چاودێری ناکەین، بەڵکو خوای مەزن هەر خۆی چاودێرە بەسەر هەرهەموومانەوە؟

جابۆیە هەرئەبێ ئێمە بێین کەوا چاودێری خۆیی لەدەروونداً بچێنین، کە بریتی یە لە ڕواندنی بەها ڕەووشتیە بەرزەکان لەناخیدا، کە پاڵ بەمناڵەوە ئەنێت هەتا لەخودی خۆیدا چاودێری خوو ڕەووشتی خۆی بکات، بێ ئەوەی پاڵنەری ڕاستەقینەی ئەو ئاکار و ڕەووشتە جوانەی چاودێری کردنی کەسانی تر بێت بۆی، جا چوون یەکە دایک و باوکی بێت یان تێکڕای خەڵکی یاخود هاوڕێکانی.

جا ئەگەر ئێمە بەو کارە هەستاین: ئەوا ترسی خوا و چاودێری کردنی و شەرم کردن لێی لە دەروونیدا ئەڕوێنین.

با گوێ بگرین لە لەقمانی حەکیم بەڕەحمەت بێ ، کە کاتێ لەگەڵ مناڵەکەیدا ئەدوێت، و لەسەر چاودێری کردنی خوای بەرز و بڵند پەروەردەی ئەکات، و بەتەنیا ترسی ئەو

لەدڵ و دەروونیدا ئەڕوێنێت کە ئەفەرمووێ: ﴿يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٖ فَتَكُن فِي صَخۡرَةٍ أَوۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَأۡتِ بِهَا ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ١٦﴾ لقمان: ١٦ .

واتە:( ئەی کوڕە ئازیز و شیرینەکەم بەڕاستی ئەگەر بە ئەندازەی کێشی دەنکە خەرتەلەیەکیش ( چاکە و خراپەت ) هەبێت لەناو بەردێکدا یان لە ئاسمانەکاندا یان لە زەویدا بێت لەڕۆژی دوایدا خوا ئەیهێنێتە ڕوو، بەڕاستی خوا زۆر ووردبین و ئاگادارە ).

جوان ڕامێنن لەم ئامۆژگاریە سەرسوڕهێنەرە: ( يَٰبُنَيَّ ) ( ئەی کوڕی شیرینم ) کە بەڕاستی شێوازێکی دەربڕینی زۆر ناسک و نەرم ونیانە، ﴿إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٖ﴾ لقمان: ١٦.

واتە: بەڕاستی گوناه و تاوان ئەگەر کێش و بارستاییەکەی هێندەی تۆوی دەنکە خەرتەلەیەک بێت و لەناو بەردێکی کەڕدا قایم کرابێت و گوم کرابێت، یان لەقوڵایی زەویدا شارابێتەوە و دیارنەمابێت، یان لە کەناری ئاسمانەکاندا بێت: ئەوا خوای مەزن ئەیهێنێتە ڕوو، چونکە هیچ کردەوەیەکی وون و نادیاری لەلا شاراوە نی یە، و بە ئەندازەی کێشی گەردیلەیەک شتی لێ گوم نابێت نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەوی دا، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ﴾ لقمان: ١٦ ، واتە: خوای گەورە زۆر ووردبین و شارەزایە، هیچ شتێکی لێ وون نابێت ئەگەرچی زۆر وورد و پچوک و تەنکیش بێت، ﴿خَبِيرٞ﴾ ، واتە: ئاگاداری تەپەی پێی مێرولەیە لەشەوی تاریک و ئەنگوستە چاودا[1].

وە چاکترین هۆکاری تاقیکراوەی بەکەڵک لە پەروەردەکردنی منداڵەکانماندا بریتی یە لە پەروەردەکردنێکی ئاینیی ڕاست و دروست، و بەهێزکردنی چاودێری کردنی خوا لە دڵ

(١) يُنظر تفسير ابن كثير ( ٦/ ٣٣٨ ).

و دەروونیاندا، ئەویش بەوە ئەبێت کە باوک و دایک بێن بەهەشت و خۆشی و جوانیەکانی، وە دۆزەخ و ناڕەحەتی و ناشرینیەکانی لەدڵ و دەروونی مناڵەکانیاندا بڕوێنن، جا هەرکاتێ فەرمانی یەکێک لە فەرمانەکانی ئاینیان پێ بکەن، یان ڕێگری کارێکی یاساغ یان بێزراویان لێ بکەن: با بێن باسی ئەوەیان بۆبکەن و ئاماژە بەوە بدەن کە ئەگەر هاتو ئەو کردەوە چاک و جوانە ئەنجام بدەن ئەوا خوای بەرز و بڵند بە بەهەشت و خۆشیەکانی ناوی پاداشتیان ئەداتەوە، وە هەرکاتێ کردەوەیەکی ناشرین و ئابروبەرانەیان ئەنجامدا ئەوا خوای بەرز و بڵند بە ئاگری دۆزەخ و ناڕەحەتیەکانی سزایان ئەدات.

وە هەرئەبێ وێنای بەهەشت و خۆشیەکانی و ئاگری دۆزەخ و ناڕەحەتیەکانیان بۆ بکەین، جا یان بەهۆی باسکردن و ڕاڤەکردنەوە بێت، یان بەهۆی بینینی ئاگری دنیا و باخ و باخاتەکانی دنیا و سروشتی جوانەوە بێت، لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، کە پڕە لەو جۆرە دیمەنە سەرنج ڕاکێشەرانە، کە بە ئامادەبوونی باوک و دایک یان یەکێکیان پیشانیان بدرێت و ببینن، و بێن ڕوونکردنەوە و لێدوان بدەن لەبارەی ئەو دیمەنانەی کە مناڵەکانیان ئەیبینن.

کە بەهۆی ئەوەوە گەورەترین هاندەر لەلای مناڵەکە دروست ئەبێت بۆ ئەنجامدانی کار و کردەوەی چاک و جوان، و گوێڕایەڵی کردنی باوک و دایکی، کە هاندەرەکەش چوونە ناو ئەو بەهەشتەیە کە بیری لێ ئەکردەوە و خەیاڵی بۆی ئەچوو کاتێ ئەو جۆرە وێنە و دیمەنانەی پیشاندرا، وە گەورەترین ڕێگر و کۆسپی لەلا دروست ئەبێت بۆ ئەنجامدانی کار و کردەوەی خراپ و ناشرین، و خراپەکردن لەگەڵ باوک و دایکیدا، و تەماشاکردنی

شتی خراپ یان لەبەرکردنی پۆشاکی یاساغ و حەرامکراو، کە بێگومان کۆسپەکە چوونە ناو ئەو ئاگرەیە کە بیری لێ ئەکردەوە و خەیاڵی بۆی ئەچوو کاتێ دیمەنەکانی بینی.

وە هەرئەبێ ئەو ڕاستیە باش بزانین کە منداڵ و بەتایبەتیش هەرزەکار بەگوێرەی سروشتی پاک و زگماکیان بە تەواوەتی ئامادەن بۆ دینداری و دامەزراویی لەسەر ئاین، ( د. معروف زريق ) لە کتێبی ( خفايا المراهقة ) ( نهێنیەکانی هەرزەکاری )دا ئەڵێت: ( ئاین سەبارەت بە هەرزەکار ئاسودەیی و دڵنیایی دەروونی بۆ دابین ئەکات، ئەویش دوای ئەو تەنگژە و شڵەژانە سەختەی کە پیایدا تێ پەڕی و چێژتی، وە ئەو هەژانەی کە بەسەر بوون و قەوارەیدا هات، هەر بەڕاستی ئاین پەناگەیەکی دڵنیابەخشە کە هەرزەکار هانای بۆ ئەبات هەرکاتێ گیروگرفت پرزەی لەبەر بڕی، وە هەروەک چۆن خوای بەرز و باڵا هەستی سێکسی لەلای هەرزەکار تەقاندۆتەوە، ئا بەهەمان شێوەش هەست و سۆزی گیانیشی لەلا تەقاندۆتەوە بۆ ئەوەی هۆگر و پەیوەست بێت پێیەوە ).

وە یەکێکی تر لەو چاودێرە خودیانەی کە پێویستە لەناو ناخی منداڵەکانمان بیچێنین ئەوەیە کە: شوێن ڕێبازی ڕەخنەی خۆیی ( النقد الذاتي ) بکەون، ئەویش بەوەی کە خودی خۆی ببێتە ڕەخنەگر و ڕەخنە لە کردەوە و ڕەفتارەکانی خۆی بگرێت، وە ئێمەیش هەموو کاتێک بێین ئاگاداری بکەینەوە لەوەی کە ئەو هەڵسوکەوتەت یان ئەو ڕەووشتەت خراپە: وە شایانی تۆ نی یە، چونکە تۆ کەسێکی ژیر و تێگەیشتوویت و ئەو خوایەت خۆش ئەوێت کە لە نەبوونەوە بەدیهێناویت، ئیتر ئابەو جۆرە لەگەڵیدا بڕۆین، کە شەرم و شکۆ لە ناخ و دەروونیدا بڕوێنین و پەروەردەی بکەین، و تێی بگەیەنین کە تۆ پلە و پایە و ڕێزی تایبەتی خۆت هەیە و بۆتۆ ناشێت کە ئەو کردارانە ئەنجام بدەیت کە لەو ڕێز و

حورمەتەت کەم ئەکاتەوە، ئیتر ئابەوجۆرە لەسەر چاودێری خۆیی ڕایبهێنین و پەروەردەی بکەین نەک لەسەر چاودێری کردنی خەڵکی بۆی، و هەمیشە ئاگاداری ڕەخنەکانی خەڵک بێت کە لێی بگرن، و بێین پێی بڵێین: ئەگەر تۆ ئەو کردەوەیە ئەنجام بدەیت ئەوا خەڵکی گاڵتەت پێئەکەن و پێت پێئەکەنن و لۆمەت ئەکەن، کە ڕەنگە لەبەردەم ئەواندا واز لەو ڕەفتارە ناشرینە بهێنێت، بەڵام ئەگەر هاتو تەنیا هەرخۆی بوو ئەوا زۆر لەوە خراپتر و قێزەوونتر ئەنجام بدات.

چونکە بەترساندنی لە چاودێریکردنی خەڵکی بڕوایەکی پێویستی بە خۆی و بەهرە و توانستەکانی لەلا دروست نابێت، چونکە ترس لە خەڵکی و پلار و ڕەخنەکانیان زاڵ ئەبێت بەسەریدا، جا ئەگەر هاتو شتێکی باشی ئەنجامدا لە دەروونی خۆیدا ئەڵێ: تۆ بڵێی ئەم کارەیان لەلا پەسەند بێت و بەهۆیەوە بەها و ڕێزم لایان بەرز بێتەوە؟، وە ڕەنگە بڵێت: بەخوا ئەترسم پێم پێبکەنن و بڵێن: ئەم کارەی تەنیا بۆ ڕوپامایی و لەخۆبایی بوون بووە! .

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە وای لێبکەین حسابی هیچ شتێک بۆ خەڵک نەکات، و هیچ بایەخ و گرنگیەکیان بۆ دانەنێت، بەڵکو پێویستە لەسەری ڕێز و حورمەتیان بگرێت، بەڵام ئەوەی هەیە نابێت ئەوان ببن بە سەرچاوەی سەرەکی چاودێر و کاریگەر لە سەری، بەڵکو ئەبێت سەرچاوەی کاریگەری ڕاستەقینە لەسەری خودی خۆی و باوەڕ و نرخ و بەهای خۆی بێت، وە پێش ئەوەش: ئەبێت سەرچاوەی کاریگەر لەسەری فەرمانەکانی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێت.

وە هەروەها پێویستە لەسەرمان کە: نە زیادەڕەویی بکەین لە گومانی چاک بردن بە منداڵەکانمان، وە نە زیادەڕەوویی بکەین لە گومانی خراپ بردن پێیان، ( هەندێ لە باوکان ودایکان زیادەڕەوویی ئەکەن لە گومانی باش بردن بە منداڵەکانیان، ئەبینی لێیان ناپرسێتەوە، هەواڵیان نازانێت، هیچ شتێک لەبارەی هاوڕێکانیانەوە نازانێت ئەویش بەهۆی زیادەڕەوویی کردن لە بڕوا پێ بوونیان، وە قسەی هیچ کەسێک قبوڵ ناکات کە سەبارەت بەمنداڵەکانی بووترێت، جا ئەگەر هاتو منداڵەکانی یان یەکێکیان بکەوێتە ناو بەڵا و کارەساتێکەوە، یان لەسەر ڕاستە شەقامی ڕەووشت بەرزی لایدا و تووشی بەدڕەووشتی بوو، و پاشان باوکەکە لەو کارەساتە ئاگادار کرایەوە، ئەبینی دێت بەرگریان لێ ئەکات، و بیانوویان بۆ ئەهێنێتەوە، و ئەوکەسە تاوانبار ئەکات کە ئاگاداری کردۆتەوە یان بە کەمتەرخەم ئامۆژگاری کردووە، وە بەهەڵەشە و کەسێکی خۆتێهەڵقورتێن لەکاروباری خەڵکی و کارێک کە پەیوەندی بەوەوە نی یە وەسفی ئەکات.

بەهەمان شێوە لە باوکان و دایکانیشدا کەسی وا هەیە کە گومانی خراپ بە منداڵەکانیان ئەبەن، و زیادەڕەویەکی ئەوتۆی تیائەکەن کە لە سنوری خۆی ئەیبەنە دەرەوە، ئەبینی تەنانەت دێت مەبەست و نیەتی منداڵەکانی تاوانبار ئەکات، و هەرگیز باوەڕیان پێ ناکات و دڕدۆنگە لێیان، وە ئەو هەستەی لەلای منداڵەکانی دروست کردووە کە لەهەموو شتێکی وورد و درشتدا بەدوایانەوەن و چاودێرییان ئەکەن، بێ ئەوەی چاوپۆشی بکەن لەهیچ هەڵە و پێ هەڵخلیسکانێکیان )(١).

۞۞۞

(١) التقصير في تربية الأبناء للشيخ محمد الحمد : ٥ .

## بنچینەی حەوتەم

نابێت زۆر ئامۆژگاری و ڕێنماییان بکەین، چونکە بەڕاستی دڵ و دەروون بە ئامۆژگاریکردنی زۆر شێتگیر و بێزار ئەبێت .

هەر لەبەر ئەوە بوو پەیامبەری خوا ﷺ هاوەڵەکانی سەرپشک ئەکرد لە ئامۆژگاری کردن لە ترسی ئەوەی نەک بێزار و وەڕس ببن، و ئەهات چاودێری کاتە چالاکەکانی ئەکردن، و تێبینی ساتە لەبارەکانی ئەکرد بۆ یادخستنەوەیان، وە هەمو ڕۆژێک ئامۆژگاری نەئەکردن.

وە ئەوانەی کە زیادەڕەویی ئەکەن لە ئامۆژگاریکردندا، ئەبینی منداڵەکانیان لایان دانانیشن و لێیان دوور ئەکەونەوە، ئەویش لەبەر سەرزەنشت کردن و زۆریی ئامۆژگاری کردن.

ئەوەش باش بزانە کە سەخت ترین قۆناغ کە تیایدا منداڵ حەزی لە ئامۆژگاری ڕاستەوخۆی دایک و باوکی نەبێت قۆناغی هەرزەکاری یە، وە زۆرێک لە باوکان و دایکان لەکاتی دانیشتنیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا دێن ئامۆژگارییەکی زۆریان ئەکەن و دەم لێک نانێن، بەڵام بە پێچەوانەوە باوک و دایکی ژیر و تێگەیشتووی پەروەردەکار ئەوەیە کە قسەکانی لە گەڵیاندا کورت وپوخت و بۆ چەند ئامانج ومەبەستێکی دیاریکراو و سنوردار بێت.

❁❁❁

## بنچینەی هەشتەم

پێویستە بە خۆشەویستی و نەرم ونیانیەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانماندا بکەین، لەگەڵ ئەوپەڕی تێکۆشان و پێداگری و مکوڕبوون لەسەری، کە هەردووکیان هاوتا و پەیوەستن بەیەکەوە، نەک جیاواز و دژبەیەک و نەگونجاو .

بێگومان مامەڵەکردن بە نەرم و نیانیەوە بنەڕەت و بنچینەیە، بەڵام ئەبێ ڕەقی و توندوتیژیش لەکاتی پێویستدا بەکاربهێنین.

جا لەبەرئەوە هەرکەسێ تەنیا بە نەرم و نیانی و سۆز و بەزەییەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیدا بکات، ئەوا هاتوون بە لەخۆبایی بوون و خۆشگوزەرانی خراپیان کردوون، کە ناتوانن لە شوێنی نالەبار و بارودۆخی سەخت و دژواردا بە جوانی و ڕێکوپێکی هەڵسوکەوت بکەن.

وە هەرکەسێ لایەنی توندوتیژی و پێداگری بەسەردا زاڵ بێت، ئەوا بیەوێت یان نەیەوێت هاتووە بۆشایی و بەربەستێکی لە نێوان خودی خۆی و منداڵەکانیدا دروست کردووە، و بەوەش خوو ڕەووشت و ڕەفتاریان ووشک و ڕەق دەرئەچێت.

دەبا هەموومان بێین میانڕەو بین لە هەڵسوکەوت و مامەڵە کردنماندا و سوور بین لەسەر بەدەستهێنانی خۆشەویستی منداڵەکانمان، بۆئەوەی ئەوانیش بە خۆشەویستی و ڕێز و دڵنیایەوە بە پیرمانەوە بێن و وەڵامگۆمان بن، نەک بە پاڵنەری ترس و تۆقاندن.

جا ئەو منداڵەی کە بەزۆر ناچارکراوە: ڕەنگە لە ترسا لەبەردەمی تۆدا ڕێکوپێک و باش بێت، بەڵام کاتێ بە تەنیا خۆی بوو ئەوا ئەچێت کاری قەدەغەکراو ئەنجام ئەدات، ج هەرلەبەر ئەوەیە خوای بەرز و بڵند وەڵامدانەوەی نزا وپاڕانەوەی بە نەرم و نیانی و سۆز و بەزەییەوە بەستۆتەوە کە فەرموویەتی: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ﴾ آل عمران: ١٥٩ .

واتە:( بەهۆی بەزەیی و میهرەبانی خواوەیە (تۆ ئەی موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ ئەوان نەرم و نیان بووی، خۆ ئەگەر تۆ کەسێکی تووڕە و قسەڕەق و دڵ ڕەق بوویتایە ئەوا هەموو بڵاوەیان لێ ئەکرد و دەوریان چۆڵ ئەکردیت ).

خوای باڵادەست پێی ڕاگەیاندووین ـ کەهەر زاتی خۆی ڕاستگۆترینی بێژەرانە ـ کە ئەو بەزەیی و میهرەبانیەی پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەیڕشت بەسەر هاوەڵەکانیدا، و پێی دائەپۆشین، وە ئەو نەرم و نیانیەی کە مامەڵەی پێ ئەکردلە گەڵیاندا: ئا ئەوانە هۆکاری گەورەی بە دەنگەوەچوون و ملکەچ بوونی هاوەڵان بوو بۆی.

ئایا دوای هەموو ئەوانە ئەمانەوێ منداڵەکانمان بەقسەمان بکەن، و بە دڵنیایی و ڕەزامەندیەوە گوێڕایەڵ و ملکەچمان بن، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە نەهاتووین باوەشی میهرەبانیان بۆ بکەینەوە و لەژێر باڵی سۆز و خۆشەویستیدا دایانپۆشین، و بەوپەڕی نەرم و نیانیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین؟.

ئەی کۆمەڵی باوکان و دایکان جوان ڕابمێنن: کەوا خوای بەرز و بڵند چۆن بە نیشانە و بەڵگە و پەرجووەکان (موعجیزەکان) پشتیوانی لە پەیامبەرەکەی کرد، کەچی سەرەڕای ئەوەش ئەگەر بهاتایە قسە ڕەق و دڵ ڕەق وتوندوتیژ بوایە: ئەوا هاوەڵان و خۆشەویستانی وازیان لێ ئەهێنا، و دەووریان چۆڵ ئەکرد، بەڵام بەهۆی بەزەیی و نەرم و نیانیەکەیەوە کارێکی ئەوتۆی کردبوو کە هەریەکێک لەوان خۆی و ماڵ و سامانەکەی ئەکرد بە فیدای، و لە خۆیان و کەسوکار و منالەکانیان زیاتر خۆشیان ئەوویست.

بێگومان ئەبێت ئێوە بەتایبەتی لەگەڵ منالەکانتاندا بەوجۆرە مامەڵە بکەن، جا ئەگەر هاتو ئاکار و خوو ڕەووشتان لەگەڵیاندا ناشرین و ڕەق بوو، ئەوا شتێکی بەڵگە نەوویستە هەر ئەبێ منالەکانتان لەدەستان ڕابکەن و هەڵبێن.

وە هەندێ لە باوکان و دایکان شانازی بەوەوە ئەکەن کە منالەکانیان سەرپێچی هیچ فەرمانێکیان ناکەن و گوێڕایەڵن، و هیچ کارێک ناکەن مەگەر پێش ئەوە مۆڵەتیان لێ وەرنەگرن! بەڵام خۆی لەڕاستیدا گوێڕایەڵیەکەیان لەبەر ترسانە لێیان و ئەو سزادانەش کە چاوەڕێیان ئەکات ئەگەر هاتو لە فەرمانیان دەرچوون.

وە ئەوان نازانن بەو پەروەردە سەقەتەیان زۆرێک لە توانا و بەهرەی منالەکانیان ئەکوژن، کە بەڕاستی ترس و تۆقاندن: کۆسپ و تەگەرەیە لەبەردەم منالدا کە ڕێگری داهێنان و چاونەترسی و بوێری و بیرکردنەوەی لێ ئەکەن، و ئەو قەوارەی سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی یە تێکوپێک ئەشکێنێت کە لەناو ناخیدایە.

جا ئەگەر هاتو لەڕوانگەی ڕێز و خۆشەویستی و پێزانینەوە منالەکە گوێڕایەڵی بۆ نواندن، لەگەڵ بوونی کەمێک ترسدا ئەوا شایانیەتی کە شانازی بەوەوە بکەن و دڵتان پێی خۆشبێت.

بەڕاستی ئەو خۆشەویستیە ڕاستەقینەیەی کە منالْ بەپچوکی لە باوک و دایکیەوە هەستی پێئەکات: هەرگیزاو هەرگیز لە بیری ناچێتەوە و لەناخیدا ناسڕێتەوە.

لەبەرئەوە ئەبینین وەک لە فەرموودەدا هاتووە پەروەردەکاری گەورە و مەزن کە پەیامبەر ﷺ تەنانەت دێت لەبەرچاوی کەسانی ترەوە خۆشەویستی و بەزەیی خۆی بۆ منالان دەرئەبڕێت، ( كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَخْطُبُ أَمامَ أَصحابِهِ يَوماً، فَجَاءَ الْحَسَنُ، وَالْحُسَيْنُ عَلَيْهِمَا قَمِيصَانِ أَحْمَرَانِ يَمْشِيَانِ وَيَعْثُرَانِ ( و ذلكَ لِصغرهما و طول قَميصِهما )، ( فقطع رَسُولُ اللهِ ﷺ خطبة الجُمعَةَ )، وَنَزَلَ مِنَ الْمِنْبَرِ، فَحَمَلَهُمَا فَوَضَعَهُمَا بَيْنَ يَدَيْهِ، ثُمَّ ( صَعَدَ المِنبَرَ ) وقَالَ: " صَدَقَ اللهُ : (إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ) [التغابن: ١٥] نَظَرْتُ إِلَى هَذَيْنِ الصَّبِيَّيْنِ يَمْشِيَانِ وَيَعْثُرَانِ، فَلَمْ أَصْبِرْ حَتَّى قَطَعْتُ حَدِيثِي وَرَفَعْتُهُمَا )(١).

واتە:" ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر دوانگە وتاری ئەدا، لەپڕ حەسەن و حوسەین رضي الله عنهما هاتن، یەکی کراسێکی سووریان لەبەردا بوو ئەڕۆیشتن و ئەکەوتن ( لەبەرئەوەی پچوک بوون و کراسەکەی بەریشیان درێژ بوو )، پێغەمبەری خوا ﷺ ( ووتارەکەی بڕی )، ولەدوانگە دابەزی و هەڵی گرتن و لەبەردەم خۆیەوە دانیان، پاشان ( چووەوە سەر دوانگە ) و فەرمووی: ( بەڕاستی خوای گەورە ڕاستی

---

(١) رواه الإمام أحمد ( ٢٢٩٩٥ )، والترمذي ( ٣٧٧٤ )، و صححه الألباني كما في ...

فەرمووە: ﴿أَنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ﴾ الأنفال: ٢٨ ، ( بەڕاستی ماڵ و سامان و منالّەکانتان تاقیکردنەوەن بۆتان و پێیان تاقی دەکرێنەوە )ئەم دوو منالّەم بینی کە ئەڕۆیشتن و هەڵئەنوتان، خۆم پێ نەگیرا هەتا ووتارەکەمم بڕی و هاتمە خوارەوە و هەڵمگرتن ).

جا باوکان و دایکان داوای کاری لەو شێوەیەیان لێ ناکرێت، بەڵکو ئەوەیان لێ داوا ئەکرێ کە سۆز و خۆشەویستی خۆیان بۆ منالّەکانیان دەرببڕن، و پێیان ڕابگەیەنن کەوا ئەوان خۆشیان ئەوێن و بە بەزەین لەگەڵیاندا.

بۆیە پێویستە لەسەر پەروەردەکاری سەرکەوتوو کە: لەسەر بناغەی سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی پەیوەندی خۆی لەگەڵ منالّەکانیدا دابمەزرێنێت، نەک لەسەر توندوتیژی و ووشکی و دڵڕەقی، وە کاتێ منال گەورە بوو وە بوو بە لاوێکی پێگەیشتوو، ئا ئەو کاتە زۆر زیاتر پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی ئەبێت.

وە پەروەردەی ڕاست ودروست بەبێ سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی تێروتەسەل و کامڵ نابێت، جا ئەو منالّەی کە هەست بە سۆز و میهرەبانی و گرنگی پێدان ئەکات لەلایەن پەروەردەکارەکەیەوە، و دەستەواژە و دەربڕینی خۆشەویستی و هەست و سۆزی لێ ئەبیستێت ئەوا زیاتر بەرەو ڕووی ئەچێت و باوەشی بۆ ئەکاتەوە، و لەناخی دڵیەوە گوێی لێ ئەگرێت، و نهێنی و خۆزگە و ئاواتەکانی خۆی لەلا ئەدرکێنێ، و هەرگیز بەو کارەی هەست بەشەرم ناکات و لە ڕوودا دانامێنێت .

وە هەر بەڕاستی پەیامبەر ﷺ پەیامبەری بەزەیی و سۆز و خۆشەویستی بوو، لەگەڵ ئەوەی زۆر سەرقاڵ بوو بە کاروبارەکانیەوە، و خەریکی فێرکردن و بانگەواز و

جیهادکردن بوو: کەچی سەرەڕای ئەوانەش زۆر بەناڕەحەت هەڵوێستێکی ئەوت دەست ئەکەوێت کە بەلای منداڵێکدا تێ پەڕیبێت یان چاوی بەمنداڵێک کەوتبێت، یان منداڵێکیان بۆلای هێنابێت و وەلێ (مەگەر) نیشانە و دەستپێشکەریەکی لێ دەرنەکەوتبێت کە بەڵگە بێت لەسەر دەربڕینی میهرەبانی سۆز و بەزەیی، لە دەست هێنان بەسەردا و ماچکردن و نزای خێرکردن بۆیان، بۆئەوەی هەست و سۆزی خۆشەویستی و بەزەیی خۆیان پێبگەیەنێت.

لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ( خوالێی ڕازی بێ ) گێڕاوەتەوە کە: ( أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَزُورُ الأَنْصَارَ وَيُسَلِّمُ عَلَى صِبْيَانِهِمْ ، وَيَمْسَح رُؤوسَهُمْ )[(١)].

واتە:" پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەردانی پشتیوانەکانی ئەکرد و سڵاوی لە منداڵەکانیان ئەکرد، و دەستی پیرۆزی خۆی ئەهێنا بەسەریاندا ".

وە هەروەها تێپەڕی بەلای عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەردا رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا کە منداڵ بوو یاری ئەکرد، سێجار دەستی هێنا بەسەریدا "[(٢)].

هەروەها دەستی هێنا بەسەری عەبدوڵڵای کوڕی هیشامدا رَضِيَ اللهُ عَنْهُ وە نزای خێری بۆکرد، ئەوەش کاتێک بوو کە منداڵ بوو دایکی بردی بۆ خزمەتی پەیامبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ[(٣)].

---

(١) رواه ابن حبان ( ٤٥٩ )، و صححه محققه شعيب الأرنؤوط، و حسنه الألباني في التعليقات على صحيح ابن حبان ( ٤٦٠ ).
(٢) رواه الإمام أحمد ( ١٧٦٠ )، نووسەر لێرەدا ئەڵێ بەلای جەعفەردا تێپەڕی بەڵام وەک لە مەسنەددا هاتووە عەبدوڵڵای کوڕیەتی – وەرگێڕ –.
(٣) رواه البخاري ( ٢٥٠٢ ).

( بەڕاستی دەست پیاهێنانی میهرەبانانە و دەربڕینی سۆز وخۆشەویستی توانایەکی زۆر مەزنی هەیە لە بڵاوکردنەوەی کامەرانی و ئارامی و دڵنیایی لە دەروونی منالْدا، وە ئەم دەست پیاهێنانە کاریگەریەکی قوڵی هەیە لەسەر ساغڵەمی و سەلامەتیی دەروونی و جەستەیی و گیانیی منالْەکە )[1].

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، پێویستە لەسەرمان توند و ڕەق بین لەگەڵیاندا بەرامبەر چورتم و هەڵەی زەق، و ئاکار و ڕەووشتی نزم و ئابروبەرانە، بەڵام بەبێ قیژەقیژ و هات و هاوار و دوعالێکردنیان، بەڵکو پێویستە بێین بەتوندی ڕێگریان لێ بکەین کە جارێکی تر ئەو جۆرە ڕەفتارە ناشرینە دووبارە نەکەنەوە.

وە هەروەها ئەبێت کۆڵنەدەین و سووربین لەسەر ئەوەی کە پاشگەز نەبینەوە لەو بڕیاری سزادانەی کە بەرامبەر ڕەفتارە ناشرینەکەی داومانە ، هەرچەند پۆزش بێنێتەوە و پەشیمانیش دەربڕێت، بۆئەوەی ئەمە نەکاتە نەریتێک کە هەرکاتێ هەڵەیەکی کرد و ڕەفتارێکی ناشرینی نواند بە پۆزش هێنانەوەیەک خۆی لە سزادان قوتار بکات و دەربازبێت.

بەڵام ئەگەر هات لەبری ڕەفتارە ناشرینەکانی کردەوەی چاکی ئەنجامدا، و زانیمان کە ڕاستگۆیە لە پۆزش هێنانەوەکەیدا و فێڵ ناکات، ئەوا قەیناکا کە لەبڕیارەکەمان پاشگەز بینەوە بۆ ئەوەی بۆلای خۆمان ڕایانکێشین و لەدەستیان نەدەین، و تێی بگەیەنین کە کردەوە چاکەکان کردەوە خراپەکان ڕائەماڵن .

(١) فن التعامل مع الأطفال للدكتور فهد الخالد : ١٢١ .

وە با کاتێک بێین سزای بدەین کە پێویستی ئەکرد، بەڵام دوای ئەوەی کە خۆی دانینا بە هەڵەکەیدا، بۆئەوی هەست بەوە نەکات کەوا بەناهەق ستەمی لێ ئەکرێت، وە با تێی بگەیەنین کە ئێمە بۆیە سزامان داوە چونکە کارێکی ئەنجامداوە کە مافی ئەو نەبووە، بەڵکو دەستدرێژی کردۆتەسەر مافی کەسانی تر و پێشێلی کردووە.

جا هەرکەسێ ئەم هەڵوێستە بنوێنێت لەکاتی سزادانیاندا ئەوا ئەو هەست و سۆزی خۆشەویستیەی کە لەناخی دەروونیاندا چاندبووی لاناچێت و ناڕەوێتەوە.

وە نابێت ڕاڕا و بێبار بین لە سزادانداا، چونکە هەندێک لە باوکان و دایکان دێن لەکاتی توڕەییدا سزای منداڵەکەیان ئەدەن، وە لەکاتی هێمنی و ڕازی بووندا سزایان نادەن، ئەگەرچی منداڵەکە هەمان هەڵەی کردووە لەهەردوو بارودۆخەکەدا.

( وە پێویستە هەمووئەندامانی خێزانەکە لەناو خۆیاندا ڕێزی ئەو سزادانە بگرن و نەیشکێنن بەتایبەتی باوک و دایک ئەویش کاتێک یەکێکیان هەڵئەسێت بەسزادانی منداڵەکە، چونکە ئەو سزادانە هیچ کەڵکێکی نابێت کە یەکێکیان پێی هەڵبسێت کەچی ئەوی تریان بێت دڵنەوایی منداڵەکە بکات و ڕازی بکات، چونکە ئەوەی کە منداڵەکە فێری ئەبێت لەم بارەدا: بریتی یە لەوەی کەوا چۆن کەڵک لە دڵنەرمی ئەو لایەیان وەربگرێت و لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکاری بهێنێت)[1].

جا بەڕاستی جێگیربوون لەسەر دەستنیشانکردنی کردەوەی قەدەغەکراو لەگەڵ ڕێپێدراو و ڕوونی و بەغیرەتی لە سزادان (واتە: منداڵەکە بزانێت کەوا کردەوە قەدەغەکراوەکان چین

(١) فن التعامل مع الأطفال للدكتور فهد خالد : ١٤٧ .

و لەسەر چ شتێک سزا دراوە) ، و ڕێزگرتنی هەموو ئەندامانی خێزانەکە بۆ ئەو سزادانەی کە ئەدرێت بەسەر منالّەکەدا: هەموو ئەمانە ئەبنە هۆکاری کەمکردنەوەی گیروگرفت و هەلّەکان، و خۆپاراستن لێیان.

وە بێگومان سزادان تەنیا لە لێداندا قەتیس نەکراوە، بەلّکو لێدان دوایین چارەسەرە کە پەنای ئەبەینە بەر، وە بەڕاستی لێدان بەشێوەیەکی زیاد لەپێویست، بڕوبیانووی کەسانی بێ دەسەلّات و لاوازە، کە زیانی زۆر زیاترە وەک لەوەی کەلّکێکی ئەوتۆی هەبێت.

وە ووتویانە: لێدان بۆ ئەدەب دادان: وەک خوێ وایە بۆ خواردن، واتە: تۆزێک خوێ بۆ ناو خواردن بەسە، وزۆری تێبکەیت خراپی ئەکات ( کورد واتەنی: خوێ بۆ چێشت و خوێشت بە مەعنا ــ وەرگێڕ ــ ).

وە هەرکەسێ کە ئەیەوێت بەلێدان سزای منالّەکەی بدات جا بە دار لێی بدات یان بەدەست ئەوا پێویستە لەسەری ئاگاداربێت و چاودێری ئەم خالّانەی لای خوارەوە بکات:

١) پێویستە لێدان هۆکارێک بێت بۆ چارەسەرکردن و لەپێناوی چاکسازیدا بێت، و پێویستیەکی پەروەردەیی بێت لەبەر بەرژەوەندی منالّەکە، نەک هۆکارێک بێت بۆ تۆلّەسەندنەوە کە پەروەردەکارەکە مەبەستی بەتالّ کردنەوەی کەف وکولّی ڕق و توڕەیی خۆی و ئاسودەکردنی دەروونی بێت.

٢) لەکاتی هەلّچوون و توڕەبوونی زۆردا لێی مەدە.

٣) نابێت لێی بدەیت ئەگەر بەڵێنت پێدا کە لێی نەدەیت، بۆئەوەی متمانەی لەلا نەدۆڕێنی، بۆ نمونە پێی بڵێیت: دانبنێ بەو شتەدا منیش لێت نادەم .

٤) پێویستە چاودێری بارودۆخی دەروونی و جەستەیی منداڵەکە بکرێت، و بزانین کە هۆکاری هەڵەکردنەکەی چی بووە، وە ئایا هەڵەکردنەکەی ئەوە ئەهێنێ کە لێی بدەیت لەسەری.

٥) لێی مەدە ئەگەر یەکەمجاری بوو هەڵە بکات، بەڵکو ئاگاداری بکەرەوە کە جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە نەکاتەوە ئەگینا ڕووبەڕووی سزادان ئەبێتەوە.

٦) لەبەرچاوی هیچ کەسێکدا لێی مەدە ئەگەر هەرکەسێکیش بێت، ئەویش لەبەر پاراستنی ڕێز و کەرامەتی لەبەرامبەر خۆی، و لەبەرامبەر هاوڕێ و کەسانی تریشدا.

٧) نابێ لێدانەکە بەئێش و ئازار و ڕیسواکەر بێت، و خۆت لە لێدانی دەم وچاوی بپارێزە، چونکە قەدەغەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری لێکردووە.

٨) ئەبێ لێدانەکە دوای ئەوەبێت کە دان ئەنێت بە هەڵە و تاوانەکەیدا، بۆ ئەوەی نەبیت بەکەسێکی زاڵم و ستەمکار بەسەریەوە.

٩) پێویستە دوای لێدانەکە هەڵە و تاوانەکە لەبیر خۆت بەریتەوە، و نەکەیت دوای ئەوە هەڵەکانی بیربخەیتەوە و بیدەیتەوە بەڕوویدا.

١٠) ڕێگری گریانی لێ مەکە ئەگەر لەکاتی لێدانەکە و دوای لێدانەکەش ئەگریا، چونکە گریانەکەی دەرچەیەکە بۆ حەوانەوەی دەروونی پەنگ خواردوی، کە کپکردن و شاردنەوەی زیانی پێئەگەیەنێت.

١١) دوای لێدانەکە ناچاری مەکە کە پۆزشت بۆ بهێنێتەوە، یان بێت دەست و قاچ و سەرت ماچ بکات، چونکە ئەوکارە بە ناچاری ئەکات نەک بە ڕەزامەندی خۆی، وە هەستی زەلیلی و کەمی لادروست ئەکات.

١٢) نابێت لێی بدەیت مەگەر دوای بەکارهێنانی هەموو ڕێگاکانی تری ئەدەبدادان وە هەرچی شێواز هەیە بەکارت هێنابێت لەگەڵیدا وەک بێبەری کردنی لە شتانێک کە حەزی لێیەتی، وە وەستان لەسەری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

١٣) نابێت لەکاتی غافڵ بووندا لێی بدەیت، بێ ئەوەی پێی بزانێت و ئاگای لەخۆی بێت، کە بەهۆیەوە تووشی خورپە و شڵەژانی دەروونی ببێت، یان بتۆقێت و زارەترەک بێت.

جا بەڕاستی ئەزمونەکان سەلماندویانە کە بێبەری کردن: کەڵک و قازانجی باشی هەبووە، بۆیە با بێبەش کردن بنچینە و بناغە بێ لە سزاداندا ( نەک لێدان ).

جا هەر لەبەر ئەوەیە کە دایکمان عائیشە رَضِيَ اللهُ عَنْهَا فەرموویەتی: ( مَا ضَرَبَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَيْئًا قَطُّ بِيَدِهِ، وَلَا امْرَأَةً، وَلَا خَادِمًا، إِلَّا أَنْ يُجَاهِدَ فِي سَبِيلِ اللهِ )[1].

---

(١) رواه مسلم ( ٦١٩٥ ).

واتە:" هەرگیز پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەدەستی پیرۆزی لەهیچ شتێکی نەداوە، نە لە ئافرەت، و نە لەهیچ خزمەتکارێک، مەگەر لەکاتی تێکۆشان لە پێناوی خوادا نەبێت".

هەرگیزاو هەرگیز پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێدانی بەکارنەهێناوە لەگەڵ کەسانی تردا، بەڵکو هاتووە سزایەکی تری بەکارهێناوە کە ئەویش بریتی بووە لە وازلێهێنان ( هەجرکردن )، هاتووە یەک مانگی ڕەبەق وازی لە خێزانەکانی هێناوە و نەچووە بەلایاندا، وە هەروەها وازی لەو سێ هاوەڵە هێنا و هەجری کردن کە لە جەنگی تەبوکدا خۆیان دواخست.

جا هەڵە و تاوانی منداڵەکە هەرچۆنێ بێت ئەوا پێویستە سزادانەکە لە سنوری بەزەیی و نەرم و نیانیدا بێت وەک ووتراوە:

فقسا ليزدجروا ومن يكُ حازماً فليقس أحياناً على من يرحمُ

( دڵڕەقی نواند بۆئەوەی قەدەغەیان بکات جا هەرکەسێ ژیر و تێگەیشتوو بێت، با جاروبار خۆی بەکەسی بەبەزەیی بەراورد بکات ).

وە ئەگەر منداڵەکە بەهۆی سزادانی جەستەیی یان دەروونیەوە دەستی کرد بەگریان، ئەوا نابێت ڕێگری ئەو گریانەی لێ بکرێت، بەڵکو ئەو گریانە ( دەمەوانەی ئاسوودەییە کە بەشێک لە بارگەکانی توڕەیی یان خەم و خەفەت یان ئازار یان ڕق و کینەی خۆی پێ بەتاڵ ئەکاتەوە، وە دڵی خۆی پێ ئەشواتەوە وەک چۆن بەفرمێسکەکانی چاوەکانی ئەشواتەوە، کە منداڵەکە دوای بەتاڵ کردنەوەی ئەو بارگانە ئاسوودە ئەبێت، وە هەر ئەمەشە لایەنی بەجێی (ئیجابی) گریانی منداڵ )[1].

---

(١) فن التعامل مع الأطفال للدكتور فهد خالد : ٦٧.

لەکۆتایدا ئەڵێم: جا هەروەکو چۆن منالەکەت لەسەر هەڵە و تاوان سزادا، ئاواش لەسەر کاری چاک و ڕاست و دروست خەڵاتی بکە و پاداشتی بدەرەوە، چونکە پێویستە لەهەموو هەڵوێستێکدا هاوسەنگی ڕاگریت و دادپەروەری بنوێنیت.

( بەڕاستی هەر کردەیەکی پەروەردەیی بنەمای پاداشت و سزادان پەیڕەونەکات لە ڕێنوێنی کردنی ئاکار و ڕەووشتی منالْ بە شێوازێکی هاوسەنگ و گونجاو: ئەوا لادان و چەوتڕەوی بەرهەمی ئەو پەروەردەیە ئەبێت.

وە سزادان یەکەم شێواز نی یە کە پەروەردەکار هانای بۆ بەرێت و بەکاری بهێنێت، بەڵکو با بێت سەرەتا بە پاداشتدان دەست پێبکات تا ئەوکاتەی کە سزادان پێویست ئەکات، وە ئەگەر پێویستی بەسزادان کرد با بەسزادانی هەستپێکراوی جەستەیی دەست پێنەکات، بەڵکو پێویستە لە پێشدا بەسزادانی گوزارەیی ( مەعنەوی ) دەست پێبکات تا ئەوکاتەی کە پێویستی بە سزادانی هەستپێکراوی جەستەیی ئەبێت )[1].

۞۞۞

(١) فن التعامل مع الأطفال للدكتور فهد خالد : ١٦٤ .

## بنچینەی نۆیەم

دانـــانی چەنـــد یاســـا و نەخشـــەو پلانێکـــی تـــایبەت لە ماڵـــدا،کە منالەکـــان ناچاربکـــات شـــوێنی بـــکەون، و ڕێزی بگرن و پەیڕەوی بکەن .

پێویستە چەند یاسایەک لە ماڵەکانماندا هەبێت بۆئەوەی سنورێک دانێ بۆ ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچی، وە بێگومان سەرکەوتو ترین یاسا وپێڕەویش ئەوەیە کە باوک و دایک لەگەڵ منالەکانیدا بەیەکەوە دایبنێن، و هەموویان لەسەری ڕێک بکەون، بەڕاستی قسەی نەرم و گفتوگۆی هێمنانە و بنیاتنەر گرنگترین شێوازە لە دانانی ئەم ڕێکەوتننامەیە و پێکهاتن لەسەری.

وە پێویستە گونجاو و ماقوڵ، و جێگیر و چەسپاو بێت، و ملکەچی هیچ جۆرە حەز و ئارەزوو خوو ڕەوشتێکی تایبەتی کەس نەبێت، وەک ئەوەی کاتێک دڵمان خۆش بێت ڕازی بین بە سەرپێچیەک و سزای منالەکە نەدەین کە پێشتر لەسەر سزادانی ڕێک کەوتبووین، وە کاتێ تورەبین سووربین لەسەر جێ بەجێ کردنی سزاکە.

وە ئاکارێکی تر کە لە هەندێ باوکان و دایکاندا ئەبینرێت بریتی یە لەوەی کە: ( دێت ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستە بە ئاکار و خودی خۆیەوە ئەیکاتە پاڵنەر بۆ قەدەغەکردن، بۆ نمونە دێت ڕێگری لە منالەکەی ئەکات کەوا مافە سروشتیەکانی خۆی لەیاریکردن

بەکاربهێنێت ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی کە جەنابی پەست و تورەیە و ئەعصابی تەواو نی یە)[1].

وە هەر ماڵێک ملکەچی یاسا و پەیڕەوێکی تایبەت بەخۆی نەبێت: ئەوا مەڵبەندێکی کوێرانە و هەڕەمەکی و شکست خواردوو دەرئەچێت، جا ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە منداڵ بدرێت، و قەدەغەی شتێکی لێبکرێت کە ئەیەوێت، وە جاروبار بەڕویدا بقیژێنرێت لەبەر ئەوەی ئیشێکی کردووەکەوایزانیوە ڕێپێدراوە و مافی خۆیەتی ئەنجامی بدات، هەموو ئەمانە و شتی تریش کە منداڵ هۆکارە قایلکەرەکەی نازانێت کە لەبەر چی یە کە لێی دراوە یان ڕێگری لێکراوە یان بەڕویدا هەڵشاخاوون و قیژاندویانە بەسەریدا!!.

هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە: منداڵەکە بەووردی نازانێت کە چ کارێک ڕێپێدراوە و ئەتوانێ ئەنجامی بدات، وە کام کارە بڤەیە و قەدەغەکراوە، وە کام کردەوەیە مافی خۆیەتی ئەنجامی بدات و کام کردەوەیەش ئەرکە لەسەرشانی و پێویستە بەجوانی ڕایپەڕێنێت.

وە گرنگترین فەرمان کە پێویستە پێی هەڵسیت ئەوەیە کە: هەموو کاتێک هەڵسەنگاندن بۆ منداڵەکانت ئەنجام بدەیت، و تێبینی گۆڕانی خوو ڕەووشت و هەڵسوکەوتیان بکەیت، کە ئایا بەرەو چاکتر هەنگاویان ناوە یان بەرەو خراپتر، جا ئەو کاتە ڕادەی کەڵک و سودی پەروەردەکردن و یاسا و چۆنێتی مامەڵەکردنەکەت بەڕوونی بۆ دەرئەکەوێت.

وە ئەی ـ خوێنەری بەڕێز ـ من لێرەدا دێم خشتەیەک ئەخەمە بەردەستت کە یارمەتیت ئەدا بۆ هەڵسەنگاندنەکەت، کە من بۆ منداڵەکانی خۆم داناوە، و تاقیمکردۆتەوە کە بەڕاستی سەرەنجامێکی گەورە و باشی هەبووە:

---

(١) فن التعامل مع الأطفال للدكتور فهد خالد : ١١٧.

**ناوی منال:**

**هەڵسەنگاندنەکە دەست پێدەکات لەبەرواری: / /** **هەتا بەرواری: / /**

| ئاکار و خوو ڕەووشت | نایابە | | | | | | باشە | | | | | | لاوازە | | | | | | هەڵسەنگاندنی کۆتایی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | نایاب | باشە | لاوازە |
| گورج و گۆڵی و خێرا بەدەمەوە چوون و خۆگێل نەکردن | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ڕێکوپێکی ڕۆژانە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| نوێژکردن و بەردەوام بوون لەسەری | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| پاکوخاوینی خۆی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ڕەووشتی خواردن و خواردنەوە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنی لەگەڵ کەسانی تردا | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ئەرکەکانی قوتابخانەی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| گوێڕایەڵی کردنی دایکی لەکاتی سەردانیکردندا | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ورک نەگرتن بۆ شت | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ڕاشکاوی لە دەربڕیندا و نەشاردنەوەی ڕازی ناخی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| قیژەقیژ و دەنگ بەرزکردنەوە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| بێزارنەکردنی خوشک وبراکانی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| بەخشندەی و چرووک نەبوون | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| دەست نەخستنە ناو دەمیەوە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| قسەی جوان و سڵاو و چاکوچۆنی کردن | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| پۆزش هێنانەوە لەکاتی هەڵەکردندا | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| قسە نەگێڕانەوە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| چاوچنۆک نەبوون | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەبەرکردنی پۆشاکی درێژ و بەحەیا ( بۆ کچان ) | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ئازایی و شەرمن نەبوون بۆ ( کوڕان) | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| پابەند بوون بە یاسا و ڕێنماییەکانەوە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| مۆڵەت خواستن لەکاتی چوونە ژورەوە و شت وەرگرتن و شتی تریشدا | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ڕاستگۆیی و درۆنەکردن | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| خراپەنەکردن و تێکدان | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| بۆڵەبۆڵ نەکردن و نارەزایی دەرنەبڕین | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

وە منالەکانت لەم خشتەیە ئاگادار بکەرەوە، و پێیان بڵێ کە تۆ ئەتەوێت لە میانەی ئەم خشتەیەوە هەڵیان بسەنگێنیت، جا هەر یەکێک سەرەنجامەکەی نایاب و باشە بێت ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە منالێکی دیار و تایبەت و خوێن شیرینە، و بەو هۆیەشەوە خۆشەویستی باوک و دایکی بەدەست ئەهێنێت و ئەبێتە جێ باوەڕیان، و مافی یەکەمێتی

ئەبێت لە بەخشینی دیاری و خەڵاتدا، و شانسی ئەوەشی ئەبێت کە لەگەڵ خۆیاندا بیبەن بۆ پیاسە و گەڕان و سەردانیکردنی خزم و ناسیاوان.

وە کارێک بکە با ئەم خشتەیە بەدرێژایی دوومانگ یان سێ مانگ بەردەوام بێت، پاش ئەوە وەرە خشتەی نوێ دروست بکە، و لەکۆتایی دوومانگ یان سێ مانگدا هەڵسەنگاندنی کۆتایت بۆ دەرئەچێت، و دێیت سەرەنجامەکەی لەبەردەم خزمانی نزیک و خێزانەکەتدا ڕائەگەیەنیت، و دیاریەکی شایستە کە دڵی منداڵەکە ڕازی بکات ئەدرێت بە دیار و تایبەتەکەیان، پاشان دووەمەکەیان لەو کەمتری پێ ئەبەخشرێت، و ئیتر ئابەو شێوەیە هتد..

بەڵام لەکاتی ئەم مانگانەدا، وەرە هەواڵی ئەم ڕێگە و شێوازەیان پێ ڕابگەیەنە:

ئەگەر هەر منداڵێک لە پێنج نیشانەی لاوازی تێپەڕاند: ئەوا بێ بەش ئەکرێت لەوەی کە لەگەڵ خۆتدا بیبەیتە دەرەوە کاتێک ئەچیت بۆ سەیران یان بۆ سەردانی کردنی خزم و ناسیاو، جا ئەگەر منداڵەکە لە پێنج خاڵەکەی تێپەڕاند ئەوا ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکە کە لەسەری ڕێک کەوتبوون، ئەوکاتە منداڵەکە هەست بەسەرەنجامی کەمتەرخەمی و گوێ پێنەدانەکەی ئەکات، و تۆش لای خۆتەوە هەست بەو گۆڕانکاریە گەورەیە ئەکەیت کە لە ئاکار و ڕەووشتیدا ڕویداوە.

بەڵام کارێک مەکە کە کەمترین ڕادەی ڕێپێدراو بۆ دانانی نیشانەی لاواز دووجار یان سێجار بێت، چونکە ئەمە کارێکی ئەستەمە سەبارەت بە منداڵەکە و ئەبێتە مایەی سەغڵەت کردنی، و بەوەش نائومێدئەبێت و ناڕەزایی خۆی دەرئەبڕێت، و واهەست ئەکات کە ئەم

خشتەیە کۆت و پێوەندێکە ڕێگری لێ ئەکات کە چێژ لە ژیان و منداڵێتی خۆی وەرگرێت و تاقی بکاتەوە.

هەر ئەبێت منداڵ هەڵە بکات و بکەوێتە هەڵەوە، جا تۆ کارێکی ئەوتۆ مەکە کە هەڵەیەک و دووهەڵە بکەیتە بەڵگە بەسەریەوە بۆئەوەی بەهۆی ئەوەوە بێ بەشی بکەیت وسزای بدەیت.

وە تایبتمەندیەکانی ئەم خشتەیە بریتی یە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١) بەهۆی ئەم خشتەیەوە شارەزای هەڵە و خاڵە نەرێنیەکانی ( سەلبیاتەکانی ) منداڵەکەت ئەبیت، و ئەیکەیتە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانت بۆئەوەی بیگۆڕیت و لەو هەڵانە دووری بخەیتەوە، و ئاگاداری بکەیتەوە لەوەی کە سووربێت لەسەری و بەردەوام بێت، وە هەروەها شارەزای ئەو لایەنە باش و ئەرێنیانە ( ئیجابیانە ) ئەبیت کە لەمنداڵەکەتدایە، وە دێیت تیایدا گەشەی پێ ئەدەیت، و هانی ئەدەیت بۆئەوەی کە بەباشی دەستی پێوەبگرێت، جا بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەبینی هەڵە وخاڵە نەرێنیەکانی پووکاونەتەوە و نەماوون، و لایەنە چاک و ئەرێنیەکانی تیایدا زۆر و بەهێز بوون.

٢) کێبڕکێیەکی سەرسوڕهێنەر هەست پێ ئەکەیت لە نێوان منداڵەکانتا بۆ ئەنجامدانی کردەوە و ئاکاری باش و دوورکەوتنەوە لە کردەوەی خراپ و ئاکار و ڕەووشتی ناشرین و نەرێنی.

٣) هەست کردنی منداڵەکان بەوەی کە یەکێک هەیە گرنگییان پێ بدات، و چاودێرییان بکات، و سووربێت لەسەر گەشەپێدانی زیرەکی و سەلیقە و ئاکارە جوانەکانیان.

٤) بەدەستهێنانی ئەوهەموو ستایش وهاندانەی کاتێک هەڵئەسن بە کردەوەیەکی چاک و جوان، وە کاتێک بیر لە هەنگاونان ئەکەنەوە بۆ ئەنجامدانی ئاکار و ڕەووشتی خراپ و ناشرین و کردەوەی بێ ئابروویی: ئەوا هەزار و یەک حیساب بۆ ئەو بەدڕەفتاریە ئەکەن، کاتێک کە ئەزانن کردنی ئەو کارانە چ ئاکامێکی خراپی ئەبێت و چ سەرەنجامێکی ناشیاوی لێ ئەکەوێتەوە .

٥) بێگومان ئەم خشتەیە زۆرێک لە داخ و کەسەر و ناڕەحەتی باوکان و دایکان کەم ئەکاتەوە لە سەرزەنشت کردن و قیژەقیژ و ڕق و توڕەیی کاتێک منالەکانیان هەڵەیەک ئەکەن، جا دانانی نیشانەی ( لاواز ) بۆیان زۆر قورسترە لایان لەو هەموو قیژەقیژ و هات و هاوار و سەرزەنشت کردنە، وە هەر ئەوەشە ڕێگرییان لێ ئەکات کە جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەنەوە نەک هات و هاوار و نەڕەنەڕ و سەرکۆنەکردن.

وە بەڕاستی خۆم زۆر سەخڵەت و ناڕەحەت بووم بەدەست کارە خراپ و هەڵسوکەوتە بێزارکەرەکانی منالەکانمەوە وەک نینۆک خواردن، چەقاوەسووی و شەڕەنگێزی، و گرنگی نەدان بە پاکوخاوێنی و دیمەنی دەرەوە، و جگە لەوانەش، وە خۆم و دایکیشیان بە چەندین شێواز هەوڵمان لەگەڵیاندا بۆ چاکردنی ئەو خوو ڕەووشت و ئاکارانە کەچی بێ سوود بوو، بەڵام کاتێک هاتم ئەم خشتەیەم بەکارهێنا و پێداگریم لێکرد و سوور بووم لەسەری ئەوا ئەو ئاکار و خووانە بەشێوەیەکی خێرا و فراوان گۆڕان .

✿✿✿

# بنچینەی دەیەم

پێویستە بە ڕێز و گرنگی پێدانەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکەتدا بکەیت، و تێی بگەیەنیت کە پلەوپایە و ڕێزی چەندە لەلات، و ئامادەبوونی لە کۆڕ و مەجلیسدا نرخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەی هەستی منداڵەکەت چۆنە بەرامبەرت کاتێک لە گەشت و گەڕان دێتەوە، ئایا هەڵئەسیت لەبەری و باوەشـی پیادا ئەکەیت و پەرۆشـی و چاوەڕوانی خۆتی بۆ دەرئەبڕیت، وە ئایا ئەبێ هەسـتی چۆن بێت بەرامبەرت کاتێ تۆ دێیت ڕاوێژی پێ ئەکەیت و ڕاکانی وەرئەگریت؟

پێویستە ڕا و بۆچوونی منداڵەکەت سەنگ و قورسایی خۆی هەبێت لەلات و ئیشی پێ بکەیت.

( أُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِقَدَحٍ، فَشَرِبَ، وَعَنْ يَمِينِهِ غُلَامٌ هُوَ أَحْدَثُ القَوْمِ وَالأَشْيَاخُ عَنْ يَسَارِهِ، قَالَ: «يَا غُلَامُ أَتَأْذَنُ لِي أَنْ أُعْطِيَ الأَشْيَاخَ ؟»، فَقَالَ: مَا كُنْتُ لِأُوثِرَ بِنَصِيبِي مِنْكَ أَحَدًا يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَأَعْطَاهُ إِيَّاهُ )[1].

واتە: کاسەیەک ئاویان بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێنا، لێی خواردەوە، لەلای ڕاستیەوە مێردمناڵێک هەبوو لەتەمەندا لە هەموو دانیشتوانەکە پچوکتربوو و

(١) البخاري ( ٢٣٦٦ )، و مسلم ( ٥٤١٢ ).

بەساڵاچووەکانیش لەلای چەپیەوە بوون، فەرمووی:" ئەی منداڵ مۆڵەتم ئەدەیت ئاوەکە بدەم بەم پیاوانە"، منداڵەکە ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ من باوی هیچ کەسێک نادەم بەسەرخۆمدا دەربارەی پاشماوەی ئەو ئاوەی لەتۆوە بۆم مابێتەوە، ئیتر پێغەمبەریش صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوەکەی پێدا.

وەک لەفەرموودەکەدا هاتووە کاتێ کاسەیەک ئاویان بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوە، لێی خواردۆتەوە، پاشان تەماشای دەم وچاوی دانیشتوەکانی کرد، بینی لای ڕاستەیەوە مێردمناڵێک هەیە کە لە هەموویان پچوکترە، پیاوە گەورە و بەساڵا چووەکانیش لای چەپیەوەن، فەرمووی:" ئەی منداڵ مۆڵەتم ئەدەیت ئاوەکە بدەم بەم پیاوانە" چونکە سونەت وایە کە خواردنەوە لەلای ڕاستەوە بگێڕرێت نەک لای چەپەوە، جا جوان ڕامێنن کەوا چۆن پەیامبەر و خۆشەویست و هەڵبژاردەی خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوای مۆڵەت لە منالێکی پچوک ئەکات، کە دەساڵی تەواونەکردووە، کەچی مناڵە پچوکەکە پێی ئەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ من باوی هیچ کەسێک نادەم بەسەرخۆمدا دەربارەی پاشماوەی ئەو ئاوەی لەتۆوە بۆم مابێتەوە!

وەک بینیمان پەیامبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دێت بەوپەڕی ئەدەب و نەرم و نیانیەوە مۆڵەت لەو مناڵە ئەخوازێت و ئەفەرمووێ « أَتَأْذَنُ لِي ؟» " ( ئایا مۆڵەتم ئەدەیت؟)، ئەبێت ئەو ووشە جوان و ناسکە چ کاریگەریی و شوێنەوارێکی لەسەر ئەو مناڵە جێ هێلابێت؟، لەوانەیە هیچ یەکێک لە ئێمە بەرامبەر بە مناڵەکەی خۆی ووشەی وای بەدەمدا نەهاتبێت، وە مەگەر کاتێک قسەی وای بەدەمدا هاتبێت کە لەگەڵ کەسایەتیە گەورە و

بەناوبانگەکاندا دوابێت!، بەڵام بۆ منداڵەکانی خۆی ئەوا هەرگیز بە بیریدا نەهاتووە ک
قسەی وا بڵێت، و ڕازی نەبووە کە دەستەواژەی لەو جۆرە گۆبکات و لە دەمی بێ
دەرەوە.

جا بەوجۆرە ـ ئەی کۆمەڵی باوکان ودایکان ـ پەیامبەری خوا ﷺ دێت نرخ
بەها بەو مێردمناڵە ئەبەخشێت، و وای لێ ئەکات هەست بە گرنگی و سەنگ و قورسای
و ڕێز و حورمەتی خۆی بکات.

دەبا ئێمەش مامەڵەمان لەگەڵ منداڵەکانماندا ئا بەوجۆرە بێت کە باسکرا.

پیاوێک چووە ناو یەکێک لە کۆگاکانی فرۆشتنی جل و بەرگەوە، ئەیویست قاتێک جل
بۆ منداڵە پچوکەکەی بکڕێت، کە شەش ساڵی تەواو نەکرد بوو، بەڵام ئەوەی هەبو
منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا نەهێنابوو، بۆیە دامابوو نەیئەزانی چ پێوانەیەکی ( قیاسێکی ) ب
بەرێتەوە، لەپڕ لەهەمان کۆگادا پیاوێکی لەگەڵ منداڵەکەیدا بینی، کە منداڵەکەی لە باڵا
تەمەنیدا وەک منداڵەکەی ئەو وابوو، وە ئەو پیاوە خوای گەورە بەهرەیەکی گەورەی
پێدابوو لە چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ منداڵەکانیدا، بۆیە کابرا چووە پێشەوە لەو پیاوە
داوای لێکرد کە ڕێگەی بدات ئەو قاتە جلەی کە بۆ منداڵەکەی هەڵگرتبوو بە باڵای
منداڵەکەی ئەودا بیپێوێت بۆ ئەوەی بزانێت کە ئایا بۆ منداڵەکەی ئەو ئەبێت، بەڵام پیاوەک
زەردەخەنەیەکی بۆ پیاوەکە کردو ووتی: من هیچ ڕێگرێ نیم و ئاساییە، بەڵام پێویستە داوا
لەخۆی بکەیت، ئەویش چوو داوای ڕێپێدانی لە منداڵەکە کرد و ئەویش ڕازی بوو، دوابی

کابرا ئەیووت: بەڕاستی من سەرم سوڕمابوو لەو باوکە کەوا چۆن ڕەچاوی ڕا و بۆچوونی منداڵە بچوکەکەی ئەکرد.

جا ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە لای منداڵەکانمان کە ئەوان زۆر گرنگن لامان، وە ڕا و بۆچوونەکانیان پلەوپایە و شوێنێکی تایبەتی هەیە لامان. وە ئەمەش لە ڕێگەی ئەوەوە ئەبێت کە ئێمە بێین ئەو لایەنە چاک و بەجێیانەی کە تیایاندایە پێیان ڕابگەیەنین، و هەرگیز نەیەین ئەوەیان لێ بشارینەوە، چونکە ئەم باسکردنە ئەبێتە پاڵپشتێک بۆیان و ئەو لایەنە چاک و بەجێیانەی کە تیایاندایە بنج دائەکوتێت، و هەوڵ ئەدەن کە هەمیشە مایەی گومان باشی بن، بۆ ئەوەی لەبەرچاومان نەکەون.

وە لە سیما و نیشانەکانی ڕێزگرتنیان ئەوەیە: ئێمە بێین ئەو هەستەیان لادروست بکەین کە ئەوان جێی باوەڕمانن، لەگەڵ شتێک لە چاودێری کردن و ڕێنمایی کردنیان، ئەوەش بەوە ئەبێت کە چەند کارێکی گرنگ و بەرپرسیارێتیەکیان بخەینە ئەستۆ، کە پێشتر هیچ کەسێک پێی هەڵنەسابێت تەنیا باوک نەبێت .

( وە خاڵێکی تر کە بڕێکی زیاتر لە باوەڕ پێ بوونیان لا ئەڕوێنێت: بریتی یە لە بڕیاردان بەگوێرەی یەک پەیڕە و پێوەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا، و دانانی یەک پەیڕەوی ڕێژەیی لەناو خێزاندا: کە ئارەزوو وخواستێکی دەروونی ئەوتۆی پێ ببەخشێت کە لەوپەڕی جێگریدا بێت، و یارمەتی بدات لە تێگەیشتنی جیهان و گونجاندن لەگەڵیدا بەگوێرەی ئەو پایانەی کە پێشتر داڕێژرابوون هەتا لەکاتی پێویستدا بتوانێت بگەڕێتەوە بۆیان )[1].

---

(1) أولادنا من الطفولة إلى الشباب، لمأمون مبيض.

هەروەها سیمایەکی تری ڕێزگرتنیان بریتی یە لە: ڕێگری لێ نەکردنیان کاتێک ئەیەوێت قسەبکات، نەیەیت هەرکاتێ وویستی دەم بکاتەوە بێدەنگی بکەیت، و نەیەڵیت ڕا و بۆچوونی خۆی دەربڕێت، وە ئامان سەت ئامان نەکەیت منداڵەکەت دەربکەیتە دەرەوە کاتێک وویستی لەگەڵ گەورەکاندا دابنیشێت، چونکە کەسێتیەکی لاوازی لێ دەرئەچێت، کە ناتوانێت لە بوارە سەخت و دژوارەکاندا بەجەرگانە ڕەفتاربکات و هەڵوێستی خۆی بنوێنێت.

جا ئەگەر هاتو خۆشەویستی و باوەڕ بەیەک بوون و لەیەک تێگەیشتن و ڕێزگرتن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان منداڵەکاندا دابەش ببێت و هەموویان بگرێتەوە: ئەوا ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ژیانی خێزان ئاسانتر بێت، و بەهێزترین پەیوەندی و یەکگرتنیان هەبێت.

( وە ماڵی موسڵمانی نموونەیی دانیشتنێکی هەفتانەی تیادا ئەنجام ئەدرێت کە کاروبارەکانی ماڵی تیادا ئەخرێتە ڕوو، هەر لە خواردن و پۆشاک و شوێنی نیشتەجێ بوون و یاری کردن و دیاری و سەردانیکرن و گەشت و گەڕان و سزادان و خەڵات بەخشین... و جگە لەوانەش، کە باوک سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە ئەکات، و دایکیش ئەمینداری کۆبونەوەکە ئەبێت، کە تیایدا پوختەی دانیشتنەکانی ڕابوردووی تیادا ئەخرێتە ڕوو، و گرنگترین بڕیارەکانی ڕابوردوو ئەخاتەوە یادیان، کە پێویستی بە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن هەیە، پاشان هەر تاکێک دێت ئەو پێشنیار و کێشانە تۆمار ئەکات کە ئەیەوێ لەکۆبوونەوەکەدا بی وروژێنێت، ئینجا باوک وە دایک وە منداڵەکان هەر یەکەیان

بە گوێرەی تەمەنیان دەست پێ ئەکەن، کە دێن کێشەکان ئەخەنە ڕوو وە گفتوگۆی لەبارەوە ئەکەن و بڕیاری لەسەر دەرئەکەن و پاشان بەخوێندنەوەی ئەو بڕیارانەی کە لەسەری ڕێک کەوتوون کۆتایی بە دانیشتنەکە ئەهێنن .

جا بەڕاستی هەر ماڵێک وێنەی ئەم ماڵە نموونەییە بێت ئەتوانێت تاکێکی چاک و صاڵح پێشکەش بە ئوممەتی ئیسلامی بکات کە هەر لە منداڵیەوە فرچکیان بە کاری کۆمەڵیەوە گرتووە و لەسەر ڕاوێژکردن و هاوکاری یەکتر کردن لەسەر کاری چاکە و ترسی خوا گۆش کراوون و ڕاهێنراوون )[1].

۞۞۞

(١) فن تربية الأولاد في الإسلام ، للدكتور محمد سعيد مرسي ( ٢/ ١٧ ).

## بنچینەی یانزەهەم

بەبـــێ هـــیچ ســـاختە و زۆرلەخـــۆکردن و خۆنوانـــدنێک هەڵســـوکەوتیان لەگەڵـــدا بکرێـــت ، بەڵـــێ ئەبـــێ بەبـــێ هـــیچ خۆنوانـــدنێک ( تەمســـیلیەک )مامەڵەیـــان لەتەکدا بکەین .

جا هەندێ لە باوکان و دایکان هەیە لەناوخەڵکدا زۆر نەرم و نیان و چاکن، و خۆیان بە ئاکار و خوو ڕەووشتی جوان و چاک ئەڕازێننەوە، و لەگەڵ هاوڕێ و هاوپیشەکانیاندا لەوپەڕی سنگ فراوانی و لێبووردەیی و شادمانی ودەم بەپێکەنیدان، بەڵام کاتێک گەڕانەوە بۆ ماڵەوە ئیتر دەستبەجێ هەڵسوکەوتیان سەت و هەشتا پلە هەڵئەگەڕێتەوە و دەست ئەکەن بە خۆنواندن، و دێن دەست ئەدەنە ناشرین ترین پۆشاک تا لەبەری بکەن، و قێزەونترین ڕەفتار ئەنوێنن، بە مڕومۆچ و تووڕەییەوە ئەچنە ژوورەوە، هیچ هەڵە و پێ هەڵخلیسکانێک لە خێزان ومناڵەکانیان قبوڵ ناکەن، و چاوپۆشی لە پچوکترین هەڵەیان ناکەن.

جا بەم ڕەفتارەیان ئەیسەلمێنن کە مامەڵەکردن و خوو ڕەووشتیان لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانیاندا لەبەر خوا نەبووە، بەڵکو تەنیا بۆ ڕووپامایی و چاوو ڕاووی خەڵک و ناوبانگ دەرکردن و بەچاکە باس کردن بووە.

دەبا ئێمە بێین بە ئاکار و ڕەووشتێکی سانا و لێبوردەییەوە لەگەڵ خێزان و منداڵەکانماندا بجوڵێینەوە و بژین و ژیانمان ببەینە سەر، و پۆشاکی خواستەمەنی و خۆنواندنی ساختە و دەستکرد لەخۆمان دابڕنین، جا ئەگەر یەکێکیان کارێکی چاکی کرد، یان ڕەفتارێکی ئەوتۆت لێ بینی کە باش و ستایش کراو بوو، ئەوا تۆش وەرە سوپاس و ستایشی بکە لەسەری، وە ئەگەر هاتو یەکێکیان هەڵەیەکی بەرامبەر نواندی ئەوا زۆر سەرکۆنە و سەرزەنشتی مەکە، وە ئەگەر منداڵەکانت بەرەو ڕووت هاتن بە زەردەخەنەوە پێشوازییان لێبکە، ئاگاداربە لەوەی کە نەیەیت بە لێکدانەوەی خراپ و ناقۆڵا واز لەو ڕەفتارە بهێنیت، وەک ئەوەی بێیت سەرزەنشتی یەکێکیان بکەیت نەوەک جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە بکاتەوە کە پێشتر ئەنجامی داوە، وە بێجگە لەوانەش.

جا هەر هەست و سۆزێکی باش لە دڵ و دەروونتدا هەیە وەرە دەریبڕە و مەیشارەوە، وە ئەگەر هەر هەستێکی خراپ و نەگریسیش لەناخی دەروونتدا هەیە مەیە بە شێوازێکی قێزەوون دەریبخەیت، بەڵکو وەرە بە قسەیەکی نەرم و نیان دەریبڕە و ئاڕاستەی بکە.

بەڕاستی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گۆڕانکاری کتوپڕی ئەوتۆ ئەبینی کە هەر بە خەیاڵیشتا نەهاتوون، وە ئەبینی ژیان زۆر لەوە ئاسانتر ئەگوزەرێت کە پێشتر لەسەری بوون، و هەست بە خۆشی و ئاسوودەییەکی سەرسوڕهێنەر ئەکەیت، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو خێرو پاداشتە زۆرەی کە لەلایەن خوای مەزنەوە چاوەڕێت ئەکات کە زۆر لەوانە گەورەتر و چاکترە بۆت.

بڕوانن و ڕامێنن ـ ئەی گرۆی باوکان و دایکان ـ : بۆ لێبووردەیی و سادەیی و بێ ئەرکی و زۆر لەخۆنەکردنی پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ .

که لەهەموو کەسێک زیاتر خۆبەکەمزان بووە، سەردانی نەخۆشی ئەکرد، دوای تەرمی موسڵمانان ئەکەوت، بەپیر بانگێشتی بەندەو کۆیلەکانەوە ئەچوو، بەدەستی پیرۆزی نەعلەکانی خۆی ئەدووریەوە، و جلەکانی خۆی هەڵئەگلۆفی، و یارمەتی خێزانەکانی ئەدا و ئیشی ناوماڵی ئەکرد، و بەبێ هیچ پاسەوانێک بەتەنیا خۆی ئەڕۆیشت و ڕێی ئەکرد.

لووتبەرز نەبوو وە خۆی بەگەورە نەئەزانی ئەگەر بهاتایە لەگەڵ بێوەژنێک یا هەژارێکدا بڕۆیشتایە تا پێویستیەکانیان بۆ جێبەجێ بکات، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَٱللَّهُعَنۡهُ گێڕراوەتەوە کە: ( إِنْ كَانَتِ الأَمَةُ مِنْ إِمَاءِ أَهْلِ المَدِينَةِ، لَتَأْخُذُ بِيَدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ فَتَنْطَلِقُ بِهِ حَيْثُ شَاءَتْ ) (١).

واتە:" جاری وابووە کەنیزەکێک لە کەنیزەکانی شاری مەدینە، پێغەمبەری خوای صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ ئەبرد بۆ ئەو شوێنەی کە خۆی ئارەزووی لێ ئەبوو تا پێویستیەکەی بۆ جێبەجێ بکات ".

وە هەرگیز هاوەڵەکانی لەبەری هەڵنەئەسان، چونکە ئەیانزانی ئەوەی پێخۆش نی یە، وە کە بەلای مناڵ و مێردمنالڵدا تێ ئەپەڕی سڵاوی لێ ئەکردن.

---

(١) رواه البخاري ( ٦٠٧٢ ).

هەروەها گاڵتەو گەپ و قسەی خۆشی لەگەڵ مناڵاندا ئەکرد، بەڵکو تەنانەت بەخۆشترین ناو بانگی ئەکردن، ئەهات سوعبەتی لەگەڵ مناڵێکی پچوکدا ئەکرد و ئەیفەرموو: ( يَا أَبَا عُمَيْرٍ، مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ ).

واتە:" ئەی باوکی عومەیر بولبولەکە چی لێ هات ".

وە پۆشـاکی بەدیاری ئەدا بەکچێکی پچوك و بەسـوعبەتەوە پێی ئەفەموو: ( يَا أُمَّ خَالِدٍ هَذَا سَنَا، يَا أُمَّ خَالِدٍ هَذَا سَنَا، وَ السَّنَا بِلِسَانِ الْحَبَشِيَّةِ الْحَسَنُ) .

واتە:" ئەی دایکی خالید ئەمە کەجوانە، ئەی دایکی خالید ئەمە کەجوانە".

ئا ئەوە ئەو پەیامبەر و خۆشەویست و هەڵبژاردەیەی خوا بوو کەبینیمان هەڵوێستی چۆن بوو، وە شوێنکەوتە و خۆشەویستەکانی چۆن باڵیان کێشا بەسەر هەموو دنیادا و بڵاوبوونەوە و پڕیانکرد ، کەچی سەرەڕای ئەوەش ئەهات بەو سادەیی و نەرمونیانی و لێبوردەییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەموو خەڵکیدا ئەکرد.

جا ئایا ئێمەی کەمتەرخەم و گوناهبار دێین بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ مناڵ و خێزانەکانماندا بکەین، وەک چۆن پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵسوکەتی ئەکرد؟

۞۞۞

## بنچینەی دوانزەهەم

نابێت باوک و دایک دەمەقاڵێ و ناکۆکیەکانی نێوانیان لەبەردەم منداڵەکانیاندا دەربخەن و بخەنەڕوو ، وە ئەگەر هاتو باوک فەرمانێکی دا بەسەر منداڵەکەیدا یان ڕێگری کارێکی لێکرد، هەرگیز نابێت دایکەکەی بەرهەڵستی بکات، بەپێچەوانەشەوە، جا ئەگەر هاتو لە فەرمانکردن و ڕێگریەکەدا ستەمی تیابوو بۆسەر مافی منداڵەکە، ئەوا نابێت نارەزایی و مشتومڕ لەبەردەم منداڵەکەدا بکەن، چونکە ئەگەر یەکێکیان لەبەردەم منداڵەکەدا نارەزایی بەرامبەر ئەوی تریان دەربڕێت: ئەوا منداڵەکە وا هەست ئەکات کە ئەو لەسەر هەقەو ستەمی لێکراوە، وە پشت ئەستور ئەبێت بەوەیان کە بەرگری لێکردووە بەرامبەر ئەوەی تریان.

بەڕاستی ژنی چاک و گونجاو ئەو ژنەیە کە: لە هەموو ساتەوەختێکدا ڕێز و حورمەتی باوک ئەدا بەگوێی منداڵەکانیدا و تێیان ئەگەیەنێت و هانیان ئەدات لەسەر ڕێزگرتن و خۆشویستنی، و ئەو هەستەیان لەدەروندا ئەڕوێنێت کەوا باوکیان خاوەنی چ خوو ڕەووشتێکی بەرز و پەسەندە، چ خۆشەویستی و میهرەبانیەکی لەناخدا هەیە بەرامبەریان،

وە هیچ جارێک نەبووە کەوا سزایان بدات و لێیان تووڕەبێت مەگەر لەپێناوی بەرژەوەندی ئەواندا نەبووبێت.

وە باوکیش زۆر پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی و ڕێز و پشتیوانی ژنەکەی هەیە تا هاوڕێیەتی منالەکانی بەدەست بهێنێت و سزادانەکەی قبوڵ بکەن .

( هیچ گومانێکی تێدا نی یە کە پەیوەندی باوک و دایک کاریگەریەکی بەهێزی هەیە بۆسەر دەروون و کەسێتی منالەکە، جا پەیوەندیەک کە لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی بەرامبەر و گفتوگۆکردنی هێمنانەی دوور لە چەلەحانێ بنیات نرابێت: ئەوا دڵنیایی و هاوسەنگی لای منالەکە دروست ئەکات، بەڵام کاتێک کە پەیوەندیەکە گرژ و ئاڵۆز و سیخناخ بێت لە ناکۆکی: ئەوا ئەو کاتە دەروونی منالەکە لەترسی جیابوونەوە ئەهەژێت و دۆشدائەمێنێ و نازانێ کە لایەنی کامیان بگرێت )[1].

وە دەرخستنی ناکۆکی و دەمەقاڵێی نێوانیان لەبەردەمیاندا بەهەمان شێوە کاریگەریەکی ترسناکی ئەبێت لەسەر بیرکردنەوە و دڵنیاییان، جا کاتێ منالی کوڕ باوکی ئەبینێت کەوا بەچاوێکی سوکەوە تەماشای دایکی ئەکات و بەسەریدا ئەشیڕێنێ و دەنگی بەرز ئەکاتەوە: ئەوا وائەزانێت کە ئەو هەڵوێستە شێوازی ڕاست و دروستە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەتاندا.

وە کاتێ منالی کچ ئەبینێت کەوا دایکی زاڵە بەسەر باوکیدا، و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا خراپە و ئەقیژێنێ بەڕوویدا: ئەوا ئەو هەستە لەناخیدا جێگیر ئەبێت کە شێوازی ڕاست و

(١) اولادنا من الطفولة إلى الشباب ، لمأمون مبيض .

دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پیاودا ئەوەیە کە بەسەریدا زاڵ بێت و بەڕەقی لەگەڵیدا بجولێیتەوە، و نەرمونیان نەبیت لەگەڵیدا و واز لە خولیا و حەزەکانت نەهێنیت لە پێناوی ئەودا.

بۆیە باوک و دایک هۆکاری سەرەکین لە دۆڕان و تێکشکانی ژیانی خێزانیی بۆ منداڵەکانیان ئەگەر هاتو بەو جۆرەی کە باسکرا هەڵسوکەوتیان کرد.

❂ ❂ ❂

## بنچینەی سیانزەهەم

دانیشـــتن و قســـەکردن لەگەڵ منالەکاندا، کە ئەو کاتە منالەکان هەســـت بە خۆشـــەویســـتی ئەکەن بەرامبەر بە باوک و دایکیان، وە زۆرێک لە باوکان و دایکان کاتێک بۆ منالەکانیان تەرخان ناکەن تا لایان دابنیشـــن، وە ئەگەر هاتو بۆشـــیانکرا لایان دابنیشـــن ئەوا بەبێ هیچ بەرنامەیەکی مەبەستدار و ووتوێژی ڕاست و دروست ئەبێت، بەڵکو بە قســـەکردنی بێزارکەر یان بێ تام، و ســـەرزەنشـــت کردنێکی بێزراو و ڕێنمایی کردنی دووبارەوە بوو ئەچنە لایان.

بەڕاستی ئەو منالانەی کە باوک و دایکیان قسەیان لەگەڵدا ناکەن بەدەگمەن نەبێ: بەجۆرێک گەشەئەکەن کە گیانی باوەڕ بەخۆبوونیان کەمتر ئەبێت لەو منالانەی کە باوک و دایکیان هەمیشە لەگەڵیاندا ئەدوێن و ووتووێژی هێمنانەیان لەگەڵدا ئەکەن و لەسەر ئەوە ڕاهێنراوون، وە هەروەها توانای ئەوەیان نابێت کە بەئازایی و بوێرانە قسەبکەن، و ڕای خۆیان دەربڕن، و بێن بە شێوازێکی جوان و بەوپەڕی باوەڕبەخۆ بوونەوە بەرگری لەخۆیان بکەن کاتێک تاوانبار ئەکرێن بە شتێک کە ئەوان لێی بەرین.

(هەروەها ئەتوانیت ئەنجومەنێکی پچوک لەماڵدا پێکبهێنیت کە منالەکان بتوانن بە باوک و دایکیان بڵێن: بۆچی لەماڵ نەچینە دەرەوە بۆ گەشت و گەڕان لەکاتی دیاریکراوی

خۆیدا؟ دایە بۆچی هەفتەی ڕابردوو لەکاتی یاریکردندا لێتدام؟ بەڕاستی بابە شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ دایکماندا لەم دواییانەدا بێزار و وەڕسی کردووین.

بەڵێنی دیاریەکتان پێدام یەکسەر دوای دەرچوونم کەچی تا ئێستا بۆتان نەهێناووم.

وە پرسیار و ڕوونکردنەوەی تریش کە منال بوێرێت بەشێوازێکی بەئەدەبانە بە باوک و دایکیان بڵێن و ئەوانیش وەڵامیان بدەنەوە و بڵێن کە:

ئەوەیان بەهۆی ئەوەوە بوو وە ئەوەشیان بەهۆی ئەوەوە بوو ئیتر ئاوا بەوجۆرە هتد..

وە داوای لێبووردن ئەکەین سەبارەت بەوەیان و بەڵێن بێ نایەڵین جارێکی تر ئەوە دووبارە بێتەوە.

تۆ ڕاستەکەیت بەڵام لەبەر ئەو هۆیە... ناچارت کردین ئەو هەڵوێستە بنوێنین.

بەڵێن بێت لەداهاتوودا ئەوە و ئەوە ئەکەین.

پاشان هەموویان بێن ووتوێژ بکەن لەبارەی تەنگوچەڵەمە و پێویستیەکانیماڵەوە و کەچ هەنگاوێک بنێن و کام کارە ئەنجام بدەن بۆ بوژانەوەی ماڵ و خێزانێکی بەختەوەر، هەموو ئەمانە لەکەشێکی پڕ لەڕێز و ئەدەبدا ئەنجام بدرێت. هەروەها با بارودۆخی گفتوگۆ کردنەکە باوک و دایک لەکەشێکی ئارام و گونجاودا بە ڕێوەی ببەن، و با منالەکانیش بەڕێز و ئەدەبەوە بەشداری تیابکەن و ڕابێن لەسەری، لەگەڵ بوێری لە ووتنی قسەی هەق و ڕاستیدا، هەروەها مامۆستاش ئەتوانێت لە پۆلدا یارمەتی قوتابیەکانی بدات بۆ دروستکردنی ئەم ئەنجومەنە پچوکە )[1].

گیروگرفتی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە زۆربەی باوکان و دایکان لەدەرەوەی ماڵەوە سەرقاڵن، و ماوەیەکی زۆر لەدەرەوە ئەمێننەوە، کە ئەمە ئەبێتە هۆی لاڕێ بوون و

(١) فن تربية الأولاد في الإسلام ، للدكتور محمد سعيد مرسي ( ٢ / ٢٠ ).

لەدەستدانی منداڵەکانیان، و کەم بوونەوە یاخود هەر بەتەواوەتی نەمانی هۆگری و خۆشەوویستی لەنێوان خۆیان و منداڵەکانیشیاندا.

جا هەندێ لە باوکان سەرقاڵی کەسابەت و بازرگانی کردنن، کە ئەگەر یەکێک بێت لەسەر پشتگوێ خستنی خێزان و منداڵەکانی سەرکۆنەی بکات ئەوا دێت پاساو بەوە دێنێتەوە کە ئەو کارەی ئەو ئەنجامی ئەدات لەپێناوی ئەواندایە و لەبەر ئاسوودەبوونی ئەوان خۆی هیلاک و ماندوو ئەکات!

وە هەندێکی تریان زۆر سەفەر ئەکات و بەردەوام لەگەشت و گەڕاندایە، و ماوەیەکی دوور و درێژ لێیان دوور ئەکەوێتەوە، جا یان بانگێشتکراوە یان بۆ بازرگانیە یان بۆ گەشت و ڕابواردنە.

هەندێکی تریش هەموو خولیایەکی دانیشتنە لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەکاتی پشوودان و بێجگە لەوانەش.

لەهەر هەمووی ترسناکتر: ( پشتگوێخستنی ماڵی یەکەمە ئەویش کاتێ باوکەکە دێت ژنی دووەم ئەهێنێ و لەخانویەکی نوێدا لەگەڵیدا دائەنیشێت، ئای چەند کەس هەیە ماڵی یەکەمی فەرامۆش کردووە کاتێ ژنێکی تازەی هێناوە، کە بەهۆی سەرقاڵی و دووری باوکیان لێیانەوە منداڵەکانی سەرگەردان بوون و لەدەستیان داوون )[1].

وە زۆربەی ئەو کەسانەی کە سەرقاڵن و نایان پەرژێتەسەر منداڵەکانیان، هاتوون چاودێری و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان سپاردۆتە دەستی کارەکەر و خزمەتکاری نەفام و نەزان، کە زۆربەیان بێباوەڕ و بێ ئابروون، وە منداڵەکانیان لەسەر دەستی دایکانی چاک و صاڵح و باوکانی دڵسۆز و بەتەنگەوەهاتوو پەروەردە نەبوون، چونکە خۆیان خەریکی پشوودانی

(١) التقصير في تربية الأبناء للشيخ محمد الحمد : ٨.

درێژ و بۆنە و ئاهەنگەکانن، بۆیە منالەکانیان شل و شێواو و کەودەن دەرئەچن، ئای چ
تاوانێکی گەورەیە کە ئەو باوک و دایکانە ئەنجامیان ئەدەن.
ڕەحمەتی خوا لە ( ئەحمەد شەوقی ) شاعیر بێ کە ووتویەتی:

لیسَ اليتمُ مَنِ انتهى أبواه مِن هَمِّ الحياةِ و خَلَّفاه ذليلاً
إنّ اليتيمَ هو الذي تَلقى له أُمّاً تَخَلّت أو أباً مشغولاً

واتە: ( هەتیو ئەو کەسە نی یە کە باوک و دایکی مردبێتن و لە خەمی دنیا ڕزگاریان بوبێت و ئەویان لەدوای خۆیانەوە بە زەلیلی جێهێشتبێت، بەڵکو هەتیو ئەوکەسەیە کە گەیشتووە بە دایکێک کە وازی لێهێناوە یان باوکێک کە بۆخۆی سەرقاڵە ).

ئای ئەو جۆرە باوکانە چەندێ زۆرن کە لەسەر حسابی منالەکانیان سەرقاڵن، وە ئەو دایکانەش چەند زۆرن کە وازیان لەمنالەکانیان هێناوە بۆ کارەکەری نەزان و نەفام، جا لەهەمووی ناهەموارتر و تاڵتر ئەوەیە کە کارەکەرەکە بێباوەڕیش بێت.

وە ئەگەر دایک هەر ناچار بوو کە کارەکەر ڕابگرێت، ئەوا پێویستە لەسەری کەوا سوور بێت لەسەر ئەوەی کە لە قۆناغەکانی سەرەتادا خودی خۆی هەڵسێت بە چاودێری کردن و پەروەردەکردنی منالەکەی، و بێت ڕێکخستن و خاوێنکردنەوە و ئیشەکانی تری ماڵ بسپێرێت بە کارەکەرەکە، چونکە بەڕاستی هەرگیز منال چاودێری و پەروەردەیەکی چاکی لە کارەکەرەوە دەست ناکەوێت، وەک چۆن لە دایکەوە دەستی ئەکەوێت، چونکە بێگومان پەروەردەی دایک ڕۆڵێکی گەورە ئەبینێت لەسەر دەروون و ئاقار و ئاڕاستەکانی ژیانی منالەکە لە ئایندەدا.

✿✿✿

## بنچینەی چواردەهەم

پێویستە چاکترین هاوڕێیان بۆ هەڵبژێرین ، ئەوکاتە نارەحەتی نیوەی ڕێگەی پەروەردەکردنمان لەکۆڵ ئەبێتەوە .

بەڕاستی هەر باوکێک کەوا پەرۆشە بۆ ئەوەی منالەکەی صالح و چاک دەربچێت، نابێت نەرم بێت و چاوپۆشی بکات لە جۆری ئەو منالانەی کە لە قۆناغی منالیدا ئەبن بە هاوڕێی منالەکانی، جا لەوانەیە هاوڕێتی کەسانێک بکەن کە سەرەتای لادانیان لەوانەوە دەست پێبکات، ئەوەش باش بزانە ـ ئەی خوا بتپارێزێ ـ کە هاوڕێی منالەکەت هەموو ئەوە ئەڕوخێنێت کە تۆ بەدرێژایی ژیانت بنیاتت نابوو، وە ئەو پەڕەیە ئەسڕێتەوە کەوا تۆ بە عەرەقی ناوچەوانت وێنەت کێشابوو.

ئیبراهیمی حەربی بەڕەحمەت بێ فەرموویەتی: (هاوڕێی خراپ لەمنالەکانتان دووربخەنەوە، پێش ئەوەی لە بەلا و کارەساتدا ڕەنگیان بکەن، وەک چۆن پۆشاک ڕەنگ ئەکرێت)[1].

(1) ذم الهوى : ١٠٢ .

هەروەها فەرموویەتی: (سەرەتای خراپ بوونی هەندێ لە منداڵان بەهۆی کاریگەری خراپی هەندێکی تریانەوەیە)(1).

وە شتێکی زانراوە ئەو پەیوەندی و هاوڕێتیەی کە منداڵ لەگەڵ منداڵی تردا ئەیبەستێت کورت ولاوازە، بەڵام چەندێ لەتەمەندا بچێتە پێشەوە ئەوا ماوەکەی درێژتر و پتەوتر ئەبێت. بۆیە پێویستە لەسەر باوکان و دایکان هەر لەسەرەتای فام کردنەوە و ماوەی منداڵیانەوە بەشێوەیەکی باش هاوڕێ بۆ منداڵەکانیان هەڵبژێرن.

وە ئەوەی لێرەدا گرنگە بریتی یە لەوەی کە تەمەنی ئەو هاوڕێیە نزیک بێت لە تەمەنی منداڵەکەتەوە، جا ئەگەر بێتوو تەمەنی گەورەتر بێت ئەوا هەست بەکەمی ئەکات لەبەردەمیدا، وە زۆرجار منداڵێکی پچوک لەناو کۆمەڵێ هاوڕێی لەخۆی بەتەمەن تردا ئەبێتە مایەی ڕابواردن و گاڵتەپێکردن کە کاریگەری خراپی ئەبێت لەسەر پێکهاتەی ئاستی کەسایەتی منداڵەکە.

( وە دوای هەڵبژاردنی هاوڕێ لەلایەن منداڵەکەوە، پێشوازی کردن و چاکوچۆنی کردنی گەرم لەلایەن باوک و دایکەوە کارێکی پێویستە، کە ئەمەش بۆخۆی پشتگیری سەربەخۆیی منداڵەکە ئەگەیەنێ لە هەڵبژاردنی هاوڕێ دا.

ڕەنگە لەبەردەم باوک و دایکی منداڵەکە هەڵە لە منداڵەکەوە یان لە هاوڕێکانیەوە ڕوو بدات لەم کاتەدا وا پێویست ئەکات ڕەفتارێکی دانایانەی دوور لە توندو تیژی و نزیک ل

---

(1) ذم الهوى : ١٠٢ .

بەگەیشتن بگیرێتەبەر، هەتا هاورێکانی هەڵوێستێک نەنووێنن کە تەنیا منداڵەکەیان تیایدا زەرەرمەندی سەرەکی بێت )[1].

جا ئێوە بینە هاورێی هاورێکانی، و شوێنێکیان بۆ دابین بکە کە تیایدا بەخۆشی ڕابوێرن، وە ئەو شوێنە با لەخۆتەوە نزیک بێت و لەبەرچاوتدا بێت.

وە مەیە سەبارەت بەهاورێکانی پرسیارێکی زۆری لێ بکەیت، وە هەروەها سەبارەت بەو کاتانەی کە لەگەڵیاندا بردویەتیە سەر، چونکە ئەو ڕەفتارە وائەکات کە لێت ڕابکات و هیچ کەڵکێکی ئەوتۆشی نابێت، وە دڵنیابە لەوەی کە هەموو شتێکت پێ ناڵێت.

( لەبەرئەوەی زۆر نەگونجاوە و ناچێتە عەقڵەوە کە چاوەڕێی ئەوە بیت گەنجێکی هەرزەکار بێت هەموو شتێکی ژیانی خۆیت پێ بڵێت، چونکە ئەو حەزئەکات نهێنی تایبەتی خۆی هەبێت کە بەهۆیەوە هەستی سەربەستی و سەربەخۆبوونی لەلادروست ئەکات )[2].

بەڵام هەوڵبدە هاورێکانی بناسیت لەمیانەی دیدەنی کردنیان، جا ئەگەر زانیت چاکن وخێریان تیادایە ئەوا نزیکیان بخەرەوە و ڕێزیان بگرە، وە ئەگەر هاتوو خراپە و لادانت تیادا بەدیکردن ئەوا سووربە لەسەر ئەوەی کە دووریان بخەیتەوە لێی، ئەویش بەوە ئەبێت پێی بسەلمێنیت کە ئەوانە لەگەڵ ئەودا ناگونجێن، و سەرقاڵی بکە بەوەی کە لەگەڵ خۆتدابێت و لەوان دووربکەوێتەوە، و لەجیاتی ئەوان بەهاورێی چاک وصاڵح و قەرەبووی بۆ بکەرەوە.

✿✿✿

(۱) اولادنا من الطفولة إلى الشباب ، لمأمون مبيض .

(۲) اولادنا من الطفولة إلى الشباب ، لمأمون مبيض .

# بنچینەی پانزەهەم

پێویستە پێشەنگێکی چاک بیت بۆ منداڵەکانت، جا ئەگەر هاتوو فەرمانی شتێکت پێکردن با خۆت یەکەمین کەس بیت کە جێبەجێی بکەیت، وە ئەگەر ڕێگری شتێکت لێکردن ئەوا با خۆت یەکەمین کەس بیت کە وازی لێبهێنیت، وە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش ڕێگری کردووە لەوەی کە کردار دژ و پێچەوانەی گفتار بوەستێتەوە: خوای باڵا دەست فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٣ ﴾ الصف: ٢ – ٣ .

واتە:( ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی ئەوەی ئەیڵێن ئەنجامی نادەن و ئیشی پێ ناکەن (٢) زۆر مایەی ڕق و توڕەیی یە لەلای خوا کە قسەیە بڵێن و کاری پێ نەکەن (٣) ).

وە سەرمەشق بوون لەگەڵ منداڵدا لەگەورەترین هۆکارەکانی پەروەردەکردنە، وە منداڵ زۆر بەچاکی ئەتوانێ لاسایی کەسانی تر بکاتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر پەروەردەکاران کە پێشەنگ و سەرمەشقێکی چاک بن بۆ منداڵەکانیان، وە زۆر ئاگاداربن لەوەی کە منداڵەکانیان ڕەفتارێکی قێزەوونیان لێ ببینن یان ووتەیەکی ناشرینیان لێ ببیستن .

پێشەوا شافعی بەڕەحمەت بێ بە پەروەردەکاری کوڕەکانی هارون ڕەشیدی ووتوە: ( با یەکەمین کارێکت بۆ چاککردنی منداڵەکانی پێشەوای بڕواداران ئەوەبێت کە: لەخۆتەوە دەست پێبکەیت و خۆت چاک بکەیت، چونکە ئەوان چاویان لەسەرتۆیە، جا کاری چاک لەلایان ئەوەیە کە تۆ بەچاکی بزانیت، کاری خراپ و قێزەوونیش لەلایان ئەوەیە کە تۆ بەخراپ و قێزەوونی بزانیت )[1].

جا ئەگەر بینیان تۆ لەسەر درۆکردن ڕاهاتوویت، ئەوا بێگومان ئەوانیش دێن بوێرانە بێ هیچ سڵەمینەوەیەک لاسایت ئەکەنەوە، وە ئەگەر بینیتیان کەوا جگەرە ئەکێشیت یان خەریکی تەماشاکردنی کەناڵە بەدڕەووشت و بێ ئابڕووییەکانیت، یاخود بینیتیان کە چاک نیت لەگەڵ باوک و دایکتدا، ئەوا شتێکی بەڵگە نەوویستە کە زۆرجار ئەوانیش دێن ئەو کارە ئەکەن کەتۆ لەبەرچاوی ئەوان ئەنجامت داوە.

وە زۆرێک لە باوکان و دایکان داوای ئەنجامدانی کاری ئەوتۆ لە منداڵەکانیان ئەکەن کە خودی خۆیان هەر بەلاشیدا ناچن، با نمونەیەک لەسەر ئەوە بهێنینەوە: باوک و دایک دێن فەرمان بە منداڵەکانیان ئەکەن کە داوای ڕێپێدان بکەن کاتێک ئەیانەوێت بێنە ژوورەوە، وە بەبێ مۆڵەت داوای هیچ شتێک نەکەن و هیچ شتێک نەبەن، کەچی ئەبینی بەبێ داواکردنی ڕێپێدان خۆیان ئەکەن بەژووری منداڵەکانیاندا، وە هەروەها ڕەنگە هەندێ لە شتومەکەکانیشیان ببەن بەبێ هیچ پرس کردنێک!، جا چۆن ئێمە لەڕوومان بێت داوای مۆڵەت خواستنیان لێ بکەین، لەکاتێکدا خۆمان پابەندنین پێیەوە.

---

(١) المنتظم ( ١٠/١٣٩ ـ ١٤٠ ).

چی تیایە ئەگەر بێتو ئێمە بێین لەدەرگای ژورەکەیان بدەین و داوایان لێبکەین کە ڕێمان بدەن بچینە ژوورەوە و پاشان پێیان بڵێین: ئێمە ئابەو جۆرە داوای ڕێپێدان لە ئێوە ئەکەین، بۆیە پێویستە لەسەر ئێوەش وەک ئێمە داوای ڕێپێدان بکەن.

وە ئەوەش باش بزانن - ئەی کۆمەڵی باوکان ودایکان - منالەکانتان لە خوێندنگە هەرچیەک بخوێنن و هەرشتێکیش لە ئێوەوە ببیستن سەبارەت بە خوو ڕەووشتی بەرز و جوان و ئاکاری بەرز و پەسەند، ئەوا بەردەوام وەک کۆمەڵێک زانیاری و بیردۆزەی گرمۆڵە بوو و تەمومژاوی لە هۆش و زەینیاندا ئەمێنێتەوە، ئەگەر بێتو بەکردەوەلە ژیانی ڕۆژانەتاندا وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای لێ نەبینن ، ولە ئاکار و ڕەووشتاندا ڕەنگ نەداتەوە ( واتە پێویستە کردەوەکانتان ئاوێنەی باڵانمای قسەکانتان بێت ).

دەسا ئێوەش ببنە نموونە و پێشەنگێکی چاک بۆ منالەکانتان تا ئەوانیش چاوتان لێبکەن.

✿✿✿

## بنچینەی شانزەهەم

نزایـــان بـــۆ بکەیـــن تـــا خـــوای گەورە ڕێنـــوێنی و چاکیـــان بکـــات، نەک بێـــین نزایـــان لێـــبکەین ، نابێـــت بەهـــیچ جۆرێک نزای خراپ لە منالەکانمان بکەین .

بەڕاستی ئەم ڕەفتارە باوە لای ژمارەیەکی زۆر لە دایکان و خوویان پێوەگرتووە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ( لَا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ، وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَوْلَادِكُمْ، وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ، لَا تُوَافِقُوا مِنَ اللهِ سَاعَةً يُسْأَلُ فِيهَا عَطَاءٌ، فَيَسْتَجِيبُ لَكُمْ )[1].

واتە:" نزای خراپ لەخۆتان مەکەن، و نزای خراپ لە منالەکانتان مەکەن، و نزای خراپ لە ماڵ و سامانتان مەکەن، نەوەک هاوکاتی ئەو ساتە بێت کە داوای بەخششی تیا بکرێت و خوای مەزن پاڕانەوەی تیا وەرئەگرێت، و نزاکانتان گیرا ئەکات و وەڵامگۆتان ئەبێت".

---

[1] رواه مسلم ( ٧٧٠٥ ) .

وە هەردوو زانای بەناوبانگ شێخ ئیبنوباز و ئیبنوعوسەیمین (ڕەحمەتی خوایان لێبێ) فتوایان داوە[1] کە حەرامە و نابێت نزا لە منداڵەکانمان بکەین، وە هەروەها لیژنەی هەمیشەیی فتوادان[2] و زانایانی تریش بێجگە لەوان هەر هەمان فتوایان داوە.

جا ئەی ئەوکەسەی کە نزا لەمنداڵەکانت ئەکەیت، و داوا لەخوا ئەکەیت کە لەناویان ببات و لە وەجاغدا نەیانهێڵێت ترسی خوات لەدڵدا بێت، چونکە ئەگەر گوێت لە یەکێک بێت نزا لە منداڵەکانت بکات ئەوا پێی سەغڵەت ئەبیت و خۆت تووڕە ئەکەیت، ئەی باشە خۆت بۆچی دێیت بەیانیان و ئێواران نزای شەڕیان لێ ئەکەیت؟!.

۞۞۞

(١) شرح رياض الصالحين ( ١/ ١٧١٩ ).

(٢) فتاوى اللجنة الدائمة ، فتوى رقم ( ٧٤٢٠ ).

## بنچینەی حەڤدەهەم

ئەبێت خۆمان بپارێزین لەوەی کە خۆشحاڵی دەربڕین بەرامبەر بەو باوک و دایکانەی کە نەیانتوانیوە منداڵەکانیان بەجوانی پەروەردە بکەن .

ئەگەر کەسێکمان بینی گیرۆدە ببوو بە لادان یان لاساری و کەمتەرخەمی منداڵەکانیەوە، ئەوا با خۆمان بپارێزین لەوەی کە خۆشحاڵی خۆمان دەربڕین بەرامبەر بەخۆی یان منداڵەکانی، بەڵکو با بێین داوا لەخوا بکەین کە خۆیان و منداڵەکانیان بپارێزێت و چاکیان بکات، و سوپاسی خوا بکەین لەسەر چاکی و باشێتی منداڵەکانمان، و خۆمان خەریک نەکەین بە لۆمەکردنی کەس وکاری منداڵەکەوە، چونکە لەوانەیە ئەوان هەوڵی خۆیان لەگەڵدابن بەڵام خوای گەورە وویستی لەسەر چاکبوونیان نەبووبێت، وە ڕەنگە دەردەکە بگوێزرێتەوە بۆ کەسە شادمان و لۆمەکەرەکە، ئەویش وەک سزایەک لەلایەن خواوە لەسەر خۆشحاڵبوونیان بە گیرۆدە بوونی کەسانی تر و سوپاس نەکردنی خوا لەسەر ئەوەی کە ئەمی لەو بەڵایە پاراستووە.

عەبدوڵلای کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێ فەرموویەتی: ( ئەگەر گاڵتە بەسەگێک بکەم ئەوا ئەترسم کەخۆم ببم بەسەگ )[1].

وە ئیبراهیمی نەخەعی بەڕەحمەت بێ فەرموویەتی: ( جاری واهەیە شتێک لە کەسێکدا ئەبینم کە ڕقم لێی ئەبێتەوە جا هیچ شتێک نی یە ڕێگریم لێبکات کەوا عەیبداری بکەم مەگەر ئەوە نەبێت کە پێم خۆشنیە وەک ئەو گرفتاربم )[2].

یەکێکی تر فەرموویەتی: ( خۆشحاڵ مەبە بەو کەسەی بەڵای بەسەردا هاتووە، چونکە ئەگەر دەرد و بەلاکەی لێ دوورکەوتەوە و لەسەری لاچوو ئەوا وەک تۆ ئەبێت، وە ئەگەر تۆ تووشی بەڵا و کارەسات بوویت ئەوا تۆ وەک ئەوت لێ دێت ).

وەرگێڕراوەتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: ( لاَ تُظْهِرِ الشَّمَاتَةَ لأَخِيكَ فَيَرْحَمَهُ اللَّهُ وَيَبْتَلِيكَ )[3].

واتە:" خۆشحاڵبوونی خۆت دەرمەبڕە بەرامبەر بە براکەت ڕەنگە خوا ڕەحم بەو بکات و تۆ گیرۆدە بکات ".

جا هەروەک چۆن نزا و پاڕانەوە مرۆڤ ئەپارێزێ لە بەڵا و کارەسات، ئەوا بێگومان گاڵتەکردنیش بە کەسانی گیرۆدەبوو بەڵا و کارەسات بەسەر ئەو کەسەدا ئەهێنێت.

۞۞۞

(١) صفة الصفوة ( ١/ ١٩١ ).

(٢) الحلية ( تهذيبه ) ٢/ ٩٣ ، موسوعة ابن أبي الدنيا ٧/ ١٨٥ .

(٣) رواه الترمذي و حسَّنه ( ٢٥٠٦ )، و ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف الترمذي .

## بنچینەی هەژدەهەم

ماف و ئەرکەکانیان بەجوانی بدەرێ، دڵفراوان و میهرەبان بە لەگەڵیاندا، و بەدیاری و سازدانی گەشت و گەڕانی لەناکاو بەسەریان بکەرەوە، چونکە ئەو چێژەی کە لەدەمیەوە هەستی پێئەکات زۆر زیاترە وەک لەوەی کە بە ئەقڵ و هۆشی هەستی پێئەکات ( وەک ووتویانە: منداڵ زیاتر لەڕێگەی دەمیەوە ڕاوئەکرێت )، وە خواردنێکی بەلەزەت و بەتام لای هەندێ منداڵ زۆر خۆشەویست ترە لە قسەیەکی چاک و جوان.

بەڕاستی باوکی زرنگ و هوشیار: ئەو باوکەیە کە جاروبار بەدەست و دیاریەوە یان بە شتێکی کتوپڕ (موفاجەئەوە) خۆی ئەکات بەماڵەوەدا.

وە چاکترین و بەکەڵکترین دیاریش : بریتی یە لەو دیاریانەی کە مەبەستدار و گەشەپێدەری بەهرە و خوو ڕەووشتەکانی بێت، وەک ئەو جۆرە یاریە زیرەکانەی کە زەین و هۆشیان تیا بەکارئەهێنرێت، وە پەرتوکی وێنەکێشان وخوێندنەوە و ڕەنگ کردن، هەروەها ئەو دیاریانەی کە بۆ ئاین و ڕەووشتی کەڵکیان هەیە، وەک ئەو قورئانانەی کە بەهۆی پێنوسێکەوە خۆی قورئانەکە ئەخوێنێتەوە.

وە ئەوەی کە خۆم تاقیمکردۆتەوە و بینیم کەڵک وسودێکی باشی هەبوو: هاتم بۆ منداڵە
پچوکەکانم کە گەورەکەیان تەمەنی هەشت ساڵە و پچوکەکەشیان تەمەنی پێنج ساڵە،
کتێبی هەمەجۆرم بۆکڕین، بۆ پچوکەکەیان کتێبی ئاسانم پێدا، کە ڕەنگ کردنی پیت و
ووشەکانی تیادا بوو، بۆ گەورەکەشیان ئەو کتێبانەم پێدا کە چیرۆکی ئاژەڵان و دارستانی
تیادابوو، وە پێم ووتن: هەریەکێکتان زوو کتێبەکەی تەواو بکات دیاریەکی باشی ئەدەمێ
کە بریتی یە لە سێ زەرف کە بڕێک پارەی تیایە، لەگەڵ پێنووسێک و کتێبێکی تر، بەڕاستی
هەمووی چەند کاتژمێرێک تێنەپەڕی بوو بینیم بەوپەڕی گڕوتین و چاپوکی وخۆشیەوە
دەستیاندایە و هەر زوو هاتن مژدەی تەواوکردنیان پێدام، و داوای خەڵات و کتێبی تریان
لێ ئەکردم.

جا بەڕاستی ئەم دیاری و خەڵات پێبەخشینە بوو بەمایەی کەڵک و سوود و چێژوەرگرتن
بۆیان، و بەهۆیەوە دەستوخەتی نووسین و خوێندنەوەشیان باش بوو، وە بەشێوەیەکی
گەورەتر وابەستەی کتێب و خوێندنەوە بوون.

وە بەپێی توانا لە یاریە ئەلەکترۆنیەکانیان دوور بخەرەوە، جا ئەگەر لەژێر پێداگری
منداڵەکانتا ناچار بوویت: ئەوا با لەکات و ماوەیەکی دیاریکراودا بێت، نەک بەشێوەیەکی
هەڕەمەکی و بەرفراوان، چونکە لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە کە چ زیانێکی بۆسەر
بیروباوەڕ و خوو ڕەووشت و ڕادەی تێگەیشتن و چاو و دەروونی منداڵ هەیە.

ئالێرەدا هەڵوەستەیەک ئەکەم لەگەڵ هەندێ لە زەرەر و زیانەکانی ئەم جۆرە یاریانەدا و
ئەڵێم: پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوان هەرهەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە: زیان و

مەترسیگەلێکی زۆری هەیە، وە گرنگترین هۆکارە بۆ تووشبوون بە قەڵەوی، کە بێگومان قەڵەویش چەندین زیانی زۆری لەژێردا جێئەبێتەوە.

هەروەها زیانێکی تری : بریتی یە لەوەی کە چاویان کز ئەبێت و تووشی لاوازی بینین ئەبینن، چونکە تیشکی تەلەفزیۆن و ئامێرە ئەلکترۆنیەکان کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە بۆسەر تۆڕی چاو.

وە زیانێکی تری: بریتی یە لەوەی کە گەورەترین هۆکاری لاوازی جەستەیە بەشێوەیەکی گشتی، ئەویش لەبەر ئەوەی بەکەمی ئەجوڵێن.

وە زیانێکی ترسناکی تری: بریتی یە لەوەی کە کەسایەتی و ئەقڵی مرۆڤ وێران ئەکات، یەکێک لە پسپۆڕان و توێژەرەوان ووتویەتی: بەڕاستی هەر یاریەک کە جوڵەی خێرا، یان کێبڕکێ یاخود ڕاوەدونانی تیادا بێت، وەک تۆپی پێ، یان یاری کوشتن و پێشبڕکێی ئۆتۆمبیل و بێجگە لەوانەش، ئەوا دوای سێ مانگ لە ئەنجامدانی ئەم یاریانە: ئەوا گرفت و کەموکوڕی لەسێ بواری تواناکانی ئەقڵدا ڕووئەدات، لە هۆشیاری و چەسپین وبیرتیژیدا (الانتباه و الترکیز و التذکیر).

جا ئەگەر ڕۆژی یەک کاتژمێر یاری بکات، بۆ ماوەی سێ مانگ، ئەوا پلە بەپلە ئەو تونایانە لەدەست ئەدات .

ئەویش لەبەر ئەوەیە چونکە ئەو بەدانیشتنەوە بە ئەقڵ و بیری یاری ئەکات، و لەرەلەرەکانی مێشکی ئەجوڵێنێت، جا کاتێ بەشێوەیەکی بەردەوام یاری ئەکات: ئەوا

مێشک بەرەو لاوازی ئەچێت، چونکە لەسەرو ڕادەی توانا و ووزەی خۆیەوە شەکەت و
ماندو کراوە.

وە نموونەی مێشک لەم بارودۆخەدا: وەک کەسێک وایە کە لەمەودایەکی کەمدا ڕابکات،
کە هیچ زیانێک ناکات ئەگەرهاتو بەخێراییەکی زۆر ڕابکات، بەڵام ئەگەر هاتو مەوداکە
دوور بوو، وە بەهەمان خێرایی ڕابکات ئەوا شتێکی بەڵگە نەویستە کەوا تووشی
ماندووبوون و زیان ئەبێت، وە ئەگەر هاتو بەردەوام بوو لەسەر ئەوە، ئەوا کارەکە بە
نەخۆشیەکی ترسناک کۆتایی دێت، یاخود بە تووشبوونێکی بەردەوام.

ئەقڵیش بەهەمان شێوەیە، هەرکاتێ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ شەکەت و ماندوو بکرێت،
ئەوا بە خراپ بوون و لەکارکەوتنی کۆتایی پێدێت.

وە زیانێکی تری ئەم یاریانە بریتی یە لەوەی کە: گەورەترین هۆکاری زوو هەڵچوون و
تووڕەبوونی لەڕادەبەدەر، و بێ توانایی و دەستەوسانی بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەقڵ و دەماری
مێشکە لای ئەو جۆرە کەسانە.

ئەویش چونکە ئەم یاریانە کێبڕکێ و بەربەرەکانی تیادایە، ئەو دێت بە مێشکێکی جەڕاوەوە
یاری دەکات، جا کاتێ ئەدۆڕێ تووڕە و شێتگیر ئەبێت، وو بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار تووڕە
و کەللەڕەق دەرئەچێت، و بۆ کەمترین و بێ بایەخترین شت قوشقی ئەبێت و زوو
هەڵئەچێت.

وە زیانێکی تری بریتی یە لەوەی کە: زیان بە ئاین و خوو ڕەووشتیان ئەگەیەنێت: ئای ئەم ئامێرانە چەندێ وێنەی بێ ئابروویی، و فلیم و دیمەنی وروژێنەری زایەندیان تیادایە، کە بەرەو لادان و بەدڕەووشتی و گرتنەڕێی قەدەغەکراو و سەرشۆڕکەریان ئەبات.

هەروەها زیانێکی تری بریتی یە لەوەی کە: تووشی ئالوودەبوونیان ئەکات، کە ئەمەش شتێکی سروشتیە کە ڕووبەڕووی ئەو منداڵانە ئەبێتەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی گەورەکانیش ئەبێتەوە، جا بەڕاستی یاریکەری ئالوودەبوو، هەرگیزناتوانێ دەست بەرداری یاری ببێت و وازی لێبهێنێت.

جا ئەو منداڵەی کە لەسەر ئەم ئامێرانە ڕاهاتبێت، هەرگیز ناتوانێ دەست بەرداری بێت و لێی جیابێتەوە، ئەگەر لەگەڵ خێزانەکەیدا چوو بۆ گەشت و گەڕان: ئەوا ئامێرەکە لەگەڵ خۆیدا ئەبات، وە ئەگەر بیەوێ بخەوێت: ئەوا ئەبێ ئامێرەکەی لەپاڵدا بێت.

وە بێگومان ئالوودەبوون ئەبێتەهۆی دروستبوونی گەلێک کێشە و گیروگرفت، ئەبینی بە گۆشەگیریەکی نەرێنیەوە ئەچێتە ناو یاریەکەوە، کە ژیانی کەسایەتی خۆی لەدەست ئەدات، و بەهۆیەوە خێزان و کەسوکارەکەی ئەدۆڕێنێ.

وە گیروگرفتێکی تری ئالوودەبوون بریتی یە لەوەی کە: ئەبێتە هۆی کەمی چەسپین (تەرکیزکردن ) لەشتدا، وە ڕەنگە منداڵ بگەیەنێتە قۆناغی گێلێتی و دەبەنگی، و نەمانی پشت بەخۆبەستن، بۆیە ئەبینیت ئەو منداڵانەی کە ئالوودەبوون، بەخێرایی ناچن بەپیر بانگکردنی باوک و دایکیانەوە.

وە خراپەیەکی تری ئالوودەبوون بریتی یە لە: پشتگوێ خستنی نوێژ و ئەرکە شەرعیەکان وگرنگی پێنەدانی .

وە پێویستە لەسەر باوکان و دایکان کە: ترسی خوا لەدڵیاندا بێت بەرامبەر بەمناڵەکانیان، و هۆکاری ڕاست ودروست وبەکەڵک بگرنەبەر لەمامەڵە کردنیان لەگەڵ ئەم جۆرە یاری و ئامێرە تازانەدا، بۆئەوەی مناڵەکانیان بپارێزن لە ئالوودەبوون پێیانەوە، ئەویش بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

یەکەم : پێویستە هان بدرێن لەسەر ئەنجامدانی ئەو جۆرە یاریانەی کە بەکۆمەڵ ئەکرێت، و پێشخستنی بەسەر چالاکیە تاکەکەسیەکاندا، جائەگەر هاتو مناڵ تێکەڵاویان بوو: ئەو گوڕو تینی بۆ ئەو جۆرە یاریانە کەم ئەبێتەوە کە بەتەنیا ئەنجامی ئەدا.

دووەم : پێویستە هان بدرێن لەسەر خولیا و پیشەیەکی بەکەڵک، و بە پارە و ئامێر و شوێنی لەبار پشتیوانی بکرێن.

سێ یەم : پێویستە گرنگی و بایەخ بدەن بە بەرنامە و یاریە پێکەرو بەئامانجەکان، کەپشت بە زیرەکی و زرنگی ئەبەستێت.

چوارەم : پێویستە کاتێکی لەباریان بۆ یاریکردن بۆ دیاری بکرێت، کە کاتێکی زۆر نەخایەنێ لەڕۆژێکدا، وە لەدەرەوەی ماڵەوە ئەنجامی نەدەن .

وە هەندێ توێژەران گێڕاویانەتەوە لە: پسپۆڕانی بواری تەندروستی دەروونی و ژیریەوە کە هاوڕابوون لەسەر پێویستێتی بەسەربردنی لەسەتا حەفتاوپێنجی کاتی بەتاڵی مناڵ لەچالاکیە جوڵاوەکاندا، وە لەسەتا بیستوپێنجی لەچالاکیە نەجوڵاوەکاندا بەسەربەرێت،

بەڵام بەداخەوە کارەساتەکە لەوەدایە کە منداڵەکانمان ڕێک بەپێچەوانەی ئەو ڕێسایەوە ئەجولێنەوە.

پێنجەم : پێویستە هیچ وێنەیەکی ڕووت و بێ ئابرووی تیانەبێت، کەحەز و ئارەزوویان ببزوێنێت.

شەشەم : نابێ لەشوێنێکی چەپەک و بەتەنیا و هەرخۆیان بن لەکاتی یاریکردندا، بەڵکو پێویستە لەشوێنێکی دیار و بەرچاودابن.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە زۆربەی باوکان ودایکان، ئەم زەرەر و زیانانەیان لەلا شاراوە نی یە، وە ئەگەر بێتو ئامۆژگاری بکرێن و بەیادیان بخرێتەوە: ئەوا دێن بەبیانووی لاواز و بەڵگەی نەزۆک، پاساو بۆخۆیان ئەهێننەوە، ئەویش ئەوەیە بەهۆی ئەو جۆرە یاریانەوە لەکردەوە هەراسان کردنەکانی منداڵەکانیان حەواونەتەوە، و توانیویانە یاری کردنیان لەماڵەوە لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە.

بەڕاستی ئەمجۆرە باوک و دایکانە هیچ شتێکیان لەلا گرنگ نی یە تەنیا خۆشی و حەوانەی خۆیان نەبێت، ئەگەرچی لەسەر تەندروستی و سەلامەتی ئەقڵ و مێشک و خوو ڕەووشتی منداڵەکانیشیان بکەوێت.

داوا لەخوای بەرز و بڵند ئەکەم کەوا بەسۆز و میهرەبانی و بەخشندەیی خۆی منداڵەکانمان بۆ چاک بکات، و بیانپارێزێت لەهەر شتێک کەخراپیان ئەکات و ئەبێتە مایەی ئازار بۆیان.

وە هەمیشە خۆت واڕابهێنە کە هەرکاتێک چوویتەوە بۆ ماڵەوە و چاووت کەوت بەمناڵەکانت: ئەوا بەو پەڕی تاسە و پەرۆشیەوە بچۆرە لایان، و بەگەرمیەکی قوڵەوە پێشوازیان لێ بکە و باوەشیان بۆ بکەرەوە، و پێیان ڕابگەیەنە کەوا تامەزرۆی بینینتانم، وە هەرکاتێ هاتیتە بۆماڵەوە و لەماڵ چوویتە دەرەوە ماچیان بکە، جا بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار بۆت دەرئەکەوێت و ئەیانبینی کە چۆن تامەزرۆی گەڕانەوەتن، و چاوەڕێی گەیشتنن، و چۆن بەدابڕان و دوورکەوتنەوەت ئێش و ئازاریان پێ ئەگات.

( وە هەندێ لەباوکان و دایکان زیاد لەپێویست ڕژدو چروکن بەرامبەر بەمناڵەکانیان، کە بەم هەڵوێستەی وای لێکردوون بەرامبەر بەکەسانی تر هەست بەکەمی بکەن ، وە ڕەنگە ئەمە پاڵیان پێوەبنێت بۆ گەڕان بەدوای پارەدا بەهەر ڕێگایەک بێ، جا یان بەدزی بێت، یان بەداواکردن بێت لەخەڵکی، یاخود بەخزانە ناو هاوڕێی خراپ و تاوانبارەوە بێ )[1].

وە گەورەترین مافێکی مناڵ کە واجب بێت لەسەر باوکان بریتی یە لە بەشوودانی کچ و ژن هێنان بۆ ئەوکوڕانەی کە شایانیانە و شانیان هەڵی ئەگرێ بۆ ئەو کارە، و یارمەتیدان و هەوڵ و تەقەلادانی خێرا بۆ دۆزینەوەی کەسی شیاوو لەبار بۆیان.

ئایا چۆن باوکێک کە لەخوا و ڕۆژی دوایی ئەترسێت دڵی دێت و ڕازی ئەبێت کە: ژنهێنان و شووکردنی مناڵەکانی دوابخات، و کەمتەرخەمی ئەکات و خاوو خلیچکی ئەنوێنێ لەم کارو فەرمانە گرنگەدا بۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا توانای هەبێت، کەچی بێت ئ

---

(١) التقصير في تربية الأبناء للشيخ محمد الحمد :٥ .

بەوشێوەیە بڕوانێتە پێداویستی مناڵەکانیان بۆ ژنهێنان و شووکردن و پاکیزەیی و داوێن پاکی.

وە بەو کارەی هاتووە بێبەشی کردوون لەئارامی و ئۆقرەگرتنی دڵ و دەروون، و دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووەکانیان.

(وە هەندێ لەباوکان هەیە بەبێ هیچ بەهانەیەکی شەرعی نایەڵێ کچەکەی شووبکات، ئەبینی خوازبێنیکەرێکی شیاو ڕەدئەکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کچە تاقانەکەیەتی و حەزناکات لێی جیابێتەوە، یان حەزئەکات خزمەتی بکات، یان فەرمانبەرە و نایەوێت دەستبەرداری مووچەکەی بێت، یان چاوەڕێ ئەکات خوازبێنیکەرێکی دەوڵەمەند داوای بکات، یاخود لەبەر هەر هۆکارگەلێکی تر بێ.

کە ئەمەش بۆخۆی بێبەش کردنی کچە لەمافی شووکردن، جا ئەبێ حاڵی چۆن بێ کاتێ کچە هاوتەمەنەکانی خۆی لە ئامۆزا، یان پورزا، یان خاڵۆزا، یاخود هاوڕێکانی ئەبینێ کەمناڵیان بەباوشەوەیە و بەختەوەر و شادمانن لەگەڵ مێردەکانیاندا و ئەمیش هیچ؟

بەڕاستی لەداخ و غەم و پەژارەدا ئەسوتێت، بەرپرسیارێتی ئەو دواخستنەش ئەکەوێتە ئەستۆی باوکەوە، چونکە بنەڕەت لەم کارەدا ئەوەیە کە ئەبوایە خۆی دەستپێشخەری بکردایە بۆ بەشوودانی هەر کاتێک کەسێکی چاک و بۆخوا صوڵحاو خوازبێنی بکردایە)[1].

---

(1) التقصير في تربية الأبناء للشيخ محمد الحمد :١٤ .

ئەمەش چیرۆکی کچێکە کە یەکێک لەزانا بەڕێزەکان گێڕاویەتیەوە و ئەڵێ: ئافرەتێک هەبوو تەمەنی گەیشتبووە چل ساڵ و هێشتا شووی نەکردبوو، وە هەرکاتێک خوازبێنیکەرێکی بهاتایە باوکی ملی نەئەدا و ڕەتی ئەکردەوە، بەهۆی ئەوەوە تووشی غەم و پەژارەیەکی ئەوتۆ بوو مەگەر هەرخوا بۆخۆی بزانێ چەندێ ئەبوو، وە هەرگیز بەڕوویەکی گەشەوە نەتئەبینی بەغەمباری نەبێت، تا لەسەرەنجامی ئەوەدا تووشی نەخۆشیەک بوو بەپەلە گەیاندیانە نەخۆشخانە.

باوکەکەی هات بۆ سەردانی هەتا دڵنیابێت لەتەندروستی، کچەکە ڕووی کردە باوکی و پێی ووت: بابە گیان لێم نزیک بەرەوە، ئەویش لێی نزیک بۆوە، ووتی زیاتر، ئەویش زیاتر لێی نزیک بۆوە، کچەکە پێی ووت: بڵێ ئامین، ئەویش ووتی: ئامین، کچەکە تا سێ جار ئەمەی لێ دووبارەکردەوە، باوکەکەش ئەیووت ئامین، تا لەکۆتا جاردا کچەکە ووتی: دەک خوا بەهەشتت لێ حەرام بکات وەک منت لەشووکردن بێبەش کرد، ئیتر دوای ئەوە کچەکە مرد و گیانی سپارد ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

ئەمەش چیرۆکی کچێکی ترە، کەوا باوکی لەمافێکی ڕەوا و شەرعی خۆی ڕێگری لێکرد کە بریتی بوو لەشووکردن و ئاسودەیی و نەوەخستنەوە، و پاکیزەیی و داوێن پاکی، بەبیانووی پڕوپووچ و بێ بناغە، ئەم کوڕەیان درێژە.. ئەوەشیان کورتەباڵایە.. ئەمەش هاوشانی ئێمە نی یە.. وە بەهانە و ناڕەزایی تریش بێجگە لەوانە هەتا کچەکە گەورە بوو، وە کار لەکارترازا و شووکردنەکەی بەسەرچوو.

جا کاتێ باوکی کەوتە گیانەڵاوە داوای لەکچەکەی کرد کەوا گەردنی ئازاد بکا، کچەکەش لەوەڵامدا ووتی: سوێندبێ بەخوا گەردنت ئازاد ناکەم، چونکە تۆ بوویتە هۆی داخ وخەفەت و غەم و پەژارە بۆم و لەمافی ڕەوای ژیانی خۆم بێبەشت کردم.

من چیبکەم لەو بڕوانامانەی کە بەدیواری ماڵەکەدا هەڵمواسیوە لەکاتێکدا منداڵێک لەناو ماڵەکەکەدا بۆم نەتریقێتەوە و نەیەت و نەچێت؟

من چیبکەم لەبڕوانامە و پلەو پایەیەک ئایا لەسەر چرپایەک لەگەڵیدا بنووم؟

نەلەباووشمدا شیرم بەمناڵێک دا؟ و نەگوشیشم بەخۆمەوە، ڕۆژێک لەڕۆژان نەهاتم سکاڵا و خواستەکانم بۆ پیاوێک بدرکێنم کە خۆشم بووێت و ئەویش منی خۆش بووێت، کە خۆشەوویستی ئەو وەک خۆشەوویستی تۆ نی یە؟ و پەیوەندی ئەو وەک پەیوەندی تۆ نی یە؟ بۆیە بڕۆ لەبەر چاوم وونبە، وادەی من و تۆ با ڕۆژی دوایی بێت لەنێوان دوو دەستی ئەو پەروەردگارەی کە دادپەروەرە و هیچ ستەمێک ناکات، فەرمانڕەوایەکی بەدادە و مافی هەموو کەسێک ئەسێنێتەوە، بەڵام تۆ ڕق و تووڕەیی منت لەسەر بێت، هەرگیز بەزەییم نابێت بەرامبەرت، و لێت ڕازی نابم هەتا وادەی بەیەکگەیشتنمان لەنێوان دوو دەستی پەروەردگاری فەرمانڕەوای دادپەروەری زانادا [1].

ئەم سەرەنجامەش هەمووی بەهۆی ڕژدی وچرووکی ودەست قووچانی ئەم باوکە و هاوشێوەی ئەمەوەیە ، ئای چەند بەدبەخت و سووک و ڕیسوایە، هات سامانەکەی لەکەسی نزیک ودووری خۆی گرتەوە، مناڵ و خۆشەویستانی هەژارخست، خانەوادە و

[1] انظر : صيد الفوائد ، تحت عنوان : كيف نتغلب على مشكلة تأخر الزواج ، أ. محمد شندي الراوي.

ڕۆڵەکانی فرێدایە ناو بەڵا و کارەساتەوە، بەهۆی چرووکی ئەوەوە تەنگانە وناڕەحەتی و بەدبەختیان چێژت، ئەبینن ماڵ وسامانەکەی لەژماردن نایەت، و هیچ شار و وڵاتێک نایگرێت، سامان و دراوەکانی لەسندوق و بانکەکاندا کەڵەکە بووە، کەچی هەر سوورە لەسەر کۆکردنەوە و ژماردنی و هەمیشە پێیانەوە خەریکە، دەک خوا لەناوی بەرێت لەسەر ئەو بەدبەختیەی، و کەساس و ڕەنجەڕۆبێ لەسەر ئەو خۆ ماندووکردنەی، ئای چۆن وای لێهات کەس خۆشی نەوێت و ڕەنجی بەباچوو، ئای چۆن خۆی لەخەڵکی دوورخستەوە و شووم و نەگبەت بوو.

کوڕەکانی دڵیان پارچەپارچە بووە بۆ ژیانێکی کامەران، و ماڵێکی فراوان و هۆکارێکی لێخوڕین بەئاسوودەیی، پچوکەکەیان ئەیەوێ ژن بهێنێت و داوێن پاک بێت، و گەورەکەیان وێڵە بەدوای ژیانێکی مەمرەومەژیدا کە چاوی لەدەستی کەسەوە نەبێت، کچەکانیشی ئەیانەوێت وەک سەرلەبەری کچانی تر بژین، و بەهۆی ماڵ و سامانەکەیەوە پۆشاکی جوان لەبەربکەن و دڵخۆش و کامەران بن، بەڵام چی لەباوکێک ئەکەیت کە دڵی وەک بەرد بێت بەڵکو لەبەرد ڕەقتر بێت.

هات بەختەوەری خۆی فرۆشت، و مناڵەکانی دۆڕاند، و خۆشەویستانی بەجێیان هێشت و لێی جیابوونەوە، و بەماڵ وسامانێکی کەڵەکەبوو، و چەند درهەمێکی دوابڕاو، خوای گەورەی لەخۆی تووڕەکرد.

نەخۆی توانی کەڵکیان لێ وەرگرێت و سوودمەند بێت، نەتوانیشی بۆ ڕۆژی دوایی خۆی پاشەکەوتی بکات.

جا ئایا کەس هەیە حاڵی لەحاڵی ئەوکەسە دۆڕاوتر و بەدبەختر بێ؟، وە ئایا کەسێکی تر هەیە لەم و هاوشێوەی ئەمە کەمتر و کینەدارتر بێ لەدڵی خەڵکیدا؟

یەکێک لە لێپرسراوانی بانکێک بۆیگێڕامەوە و ووتی: ڕۆژێکیان پیاوێکی جل شڕی پەڕپووتی ڕەزاقورس ، هاتە ژوورەوە بۆلام ، وامزانی داوای خێر و صەدەقە ئەکات ، بەڵام بەپێچەوانەوە داوای لێکردم تابزانێ حسابی پاشەکەوتەکەی چەندە، کە سەیرمکرد حسابەکەی لەبیست ملیۆن ڕیاڵی سعودی زیاترە ، کەچی سەرەڕای ئەوەش چرووکی نواندوە بەرامبەر بەخودی خۆی و خێزان و منالەکانی پەنا بەخوا ئەگرم لەم خووە نەگریس و قێزەوونە.

وە زانایان ڕژدی و چروکیان بە یەکێک لەگوناهە گەورەکان داناوە، چونکە جێگیر بووە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ کە بە بەنی سەلەمەی فەرمووە: ( مَنْ سَيِّدُكُمْ يَا بَنِي سَلِمَةَ؟ قُلْنَا: جَدُّ بْنُ قَيْسٍ، عَلَى أَنَّا نُبَخِّلُهُ، قَالَ: «وَأَيُّ دَاءٍ أَدْوَى مِنَ الْبُخْلِ؟ بَلْ سَيِّدُكُمْ عَمْرُو بْنُ الجَمُوحِ )[1].

واتە:" ئەی هۆزی بەنی سەلەمە کێ سەرگەورەتانە؟" ووتمان: جەدی کوڕی قەیس، بەڵام ئەوەی هەیە ڕژد و چروکە لامان، فەرمووی:" جاچ دەردێک لە چروکی خراپترە؟ بەڵکو سەرگەورەی ئێوە عەمری کوڕی جەموحە".

بەڵێ! ڕاستە ئەبێ چ دەردێک هەبێت لەڕەزیلی خراپتر بێ، چونکە ڕژدی و دەستقوچان لەگەورەترینی بەڵا و دەردەکانە، و ڕسواترین خوو ڕەوشتە.

---

(١) رواه البخاري في الأدب المفرد ( ٢٩٦ ).

که پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - ئەی باوکی چروک و دەستقوچاو - وه ئەوه باش بزانە لەهەموو نوێژێکدا بەم نزایه ئەپاڕایەوه و ئەیفەرموو: ( أَعُوذ بِك مِنَ البُخْلِ والكسَلِ )[1].

واته:" خوایه پەنات پێئەگرم لەچروکی و تەمەڵی ".

بەڵێ، هەموو ڕۆژێک لەخوا ئەپاڕایەوه کە بیپارێزێ لەو دەردەی کە تووشی تۆ بووه، وه گوناهێک کە چواردەوری داویت، ئای چەند گەورەیە تاوانەکەت، و چەند ناشرین و قێزەونە کردەوەکەت کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بڕواداران هەموو ڕۆژێک پەنابەخوا بگرن لێی کەتۆ پێوەی ناسراویت و خووت پێوە گرتووه.

❁❁❁

(١) البخاري (٤٧٠٧)، و مسلم (٥٢).

## بنچینەی نۆزدەهەم

گـــوێگرێکی چـــاکبە بـــۆ منـــاڵەکەت، جـــا ئەگەر هـــاتو وانەبوویـــت لەگەڵیـــدا ئەوا هانـــا بـــۆ کەسـێکی تــر ئەبـــات، و ڕازو نهێنـــی و خـــۆزگە و گیروگرفتەکـــانی لەلای ئەو ئەدرکێنێ .

ئەگەر منداڵەکەت هات بۆلات هەتا پێت ڕابگەیەنێ کە لەقوتابخانە چی بەسەرهاتووە، ئەوا تۆ بەگرنگی پێدانەوە گوێی بۆڕابگرە، چونکە ئەو بۆئەوە هاتووە تا گوێی لێبگریت کە ئەڵێت چی، وە ئەو ڕازەت لەلا بدرکێنێ کە بە دڵ و دەروونیدا هاتوچۆ ئەکات، جا قسەکردنی بۆت لەو ساتەوەختەدا ـ بەگوێرەی لێکدانەوەی ئەو ـ لەهەموو ئەو ئیش وکارانە گرنگترە کە تۆ پێیەوە خەریکیت، چونکە ئەو ئەیەوێت ئەو هەموو هەست و سۆزە دڵخۆشکەر یان نارەحەت و بێزارکەرەت پێڕابگەیەنێ کە بە مێشکیدا دێت و دەچێت.

وە ئاگاداربە لەوەی کە نەکەیت لەگەڵیدا وەک لێکۆڵەرەوەیەکی سەلمێنەر بیت و بێیت وەک تاوانبارێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەیت، بەڵکو وەک ڕاوێژکارێکی خێزانی بە، کە کردنەوەی گرێ کوێرەکانی لەلایە ، و چارەسەری گیروگرفتەکان ئەکات.

جا ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان منداڵەکەت هات بۆلات بۆ ئەوەی پێت ڕابگەیەنێ کە لەقوتابخانە چی بەسەر هاتووە و ووتی: ( ئەمڕۆ فلان منداڵ لێیدام و بەبەرچاوی هاوڕێکانمەوە قسەی پێووتم ) ئەوا تۆ وەک پشکنەرێک مەبە لەگەڵیدا و لێی بپرسیت: (باشە تۆ سەرەتا لەوت نەداوە؟ ئەی شتێکی ئەوتۆت نەکردووە کە تورەی بکەیت و ڕقی

هەڵسێنیت؟ ) ئیتر ئا بەوجۆرە بیت لەگەڵیدا! وە ئەو بڕیارەی بەسەردا مەدە و پێی بڵێیت کە هەرتۆ هەڵەت کردووە بەرامبەری، و بێیت پێی بڵێیت: ( هەر ئەبێت تۆ دەستپێشکەریت کردبێت، و من تۆ چاک ئەناسم کە چەند نەگریس و چەقاوەسویت! ).

چونکە تۆ هاتوویت بەو ڕەفتارەت دەرگای گفتوگۆت کردنت لەگەڵیدا داخستووە، وە لەتێڕوانینی ئەوەوە تۆ لەهاوڕێیەکەوە کە ڕاز و نیازی دڵی خۆی بۆ ئەدرکانیت و هانای بۆ ئەهێنایت ، بوویت بە لێکۆڵەرەوەیەک یان وەک دادوەرێک خۆت ئەنوێنیت و بڕیاری بەسەردا ئەدەیت.

بەڵکو ڕەنگە تۆ لەتێڕوانینی ئەوەوە وەک لێکۆڵەرەوەیەکی ستەمکار بیت، کە بەدوای بەڵگەیەکدا ئەگەڕێیت تا پێی تاوانبار بکەیت، و سووربیت لەسەر ئەوەی کە بێتاوانی ناحەزەکەی بسەلمێنیت.

چونکە ئەو نایەوێت گوێ لەتۆ بگرێت هەتا چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە، بەڵکو ئەو ئەیەوێ لەهەست و سۆزیدا بەشداری بکەیت، و کارلێک بکەیت لەگەڵیدا و ئاوێتەی ببیت و دڵخۆشی بدەیتەوە.

( وە زۆرێک لەباوکان و دایکان دەرک بەوە ناکەن، کە تێنەگەیشتن لەهەست و سۆزی مناڵ یەکێکە لەهۆکارەکانی بەدخوویی و ڕەفتار خراپی مناڵ، جا چڕکردنەوەی ئاخاوتن لەگەڵ منالدا لەسەر ئامۆژگاری کردن و هەڕەشەکردن و لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی چارەسەر زیاتر منالەکە لەباوک و دایکی دوورئەخاتەوە، وە حەزناکات لەگەڵیاندا بدووێت، چونکە کەسیان لەو تێناگەن.

جا بۆیە گوێگرتن لەگرنگترین هۆکارەکانی چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتەیە )[1].

✿✿✿

(١) أولادنا من الطفولة إلى الشباب ، لمامون مبيض .

## بنچینەی بیستەم

بانـــگ کردنیـــان بە جـــوانترین نـــاو و خۆشـــترین نازنـــاو لەلایـــان و دەســـتەواژەی ستایشـــکردن و هانـــدان بـــدەن بە گوێیانـــــدا، وە دووركەوتـــــنەوە لەجوێنپێـــــدان و شکاندنیان .

یەکێک لەلێکۆڵینەوە نوێکان ئەڵێت: بێگومان منداڵ هەتا تەمەنی هەرزەکاری، ڕەنگە لەدایک و باوکیەوە گوێی لەپانزە هەزار ووشەی خراپی جوێن و شکاندن بووبێت.
جا تۆ وەرە بیر لەبارودۆخی دەروونی ئەم هەرزەکارە بکەرەوە، کە بەم برە زۆرە مێشکی ئاخنراوە و تێربووە لەدەستەواژەی جوێنپێدان و شکاندن، کە بەهۆیەوە زۆرێک لەهیوا و ئاوات و بەهرە و تواناکانی کوشتووە.
وە ئەگەر تێبینی بکەین ـ ئەی کۆمەڵی باوکان ودایکان ـ ئەگەر هاتو ئێمە هاتین وەسفی منداڵەکانمان کرد بە وەسفێکی نەرێنی و خراپ، ئەوا بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەم وەسفە ئەگۆڕێت بۆ خوو ڕەووشت بۆی، جا ئەگەر بۆ نمونە دووبارە دامانەوە بەگوێیدا کە منداڵێکی لاسار و چەقاوەسووە، و لەبەرچاوی خەڵکی باسی لاساریەکەیمان کرد، ئەوا بەتەواوەتی باوەڕئەکات و ئەوەی لەلا دروست ئەبێت کە بەڵێ ڕاستە منداڵێکی لاسار و چەقاوەسووە، و بۆیە لەئایندەدا بەلاساری هەڵسوکەوت ئەکات.

پاشان هەست کردنی منال بەخودی خۆی لەمیانەی مامەڵەکردنی تۆوە بۆی دێت، جا ئەگەر ئەو هەستەت لەلا دروستکرد کە منالێکی چاک و گوێڕایەڵ و بەڕەووشتە، و لەبەر ئەو ئاکارە جوانانە خۆشەویستی خۆت بۆ دەربڕی، و جاروبار بەو ئاکارە جوانانە بانگی بکەیت، ئەوا هەر لەخۆیەوە ئەو بۆچوونەی لەلا دروست ئەبێ کە مرۆڤێکی چاک و گوێڕایەڵ و بەڕەووشتە، و کەسێکی خۆشەویستە لای باوک و دایکی، و خاوەن پلەیەکی بەرزە لەنێوان ماڵبات ( خانەوادە ) و کەسوکارەکەیدا.

بەڵام ئەگەر ئارام نەگریت لەسەر هەڵسوکەوت و خوو ڕەووشتە ناشرینەکانی، و ئەو هەستەی لەلا دروست بکەیت کە منالێکی چاک و گوێڕایەڵ نی یە و لاسارە، یان تەمەڵ و تەوەزەلە یان منالێکی بێ گوێیە، و بەردەوام ئەم دەستەواژە کوشندانەی بۆ دووبارە بکەیتەوە، و سەرزەنشتێکی زۆری بکەیت، ئەوا لەسەر ئەو وەسفانە گەورە ئەبێت و فام ئەکاتەوە، و بۆچوونێکی نەرێنی و خراپی لەبارەی خۆیەوە لەلا دروست ئەبێت، و لەکۆتایدا یان بەرەو خەمۆکی و تێکشکان و نزم بوونەوەی ئاستی ئەبات، یان بەرەو یاخی بوون و بەلەسەبوون ، یاخود لەوخێزانە ڕائەکات کە تەنیا جوێندان و شکاندنی تیائەبینێت، وە بەدوای جێگە و پەناگە و هاوڕێیەکدا ئەگەڕێت کە ڕێک پێچەوانەی ئەو قسە و دەستەواژانەی ئەدا بەگوێدا کە لەماڵەوە پێیان ئەووت، جا لەوێوە دەست ئەکات بە لادان و گومڕابوون، وە ئەگەر کچ بوو ئەوا هەوڵ ئەدات پێچەوانەی ڕەگەزەکەی خۆی دەست بکەوێ، بۆ ئەوەی گوێی لەشتێک بێت کە هەست وسۆزی پاراو بکات، و لەئازارەکانی کەم بکاتەوە.

ئەی باوک و دایکی بەڕێز ڕەنگە هەریەک لەئێوە بڵێن: ئەگەر منالەکەمان هەر سوور بوو لەسەر هەڵسوکەوتە ناشرین، و ئاکارە خراپەکانی ، باشە ئەبێ چۆن بانگی بکەین و بەچ شێوازێک مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟

لەوەڵامدا ئەڵێین: هەرکاتێک بینیت ڕەفتارێک ئەنجام ئەدات کە حەزی پێناکەیت، یان کردەوەیەکی خراپ ئەکات، ئەوا تێیبگەیەنە و پێیبڵێ کە عەیبە و کەموکوڕی لەخودی تۆدا نی یە، بەڵکو هەڵە لەئاکار و هەڵسوکەوتدایە.

بۆ نمونە: لەجیاتی ئەوەی پێی بڵێیت: (بەڕاستی تۆ منالێکی خراپ و لاساریت) ، پێی بڵێ: (بەڕاستی کارێکی قێزەوونت ئەنجامدا کە شیاوی تۆ نی یە، و بەهۆیەوە خەڵکی ڕقیان لێت ئەبێت).

یان لەجیاتی ئەوەی پێی بڵێی: (من ڕقم لێتە لەبەر خوو ڕەووشت و هەڵسوکەوتە ناشرینەکانت) ، ئەوا پێی بڵێ: (من ڕقم لەو سیفەتە ناشرینەتە).

یان لەجیاتی ئەوەی پێی بڵێی: ( من ئیتر بەرگەی تۆ ناگرم و ئارامم نەماوە لەبەرت )، وەرە پێی بڵێ: ( من ئیتر بەرگەی ئەم ڕەووشتە ناشرین و قێزەوونەت ناگرم ).

وە سووربە لەسەر ئەوەی منالەکەت وا هەست بکات کەتۆ خۆشت ئەوێ، و هەمیشە ئەوەی پێ ڕابگەینە و بیدە بەگوێیدا کە تۆ خۆشت ئەوێ، و وەرە بە دیاری و سڵاو لێکردنی، و ڕێزگرتنی هاوڕێکانی، و پاڕانەوە بەنهێنی و بەئاشکرا لەبەرچاوی خۆیدا ئەم خۆشەویستیەی خۆتی بۆ دەربڕە، و بەو نازناوە بانگی بکە کە پێی خۆشە.

جا ئەگەر هاتو ئەمەت جێبەجێ کرد، ئەوا قسەکردن و ئامۆژگاری و ڕەخنەکانت کاریگەری خۆی ئەبێت و شوێنەوارێکی چاک لەدڵ و دەروونیدا جێدەهێڵێت، و بەدڵێکی فراوانەوە وەریئەگرێت.

هەروەها ـ خوای مەزن چاودێریت بکات ـ سووربە لەسەر هاندانیان ئەگەر هاتو خوو ڕەووشتێکی جوان و ئەرێنیت لێ بینین، وەرە سوپاسیان بکە لەسەری، ئالێرەدا ڕێسا و بنچینەیەکی پەروەردەیی هەیە کە ئەڵێ" ( ئەو ئاکار و ڕەووشتەی کە ئاگاداری بیت و چاودێری بکەیت دووبارە ئەبێتەوە، ئەوەیش کە ئاگاداری نەبیت ئەڕوات و نامێنێت ).

۞۞۞

## بنچینەی بیست و یەک

منداڵەکانمان ڕابهێنین لەسەر ئازادی بیروڕا و هەڵبژاردن و بڕیاردان، بەمەرجێ زیانی نەبێت بۆ دین و ژینی، پابەندی نەکەین بەجۆرە پۆشاکێکەوە یان جۆرە خۆراکێکەوە کە قەدەغە نەبێت، جا کەوات کرد ئەوا منداڵەکەت خۆشی ئەوێیت، ڕێز و چاکەت پێئەزانێت، کەتۆ هاتوویت هەموو شتێکی پەسەند و چاکت لەئەقڵ و هۆشیدا چاندووە،لەگەڵ بەهێزی و سەربەخۆیی لەڕاکانیدا.

محمد ڕەشید ڕەزا بەڕەحمەت بێ ووتویەتی: ( خەڵکی وا گومان ئەبەن کە فەرمانکردن بەمناڵ تا چاک بێت لەگەڵ باوک و دایکیدا بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باوک و دایک بۆیان هەیە بەئارەزووی خۆیان یاری بە سەربەستی منداڵەکانیان بکەن، و منداڵ بۆی نەبێ سەرپێچی بۆچوون و حەز و ئارەزووی باوک و دایکیان بکەن، ئەگەرچی ئەو زاناش بێت بە بەرژەوەندیەکانی خۆی و ئەوانیش نەزان، کە ئەمەش بۆخۆی نەزانیەکی بەربڵاوە کە هانی باوکان و دایکانی داوە زیاتر بێدادی بنوێنن لەسەرەوکاری کردنی منداڵەکانیاندا، وائەزانن پلەوپایەی باوکایەتی و دایکایەتی لەخودی خۆیدا وائەخوازێ کە ڕا و بۆچوون و ئەقڵ و تێگەیشتنی منداڵ کەمترە و لەخوار بۆچوون و ئەقڵ و تێگەیشتنی ئەوانەوەیە )[1].

---

(١) تفسير المنار ( ٥/ ٧٢ ).

ڕاستی ووت بەڕەحمەت بێ ، بێگومان ئەو هەرزەکارەی خاوەنی کەسێتیەکی لاوازە یان ئەوانەیان کە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامیان هەیە لەداهاتوو، هەردەم بەدوای ڕێگەیەکدا ئەگەڕێن بۆ ڕازی کردنی هاوڕێکانیان. بەڵام ئەگەر هاتو هەر لەمناڵیەوە بەرنامەیەکی ڕاست و دروستیان پێبدرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکان و بڕیاردان لەسەر هەڵوێستەکان، ئەوا کاتێ گەورەبوون ئەتوانن زۆر بەئاسانی ڕووبەڕووی بارودۆخەکان بینەوە و هەڵوێستی لەبار و گونجاو وەربگرن و ئاکامێکی باشیشیان ئەبێت.

وە واتای ئەوەی کە ئێمە بێین بواری سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕادەربڕین و بڕیاردانیان بدەینێ: بریتی یە لەوەی کە بابێت بەئارەزووی خۆی چ جۆرە کراسێک یان پۆشاکێکی شەرعی حەزلێیە لەبەری بکات، یان حەزی لەچ جۆرە یاریەک بێت ئەنجامی بدات، وە خۆی بڕیاری گونجاوو لەبار بدات کە چۆن ژوورەکەی ڕێک بخات، ئیتر ئا بەوجۆرە سەربەخۆیی هەبێت نەک لەشتە یاساغ کراوەکاندا.

جا ئەو منداڵەی دەرفەتی ئەدرێتێ کە خۆی بڕیار بدات، و هەڵسێت بە تاقیکردنەوە بەبێ خۆتێهەڵقورتان و پابەندکردنی لەلایەن کەسانی ترەوە، ئەوا لەئایندەدا تێئەگات کە ئەو بڕیارانەی داویەتی ئاکامی خۆی ئەبێت، کە لەئایندەدا کاتێ پێ ئەنێتە تەمەنی هەرزەکاریەوە توانایەکی ئەوتۆی ئەداتێ بتوانێ بڕیاری ڕاست و دروستی خۆی لەبارەی زۆر شتەوە بدات.

پیاوێک ئەناسم کە ئەهات بۆ نوێژی هەینی منداڵەکەشی لەگەڵ خۆیدا ئەهێنا، جارێکیان کاتێ نوێژ تەواو ئەبێت منداڵەکەی کە تەمەنی لەحەوت ساڵ تێپەڕی نەئەکرد داوا لەباوکی

ئەکات بەهاوەڵێتی مامی لەگەڵ ئامۆزاکانیدا بڕواتەوە بۆ ماڵەوە، باوکەکەش بەمناڵەکەی ئەڵێ: ئەی کوڕی شیرینم خۆت سەرپشک بە لەگەڕانەوەت لەگەڵیاندا، بەڵام ئامۆژگاری من بۆتۆ ئەوەیە لەگەڵ کێدا هاتوویت هەر لەگەڵ ئەویشدا بگەڕێیتەوە، هەتا لەئایندە سەرت لێ نەشێوێت و هەموویان بەجێت بهێڵن، و هەر یەکەیان وابزانێت لەگەڵ ئەو ڕۆشتویتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام مناڵەکە گوێی نەدا بە ئامۆژگاریەکەی باوکی و ووتی هەر لەگەڵ ئەواندا ئەڕۆمەوە، جا لەیەکێک لەهەینیەکاندا ئەوەی کە باوکەکە پێشبینی کرد هاتەدی، ئەویش ئەوەبوو کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بینی براکەی هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە بێ ئەوەی مناڵەکەی ئەوی لەگەڵدا بێت! باوکەکە بەبراکەی خۆی ووت: کوا کوڕەکەم؟ ئەویش ووتی: ئەی لەگەڵ خۆتدا نەگەڕایەوە؟ ووتی: نەخێر! براکەی ووتی: کەواتە ئێستا لەمزگەوتە و هێشتا نەهاتۆتەوە، بەڵام باوکەکە گوێی بەوقسەیە نەدا، و نزیکەی چارەکێک چاوەڕێی کرد ئینجا لەماڵەوە ڕۆیشتە دەرەوە بەدوای کوڕەکەیدا، لەڕێگادا مناڵەکەی بینی کە ماوەیەکی باش بەپێ ڕۆیشتبوو، وە فرمێسک بەسەر گۆناکانیدا ئەهاتە خوارەوە، باوکەکە باووشی پێداکردو پێی ووت: ڕۆڵە لەبیرتە کاتی خۆی چیم پێووتیت؟ بەڕاستی ئەو ڕوداوە بوو بەگەورەترین پەند و ئامۆژگاری بۆ مناڵەکە کە ئەبێ ئاکامی ئەو بڕیارانەی بگرێتە ئەستۆ کە سەربەخۆیانە ئەیدات، و جارێکی تر بەباشی گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکانی باوکی بێت و لێیان لانەدات.

بەڵام ئەو مناڵەی کەسوکارەکەی بواری نادەن بڕیاری خۆی بدات، و هیچ شتێک تاقی بکاتەوە، و بەردەوام دەنوکیان لەسەریەتی و پێی ئەڵێن ها ئەوە خەریکی چیت و ئەتەوێ بڕیاری چی بدەیت، و کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتەکانیان کردوە بێ ئەوەی هیچ ڕایەکی

وەربگرن، هەر بەڕاستی ئەم منالە بواریان نەداوە کە بەشێوەیەکی باش گەشە بکات، و هەرگیز هزر و بیری پەرەناسێنێت و کەسایەتیەکی بەهێزی نابێت.

وە دوای ئەوەش کەسایەتی لاواز ئەبێت لەبەرامبەر هاوڕێکانیدا، و هەموو شتێکیان لێ وەرئەگرێت ئەگەرچی بەخراپە و زیانیش بەسەریدا بشکێتەوە، چونکە ئەزموون و هەڵسوکەوتی ڕۆژگار قاڵی نەکردبوو، وە لەڕابردوودا بڕیارێکی ئەوتۆی نەدابوو تا بزانێ سەرەنجام و زیانەکانی بەچی ئەبێ.

وە پەیوەندی بەوانەوە زیاتر ئەبێت وەک لەو پەیوەندیەی کە بەخانەوادەکەیەوە هەیەتی، کە جارەهای جار بواریان لەسەر تەسک ئەکردەوە کەوا بڕیارێکی لەبار و گونجاو سەبارەت بەخودی خۆی بدات.

وە لەهەمووی ترسناکتر ئەوەیە کە هیچ زانیاری و شارەزاییەکی نابێت سەبارەت بە کارە مەترسیدارەکان و چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیاندا، چونکە پێشتر ڕووبەڕووی هیچ شتێکی لەو جۆرە نەبۆتەوە، بۆیە شتێکی بەڵگە نەوویستە کە ئەبێتە نێچیرێکی ئاسانی هاوڕێی خراپ، چونکە کەسایەتیەکەی لاواز و لەرزۆکە.

بەڕاستی شاعیر ڕاستی ووتووە کە ئەڵێ:

عَرَفْتُ الشّرَّ لا لِلشّرِّ لَكِنْ لِتَوَقِّيهِ

وَ مَنْ لَمْ يَعْرِفِ الشّرَّ مِنَ الناسِ يَقَع فيهِ

واتە: ( خراپەم ناسی لەبەر خودی خراپەکە خۆی نا، بەڵکو بۆ خۆپاراستن لێی، وە هەرکەسێ خراپە نەناسێت ئەکەوێتە ناویانەوە ).

ئەوەش باش بزانە کە خەفەکردن و ڕێگری کردن و دەمکوتکردنی مناڵ ڕەنگە ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبێت، و کاردانەوەی بەهێزی لێ بکەوێتەوە، ئای چەند باوکمان بینیوە کە بەگوێرەی ئەم نەخشەیە مامەڵەیان لەگەڵ منالەکانیاندا کردووە، و هاتووە لەسەر تێکەڵی نەبوونی خەڵک مەگەر لەبوارێکی تەسکدا پەروەردەی کردوون، و ڕێگری لێکردوون بەئارەزووی خۆیان بێن و بچن مەگەر لەژێر چاودێری خۆیدا نەبێ، جا کاتێ گەورەبوون، و لەقۆناغی ناوەندی دەرچوون، و وایان لێهات کە جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەست خۆیان بێت نەک بەدەست کەسانی تر، و ڕووبەڕووی کۆمەڵگا بوونەوە بەبێ هیچ ئەزموون و شارەزاییەکی پێویست، ئەوا ئەو تێگەیشتنەیان لەلا دروست ئەبێت: کە ئەبینی ڕائەکەن بەدوای حەزو ئارەزوو هەوەسبازیدا و هەناسەبڕکێیان پێکەوتووە، و هەرچی بێتو بڕوات ئەمان دوایان ئەکەون و ئەبن بە هاوڕێیان، و هەر بەجارێک دێن خوێندن و زانکۆ پشتگوێ ئەخەن، هەموو ئەمانە بەهۆی ئەو پەروەردە سەقەتەوەیە، کە لەسەر کپ کردن و ڕێگری کردن و بێ متمانەیی بنیات نرابوو.

بەڵام ئەوانەی بەڕەهایی بواری سەربەستی و هەڵبژاردنیان ئەدەن، ئەگەرچی لەسەر حسابی ئاین و تەندروستی و ڕەووشتیشیان بێت، ئەوا بەڕاستی تاوانێکی ئەوتۆیان کردووە بەرامبەریان کە هەرگیز لەگەورەیدا لەبیریان ناچێتەوە.

ئای چەند مناڵمان بینی کە تووشی دەرد و نەخۆشی بوون، وەک نەخۆشی شەکرە و چاوکزی، وە هەندێکیان ڕەووشت و ئاین و پیاوەتیشیان لەدەستدا، چونکە باوکیان لەمناڵیدا دەرفەتی هەموو شتێکیان پێدابوون، بۆیە کە گەورەبوون کەسێکی گومڕا و سەرلێشێواو و خراپ و قێزەوونیان لێدەرچوو.

وە چەندێ لەکچانمان بینی کە بەپۆشاکە ڕووت و بێ ئابروویەکەی بەریانەوە، بانگەشەی داماڵینی شەرم و حەیا و پاکیزەیی و سرووشتی پاکیان ئەکرد، لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ( صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا، قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ، رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ، لاَ يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ، وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وكَذَا )[1].

واتە:" دوو چین لەخەڵکی دۆزەخ من هێشتا نەمبینوون، چینێکیان قامچیان پێیە وەک کلکی مانگا وایە لەخەڵکی پێئەدەن، وە چینەکەی تریان ئافرەتانێکی پۆشتەی ڕووتن بە لارولەنجەوە بەڕێدا ئەڕۆن بۆئەوەی سەرنجی پیاوان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، قژیان وەک کۆپارەی حوشتر بەرز کردۆتەوە کە لەقەبەیدا لاربۆتەوە، ئەمانە ناچنە بەهەشتەوە، و بۆنیشی ناکەن، لەکاتێکدا بۆنەکەی لەدووری ئەوەندە و ئەوەندە دێت و هەستی پێئەکرێت ".

---

[1] رواه مسلم ( ٢١٢٨ ).

پێشەوا ئیبنو عەبدولبەڕ بەڕەحمەت بێ لەڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا ووتویەتی: ( هەر پۆشاکێک پێستی لێوە دیاربێت و داپۆشەر نەبێت، بەهیچ جۆرێک نابێت لەبەر بکرێت، مەگەر لەگەڵ پۆشاکێکی تردا کە داپۆشەر بێت و پێستی لێوە دیارنەبێت، چونکە ئەوەی ئەمجۆرە ئەپۆشێت بۆخۆی ڕووتە..

وە کە ئەفەرمووێ: (كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ)، واتە: بەناو پۆشتەیە بەڵام لەڕاستیدا ڕووتە، چونکە ئەو جۆرە پۆشاکانە دایناپۆشن )[1].

زۆر بەجوانی ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو پۆشاکەی پێستی لێوەدیار بێت: بوونی وەک نەبوونی وایە، وە نابێت بەهیچ جۆرێک لەبەر بکرێت، وە کە لەبەرکرا پێویستە ئەوئەندامە دابپۆشێت.

وە پێشەوا و زانای بەڕێز موحەممەدی کوڕی عوسەیمین بەڕەحمەت بێ ووتویەتی: ( لەبەرکردنی ئافرەتان بۆ پۆشاکی قۆڵ کورت لەبەردەم ئافرەتانی تردا، و سنگ و پشت ڕووت و تڵیش تێکراو، یاخود قاچ ڕووت، وە پۆشاکی تەسک و تەنک، و لەبەرکردنی ئەو پۆشاکە کورتانەی لەسەرروو ئەژنۆوەیە: ئەوا من پێموایە نابێت بەهیچ جۆرێک ئافرەتان ئەو جۆرە پۆشاکانە لەبەر بکەن، ئەگەرچی لەبەردەم ئافرەتانی تریشدا بێت، چونکە ئەوە واتای ڕاستەقینەی ئەو فەرموودەیەیە " فەرموودەکەی سەرەوە " )[2].

(١) الاستذكار ( ٨/ ٣٠٧ ).
(٢) مجموع الفتاوى ( ١٢ / ٢٨٠ ).

جا ئەگەر باوکان و دایکان چاوپۆشی بکەن لەجۆری پۆشاکی کچەکانیاندا، و ڕێگری لەپۆشینی پۆشاکی تەسک و کورت و تەنکیان لێ نەکەن: ئەوا بۆخۆی ئەمە بەهانەیەکە بۆ وازهێنان لە پۆشاکی شەرم و شکۆ و حورمەت، ئەبینی ئەمڕۆ دێت پۆشاکێک لەبەر ئەکات لەخوار ئەژنۆیەتی، و شتێک لەشان و مل و سنگی دەرئەخات، ئیتر کچە لەسەر ئەم شێوەیە گەورە ئەبێت، ئیتر دوای ئەوە بەرەبەرە شەرم و ئەدەب کەم ئەبێتەوە، وە ڕەنگە زۆر لای ئاسایی بێت و پێی خۆش بێت کە بەو جلە بێ ئابروویەوە لەگەڵ پیاوی مەحرەمی خۆیشیدا بچێتە دەرەوە ( وەک لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەیبینین ـ وەرگێڕ ـ )!

وە کاتێ ئافرەت هات جوانیەکانی خۆی دەرخست، وەک سنگ و شان و قاچەکانی، ئەوە چ جای ئەوەی ئەگەر لەوە زیاتریشی دەرخست، ئەوا بەم ڕەفتارەیان ئەبنە هۆی شەیدا و عاشق بوونی هەندێ ئافرەتی تر پێیان، هەتا هەندێکیان وای لێدێت کە بەهۆی بیرکردنەوە لێیان شەو خەو ناچێتە چاویەوە پەنا بەخوا ئەگرین، وە هەموو ئەمانەی کە باسمان کرد وەنەبێ خەیاڵ و زیادەڕەویی بێت، بەڵکو هەموو ئەوانەمان بینیوە و بەڕاستەقینە لەهەندێ ئافرەتەوە بیستوومانە.

ئای چەند ژمارەیەکی زۆر لەئافرەتان بوون بە چاوەوە، بەڵکو گیرۆدەی سیحر و جادوو لێکردنیش بوون، هەموو ئەمانە بەهۆی دەرخستنی جوانی و ڕازاوەییانەوە بووە.

ئای تیاچوون و سزای سەختی لێپرسینەوەی قورسی ڕۆژی دوایی بۆ ئەو دایک و باوکە چاوپۆشیکەر و بەفیڕۆدەرانە بێت کە مناڵەکانیان پشتگوێخستووە ، ئەمە لەکاتێکدا

پەیامبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ فەرموویەتی: ( كُلُّكُمْ رَاعٍ، وكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ )[1].

واتە:" هەمووتان چاودێر و شوانن و هەمووشتان بەرپرسیارن لەژێردەستەکانتان، وە پیاویش شوانی ماڵبات و خێزانەکەیەتی و بەرپرسیارە لێیان ".

بەڵێ، بێگومان ئەو باوکەی ڕێگری لەپۆشاکی ناشەرعی کچەکەی نەکردبێت ڕائەگیرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا ئەکرێت، وە ئەو دایکەی نەرمی نواندبێت بەرامبەر پۆشاکی ناشەرعی کچەکەی بەهەمان شێوە ئەویش لێپێچینەوەی لەگەڵدا ئەکرێت، هەر هەموویان لەبەردەم خوای زاڵ و بەتواناداڕائەگیرێن وەک خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ الصافات: ٢٤ .

واتە:( ڕایانگرن ئائەوانە بەرپرسیارن )، هەر بەڕاستی پرسیاری ئەو ئەمانەت و ژێردەستانەیان لێ ئەکرێت کە گرتبوویانە ئەستۆی خۆیان، دەبا وەڵامێکی ڕاست ودروست وپێکەر بۆ ئەو پرسیارانە ئامادە بکەین، چونکە ئای ئەو ڕۆژە کە لێپرسینەوەکە ووردە، و سزاکەش سەخت و بەهێزە.

بەڕاستی چاوپۆشی کردن و نەرمی نواندنی باوکان و دایکان لەگەڵ کوڕ و کچەکانیاندا لەکار و کردەوە ناشرین و قەدەغەکراوەکاندا: لە هەڵە مەزنەکان و گوناهە گەورەکانە، وە هەندێکیان دێن پاساوی ئەوە بۆخۆیان دێننەوە کە کوڕەکەی یان کچەکەی هێشتا منالە، کە گەورەبوو وازی لێ ئەهێنێ، وە هەندێکیان ئەو بەهانەیە ئەهێنێتەوە کە نایەوێ سەر

---

(١) البخاري ( ٢٤٠٩ ) ، و مسلم ( ٤٨٢٨ ).

لەمناڵەکەی بشێوێنێت و ئاڵۆزی بکات، و ئەترسێ ڕق هەڵگرێت و لێی بسڵەمێتەوە، وە ئەو لەبەر سۆز و بەزەیی بەرامبەری و بەهانە و پاساوی شتی تری لەو جۆرە بۆخۆیان ئەهێننەوە، ئای ئەو ووتەیەی پێشەوا ئیبنولقەیم بەڕەحمەت بێ چەند جوانە کە سەبارەت بەوانە ووتویەتی: ( وە زۆرێک لەوانە هاتووە بەهۆی گوێپێنەدان و وازهێنان لەتەمێکردن و جڵەوشلکردن و یارمەتیدانی بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی مناڵەکەی و پارچەی جەرگەکەی نەگریس و بەدبەخت کردووە، بەخەیاڵی خۆی واش ڕائەگەیەنێ کە بەو کارەی ڕێزی لێ ئەنێت بەڵام لەڕاستیدا سوکایەتی پێکردووە، وە وائەزانێ ڕەحمی پێکردووە بەڵام لەڕاستیدا ستەمی لێکردووە و لەسۆز و بەزەیی بێبەشی کردووە، جا بەهۆی ئەوەوە کار لەکار ترازا و کەڵک وەرگرتنی لەمناڵەکەی لەکیس چوو، وە شادمانی و کامەرانی دنیا و قیامەتی ئەویشی لەکیسدا، وە ئەگەر بڕوانیتە هۆکاری خراپ بوونی مناڵ، ئەوا زۆر بەڕوونی بۆت دەرئەکەوێ کە زۆربەی زۆری لەلایەن باوکانیانەوەیە )[1][2].

۞ ۞ ۞

(١) تحفة المولود : ٢٤٢ .

(٢) بەڵام لەڕاستیدا ئەم پێوەرە بەم ڕەهاییە ڕاست نی یە ، چونکە لەقورئاندا نموونەی پێغەمبەر نوح عَلَيْهِ السَّلَامُ مان بۆ ئەگێرێتەوە کە کوڕەکەی بێ باوەڕ بووە، هەروەها لەسورەتی ( الکهف ) یشدا ئەو مناڵەی کە( خضر) ئەیکوژێت ئەگەر گەورەبێت بێ باوەڕ دەرئەچێت ئەمە لەکاتێکدا باوک و دایکی بڕوادار بوون، بۆیە مەرج نی یە کە مناڵ خراپ و لاسار دەرچوو بەهۆی خراپی باوک و دایکیەوە بێت، وە لەژیانی ڕۆژانەماندا چەندین نموونەی پێچەوانەی ئەمەش ئەبینین کە باوک و دایک خراپن کەچی مناڵەکانیان چاک و صاڵحن، وە ڕەنگە بەهۆی کەمتەرخەمی و گوێ پێنەدانی زۆرێک لەباوکان و دایکان ( وەک لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەیبینین ) زۆرێک لەمناڵان بەرەو لاڕێ بوون و خراپ بوون بچن ، بەڵام ناتوانین بڵێین کە ئەم بابەتە بەم ڕەهاییە ڕاست بێت، بەڵکو ئەم دیاردەیە بابەتێکی ڕێژەییە ( وەرگێڕ ).

## بنچینەی بیست و دوو

واز لەسیاسەتی بەرپەرچدانەوەی ڕاستەوخۆ بهێنە ، بەڵکو گفتوگۆ بکە و لێبکۆڵەرەوە و پێی بسەلمێنە پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەیت .

بەڵێ، نەکەی هەرگیز بە ووشەی ( نەء) دەم هەڵبهێنیتەوە کاتێ منالەکەت داوای شتێکی لێکردیت، مەگەر دڵنیابیت و سوور بزانیت کە تەنیا ئەوە وەڵامی ڕاست و دروستە بۆی.

وە زۆرێک لەدایکان بە تایبەتی و هەندێک لەباوکانیش واڕاهاتوون هەر لەسەرەتاوە مل نەدەن بۆ داخوازی منالەکانیان و بەرپەرچیان بدەنەوە، یەکسەر ئەڵێن: ( نەء ) پێش ئەوەی بەباشی دڵنیا بێت لەوەی کە ئایا داخوازیەکەی شایستەی ڕەتکردنەوەیە یان نا؟

جا کاتێ بەدایکی ئەڵێ: ئەمەوێت لەگەڵ هاوڕێکەمدا بڕۆمە دەرەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ بە نەء وەڵامی ئەداتەوە!، وە کاتێ ئەیەوێ بەدایکی بڵێ: دڵم هیچ نابات و برسیم نی یە، ئەوا یەکسەر وەڵامی ئەداتەوە: هەر ئەبێت شتێک بخۆیت، وە کاتێ داوا لەباوکی ئەکات کە لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ گەشت و گەڕان یان یارییەک بکڕێت ئەوا یەکسەر بە نەء وەڵامی ئەداتەوە.

وە کاتێ باوک و دایک لەماڵ ئەچنە دەرەوە بۆ گەشت وگەڕان وە کوڕەکەیان داوایان لێ ئەکات کە ڕێگەی بدەن خۆی هەڵبداتە ناو ئاوێکەوە بۆ مەلەکردن، یان لەناو لم و خۆڵدا بۆخۆی یاری بکات، ئەوا یەکسەر بە نەء وەڵامی ئەدرێتەوە!.

ئەوان دێن بەو هەڵوێستەیان دەرگای پەیڤین و گفتوگۆکردن و دانوستانی بەڕودا دائەخەن، وە ئەو هزرەی لەلا ئەچێنن کە هیچ ڕاو بۆچوونێکی سەربەخۆی نی یە، و متمانەی پێناکرێت و جێی باوەڕ نی یە ، وە پێویستە ئەو هەمیشە لاسایکەرەوە و پەیڕەوکار و ملکەچ بێت نەک خاوەن ڕای سەربەست و سەربەخۆ.

وە لەئایندەدا باوەڕێکی بنج داکوتراوی ئەوتۆی لەلادروست ئەبێت کە باوک و دایکی بەتەنگ خواست و ئارەزووەکانیەوە نایەن و بەسەربەستی بۆی جێبەجێ ناکەن، وە واچاکە کە ڕاوێژیان پێنەکات، چونکە سوور ئەزانێ کە ڕەتی ئەکەنەوە و پێی قایل نابن، بۆیە چی پێخۆش بێت و ئارەزووی لێبکات دوور لەچاوی ئەوان ئەوە ئەکات، و ئەڵێت: چی ئەبێ با ببێ هەموو ئاکامەکانی ئەگرمە ئەستۆ، و ئارام ئەگرم لەسەر سەرکۆنەکردن و سزادانی باوک و دایکم، گرنگ ئەوەیە ئەوەی خۆم ئەمەوێت و ئارەزووم لێیەتی ئەوە ئەنجام بدەم و بیهێنمە دی.

ئالێرەدا وورده وورده باوک ودایک دەست ئەکەن بە لەدەستدانی مناڵەکەیان.

پاشان بۆچی ئەبێ بۆ هەموو شتێک یەکسەر ووشەی ( نەء ) لەسەر زمانمان ئامادەبێت و بەکاری بهێنین؟ ئەی نەرمونیانی و پەیڤین و گفتوگۆ لەکوێیە و لەکوێدا بەکاردێت، و

بۆچی نەیەین لەبارەی هۆکەیەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین پێش ئەوەی بیرۆکەکەیان ڕەت بکەینەوە و هەر لەبنەڕەتدا بەرپەرچیان بدەینەوە؟

ڕەنگە ئەوەی ئەوان ئەیڵێن ئەوە ڕاست بێت، ئەی بۆچی نەیەین کاتێ داوای شتێکمان لێ ئەکەن بەزۆری ئەم وەڵامەیان بدەین بەگوێدا: ئەی ڕۆڵەی ئازیز و لەدڵا شیرینم تۆ مافی هەڵبژاردن و سەربەخۆی بڕیاردانت هەیە، سوپاس بۆ خوا تۆ خۆت ژیر و تێگەیشتویت، بەڵام ئامۆژگاریت ئەکەم شتی وامەکە و بەلای شتی وادا مەچۆ، چونکە پەشیمان ئەبیتەوە، و ئەکەویتە ناوگێژاوێکی ئەوتۆوە کە زیانت پێئەگەیەنێت جا چ لەئێستادابێ یان لە ئایندەدا.

ئای لەدووبارە کردنەوەی ئەم وەڵامەدا چ کاریگەرییەکی مەزنی ئەبێت لەسەر دەروون و هەڵکەوتن و گەشەکردنی، و چەندێک چاودێریی خودیی و گفتوگۆی هێمنانە و بنیاتنەری لەلا دروست ئەبێ، لەگەڵ قاڵ بوون لە ئەزموونەکانی، و باوەڕبوون بەخۆ، و شارەزایی و پسپۆڕێتی لە سەرەنجامی ئەو بڕیارانەی کە داویەتی.

ئالێرەدا شتێک هەیە پێویستە لەسەر هەموو باوک و پەروەردەکارێک کەوا هوشیار و ئاگاداری بن ئەویش ئەوەیە کە: جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی کە ئێمە بیری لێئەکەینەوە و وباوەڕمان پێیەتی، لەگەڵ ئەوەی کە منداڵ و هەرزەکاران بیری لێئەکەنەوە و باوەڕیان پێیەتی، وە نابێت خولیا و ئارەزوو بۆچوونی خۆمان بەوان بپێوین، زۆر دڵنیابە لەوەی کە ئەوەی تۆ بەڕاست و دروستی ئەزانیت ڕەنگە منداڵەکەت لەو ڕوانگەیەوە بۆی نەڕوانێت و ڕێک بەپێچەوانەی تۆوە لێکی بداتەوە، وە ئەوەی تۆ بەهەڵەیەکی ڕوونی

ئەزانیت: ڕەنگە منداڵەکەت بە ڕاستیەکی بێ خەوشی بزانێت، جا کاتێک تۆ دێیت پابەندی ئەکەیت بە ڕا و بۆچوونی خۆتەوە بێ ئەوەی لەتێڕوانینی ئەو حاڵی بیت و هەستی پێ بکەیت: ئەوا ئەو تۆ وا ئەبینێ کە کەسێکی خۆسەپێنی و دەستت خستۆتە ناو کارەکانیەوە و خۆت هەڵقورتاندووە لە تایبەتمەندیەکانی، و لەسادە و ساکارترین مافەکانی ژیانی ئاسایی بێبەشت کردووە.

وەرە با نموونەیەک لەسەر ئەوە بهێنینەوە: کاتێ تۆ لەگەڵ منداڵەکانتا لەماڵەوە ئەچنە دەرەوە بۆ گەشت و گەڕان، و دێن لەنزیک زەلکاوێک یان دەریاچەیەک دائەنیشن کە لەپاک وخاوێن ناچێت، مەبەستی سەرەکی چێژ و خۆشی وەرگرتن بۆ تۆ و خێزانەکەت لەم گەشتەدا ئەوەیەکە: لەتەنیشتیەوە دابنیشیت و بەیەکەوە چا و قاوەیەک هەڵقوڕێنن، و قسەو باس لەنێوان یەکتریدا بگۆڕنەوە، و بەکامی دڵ پێبکەنن و سەبارەت بە منداڵەکان لێدوان بکەن.

بەڵام مەبەستی سەرەکی چێژ و خۆشی وەرگرتن سەبارەت بە منداڵەکانت ئەوەیە کە: خۆیان بخەنە ناو گۆمە ئاوێکەوە، و یاری بە خۆڵ و قوڕوچڵپاو بکەن، وە شادی و خۆشیەکەیان زیاتر ئەبێت کاتێ کە ئەبینن جلوبەرگ و لاشەیان پیس و قوڕاوی بووە.

وە هەڵوێستی زۆرێک لەباوکان و دایکان بەرامبەر بەم ڕەفتارە سرووشتیەی منداڵەکانیان بریتی یە لەقەدەغەکردنیان، بەڵکو تێکدانی گەشت و سەیرانەکەیانە بە قیژاندن بەسەریاندا، و هەڕەشەکردن لێیان کە ئەیانبەنەوە بۆ ماڵەوە و ئەڕۆنەوە!!، بەو ڕەفتارەیان

کارێکیان کرد کە نەتوانیان خۆیان چێژ و خۆشی لەسەیرانەکە ببینن، و نەوازیشیان لەمناڵەکانیان هێنا کەوا چێژ و خۆشی لەسەیرانەکەیان ببینن.

ئەی باشە چی تیائەبوو ئەگەر وازیان لەمناڵەکانیان بهێنایە بەکامی دڵ بۆخۆیان یارییان بکردایە؟ ئایا مەبەستی سەرەکی لەقەدەغەکردنی مناڵەکان لەبەر پیسبوونی لەش و جلوبەرگەکەیان نەبووە؟ بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوە مەبەست و ئاواتی مناڵەکان بووە کە بەهۆیەوە ووزە و تواناکانی خۆیانی تیا بەتاڵ بکەنەوە، و پەرەبدەن بە ئەقڵ و هۆشیان، وە چارەسەری ئەم گیروگرفتە ـ لەتێڕوانینی ئەو جۆرە باوک و دایکانەوە ـ بریتی یە لەخەمی پاککردنەوەیان کاتێ ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.

۞۞۞

## بنچینەی بیست و سێیەم

هەستی ناخی خۆتیان بۆ دەربخە و پێیان ڕابگەیەنە بەرامبەر هەر ئاکار و ڕەووشتێکیان کە پێت خۆشە یان پێت ناخۆشە و ڕقت لێیەتی. کە هەر ئەمەش شێوازێکی سەرکەوتووە کە پشت ئەبەستێت بە دەربڕینی هەستی ناخی کەسی قسەکەر بە بەکارهێنانی ووشەی: (من) بۆ نمونە ئەڵێیت: من بەو ڕەفتارەت بێزار ئەبم .. من داوای لێبوردنت لێ ئەکەم بەرامبەر ئەو شتە .. من ئەوەم پێخۆشە و حەزم لەوەیە.

هەرکاتێ منداڵەکەت ڕەفتارێکی نواند کەتۆ پێی سەغڵەت ئەبیت ئەوا وەرە پێی بڵێ: ئەی ڕۆڵەی شیرینم ئەم کارەت وەڕس و بێزارم ئەکات، وە من سوور ئەزانم تۆ کارێک ناکەیت کە من پێی پەست و دڵتەنگ و ناڕەحەت بم.

کە بەڕاستی ئەم شێوازە شایستەترە لەوەی پێی بڵێیت: وامەکە، یاخود بڵێیت جارێکی تر ئەو کارە خراپ و ناشرینە دووبارە نەکەیتەوە.

وە ئەگەر هاتو کارێکی ئەنجامدا کە تۆ پێتخۆش بوو ئەوا پێی بڵێ: ئەو کارەی تۆ ئەنجامدا زۆر پێی دڵخۆش و شادمان بووم، هەر بەڕاستی خۆشی و شادیت خستە ناو دڵمەوە.

وە ئەم شێوازە زۆر باشترە لەوەی کە پێی بڵێیت: کارێکی چاکت کرد، یان بڵێیت زۆرباشە ئافەرین.کە هەر ئەمەش شێوازێکی بێ هاوتا و ناوازەی دەربڕینە بۆ ڕازیکردنی لایەنی بەرامبەرت بەوەی کە پێت خۆشە یان ڕقت لێیەتی و پێت ناخۆشە، جا چوون یەکە ئەگەر ئەم شێوازەت لەگەڵ منداڵەکەتدا یان خێزانەکەتدا یان هاوڕێکەتدا بەکارهێنا.

## بنچینەی بیست و چوارەم

هەوڵبـــدە کەســێکی ڕاســتگۆ و قســەلەڕوو بە لەگەڵ منالەکانتـــــدا، وە لەگەڵ پرســــیارە ناچـــار و شەرمەزارکەرەکانیاندا .

ئەوە باش بزانە ئەگەر بەوجۆرە نەبیت لەگەڵیاندا ئەوا باوەڕیان پێت نامێنێت، وە گومانیان لەهەر زانیاریەک یان هەواڵێک ئەبێت کە لەتۆوە دەربچێت.

وە ئەو شتانەی کە پێویستە ڕاشکاوانە و ڕاستگۆ بیت تیایاندا بریتی یە لەم حاڵەتانەی لای خوارەوە:

١) لە ژوان و کات و شوێنی یەکتر بینیندا ( مەوعید )، جا ئەگەر کات وشوێنێکت بۆ دیاریکردن هەرگیز نەکەیت وادە شکێنی بکەیت و پێچەوانەی بکەیت مەگەر لەبەر پێویستیەک نەبێت، وە خۆزگە ئاگادارت ئەکردنەوە کە دوائەکەویت و ناتوانیت لەو وادەیەدا ئامادەبیت.

٢) لە بەڵێن پێدانتا، جا ئەگەر بەڵێنت پێدان کە بیان بەیتە دەرەوە بۆ پیاسە و گەڕان، یان شتێکیان بدەیتێ ئەوا هەرگیز نەکەیت لێی پاشگەز بیتەوە.

٣) لەهەڕەشەکردنتا، جا ئەگەر هەڕەشەت کرد هەرکەسێک کارێکی ناشیاو بکات بە سزادان یان بە بێبەش کردن لێی سزای ئەدەیت ئەوا با هەست وسۆزی میهرەبانی وات لێ نەکات واز لەسزادانەکە بهێنیت و جێبەجێی نەکەیت[١].

٤) لەستایشکردن و لۆمەکردنتا، نەکەیت هەرگیز ستایشی بکەیت مەگەر لەسەر شتێک نەبێت کە شایانیەتی، وە مەیە زۆر ستایشی بکەیت و پیایدا هەڵبەیت نەوەک ستایشکردن و هاندانەکەت کاریگەری خراپی لەسەر دروست بکات.

وە مەیە زەم و سەرکۆنەی بکەیت مەگەر لەبەر شتێک نەبێت کەتیایدا بێت و شایانی بێت، وە مەیە زۆر سەرزەنشتی بکەیت نەوەک کاریگەری خراپی لەسەر دروست بکات.

٥) لەپۆزش هێنانەوەتدا، ئەویش کاتێک بە هەڵەشەیی هەڵسوکەوتێکی هەڵەت بەرامبەری نواندبێت یان لەهەر شتێکی تردا، وە نەیەیت پاساو بۆ هەڵەکەت بهێنیتەوە هەرچەندە زۆر پچوکیش بێت، بەڵکو پۆزشی بۆ بهێنەوە و داوای لێبوردنی لێبکە ئەگەر بەهەڵەدا چوویت سەبارەت بەمافێکی ڕەوای خۆی جا بەئەنقەست بێ یان بێ مەبەست، کە ئەم هەڵوێستە هیچ سوکایەتیەکی تیانی یە بۆسەرت، بەڵکو ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر تۆی بەدڵدا بچێت، و باوەڕی پێت هەبێت و قسەکانت بسەلمێنێت.

٦) لەکارە هەستیارەکاندا، جا ئەگەر هاتو هەرکاتێ پرسیارێکیان لێکردیت و تۆش هاتیت وەڵامەکەت لێ شاردنەوە ئەوا متمانەیان بەرامبەرت ئەگۆڕێت، و هانا بۆ کەسێکی تر ئەبەن هەتا وەڵامی ڕاست و دروست و دڵنیاکەریان لێوەی دەست بکەوێت، وە ڕەنگە بەرەو کاری ئەوتۆ پەلکێشیان بکات کە ئاکامەکەی باش و ستایشکراو نابێت.

---

(١) وادەشکێنی و نەبردنە سەری بەڵێن لەسزاداندا هەموو کاتێ خراپ نی یە. ( شیخ محمد الدویش).

وە ئەگەر قسەکردن لەبارەی گەشەکردنی سێکسی لەبابەتە قەدەغەکراوە خێزانیەکان بێت کە نابێت دەستی بۆ بەرین و بچینە ناویەوە و خۆمانی تێهەڵقورتێنین، ئەوا منداڵ ئەبێتە ئامانج بۆ بیرکردنەوە و بۆچوونی هەڵە و خراپ، لەمیانەی هەڵوێستی ئەو باوکانەوە کە چاودێری ئەکەن، یان لەمیانەی بیروباوەڕی پڕوپووچی ئەو هاوڕێیانەی کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ئەکات، جا منداڵ وائەزانێ ئەم بابەتە بڤەیە و نابێت دەستی بۆ ببرێت و قسەی لەبارەوە بکرێت. بۆیە ململانێ زاڵ ئەبێت بەسەریدا، وە کەسێکی دەست ناکەوێ کە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی بکات لەقۆناغێکدا کە زۆر پێویستی پێیەتی.

جا چاکترین شێواز بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم بابەتەدا بریتی یە لەئاگادارکردنەوەی منداڵ بە زانیاری ڕاست و دروست لەبارەی کاری زایەندیەوە ( سێکسیەوە )، و هاندانی بۆ ئەوەی پابەند بێت بە داب و نەریتە شەرعی و ڕەووشتیەکانەوە، کە وای لێدێت پاڵنەری زایەندی لەتێڕوانینی ئەودا وەک بەشێکی سرووشتی لەژیانی مرۆڤ تەماشای ئەکات، کە ئەتوانرێت لەسنوری نەریتە ڕەووشتیەکاندا چێژ و خۆشی لێوەربگیرێت.

(ئێمە چۆن لەدایک ئەبین؟ وە لەکوێوە؟ ) ئەمانە چەند پرسیارێکن کە مافی منداڵە بیانکات و بیانخاتە ڕوو، و پێویستە لەسەر باوکان و دایکانیش بەشێوەیەکی سادە و ساکار، بەبێ هیچ ئاڵۆزکردنێکی زانستی وەڵامی ڕاست و دروستیان بدەنەوە.

بەڕاستی ئەمە هەلێکی لەبارە بۆئەوەی منداڵ فێری ڕاستبێژی و کرانەوە بێت لەگەڵ باوک و دایکیدا لەم جۆرە بابەتانەدا )[1].

✿✿✿

(1) أولادنا من الطفولة إلى الشباب ، لمأمون مبيض.

## بنچینەی بیست و پێنجەم

خــــۆت هەڵمەقـــــورتێنە لەدەمەقـــــاڵێی نێـــوان منداڵەکانت، مەگەر لەکاتی پێویستدا نەبێت .

بەزۆری منداڵان ئەتوانن چارەسەری کێشەکانی نێوان خۆیان بکەن، وەک ئەوەی هەندێکیان واز لەمافی خۆیان ئەهێنێت بۆ هەندێکی تریان تا ڕێک بکەون، بەڵام ئەگەر بزانن لەدوایانەوە باوکێک یان دایکێک هەیە پەنای ئەبەنەبەر، و لەکێشەکەیان ئەکۆڵێتەوە، ئەوا پشت بەخۆیان نابەستن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکانیان، و دێن پشت بەکەسانی تر ئەبەستن، بەڵکو هەمیشە لەکاتی گەڕانەوەی کێشەکانیان بۆلای باوک و دایکیان هیلاکیان ئەکەن و ئەبنە مایەی ماندووکردن و بێزارکردنیان.

وە سەرباری ئەوەش: توانا و بەهرەیەکی ئەوتۆیان لەلا دروست نابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەخودی خۆیان.

جا باشتروایە واز لەمناڵەکەت بهێنیت کەهەر لەپچوکیەوە خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵوێستە قورس وگرانەکاندا بکات، هەتا کاتێک کە گەورە بوو شارەزاییەکی تەواوی ئەبێت لەو بوارەدا.

بەڵام ئەگەر هاتو لەنێوان منداڵەکاندا یەکێکیان زاڵ بوو بەسەریاندا، یان تەمەنی لەوان گەورەتر بوو، وە ئەهات ئەزیەت و ئازاری خوشک و براکانی ئەدا و نەیان ئەتوانی چارەی بکەن ئەوا لەو حاڵەتەدا قەیناکە خۆتی تێ هەڵقورتێنیت، بۆئەوەی سنورێک بۆ ئەو منداڵە زاڵ و بەدەسەڵاتەیان دابنێیت.

۞۞۞

## بنچینەی بیست و شەشەم

واز لەمنداڵەکەت بهێنە با پشت بەخۆی ببەستێت، و دەستپێشخەری مەکە بۆ یارمەتیدانی ، مەگەر لەکاتی داخرانی دەرگاکان بەڕوویدا نەبێت .

ئای ئەو باوک و دایکانە چەند زۆرن کە بوار بە منداڵەکانیان نادەن هەتا پشت بەخۆیان ببەستن، و بەهرەکانیان دەربخەن، و هۆش و ئەقڵیان بخەنەکار، بەڵکو ئەبینیت دەستپێشخەری چارەسەری خێرایان بۆ ئەکەن، جا هەر کە منداڵەکەیان داوای یارمەتیەکی لێکردن ئەوا ئەیانبینی زۆر بەخێرایی بەپیریەوە ئەچن.

کە پێویستە وازیان لێبهێنرێت کەوا پشت بەخۆیان ببەستن لەدەرس و وانە لەبەرکردن وخوێندنەکەیاندا،لەگەڵ شتێکی کەم لەڕێنمایی کردن و ئامۆژگاری کردنیان، وە هەروەها لەکاتی دروست بوونی دەمەقاڵێ لەنێوانیاندا ـ وەک لەپێشەوە باسمانکرد ـ .

( جا باوک و دایکە چاک و میهرەبانەکان دێن لەبری منداڵەکانیان هەموو شتێک ئەکەن، سەرنجامی ئەمەش: بریتی یە لەپەروەردەکردنی منداڵانێک کەهیچ لەواتای ژیان ناگەن، و گوێ بەهیچ شتێک نادەن، پەنا ئەبەنە بەر کەسانی تر و پشتیان ئەبەستن، کە بەهۆی ئەوەوە باوکان و دایکان تووشی نائومێدی ئەبن لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا و ڕەنجیان

بەبانەچێت ، بەڕاستی پەروەردەکردن لەسەر بەرگەگرتن و شاندانە بەر لێپرسراوێتی وا پێویست ئەکات کە چاو بگێڕرێتەوە بەو بیر و بۆچوون و پێشبینی و هەڵوێست وەرگرتنانە لەلای ئەو باوک و دایکە میهرەبان وچاکانە )[1].

یەکێک گێڕایەوە و ووتی: بەڕێگادا ئەڕۆیشتم، لەپێشمەوە ئافرەتێک لەگەڵ منداڵەکەیدا ئەڕۆیشت، منداڵەکە سەرسمیدا و کەوتە سەر زەوی و دەستیکرد بەگریان، بەڵام دایکەکە ڕۆیشت و بەجێیهێشت، من وویستم یارمەتی بدەم بەڵام دایکەکە ئاماژەی بۆکردم کە وازی لێبهێنم و ڕێگری لێکردم، ووتم: بۆچی؟ دایکەکە ووتی: بافێر نەبێت ئەگەر هاتو ئەمجارە تۆ یارمەتیدا: ئەوا هەموو جارێک داوام لێ ئەکات کە یارمەتی بدەم![2].

۞۞۞

---

(١) أولادنا من الطفولة إلى الشباب ، لمأمون مبيض .

(٢) بەڵام هاوسەنگی لەمەدا کارێکی پێویستە، جا وازهێنان لەیارمەتیدان هەندێ جار وا لەمناڵەکە ئەکات هەست بە بێ نرخی و لاوازیی بایەخی خۆی بکات لای باوک و دایکی . ( شیخ محمد الدویش ).

## بنچینەی بیست و حەوتەم

بـــــا نە زەردەخەنە لەســــــەر ڕووت لابچێــــــت
وە نە ووشەی جوانیش لەسەر زمانت .

ئەگەر هاتو تۆ منداڵەکانت واڕاهێنا کە هەمیشە قسەی جوان و شیرینت لێ ببیستن، و بەڕوویەکی گەش و زەردەخەناویەوە بتبینن: ئەوا تۆ بەو کارەت توانیوتە دڵیان بۆخۆت ڕابکێشیت، و ئەقڵ و هۆشیان داگیربکەیت، و تۆ لەلایان ئەبیتە خۆشەویسترین کەس، چونکە لەلای تۆوە ئەو بەربەستە شکێنراوە کە ڕێگری زۆرێک لەڕۆڵەکانی کردووە کە لەگەڵ باوک و دایکیاندا بەئاشکرا بدوێن و قسەبکەن، و نهێنیەکانی خۆیان لەلا بدرکێنن، و لەهەموو شتێکدا ڕاشکاوبن لەگەڵیاندا، وە تۆ بەو کارەت هاتوویت بەربەستی ترس و دڵەڕاوکێت شکاندووە.

وە کاتێک ئەوان گۆڕانکاریەک لەڕوخسارتدا ئەبینن، و قسەیەکی ڕەقت لێ ئەبیستن: چاک ئەزانن کە تووڕەیت، و تووڕە بوونەکەشت لەبەر شتێکە کە ئەوە ئەهێنێت بۆی تووڕەبیت، بۆیە بەنکوڵی کردنی تۆ لەشتێک ئەوانیش دێن دەستی لێ هەڵئەگرن، و ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانت ئەبن.

ده با ڕووخۆشیمان لەگەڵیاندا وەک ڕووخۆشی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بێت، کە هەمیشە ڕووخۆش و گەشاوە ودەم بەپێکەنین بوو لەگەڵ هەموو کەسێکدا پچوک وگەورەیان، جەریر خوا لێی ڕازی بێ ووتویەتی: ( ما رَآني النَّبِيُّ صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ إِلاَّ تَبَسَّمَ فِي وَجْهِي)[1].

واتە:" هیچ کاتێک نەبووە کە پێغەمبەر صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بمبینێت مەگەر بەزەردەخەنەوە ڕووبەڕووم بۆتەوە ".

وە با دواندن و قسە نەرمیمان لەگەڵیاندا وەک ئەوە بێت کە خوای بەرزو بڵند بە مووسا و هاروونی فەرموو: ﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ۝٤٤﴾ طه: ٤٤ ، واتە:( جا قسەی لەگەڵدا بکەن بەنەرمی و لەسەرخۆ بەڵکو بیربکاتەوە یان بترسێ لەخوا )، زانای بەناوبانگ پێشەوا قورتوبی بەڕەحمەت بێ ووتویەتی: ( پێویستە لەسەر مرۆڤی موسڵمان قسەی نەرم و نیان بێ لەگەڵ خەڵکیدا، و ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بێ لەگەڵ چاک وخراپدا، چونکە خوای بەرزو بڵند بەمووسا و هارونی فەرموو: ﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ۝٤٤﴾ طه: ٤٤ ، واتە لەگەڵ فیرعەوندا، جا ئەو کەسەی بۆ خەڵک ئەدوێت هەرگیز لەمووسا و هارون چاکتر نی یە، و هەرگیز خراپەکاریش لەفیرعەون خراپتر و بەدکارتر نی یە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پەروەردگاریان فەرمانی پێکردن کە لەسەرخۆ و نەرمونیان بن لەگەڵیدا)[2].

(١) البخاري ( ٣٠٣٥ )، و مسلم ( ٦٥١٩ ).
(٢) تفسير القرطبي : ( ١٦/٢ ).

جا بڕوانن ـ ئەی کۆمەڵی باوکان و دایکان ـ کە چۆن فەرمانکرا بەو دوو پێغەمبەرە بەڕێزە مووسا و هارون عَلَيۡهِمَاٱلسَّلَامُ ، کە بە نەرمونیانی و لەسەرخۆ فیرعەون بدوێنن، ئەو فیرعەونەی کە بانگەشەی پەرستراوێتی (خوایەتی) ئەکرد بێجگە لەخوای بەرز و بڵند، و بەخەڵکەکەی ووت: ﴿مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي﴾ القصص: ٣٨ .

واتە:( من نازانم بێجگە لەخۆم هیچ پەرستراوێکی ترتان هەبێت )، وە ووتی: ﴿أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٢٤﴾ النازعات: ٢٤ .

واتە:( من پەروەردگاری هەرە بەرزو بڵندتانم )، جا خوای گەورە فەرمانی بەهەردوو پەیامبەرەکەی کرد بەووتەی ناسک و نەرمونیان و لەسەرخۆ لەگەڵیدا بدوێن، بۆئەوەی کاریگەری لەسەر دەروونی زیاتر بێت، و هۆکارێک بێ بۆئەوەی بەقسە وبانگەوازەکەیان ڕازی بێت و باوەڕبێنێ و پەسەندی بکات.

ئای ئێمە چەند پێویستمان بەو شێوازە هەیە لەمامەڵە کردنماندا لەگەڵ کەسوکار و خێزان و منداڵەکانماندا، چونکە بەڕاستی ئەوان شایستەترن کە بەنەرمونیانی و لەسەرخۆیی لەگەڵیاندا بجولێینەوە و هەڵسوکەوت بکەین، پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ فەرموویەتی: ( وَالكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ )[1].

واتە:" وە قسەی جوان و چاک خێر و صەدەقەیە ".

---

(١) البخاري ( ٢٩٨٩ ) ، و مسلم ( ٢٣٨٢ ) .

بۆیە دروست نی یە بۆ باوکان و دایکان کە منالّەکانیان لەووتە و دەستەواژەی نەرمونیان و خۆشەویستی سۆز و میهرەبانی بێبەش بکەن، جا چ پچوک بن یان گەورە.

بەڕاستی بێبەش کردنیان لەم دەستەواژە گرنگانە: گەورەترین هۆکاری لاڕێبوون و چەوتڕەوویانە، بەتایبەتی منالّ و کچ ، جا یەکێک لەزانایان هەستا بەسەردانیکردنی هەندێ لەبەندیخانەی ژنان، و دابەشکردنی بڵاوکراوەیەک بەسەریاندا بۆ ڕاوەرگرتن سەبارەت بەزۆرترین هۆکاری کەوتنە ناو تاوانیانەوە چی بووە، دوای ئەوە بۆی دەرکەوت لەسەدا هەشتایان، هۆکاری لاڕێبوونیان تێرنەکردنی لایەنی هەست و سۆزیان بووە لەلایەن باوک و دایکیانەوە، بۆیە گەڕاوون بەدوای کەسانی تردا تا ئەم پێویستیەیان بۆ دابین بکات، هەتا بەهۆیەوە کەوتوونەتە ناو زۆنگاوی بێئابروویی و ڕیسواییەوە - پەنا بەخوا ئەگرین لێی[1].

۞۞۞

(١) ئەوەی لێرەدا تێبینی ئەکرێ ئەمە بریتی یە لەتێڕوانینی کچان، وە لەسروشتی خەڵکی ئەوەیە دێن ئۆباڵی هەڵەکانیان و ئەوەی تووشیان ئەبێت ئەیخەنە ئەستۆی کەسانی تر، کە لێرەدا جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو هەست و سۆزەی کە کچ بەدوایدا ئەگەڕێت دەستی بکەوێت لەگەڵ کوڕێکی لاودا، کە بەحەزو ئارەزوو سرووشتیەوە بەستراوەتەوە، لەگەڵ هەست و سۆزی باوک و دایکیدا.
بەڵێ ڕاستە، نەبوونی هەست و سۆز و خۆشەویستی باوک و دایک کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی حاڵەتەکانی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا بەهۆی تەنیا ئەم هۆکارە پێویستی بە پێداچوونەوەی زیاتر و قوڵتر هەیە. ( الشیخ محمد الدویش ).

## بنچینەی بیست و هەشتەم

دادپەروەربە لەنێوان منداڵەکانتا لەهەموو شتێکدا .

بەڕاستی ئەم شەریعەتی ئیسلامە مەزنە هیچ بوارێک نەماوە کە مایەی ڕق و کینە و دوژمنایەتی بووبێت مەگەر هاتووە بەری پێگرتووە و نەیهێشتووە، جا چۆنە ئەگەر بێتو ڕقەبەرایەتیەکە لەنێوان خوشک و برا و نەوەی یەک دایک و باوکدا بێت؟ .

ئەوەتا نوعمانی کوڕی بەشیر خوا لێی ڕازی بێ باوکی دێت دیاریەکی پێ ئەدات بەدەر لەبراکانی تری، دایکی واتە ( عەمرەی کچی ڕەواحە خوا لێی ڕازی بێ ) ئەڵێ: ( لاَ أَرْضَى حَتَّى تُشْهِدَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَقَالَ: إِنِّي أَعْطَيْتُ ابْنِي مِنْ عَمْرَةَ بِنْتِ رَوَاحَةَ عَطِيَّةً، فَأَمَرَتْنِي أَنْ أُشْهِدَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: «أَعْطَيْتَ سَائِرَ وَلَدِكَ مِثْلَ هَذَا؟»، قَالَ: لاَ، قَالَ: «فَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْدِلُوا بَيْنَ أَوْلاَدِكُمْ»، قَالَ: فَرَجَعَ فَرَدَّ عَطِيَّتَهُ )[1].

(١) متفق عليه: البخاري ( ٢٥٨٧ )، و مسلم ( ٤٢٧٣ ).

واته:" ڕازی نابم هەتا پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاگادارنەکەیت و نەیکەیت بەشایەت، ئەویش هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ووتی: من خەڵاتێکی کوڕەکەم کردووە کە لە عەمرەی کچی ڕەواحەیە، ئەویش فەرمانی پێکردووم کەتۆ ئاگادار بکەم و بتکەم بەشایەت لەسەر ئەو خەڵاتە، پێغەمبەریش صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:" ئایا منالەکانی تریشت وەک ئەم خەڵات کردووە؟"، ووتی: نەخێر، فەرمووی:" لەخوا بترسن و دادپەروەربن لەنێوان منالەکانتا "، ووتی: ئیتر باوکم گەڕایەوە و لەخەڵاتەکەی پاشگەز بۆوە.

بۆیە ڕەوا نی یە بۆ هیچ باوکێک یان دایکێک کە لەدیاری بەخشین و خەڵاتکردندا جیاوازی بکەن لەنێوان منالەکانیاندا، چونکە ئەو کارە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕق لەیەکتری هەڵگرن و کینەبەرایەتی بکەوێتە نێوانیانەوە.

وە ئەم کارە تەنیا لەخەڵاتکردن و دیاری بەخشیندا کورتی نەهێناوە و هەر ئەم بوارە بگرێتەوە، بەڵکو پێویستە لەهەموو شتێکدا هەبێت، وەک ماچکردن، و ستایشکردن، و ڕووخۆشی نواندن، و هاوڕێیەتی کردن و بردنیان ئیتر بۆ هەر شوێنێک بێت.

ئیبراهیمی تەیمی بە ڕەحمەت بێ ووتویەتی: ( هاوەڵان و پێشینی چاک وایان پێباش بووە کە دادگەربن لەنێو منالەکانیاندا تەنانەت لەماچکردنیشدا )[1].

(١) موسوعة ابن أبي الدنيا ( ٨/ ٢٤ ).

بەڵێ، ئەوان بەوجۆرە بوون تەنانەت لەماچکردنیشدا، جا ئەگەر هاتیت یەکێکیانت ماچکرد، ئەوا بچۆ ئەوەی تریشیان ماچ بکە، هەتا غیرە و ئیرەیی نەچێتە ناو دڵ و دەروونیانە و هێلانە بکات، و هەتا لەسەر جەور و ستەمکردن ڕانەیەن.

ئا ئەوەتا ڕۆژێکیان عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە ڕەحمەت بێ یەکێک لەکوڕەکانی ئەنووسێنێت بەسنگیەوە کە زۆری خۆش ئەوێ ، پاشان ئەڵێ: ئەی فڵان بەخوا من تۆم زۆر خۆش ئەوێ، بەڵام ناتوانم باوی تۆ بدەم بەسەر براکانتا ئەگەر بەتەنیا پاروویەکیش بێت! )[1].

بەڕاستی ئەوە ئیسلامە کە پەروەردەی کردووین لەسەر وویژدان و دادپەروەری، و لەجەور و ستەمیش ئاگاداری کردووینەتەوە.

جا منداڵان هەستیاریەکی بەهێز و لەڕادەبەدەریان هەیە بەرامبەر بە جیاوازیکردنی باوکان و دایکان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵیاندا، وە هۆکاری سەرەکی ناکۆکی و دژایەتی و ڕقەبەرایەتی نێوان منداڵان ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دادپەروەری لەلایەن باوکان ودایکانەوە بەرامبەریان.

بەڵکو تەنانەت هەندێ برا دێت تاوان بەرامبەر براکەی ئەنجام ئەدات یان هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی بەرامبەر ئەنوێنێ، ئەگەر هاتو هەستی بەوەکرد باوکی دێت براکەی پێش ئەخات و بەباشتر و چاکتر لەوی دائەنێ.

(١) موسوعة ابن أبي الدنيا ( ٨/ ٢٤ ).

هەر ئەمەش بوو کە لەبراکانی یوسف عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ ڕوویدا کاتێ گومانێکی هەڵەیان برد کە گوایە باوکیان یوسف پێش ئەخات و لەوانی بەباشتر و چاکتر داناوە، وەک قورئانی پیرۆز لەسەر زمانی ئەوانەوە بۆمان ئەگێڕێتەوە کە ووتیان: ﴿لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ﴾ يوسف: ٨ .

واتە:( بەڕاستی یوسف و براکەی خۆشەویسترن لەئێمە لەلای باوکمان لەکاتێکدا ئێمە کۆمەڵە پیاوێکی بەهێز و بەتوانایین ).

ئەو هەستە پاڵی پێوەنان کە تۆڵەی لێ بکەنەوە، هەتا کارگەیشتە ئەوەی کە بیر لەکوشتن و خوێن ڕشتنی بکەنەوە، وەک خوای بەرز و بڵند هەواڵی ئەوەی پێداوین و لەقورئانە پیرۆزەکەیدا بۆمان ئەگێڕێتەوەکە ووتیان: ﴿ٱقۡتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضٗا يَخۡلُ لَكُمۡ وَجۡهُ أَبِيكُمۡ وَتَكُونُواْ مِنۢ بَعۡدِهِۦ قَوۡمٗا صَٰلِحِينَ ٩﴾ يوسف: ٩ .

واتە:( ( هەندێکیان لەنێوان خۆیاندا ووتیان ) یوسف بکوژن یان فڕێی بدەنە زەویەکی دوور و چۆڵەوە ئەوکاتە سەرنج و ڕووی باوکتان بۆلای ئێوە ئەبێ و لەدوای ئەوەوە ( تۆبە ئەکەن ) و ئەبن بەکۆمەڵێکی چاکەکار ).

کە پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە ترسناکە: بریتی بوو لەوەی کە ئەوان دوای لەناوبردنی یوسفی برایان خۆشەویستی وگرنگی پێدانی باوکیان بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

وە لەدیاردەکانی جیاوازی کردن لەنێوان منالآندا ، کە لای هەندێ لەباوکان بەدی ئەکرێت، کەدێت یەکێک لەمناڵە گەورەکانی بەبڕێک پارە تایبەت ئەکات و پێی ئەبەخشێت، و پارچە زەویەکی بۆ ئەکڕێت، وە ڕەنگە بێت بۆی بکات بەخانو بێئەوەی پێویستی پێی بێت، جا ئەگەر پێی بووترێت: ئەی باشە بەشی مناڵە پچوک و کچەکان چیە و چیت بۆ داناوون؟ ئەوا یەکسەر ئەڵێت: هەرکاتێ پچوکەکان گەورەبوون بەشی خۆیان ئەدەینێ، و هەرچی کچەکانیشە ئەوا بۆخۆیان شوئەکەن و مێردەکانیان بژێویان بۆ دابین ئەکەن و پێویستیان بەهیچ نابێت.

بەڵکو ڕەنگە بەهەندێ لەمناڵەکانی ببەخشێت، و لەهەندێکی تریان بگرێتەوە و بێبەشیان بکات، یان بێت ژن بۆ هەندێکیان بهێنێت جگە لەهەندێکی تریان سەرەڕای ئەوەی تەمەنیشیان لەیەکەوە نزیکە، و پێویستیشیان وەک یەکە، بەڵام ئەم دێت بەهۆی حەز و ئارەزووی خۆیەوە جیاوازی ئەخاتە نێوانیانەوە، یان چونکە ئەمەیان لەو ژنەیانە کە ئەم دیلیەتی، و ئەوەی تریان لەو ژنەیانە کە ئەم هیچ خۆشەویستیەکی لەدڵدا نی یە بۆی )[1].

✿✿✿

(١) التقصير في تربية الأبناء للشيخ محمد الحمد : ٦.

# بەشی دووەم

## چارەسەر

کە لێرەدا دێیت وەک پزیشکێکی چارەسەرکەر مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەیت، ئەزانیت نەخۆشیەکە چی یە، و داوای دەرمان ئەکەیت.

وە ئەوەش باش بزانە کە هەرکەسێ دەست بەهۆکارەکانی خۆپاراستنەوە نەگرێت، و دەستپێشخەری نەکات لەداواکردنی ئەو هۆکارانەی کە ئەیپارێزێت لەڕوودانی هەڵە و لادانی ئاکار و خوو ڕەووشتیی: ئەوا بێگومان ناتوانێ چارەسەری بەکەڵک دەستەبەر بکات، وە گریمان ئەگەر توانیشی ئەوا چارەسەرێکی کاریگەر نابێت کە هیچ ئاکامێکی خراپی بەدوادا نەیەت، مەگەر خوا وویستی لێی بێت.

وە ئەم بەشە دوو بنچینەی پەروەردەیی لەخۆ ئەگرێت:

✿✿✿

## بنچینەی یەکەم

پێویسـته بێیت بەشـێنەیی و دانـاییەوە مـامەڵە لەگەڵ هەڵە و هەڵسـوکەوتە خراپەکانی منالەکەتدا بکەیت، و خۆت بەدووربگریت لەو شـێوازەی کە لەناو خەڵکیدا باوە، وەک نەڕەنەڕ و سـەرزەنشـت کردن و تورەبوون و جوێن پێدان و شـکـاندنی، لە هەڵسـوکەوتە خراپەکانیشـی وەک ئەوەی شـەو درەنگ بێتەوە بۆ مـاڵەوە بەبێ ئاگادارکردنەوەت، تۆش بێیت بەدەنگێکی بەرز لەگەڵیدا بدوێیت و بڵێیت: بۆچی وا درەنگ دێیتەوە ؟ وادیارە تۆ گوێ بۆ قسـەی کەس ناگریت و حساب بۆ کەس ناکەیت.. ئیتر ئابەو شێوەیە؟ ئەی باشە سـەرەنجامی ئەم خۆ تووڕەکردنە چی بووە؟ وە ئایا تۆ ئەم شـێوازە نەزۆکەت بۆئەوە بەکارهێنـاوە هەتا منـاڵەکەت پەشـیمان بێتەوە و ڕاسـت بێتەوە و بەقسـەکانت قایل بێ، یان تۆ ئەتەوێ ئەو ڕق وتووڕەییە بەتاڵ بکەیتەوە کە لەناختدایە ؟ جا بەڕاسـتی نابێت هەرگیز ئەم شـێوازە لەباوکێکی پەروەردەکار و بەسـۆز و میهرەبان بوەشێتەوە و دەربچێت .

(بەڕاستی گەورەکان لەبەرچاوی منداڵدا زۆر زل و زەبەلاح دەرئەکەون، ئەی چۆنە ئەگەر لەگەڵیدا هاواریش بکەن و بنەڕێنن، بەتایبەتی ئەگەر ئەم هاوارکردنە لەو باوک و دایکەوە دەربچێت کەئەم خۆشیانی ئەوێت، و سەرچاوەی پارێزگاری کردنن بۆ جەستە پچوک و لاوازەکەی و پەسێوو پەناگەی دڵنیایین بۆی)[1].

بۆیە پێویستە لەسەر ئەوکەسانەی کەئەیانەوێ سەرزەنشتی منداڵەکەیان بکەن، یان پیایدا هەڵشاخێن لەسەر هەڵەیەک کە کردوویەتی ئەوا با دەنگ بەرزکردنەوەیان بەئامانج و بوێرانە بێت، نەک دەنگ بەرزکردنەوەی توڕەیی و هات و هاوار، وە پێویستە خۆیان بەدووربگرن لەدەست ڕاوەشاندن، و ناوچەوان گرژ کردن و برۆ هێنانەوەیەک.

بەڕاستی ئەم شێوازە ڕەق و تووندەی مامەڵەکردن، ئەو هەستەی لەلا دروست ئەکات کەتۆ ئەتەوێت خۆتی بەسەردا بسەپێنیت، نەک ئەوەی کەتۆ ئامۆژگاریکەرێکی میهرەبان و دڵسۆزبیت بۆی.

(جا کاتێ گەورەکان ئەقیژێنن بەڕووی منداڵەکاندا هیچ لەوە زیاتر ناکەن کە دێن ڕێنمایی و بانگی منداڵەکە ئەکەن بۆ ئەوەی زیاتر سووربێت و بەردەوام بێت لەسەر ڕەفتارو ئاکارە ناشرینەکەی)[2].

وە بیربکەنەوە ـ ئەی کۆمەڵی باوکان و دایکان ـ ئامانجی ئێوە لەڕێنمایی کردن و سەرکۆنەکردنتان ئەوەیە کە منداڵەکانتان بێن بەپیر ئامۆژگاریەکانتانەوە و گوێڕایەڵتان بن، نەک لێتان بترسن و بتۆقێن.

(١) أولادنا من الطفولة إلى الشباب، لمأمون مبيض.
(٢) فن التعامل مع الأطفال للدكتور فهد الخالد: ١١٨.

جا بەڕاستی شێوازی نموونەیی لەمامەڵ کردنتا لەگەڵ هەڵەی منداڵەکەتدا ئەگەرچی زۆر گەورەش بێت خۆی لەم هەنگاوانەی خوارەوەدا ئەبینێتەوە:

**هەنگاوی یەکەم** : هەرگیز نەیەیت بەبەرچاوی خەڵکەوە سەرزەنشتی بکەیت یان مشتومڕی لەگەڵدا بکەیت، بەتایبەتی بەبەرچاوی هاوڕێ و برادەرە نزیکەکانیەوە، چونکە ئەو کارە بەسووکایەتی ئەزانێ کەبەرامبەری کراوە، بەڵکو با بەتەنیا بێت کاتێ ئامۆژگاری ئەکەیت یان مشتومڕی لەگەڵدا ئەکەیت.

**هەنگاوی دووەم** : پێویستە لەبارەی هەڵەکەیەوە بەهێمنی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت، و ئەو هەڵەیەی پێ بدرکێنیت کە ئەنجامیداوە، و تێی بگەیەنیت کەتۆ ناڕەحەت و بێزاریت لەو هەڵەیەی کە لێی ڕوداوە و ئەنجامیداوە، و وەرە ئاکارو ڕەووشتە چاک وجوانەکانی بەبیر بهێنەرەوە، و پێی بڵێ من سەرم سووڕماوە لەوەی کە چۆن هەڵەی لەو جۆرە لەتۆ وەشاوەتەوە، وە دوورکەوەرەوە لەهات و هاوار و دەنگ بەرزکردنەوە و ناوچەوان گرژکردن و برۆ هێنانەوەیەک، چونکە ئەو هەڵوێستە هانی ئەدات کە بەرگری لەخۆی بکات، و مکوڕ و بەردەوام بێت لەسەر هەڵە و تاوانەکانی.

**هەنگاوی سێیەم** : داوای لێبکە جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە نەکاتەوە، و بەجوانی تێی بگەیەنیت و بۆی ڕوونبکەیتەوە: کە ئەگەر جارێکی تر ئەو هەڵەیەت دووبارە بکەیتەوە، ئەوا لەو شتە بێبەشت ئەکەم، شتەکەش یەکێک بێت لەو شتانەی کە ئەو حەزی لێیەتی و

دڵی پێی خۆشە وەک مۆبایلەکەی یان ئۆتۆمبیلەکەی، وە بوێرانە و ئەوبڕیارەی کەداوتە جێبەجێی بکە ئەگەر هاتو جارێکی تر ئەنجامیدا [1].

وە دڵنیابە لەوەی بڕیارێک بەدەنگێکی نزم و لەسەرخۆوە جێبەجێ بکرێ زۆر چاکترە لەوەی بە قیژە قیژ و هات و هاوارێکی نەزۆک و زوو بەسەرچووەوە جێبەجێ بکرێ:

جا هەڵوێستی یەکەمیان: هەر ئەوە کە سنورێک بۆ هەڵەکان دائەنێت، و هەستی کەسیش بریندار ناکات، و کاریگەریشی نابێت بۆسەر پەیوەندی نێوانیان.

بەڵام هەڵوێستی دووەمیان: بەزۆری ناتوانێت سنورێک بۆ هەڵەکان دابنێت، وە هەستەکانیش بریندار ئەکات، و کاریگەری خراپیشی ئەبێت بۆسەر پەیوەندیەکان.

---

(١) دکتۆر ( سبنسەر جۆنسون ) کە نووسینەکانی شانسی چاکترین ڕێژەی فرۆشتنیان هەیە لەجیهاندا، کتێبێکی هەیە کە ناویناوە (شێوازی یەک خولەکی ) وە وەک لەڕۆژنامەی ( نیۆرک تایمز ) دا هاتووە یەکێکە لە کتێبە پڕفرۆشەکان، تیایدا ئەڵێ ، بەکورتی: شێوازی یەک خولەکی شێوازێکی نوێیە کە ڕەنگە لەسەرەتای جێبەجێ کردنیدا وا هەست بکەیت کە شێوازێکی سەیر و نامۆیە، بەڵام لەدوای ئەوە ئاسودە ئەبیت و زۆر بەشێوەیەکی سروشتی ئیشی تیائەکەیت، وەرە لەسەرەتادا منداڵەکانت ئاگادار بکەرەوە کە تۆ ناتەوێ بڕیاریان بەسەردا بدەیت یان ئەوان بڕیارت بەسەردا بدەن، و ناتەوێ زاڵ و کەڵەگا بیت لەماڵەکەدا. واز لەمنداڵەکانت بهێنە باخۆیان واهەست بکەن کە تۆ لەهەڵسوکەوتە هەڵەکانیان ڕازی نیت، جا ئەگەر هاتو منداڵەکەت هەڵەیەکی ئەوتۆی کرد: وەرە یەکسەر تەماشای چاوەکانی بکە، بەکورتی پێی بڵێرەوە کە چی کردووە بێئەوەی هیچ کاتێکی ئەوتۆت لێبگرێت چەند چرکەیەک نەبێت، دوای ئەوە ئاگاداری بکەرەوە کەتۆ لەو ڕەفتارەی تورەیت، وە وازی لێبهێنە با لەنیو خولەکی یەکەمدا خۆی هەست بکات بەوەی کەتۆ هەستی پێ ئەکەیت، چونکە هەر ئەوە بەس نی یە کە بێیت سەرزەنشتی خۆت بەکوڕەکەت یان بەکچەکەت ڕابگەیەنیت، بەڵکو ئەوەی زۆر لەوە گرنگترە ئەوەیە کە هەست بەو سەرزەنشتەت بکەن، وازی لێبهێنە باخۆی هەست بکات کەتۆ چارەی ئەو کردەوەیەت ناوێت و حەزی لێناکەیت، وە ڕەنگە لەگەڵ ئەو هەستەیدا هەستیش بە بێزاربوون بکات، پاشان هەناسەیەکی قوڵ هەڵبکێشە، و هەست بەهێمنیەکی دەروونی بکە بۆخۆت، وە لەمیانەی نیو خولەکەکەی تردا: هێور بەرەوە و بەجۆرێک دەست بهێنە بەسەر منداڵەکانتا کە هەست بکەن تۆ لەدژیان نیت بەڵکو لەگەڵیاندای.

بۆ منداڵەکانت بگێڕەوە و بۆیان باس بکە کە تۆ لەم ئاکارەی ئێستایان ڕازی نیت، بەڵام ئێوە کەسێکی چاکن، ئینجا پێیان بڵێ: خۆشم ئەوێن، و باوەشیان پیابکە.

وە لەمیانەی هەمان ڕۆژدا گوێبگرە بۆ ئەو قسانەی کە منداڵەکانت بۆت ئەکەن، وە بزانە کە هەست و سۆزیان بەرامبەر تۆ و کردارەکانیان چۆنە.

جارێکیان یەکێک لەباوکە پەروەردەکارەکان لەگەڵ خێزانەکەیدا سواربوون بۆئەوەی بچن بۆ سەردانی ماڵی خاڵوانیان، کەچی کوڕەکەیان دواکەوت، چونکە دایکی فەرمانی پێکردبوو پێڵاوێکی دیاریکراو لەپێ بکات و نەیهێشتبوو جگە لەو پێڵاوە هی تر لەپێ بکات، جا کاتێ کوڕەکە هات دایکی بینی سەرپێچی فەرمانەکەی کردووە و جووتێکی تری لەپێ کردووە! قیژاندی بەسەریدا و فەرمانی پێکرد بگەڕێتەوە و ئەو پێڵاوە لەپێ بکات کە ئەو بۆی دەستنیشان کردبوو، وە دەستیکرد بەهات و هاوار و نزا لێکردنی، باوکەکەش بێدەنگ و نقەی لەخۆی بڕیبوو، جا کاتێ مناڵەکە ڕۆیشت باوکەکە بەژنەکەی ووت: لەو هات وهاوارە چ سوودێکت دەستکەوت؟ ژنەکە لەوەڵامدا ووتی: ئەوەم دەستکەوت کە هەرچی لەدڵمدا بوو هەڵمڕشت و هیچم تیانەهێشت! باوکەکە ووتی: ئەی دوای ئەوە؟.

بەڵام ئەوەی باوکەکە پێی هەستا هەر ئەوەبوو هات بەکوڕەکەی ووت کە ئایا ئەزانی بەهۆی لاساری و گوێنەدانت بەقسەی دایکت کاتژمێرێک لەچوون بۆ ماڵی خاڵت دوائەکەوون، وە هات بەهێمنی و لەسەرخۆییوە پێی ووت: ئایا تۆ سەرپێچی فەرمانی دایکت نەکرد؟ ووتی: بەڵێ، باوکەکە ووتی: دەتۆش ئاکام و سەرەنجامی هەڵەکەت بگرە ئەستۆ.

جا ئێوە لەو بڕوایەدان کە ئەو کوڕە یان خوشک و براکانی تری جارێکی تر ئەکەونە ناو هەمان هەڵەوە؟ بێگومان: نەخێر .

جا بەڕاستی ئێمە لەجیاتی سەرکۆنەکردن و جوێندان زۆر پێویستمان بە بەهێزی و بوێری هەیە لەبڕیاردانددا.

ئەوەش باش بزانە کە زۆر لۆمەکردن و سەرزەنشت کردن زۆرجار ئاکامێکی دڵخۆشکەری نابێت، بەڵکو کوڕە سەرزەنشتکراوەکە بەتەواوەتی لاساری خۆی دەرئەخات، و بۆت ئەسەلمێنێ کە ئەو لەسەر هەقە و پیاوە و پشت بەخۆی ئەبەستێت، لەکۆتایشدا خۆی ئارەزووی لەچی بێت ئەوە ئەکات، وە تۆ ناتوانیت ڕێگریی لێبکەیت بەسەریدا زاڵ بیت، ئەی سەرەنجامی ئەمە بەچی گەیشت؟ نەخۆش کەوتیت و خۆت ەهیلاکدا برد، و سەرپێچی بەرنامە و شەرعی پەروەردگارەکەشت کرد کە فەرمانی بە ەسەرخۆیی و ئارامگرتن و نەرمونیانی پێکردبوویت، وە خۆت دۆڕاند و کوڕەکەشت لێ ەڵەمیەوە و لێت دوورکەوتەوە.

جا ئەگەر هاتو کوڕەکەت بەوجۆرە نەبوو کەتۆ پێتخۆشە و ئەتەوێت ئەوا وەک اوانبارێکی یاخی و سەرکەش مامەڵەی لەگەڵدا مەکە، و بەڕەخنەگرتنی ووشک و ڕەق ەدەستی مەدە، وە با دروشمت لەگەڵیدا بریتی نەبێت لەوەی کە: یان ئەبێ هاوڕام بیت لەگەڵمدا بیت، یان ئەبێ لێم جیابیتەوە! .

ەگێڕنەوە کە ناکۆکیەک کەوتە نێوان موعاویە خوا لێی ڕازی بێ و یەزیدی کوڕیەوە، ئەو شەوە لەداخ و خەفەتدا خەوی زڕا و خەو نەچووە چاویەوە، و بەهۆیەوە تووشی خەم و خەفەتێکی سەخت و قورس بوو، جا کاتێ ڕۆژبۆوە ناردی بەشوێن ئەحنەفی کوڕی قەیسدا بە ڕەحمەت بێ و هات بۆلای، کەچووە ژوورەوە بۆلای سکاڵای حاڵی خۆی لەلاکرد، و داوای لێکرد چارەسەرێکی نمونەیی بۆ بدۆزێتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەوویش ووتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران منداڵەکانمان بەرهەمی دڵەکانمان، و پاڵپشتمانن، و ئێمە بۆیان زەویەکی ملکەچ و ژێربار، و ئاسمانێکی بەسێبەرین، جا ئەی

پێشەوای باوەڕداران ئەگەر هاتو ئەوان تووڕەبوون ئەوا تۆ وەرە ڕازییان بکە، وە ئەگەر داوای شتێکیان لێکردیت بیاندەرێ، بەرامبەر ئەوە ئەوانیش دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆیانت بۆ دەرئەبڕن، و درێغی ناکەن لەمیهرەبان بوون لەگەڵتدا، وە بێزاریان مەکە کە شتێکی کەمیان بدەیتێ، ئەوانیش بێن تۆ لەژیان وەڕس بکەن، و حەزنەکەن لێت نزیک ببنەوە.

بەڕاستی ئەم قسە بەجێ و تەواوانە وەک ئاوێکی سارد و سازگار بوو بۆسەر دڵ و دەروونی، وە پێی ووت: ئافەرین بۆخۆت ئەی ئەحنەف، سوێند بەخوا کاتێ ناردم بەشوێنتا زۆر تووڕەبووم و ڕقم لەیەزید هەستابوو، بەڵام تۆ هاتیت ڕق و کینەی ناو دڵمت دەرهێنا و نەتهێشت [1].

بەڵێ! با هەموومان دڵنیابین لەوەی کە ناتوانین بەو جۆرەی کە ئێمە ئارەزوومان لێیەتی و ئەمانەوێ کەسایەتی منداڵەکانمان دابڕێژین و دروستی بکەین، بەڵام خۆ لەتواناماندایە کە بەرەو کاری دروست و هەق و ڕاستی ئاڕاستە و ڕێنماییان بکەین، و ببین ئامۆژگاریکار و ڕێنمایکارێک بۆیان، بەبێ هیچ زیادەڕەوی و بەزایەدانێک.

وە بابێین ڕامێنین لەفەرمایشتی خوای بەرز و بڵند بۆ پەیامبەر و خۆشەویستی خۆی موحەممەد صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئەفەرمووێ: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ ﴾ القصص: ٥٦ .

(١) موسوعة ابن أبي الدنيا ( ٨/ ٤٥ ).

واتە:( بەڕاستی تۆ ناتوانی ئەو کەسەی خۆشت بوێ ڕێنوێنی بکەیت و بیخەیتە سەر ڕێی ڕاست بەڵام خوا هەرکەسێ خۆی بیەوێ ڕێنوێنی ئەکات )،

هەروەها فەرمایشتی: ﴿لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾ البقرة: ٢٧٢ .

واتە:( لەسەرتۆ نی یە ڕێنوێنی و خستنە سەر ڕێی ڕاستی خەڵکی بەڵکو خوا خۆی هەرکەسێکی بوێ هیدایەتی ئەدات )،

هەروەها: ﴿مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُ وَلِيًّا مُّرْشِدًا ﴿١٧﴾﴾ الكهف: ١٧ .

واتە:( هەرکەسێ خوا ڕێنوێنی بکات ئەوا ئەو کەسە ڕێنوێنی کراوە وە هەرکەسیش گومڕا بکات بەهۆی خراپەکاریی خۆیەوە ئەوا دەستت ناکەوێت بۆی هیچ دۆست و پشتیوان و ڕێ نیشاندەرێک )، ئەمانە و جگە لەم ئایەتانەی کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ڕێنموونی کردن و هیدایەتدانی خەڵکی لەسەر ئێمە نی یە، بەڵکو تەنیا ڕێنوێنی کردن و ئامۆژگاری و ڕاگەیاندنمان لەسەرە.

وە ئەگەر ئەو پەیامبەرەی کە نیگای بۆ ئەکرێ تەنیا ڕاگەیاندنی لەسەر بێت و هیچی ترنا، وەک خوای بەرز و بڵند ئەفەرمووێ: ﴿مَّا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ﴾ المائدة: ٩٩ .

واتە:( نێردراوەکەی خوا هیچی لەسەر نی یە مەگەر گەیاندن و ڕاگەیاندن نەبێت )، وە خوای مەزن ڕێگری لێکردبێت لەوەی کە خەفەت بخوات لەسەر ئەوەی کە وەڵامگۆی ئامۆژگاری کردنەکەی نەبوونەوە و بەگوێیان نەکرد و باوەڕیان نەهێنا، وەک خوای باڵادەست ئەفەرمووێ: ﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ﴾ فاطر: ٨ .

واتە:( بەخەفەت خواردن لەبەر (باوەڕ نەهێنانی) ئەوان خۆت لەناومەبە و مەفەوتێنە )، هەروەها کە ئەفەرمووێ: ﴿وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ﴾ النحل: ١٢٧ .

واتە:( خەم و خەفەتیان بۆ مەخۆ )، هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿لَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفْسَكَ أَلَّا يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ۝٣﴾ الشعراء: ٣ .

واتە:( خەریکە لەداخ و خەفەتدا خۆت لەناو ئەبەیت لەبەر ئەوەی ئەوان باوەڕ ناهێنن ).

جا کەپێغەمبەرێ ﷺ بەرامبەر بە ئومەتەکەی بەوجۆرە بووبێت و بەوجۆرە لەخەمیاندا بووە و خەفەتی بۆخواردوون ، ئەوا هەر بەڕاستی تۆ لەپێشتریت بەوجۆرە لەگەڵ منالەکانتا مامەڵە بکەیت، جا وەرە بەشێوازێکی کارامە و دانایانە ڕێنوێنیان بکە، و بە نەرمونیانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکە بێ ئەوەی ڕقیان لێتبێت و لێت بسڵەمێنەوە، و با خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ داتنەگرێ و پرزەت لێببڕێ، چونکە ئەگەر خوا وویستی لێبوایە هیدایەتی ئەدان، وە تۆ هیچت لەسەر نی یە مەگەر گەیاندن و ئامۆژگاری نەبێت، ئەویش بەشێوازێکی کارامە و ژیرانە، جا ئەگەر بەشێوازێکی بێزراو و سڵەمێنەر بوو ئەوا ئەرکی ئامۆژگاری کردنت بەجێ نەهێناوە ، و بەگەیاندن ئەستۆپاکی خۆت نەسەلماندووە، و تۆ بوویتە هۆکاری لاڕێ بوون و یاخی بوونیان.

تۆ وەرە بنچینە و ڕێسایەک بگرەبەر و بیکە بەمەشخەڵ و بەرنامە لەژیانتدا: هەر لەسەرەتاوە چارەسەرێکی گونجاو و بەکەڵک و پێشنیازێکی گونجاو پێشکەش بکە، لەجیاتی ڕەخنەی بریندارکەر، و سەرزەنشتی سڵەمێنەر و بێزراو.

جا کاتێ ئەبینیت منالەکانت لەناو ماڵەوەدا یاری ئەکەن، و پڕی ئەکەن لە قاوو قیژ و هات و هاوار: ئەوا تۆ مەیە دەست بکەیت بەبێزاری دەربڕینێکی زۆر و خۆت تووڕەبکەیت، و مەیژێنیت بەسەریاندا تا واز بهێنن، چونکە ئەوان واز ناهێنن و دەست هەڵناگرن لێی، وە بەو هەڵوێستەشت تۆ بوویتە هۆی پەست بوون و لیخن کردنی دڵ و دەروونی خۆت، ئیتر دوای ئەوە قسە و ڕێگری کردنەکەت هیچ بایەخ و ڕێز و کاریگەریەکی بۆسەر دڵ و دەروونیان نابێت، چونکە تۆ زۆر بێزاری لەدەستیان دەرئەبڕیت و ڕێگرییان لێ ئەکەیت و ئەوانیش هیچ بایەخێک بۆ تووڕەبوونەکەت دانانێن، و ئیتر زۆربەی ڕۆژەکان بارودۆخ بەو جۆرە ئەگوزەرێ! .

وەرە لەجیاتی هەموو ئەوانە: چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو کێشەیە بدۆزەرەوە، ئەویش بەوەی شوێنێکی لەباری تریان بۆ بدۆزەرەوە بۆ یاری کردن لەجیاتی ناو ماڵەکە، بەوەش زاڵ ئەبیت بەسەرکێشەکەدا و ناهێڵیت، و ئەوانیش دڵخۆش و ڕازی ئەکەیت، و خۆشت پەست و خەمبار ناکەیت.

وە کاتێ ئەبینی ئاستی خوێندنی منالەکەت نزمە و بەرەو خراپ بوون ئەچێت، لەجیاتی ئەوەی بێیت لۆمە و سەرکۆنەی بکەیت و قسەی پێ بڵێیت، و بیتەرێنیت و پشتی لەخوێندن سارد بکەیتەوە: وەرە چارەسەرێکی لەبار بۆ ئەو لاوازیە بدۆزەرەوە، جا یان مامۆستایەکی تایبەتی بۆ بگرە، یان خۆت یارمەتی بدە لەوانەکانیدا و سەعی پێ بکە، و وانەکانی بۆ ڕاڤە بکە و بەپێی توانا و سەلیقەی خۆت شتی تریش بکە بێجگە لەوانەی باسکرا.

ئای کە سەرزەنشت کردن و ناڕەزایی دەربڕین چەند ئاسانە، و دۆزینەوەی چارەسەریش
- سەرەڕای ئاسانیەکەشی - چەند قورس و گرانە.
جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵێک دۆست و برادەردا چووین بۆ گەشت و گەڕان، و ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی منالەکانیش لەگەڵ خۆماندا ببەین، جا کاتێ ئێوارە داهات، و منالەکان لەدەورمان دەستیانکرد بە یاریکردن - سەرەڕای ترسانیان لەتاریکی - ئیتر بێزاری لەڕووی ئامادەبواندا دەستیکرد بەدەرکەوتن، و تائەهات ناڕەزایی دەربڕین و سکاڵاکردن بەسەریاندا زاڵ ئەبوو، هەتا کار گەیشتە ئەوەی یەکێکیان ووتی: ئای چەندێ ڕقم لەوەیە لەشوێنی وادا منالت لەگەڵدا بێ.. ئای کەحاڵەتێکی ناخۆشە! ، ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا منالەکەی خۆی لەناویاندا بوو، وە هەرخۆیشی یەکێک بوو لەوانەی کە ڕازی بوو منال لەگەڵ خۆماندا بهێنین !.

هەر کاتێکمان زانی یەکێمان زۆر بە دانایی و هێمنانە ڕەفتاری نواند، هات یەکێک لە گەنجە دانیشتووەکانی بانگ کرد و پێی ووت: تکات لێئەکەم کە ئەو منالانە بەریتەوە بۆ ماڵی خۆیان بەو مەرجەی ئەم سەت ڕیاڵەم لێ وەربگریت! ئیتر ئا بەوجۆرە بە دۆزینەوەی چارەسەری بەکەڵک کێشەکە کۆتایی پێهات، لەجیاتی ناڕەزایی دەربڕین کە ئەگەر بەردەوام بوایە ئەوا کۆمەڵێک پەست و خەمبار ئەبوون و گەشت و سەیرانەکەشمان لێ تێکئەچوو.

✿✿✿

## بنچینەی دووەم

پەیوەستبە بەهێمنی و ئارامگرتنەوە لەکاتی دروست بوونی ناکۆکی لەگەڵ منالەکەتدا یان کاتێ هەڵەیەکی گەورە ئەنجام ئەدات .

بێگومان منالەکانمان وەک هەر مرۆڤێکی تر، لەنێوان ئەوان و باوک و دایکیاندا ناکۆکی دروست ئەبێت وە لەنێوان خۆشیاندا شەڕ و پێکاهەڵپژان ڕووئەدات، جا لێرەدا پێویستە لەسەر پەروەردەکاری ژیر و تێگەیشتوو کە نابێت وەک ئەوان بکات و بەرەنگاریان بێتەوە، چونکە ئەو هەڵوێستە لەئایندەدا ئاکامێکی باش و سوپاسکراوی نابێت.

جا لێرەدا واباشتر و سەلامەت ترە کە باوکە و دایکەکە پاشەکشە بکەن، و مشتومڕەکەیان بۆ کاتێکی تر دوابخەن، و ماوە بەمنالەکەیان بدەن کە بەخۆیدا بچێتەوە و بیربکاتەوە، هێمنی بۆ بگەڕێتەوە و ئەقڵی بێتەوەبەر.

وە هەروەها پێویستە لەسەر باوک و دایک هێمن و لەسەرخۆبن کاتێ منالەکەیان هەڵەیەکی گەورە وناقۆڵا ئەنجام ئەدا، یاخود کارێکی ئابرووبەرانەی لێ ئەوەشێتەوە، چونکە توندوتیژی نواندن هەمیشە چارەسەر نەبووە، ئای چەندێ ووشەی جوان و

نەرمونیان، یان ناڕەزایی لەسەرخۆو هێمنانە و جوان کاردانەوەی باش و ئەرێنی هەبووە بۆسەر منداڵەکە، و کاری تێکردووە و هەستی جوڵاندووە، و دوای ئەوە گۆڕانکاری تیاڕویداوە و هەڵسوکەوتی چاک بووە.

بەڕێوەبەری خوێندنگەیەکی ناوەندی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: وەک پیشەی هەمیشەیم هەر بەیانی زوو لەخەو هەستام و بەرەو خوێندنگە کەوتمەڕێ، وە کاتێ چوومە ناو بیناکەوە لەناکاو ڕووبەڕووی چەند نووسینێکی ناشیاو بوومەوە کە لەسەر دیواری خوێندنگەکە نووسرابوون، جا دوای پشکنین و گەڕان بەدوای ناوی ئەو خوێندکارانەی ئەو ڕۆژە نەهاتبوونەوە، دۆزیمانەوە و بۆمان دەرکەوت کێ بووە ئەو کارەی ئەنجامداوە، یەکسەر پەیوەندیم کرد بە باوکی خوێنکارەکەوە، وە کاتێ هات جوان بینی کوڕەکەی چی لەسەر دیواری خوێندنگەکە نووسیوە، بەڕێوەبەرەکە پێی ووت: بەچاوی خۆت ببینە کوڕەکەت چی لەم خوێندنگەیە کردووە، کە تازە دروستکراوە، و دەوڵەت پارەیەکی بێشوماری بۆ خزمەتی منداڵەکانتان خەرج کردووە.

بەڕێوەبەرەکە ئەڵێ: من زۆر شپرزە و شڵەژاو بووم کەچی باوکەکە لەوپەڕی هێمنی و لەسەرخۆییدابوو! هات دەستی کرد بەگیرفانیداو مۆبایلەکەی دەرهێناو پەیوەندی کرد بەکوڕەکەیەوە و زۆر بەهێمنانەوە پێی ووت: تۆ ئەو شتانەت لەسەر دیواری خوێندنگەکەت نووسیوە؟؟ یەکسەر منداڵەکە دانی پیادا نا کە بەڵێ ئەو بووە، باوکەکە زۆر بەشێنەییەوە ووتی: ئاخر بۆچی؟؟

منالّەکە سست بوو لەوەڵامدانەوەدا و متەقی نەکرد، یەکسەر باوکەکە فەرمانی بەمناڵەکە کرد لە خوێندنگە ئامادە بێ، پاشان پەیوەندی کرد بە بۆیاخ چیەوە، وە بۆیاخ چیەکە هات و لەسەر نرخ و ڕەنگی بۆیاخەکە ڕێککەوتن، پاشان مناڵەکەش هات.

بەڕێوەبەرەکە ئەڵێ: ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە باوکەکە بەتووندترین شێوە سەرزەنشتی منالّەکەی ئەکات، و لەوە ترساین بەبەرچاوی ئێمەوە دایپلۆسێت و لێی بدا، بەڵام لەناکاودا بینیمان ئاوڕی بەلای کوڕەکەیدا دایەوە و زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆییەکی سەرسوڕهێنەرەوە دوو ووشەی پێووت: ئەی کوڕی شیرینم یان کەڵکم پێبگەیەنە ئەگەرنا تووشی ناڕەحەتی و زەرەرو زیانم مەکە و مەمدۆڕێنە.

ئیتر دوای ئەوە باوکەکە هەستا و مۆڵەتی ڕۆشتنی لێ خواستین و چووە دەرەوە.

بەڕێوەبەرەکە ئەڵێ: دوای ئەوە سەیری مناڵەکەم کرد بینیم هەردوو دەستی بەدەموچاویەوە گرتووە و لەپەستا ئەگری، وە من و مامۆستای ڕێبەری خوێندکارانیش لەوپەڕی سەرسامیدا بووین لە شێوازی هەڵسوکەوتی ئەم باوکە لەگەڵ مناڵەکەیدا، وە ئێمە هەوڵمان ئەدا مناڵەکە هێور بکەینەوە کە بەردەوام ئەگریاو هەنسکی ئەدا.

وە دوای ئەوەی تۆزێک هێور بۆوە هەرچەندە ئەشگریا ووتی: خۆزگە باوکم تێری لێ بدامایە بەڵام ئەو دوو ووشەیەی پێ نەووتمایە، وە دوای ئەوە مناڵەکە پۆزشی هێنایەوە و داوا لێبووردنی لێکردین، و بوو بەیەکێک لەخوێندکارە نمونەیی و باشەکانی خوێندنگەکەمان.

وە پێویستە لەسەر ئەو باوکەی کە گۆڕانکاریەکی ڕوون و بەرچاو ئەبینێ لە خوو ڕەووشتی منداڵەکەیدا بەگرنگی پێدانەوە دەستپێشخەری بکات بۆ چارەسەرکردن و چاککردنی، ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانە:

١) گۆڕینی هاوڕێکانی، هەرئەبێ ئەو هاوڕێیانەی بگۆڕێت کە گەورەترین هۆکار بوون لە خراپکردن و لادانیدا .

جا ئەگەر منداڵەکە بەردەوام بوو لەهاوڕێتی کردنی برادەرە خراپەکانی ئەوا ئەو شێواز و ڕێوشوێنانەی باوکەکە ئەیگرێتە بەر هەرچۆنێک بێت هیچ کەڵکێکی ئەوتۆی نابێ.

وە ئەتوانیت ـ ئەی باوکی بەڕێز ـ بەیەکێک لەم ڕێگانەی خوارەوە هاوڕێکانی بگۆڕیت:

أ ) وای لێبکە لەکاتی گەشت و گەڕانت لەگەڵ هاوڕێکانتا لەگەڵ خۆتدا بیبەیتە دەرەوە، و با ئەوانیش منداڵەکانی خۆیان بهێنن، بەوەش یەکتری ئەناسن و هۆگری یەکتر ئەبن، چونکە بەتایبەتی گەشت و گەڕان هەلێکی گەورەیە بۆ ڕەگداکوتانی پەیوەندیەکان و چەسپانیان.

ب) وای لێبکە پەیوەندی بکات بە خولەکانی لەبەرکردنی قورئان و یانە وەرزشیە هاوینەکانەوە.

٢) بڕوا و متمانەی خۆت و پەیوەندی و پەیوەست بوون بە خێزانەکەیەوە بۆ بگێڕەوە، لەڕێگەی ڕێزلێگرتن و هاندان و ستایش کردنی، و ئارامگرتن و نەرمونیان بوون لەگەڵیدا، و چاوپۆشی کردن لەو ئاکار و ڕەووشتە خراپانەی کە لێی ئەوەشێتەوە.

٣) سەرقاڵی بکە بەو شتانەوە کە کەڵکی بۆی هەیە، چونکە بەڕاستی دەست بەتاڵی هەروەها یەکێکە لەگەورەترین هۆکارەکانی خراپبوونی، بۆیە تۆ وەرە ئیشێکی لەکۆگایەکی بازرگانیدا بۆ بدۆزەرەوە، یان لەکێڵگەکەی خۆتدا ( ئەگەر هەتبوو ) یان لەکاتی پشوودا با لەگەڵ خۆتدا بێت، و چی پێویستە بۆی دابین بکە ( بەپێی توانا ـ وەرگێڕ ).

٤) لەبارەی چارەسەری بەکەڵکەوە پرسیار لەکەسانی پسپۆڕ و پەروەردە بکە، چونکە بەڕاستی ئەو جۆرەکەسانە چارەسەری ئەوتۆیان لەلایە ئەگەر بێتو جێبەجێیان بکەیت بەدرێژایی تەمەنت پێی بەختەوەر ئەبیت، و زووخاوخواردن و کێشە و گیروگرفتەکانیشت بنەبڕ ئەکات.

٥) هۆکارەکانی چەووتی و لاڕێبوون و وروژێنەرەکانی خراپەکاری لێ دووربخەرەوە، وەک کەناڵە نزم وبێ ئابروویيەکان و شتی تریش، وە ئەو ژینگەو دەوروبەرەش کە بۆ ئەو جۆرە کارە خراپانە یارمەتی ئەدات و بەهۆکارە خراپەکان کۆمەکی ئەکات، ئەگەرچی وای پێویست بکات کە لەو گەڕەک و شارەشدا بڕۆیت و باربکەیت، کە بەڕاستی جێبەجێ کردنی ئەمە کارێکی قورس و زۆر نی یە لەبەر خاتری منداڵەکانت و پارچەی جەرگەکەت کە زۆر لەوە زیاتر ئەهێنن بۆیان بکەیت .

پێشەوا ئیبنولقەیم بە ڕەحمەت بێ فەرموویەتی: هیچ شتێک نیە بۆ رزگار بوون لەشەڕ و خراپەکاری هاوتای پەنابردنەبەر دوورکەوتنەوە بێ لەهۆکارەکانی خراپەکاری و شوێنە گومانand گومانایەکان[١].

(١) عدة الصابرين : ٨٦ .

بەڕاستی منالّەکەت قوتاری نابێت لەو شەڕ و خراپەکاری وگومڕاییەی تێی کەوتووە بەدوورکەوتنەوە نەبێت لەهۆکارەکانی خراپەکاری و شوێنە گوماناویەکان.

باشە ئەگەر بینیت منالّەکەت ـ خوانەکردە ـ نیشانەکانی نەخۆشی گانگری لیَ دەرکەوت، ئایا تۆ دێیت دەرمانی ئازار شکێنی پیَ بدەیت بۆئەوەی ئازارەکەی بشکێت، یان ئەچیت بەشوێن پزیشکێکدا ئەگەڕێیت تا نەخۆشیەکە بەتەواوەتی بنەبڕ بکات، و لەڕەگوڕیشەوە دەری بهێنێت؟.

جا بەڕاستی منالّەکەشت بەو جۆرەیە ـ هەی خوا سەلامەتت کا ـ کاتیَ نەخۆشی لادانی ئاکاریی و بەدڕەووشتیی لیَ دەرئەکەویَ، وەرە تۆ دەردەکە لەڕەگوڕیشەوە دەربهێنە، کە بریتی یە لەهاوڕێتی کردنی کەسی خراپ، و کەناڵە بەدڕەووشتی و نزمەکان، و شێوازی مامەڵەکردنی ووشک و خراپ لەگەڵیدا.

# چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشیە جەستەییەکاندا

ەوەی لەپێشەوە باسمانکرد سەبارەت بە نەخۆشیە ئاکاری و ڕەووشتیەکان بوو، بەڵام ێرەدا پێمخۆشە کەمێک درێژە بدەم بە باسکردنی چارەسەری ئەو نەخۆشیانەی یوەندییان بەلاشەوە هەیە، کە لەیەکێک لەم دوو حاڵەتە بەدەر نی یە:

**حاڵەتی یەکەم:** بریتی یە لەنەخۆشی درێژخایەن، وەک ئیفلیجی و هاوشێوەی ئەوە ـ خوا مانپارێزێ ـ جا لێرەدا پێویستە لەسەر باوکان و دایکان ئەبێت هەرچی هۆکار هەیە بیگرنە ەر لەپێناوی منالەکەیان، و نابێ کەمتەرخەمی بکەن لەگەڕان بەشوێن چارەسەردا ئەگەر چی بەشێوەیەکی کەمیش بێت.

وە ئەوەی کە پێویستە ئاگاداری بین بریتی یە لەوەی کە ئەبێت هەڵسوکەوتمان لەگەڵیاندا بەهێمنی و نەرمونیانتر بێت زیاد لەوانەی تر، چونکە ئەو جۆرە منالانە هەست بە کەموکوڕی ئەکەن، کە ئالێرەدا ڕۆڵی باوک و دایک دێت کە ئەبێت بەپێدانی سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی یەکی زیاتر ئەو هەست بەکەمی کردنەی بۆ پڕ بکەنەوە و بنەبڕی بکەن و نەیهێڵن.

بەڵام نابێ زیادەڕەوویی لەمەدا بکرێ، کە منالەکە وا هەست بکات کە لەکەسانی تر کەمترە، بەمەش جۆرێک لەنائومێدی و تێکشکان و هەست بەکەموکوڕی کردنی لەلا دروست ببێت.

بەڵکو پێویستە بەو جۆرە یاریانە قەرەبوو بکرێتەوە کە لەگەڵیدا ئەگونجێ، و بخرێتە ناو دەوروبەر و ژینگەیەکەوە بەگوێرەی توانا و ئارەزووەکانی داهێنانکاری تیا بکات.

**حاڵەتی دووەم:** ئەو نەخۆشیانەی کە تووشی ئەبێت، وەک هەڵامەت و ڕووداوو کارەساتی کتوپڕ و هاوشێوەی ئەوانە، جا لەم کاتەدا پێویستە لەسەر پەروەردەکاری سەرکەوتوو ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە پەیڕەو بکات:

**هەنگاوی یەکەم:** پێویستە بە لەسەرخۆیی و مامناوەندیەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بکات، نە بەووشکی و کەمتەرخەمیەوە، کە منالەکە هەست بە تێکشکان و لاوازی خۆی بکات لەلایەن باوک و دایکیەوە، نە بەترسێکی لەڕادەبەریشەوە، کە ترس و بیمی تیا گەشە بکات و وورەی بڕوخێنێ.

**هەنگاوی دووەم:** دەستپێشخەری بۆ چارەسەرکردن، کە بەڕاستی گوێپێنەدان و کەمتەرخەمی ئاکامێکی قوورس و خراپی لێ ئەکەوێتەوە، ئای چەندێ سەرەنجامی ئەو کەمتەرخەمیەمان بیستووە و بینیوە، یەکێک لەهاوڕێکانم بۆی گێڕامەوە کە برایەکی تای لێدێت و پلەی گەرمی لەشی بەرز ئەبێتەوە، کەسوکارەکەی دەستوبرد ناکەن بۆ چارەسەرکردنی، بۆیە تاکەی بەرز ئەبێتەوە و کاریگەری خراپی لەسەر دەرئەکەوێ، جا کاتێ ئەیبەن بۆلای پزیشک پێیان ئەڵێ: بەڕاستی دواکەوتوون و درەنگ هاتن! چونکە بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی لەشیەوە خانەکانی مێشکی لەناوچوون! .

**هەنگاوی سێیەم:** دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی دەرمان بەگوێرەی توانا، و گۆڕینی بە چارەسەری بەکەڵک و تاقیکراوە، بەتایبەتی بۆ نەخۆشیە سووک و ئاسانەکان وەک

بەڵامەت و سەرئێشە و سەرەتای هەوکردن ( ئیلتیهاب کردن )، جا کاتێ منالْ ڕابێت لەسەر بەکارهێنانی ئەمجۆرە دەرمانانە ئەوا لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەرگری لەشی سست و لاواز ئەبێ.

وە ئالێرەدا پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کە هەوکردنێکی کەم و ئاسان پێویستی بە بەکارهێنانی دەرمان نی یە بۆ چارەسەرکردنی، وەک هەوکردنی قوڕگ و گەرو، وە کۆکە، وە ئازاری گوێ، و بەتایبەتیش ئەنفلۆنزا.

کە ئەمجۆرە هەوکردنانە ئەتوانرێ بەخواردنەوەی شلەمەنی چارەسەر بکرێت بەتایبەتی خواردنەوەی ئاوی شلەتێن، جا چوونیەکە ئەگەر ئاوەکە بەتەنیا بخورێتەوە یان لەگەڵ هەنگوین و ئاوی لیمۆدا تێکەڵ بکرێت، هەروەها خواردنی باش و پوخت و تەندروست، و پشوودانی تەواویش چارەسەرێکی باشن، هەروەها پێویست ناکات پەنا ببرێتەبەر بەکارهێنانی دەرمان بۆ چارەسەرکردنی سکچوون ، کە ڕەنگە بەکارهێنانی زیانبەخش بێت.

وە ژمارەیەکی زۆر لەپزیشکان و پسپۆڕانی بواری تەندروستی باسیانکردووە کە دەرمان بۆ چارەسەرکردنی هەوکردن بە بەکتریا بەکاردەهێنرێت، کە لەهەمان کاتدا کاریگەر نی یە بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنە ڤایرۆسیەکان، چونکە دەرمانی تایبەت هەیە بۆ لەناوبردنی ڤایرۆسەکان، بەڵام ئەوەی هەیە نابێ بەبێ ئاگاداری پزیشک و ڕەچەتەی پزیشکی بەکاربهێنرێ، وە زۆرێک لەنەخۆشیە ڤایرۆسیە بڵاوەکان لەلای خەڵکی تێکەڵاو بووە و لێیان تێکچووە کە دێن دەرمانی بۆ وەرئەگرن.

لەبەرئەوە نابێ لەکاتی تووشبوون بە کۆکە و هەڵامەت یان تووشبوون بە هەوکردنە ڤایرۆسیەکان دەرمان بخورێت، مەگەر لەکاتی قورس بوون و تەشەنەکردنی نەخۆشیەکەدا نەبێت.

وە بێگومان بەکارهێنانی دەرمان لەکاتێکدا کە پێویست نەبێت وە دووبارەکردنەوەی بەکارهێنانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەندین نیشانەی لاوەکی نەخواستراو، کە ڕەنگە مرۆڤ تووشی مەترسی بکات.

وە بەڕاستی بەکارهێنانی خراپ و ناشیانەی دەرمان ئەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەو بەکتریا سرووشتی و سوودبەخشانەی کە لە لەشی مرۆڤدا ئەژین، وە بەکتریای بەرگری لەدژە چارەسەر شوێنی ئەگرێتەوە، کە ئەمیش لەلای خۆیەوە بەپیر وەرگرتنی ئەو جۆرە چارەسەرانەوە ناچێت و وەریان ناگرێ، ئەمە سەرەڕای دەرکەوتنی چەندین نیشانەی نەخۆشی لاوەکی تر، وەک سکچوون، و ئازاری ڕیخۆڵەو گەدە، و سەرگێژ بوون، و تووش بوون بە هەستیاری ( حەساسیەت )، وە تووش بوون بەتەنگە نەفەسی لەحاڵەتی قورس وگراندا.

وە هەموو دەرمانێک نیشانەی لاوەکی تایبەت بەخۆی هەیە، وەک تووشبوون بەهەستیاریەکی لەڕادەبەدەر، کە هەندێ کەس بەهۆی خواردنی ئەمجۆرە دەرمانانەوە تووشی ئەمجۆرە هەستیاریە ئەبن.

بۆیە بەڕاستی گرنگترین کارێک کە پێویستە پێی هەڵسین لەم حاڵەتەدا بریتی یە لەخواردنەوەی بڕێکی زۆر لەشلەمەنی، وە پێدانی چەردەیەکی تەواوی خواردن بەمناڵ

ئەوەی هێزو توانا و چالاکی بۆ بگەڕێتەوە، وە بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەنگاری ئەو نەخۆشیە بێتەوە کە تووشی بووە.

باشترین چارەسەر بۆ هەوکردنی قورگ و هەڵامەت: بریتی یە لە غەرغەرەکردن بە خوێناو، جا پێویستە منداڵ ڕۆژی سێجار بەکاری بهێنێ، لەگەڵ خواردنەوەی ئاوێک کە هەنگوین و ئاوی لیمۆی تێکەڵ بکرێت، و ئەگەر تای لەگەڵدا بوو ئەوا پێویستە شتێکی پێبدرێ تاکەی دابەزێنێ، وە ئەگەر پێویستی بەهەڵم بوو ئەوا قەیناکا وخراپ نی یە، بەتایبەتی ئەگەر هەستی بە تەنگەنەفەسی کرد، کە گرتنەبەری ئەم ڕێگەیە بەتەواوەتی بێ پێویستت ئەکات لە بەکارهێنانی شروب ودەرمان، کە تاقیکراوەتەوە و لەلایەن زۆر کەسەوە پەیڕەو ئەکرێ، وە من خۆم چەندین ساڵە ئەم ڕێگەیەم لەگەڵ منداڵەکانمدا بەکارهێناوە و سوپاس بۆخوا بینیوومە پێویستت بە بەکارهێنانی دەرمان نابێ.

لێرە ئالێرەدا ڕۆڵی باوک دێتە پێشەوە، کە بەڕاستی پەروەردەکردن تەنیا لەسەر شانی دایک کورتی نەهێناوە، وە هەروەها چارەسەرکردنیشیان بەهەمان شێوە تەنیا لەسەر شانی ئەو نی یە، بەڵکو پێویستە لەسەر باوکیش هاوشانی ئەو بەشداری بکات، و نابێ تەنیا پشت بە دایک ببەسترێ لەمەدا.

٭٭٭

## بەراوردێ لەنێوان پەروەردەی یەکەمین پەروەردەکار صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و پەروەردەی زۆربەی زۆری باوکان و دایکاندا

لەکۆتایدا: بابێین بەراوردێ بکەین لەنێوان پەروەردەی یەکەمین پەروەردەکار کە پەیامبەرە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە توانی بە ژیری و دانایی، و ڕەووشت بەرزی و جوان مامەڵەکردنی منداڵان و لاوان و پیاوانێک بەچاکترین شێوە پەروەردە بکات، و سەرکردەی ئەوتۆیان لێ دروست بکات کە بەهەڵسوکەوتی جوانیان دڵی بەندەکانی خوا بۆلای ئاینەکەی بەکێش بکەن، و بەدادپەروەرییان زۆربەی زۆری وڵاتان ڕزگاربکەن، وە بێین بەراوردی بکەین بە پەروەردەی زۆرینەی باوکان و دایکان، جا ئەوکاتە ئەزانین کە پەروەردەکەیان چەندێ ناتەواوە و لەپێکان و ڕاستیەوە دوورە، و پێچەوانەی ڕێبازی ڕاست و دروستە لەپەروەردەکردندا:

١) ئەبینین یەکەمین پەروەردەکار صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەورەترین و گرنگترین سەرقاڵێتیدایە بەڵام بۆ منداڵان ئەهات بەشی خۆیانی لەیاری و خۆشی و گوێ لێگرتنی پێ ئەدان وەک لەفەرموودەدا هاتووە، کە ئەفەرمووێ : ( بَيْنَما رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ على المِنْبَر يَخْطُب، إِذْ أَقْبَلَ الْحَسَنُ وَالْحُسَيْنُ يمَشيان وَ يَتَعَثُران عَلَيْهِمَا قَمِيصَانِ أَحْمَرَانِ، فَنزَلَ رَسُولُ الله صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَحَمَلَهُمَا، ثُمَّ قَالَ: ( ﴿إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ﴾ [التغابن: ١٥] ، رَأَيْتُ هَذَيْنِ الغُلامَين يمْشيان وَ يَتَعَثُران فَلَمْ أَصْبِرْ حَتى نَزَلْتُ وَ حَمَلْتُهُما)[١].

(١) رواه أبو داود (٣٦٠٠) ، وصححه الألباني في صحيح و ضعيف ابي داود.

واتە:لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەر دوانگە وتاری ئەدا، لەپڕ حەسەن و حوسەین رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا هاتن، ئەڕۆیشتن و ئەکەوتن، یەکی کراسێکی سووریان لەبەردا بوو، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەدوانگە دابەزی و هەڵی گرتن، پاشان فەرمووی: (بەڕاستی خوای گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿أَنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ﴾ الأنفال: ٢٨ ، ئەم دوو منالەم بینی کە ئەڕۆیشتن و هەڵئەنوتان، خۆم پێ نەگیرا هەتا هاتمە خوارەوە و هەڵمگرتن ).

وە جارێکیان هات بۆ مزگەوت ئومامەی کچەزای هەڵگرتبوو وەک لەم فەرموودەیەدا هاتووە: ( أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يُصَلِّي وَهُوَ حَامِلٌ أُمَامَةَ بِنْتَ زَيْنَبَ بِنْتِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَلِأَبِي العَاصِ بْنِ رَبِيعَةَ بْنِ عَبْدِ شَمْسٍ فَإِذَا سَجَدَ وَضَعَهَا، وَإِذَا قَامَ حَمَلَهَا )[(١)] .

واتە:" پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی ئەکرد ئومامەی کچی زەینەبی کچەزای هەڵگرتبوو، کە کچی ئەبی عاصی کوڕی عەبدولشەمس بوو، کاتێ سوژدەی ئەبرد دایئەنا، وە کاتێ هەڵئەسایەوە لەگەڵ خۆیدا هەڵیئەگرتەوە ".

جا بەڕاستی هیچ ئیشێک نی یە لەمە مەزنتر بێ ( واتە نوێژکردن )، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەمە سەرقاڵی نەکرد لەپێبەخشینی ئەوەی کە منالان پێویستیانە لەیاری و جەفەنگ و کەیف و خۆشی.

(١) البخاري ( ٥١٦ )، و مسلم ( ٤١ ) .

بەڵکو ڕەنگە کاتێکی زۆری خۆی بردبێتەسەر لەپێناو تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیاندا ـ لەگەڵ ئەوەی سەرقاڵ و خەریکبوو بە تێکۆشان و بانگەواز و فێرکردن و ڕاگەیاندنی ئاینی خوا بەخەڵکی ـ، خاتو عائیشەی دایکمان خوا لێی ڕازی بێ بۆمان ئەگێڕێتەوە کە: ( رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْتُرُنِي بِرِدَائِهِ، وَأَنَا أَنْظُرُ إِلَى الحَبَشَةِ يَلْعَبُونَ فِي المَسْجِدِ، حَتَّى أَكُونَ أَنَا الَّتِي أَسْأَمُ»، قالت: فَاقْدُرُوا قَدْرَ الجَارِيَةِ الحَدِيثَةِ السِّنِّ، الحَرِيصَةِ عَلَى اللَّهْوِ )(١).

واتە:" ڕۆژێکیان پەیامبەری خوام صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی بەکراسەکەی بەری دایدەپۆشیم، و منیش تەماشای حەبەشیەکانم ئەکرد کە لەمزگەوتدا یارییان ئەکرد، هەتا ئەوکاتەی من بێزار ئەبووم"، عائیشە ئەی ووت: ڕێزی کچۆڵە بگرن وهەستی ڕاگرن، کە سوورە لەسەر گەمە و یاری کردن ( لەزەوقی مەدەن تا تاسەی ئەشکێ و تەواو ئەبێ ).

بەڵام هەڵوێستی ڕاستەقینەی زۆربەی زۆری باوکان ودایکان بەرامبەر بەمناڵەکانیان ئەوەیە کە سەرقاڵن بە چێشت لێنان و پەیوەندی تەلەفۆنی و قسەو باسی لاوەکیەوە و نایان پەرژێتەسەریان، ئەمەو سەرەڕای کەمی و بێبایەخی ئەوەش کەچی لەمیانەی ئەو کارانەشدا پێشوازی لەهیچ شتێکیان ناکەن و بەشداریان ناکەن وەک یاری و زەردەخەنە بۆکردن و جگە لەوانەش.

٢) پەروەردەکاری یەکەم صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەئەهات سزای منالان بدات و سەرزەنشتیان بکات لەسەر کەمترخەمی نواندنیان، بەڵکو تەنانەت لەسەرپێچی کردنی فەرمانەکانیشیدا

(١) البخاري ( ٥٢٣٦ ).

ئەو هەڵوێستەی نەئەنواند، ئەنەس خوا لێی ڕازی بێ ئەڵێت: ( كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مِنْ أَحْسَنِ النَّاسِ خُلُقًا»، فَأَرْسَلَنِي يَوْمًا لِحَاجَةٍ، فَقُلْتُ: وَاللهِ لَا أَذْهَبُ، وَفِي نَفْسِي أَنْ أَذْهَبَ لِمَا أَمَرَنِي بِهِ نَبِيُّ اللهِ ﷺ ، فَخَرَجْتُ حَتَّى أَمُرَّ عَلَى صِبْيَانٍ وَهُمْ يَلْعَبُونَ فِي السُّوقِ، فَإِذَا رَسُولُ اللهِ ﷺ قَدْ قَبَضَ بِقَفَايَ مِنْ وَرَائِي، قَالَ: فَنَظَرْتُ إِلَيْهِ وَهُوَ يَضْحَكُ، فَقَالَ: «يَا أُنَيْسُ أَذَهَبْتَ حَيْثُ أَمَرْتُكَ؟» قَالَ قُلْتُ: نَعَمْ، أَنَا أَذْهَبُ، يَا رَسُولَ اللهِ)[1].

واتە:" پەیامبەری خوا ﷺ خوو ڕەووشتی لەهەموو کەسێ جوانتر بوو"، ڕۆژێکیان ناردمی بۆ پێویستیەک، ووتم: بەخوا ناچم، بەڵام لەدڵمابوو کە بچم بەپیر ئەو فەرمانەی کە پێغەمبەر ﷺ پێیدابووم، ڕۆیشتم هەتا تێپەڕیم بەلای کۆمەڵێک منالْدا کە لەبازاڕدا یاریان ئەکرد، کاتێکم زانی پەیامبەر ﷺ لەدوامەوە پشتەملی گرتم، ووتی: تەماشام کرد پێئەکەنی، فەرمووی:" ئەی ئونەیس ( بچوککراوەی ناوی ئەنەسە بۆ خۆشی و نازپێدان لەگەڵ منالْدا بەکاردێ ) چوویت بۆ ئەو شوێنەی کە فەرمانم پێکردیت؟" ووتی: ووتم: بەڵێ، وا ئەڕۆم ئەی پێغەمبەری خوا.

ئای پاک وبێگەردی بۆ خوا! ئەمە چ ڕەووشتێک بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ مامەڵەی پێ ئەکرد؟

پێشەوا قورتوبی بە ڕەحمەت بێ ئەڵێ: ( قسەکەی ئەنەس کە ووتی:" بەخوا ناچم! بەڵام لەدڵمابوو کە بچم "، ئەم قسەیەی ئەنەس لەکاتی منالّی و پێش باڵغ بووندا بوو کردی،

(١) رواه مسلم ( ٦٠١٥ ).

کە شتی وا لەکەسێکی باڵغ و کامڵ ناوەشێتەوە، چونکە بەسەرزارەکی سوێندی خوارد بەخوا کە ئەو کارە نەکات کە پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێدابوو، وە ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی کە ئەنجامی بدات، جا ئەنەس هات سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هەواڵپێدان بە نەکردنی کارەکە، وە سوێند خواردن بەخوا لەسەر نەکردنی لەگەڵ سووربوونی لەسەر کردنی کۆکردەوە، وە ئەوەی کە تیایەتی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوڕی بەلای هیچکام لەوانەدا نەدایەوە، و نەپیایدا هەڵشاخا و نە تەمێشی کرد، بەڵکو یاری لەگەڵدا کرد، و هات لەدواوە پشتەملی گرت، و بەدەمیەوە پێکەنی و نەرمونیانی بۆ نواند، و میهرەبان بوو لەگەڵیدا، پاشان پێی فەرموو: " ئەی ئونەیس! بچۆ بۆ ئەو کارەی فەرمانم پێکردی "، ئەویش پێی فەرموو: وا ئەچم. کە هەموو ئەمانە لەدەرەنجامی خوو ڕەووشت و ئاکاری بەرز، و نەرمونیانیە مەزنەکەیەوە بوو وە لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو )[1].

بەڵام سەبارەت بە هەڵسوکەوتی زۆربەی زۆری باوکان و دایکان کاتێک منداڵەکانیان ڕەفتارێکی وەک ئەوەی ئەنەس ئەنوێنن و سەرپێچی فەرمانیان ئەکەن و وەک پێویست بەدەمیانەوە ناچن و بەکارەکەیان هەڵناسن ئەوا هەرمەپرسە کەچی ئەکەن و هەڵوێستیان چۆن ئەبێ بەرامبەریان ، جا هەندێکیان بە لێدان دەستپێشخەری ئەکات، و هەندێکی تریان بە جوێنپێدان و هەڕەشەکردن هێرش ئەکاتە سەری، وە شێوازی تریش بێجگە لەم شێوازە ووشک و ناشرینانە، وە نە لێبووردن و چاوپۆشی کردن لە فەرهەنگی ئەمجۆرە

(١) المفهم (٢١٥/٨) .

کەسانەدا جێی ئەبێتەوە، وە نە گفتوگۆ کردنیش لەهۆکاری سەرپێچی کردن و لاسارییەکەیان.

ئالێرەدا پرسیارێک خۆی قووت ئەکاتەوە کە ئەوە ئەهێنێ هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین و تیی ڕامێنین ئەویش بریتی یە لەوەی: کە چۆن ئەنەس خوا لێی ڕازی بێ پڕکێشی کرد و وێرای یاخی بوون و سەرپێچی خۆی ڕابگەیەنێ، سەرەڕای ئەو هەموو ڕێز و پێشوازی کردنە گەرمەی کە لەپێغەمبەری خوای صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ ئەبینی بەرامبەری؟.

وەڵامی ئەمە زۆر ڕونە: چونکە ئەم بەهۆی زۆر تێکەڵی و هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ پێغەمبەردا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ نەرمونیانی و چاوپۆشی کردن و سۆز و بەزەیی یەکی ئەوتۆی لێ بینی بوو، کە وای لێکرد بووێرێ ئەو ڕەفتارە بنوێنێ.

وە هەروەها جوان ڕامێنن لەوەی کە چۆن پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ نەهات ئەو کردارەی کە ئەنەس بەرامبەری کردی بە بێ ڕێزی نواندن، و بەکەم تەماشا کردن، و هێنانەخوارەوەی شان و شەوکەتی دابنێ ـ وەک چۆن زۆربەی باوکان و دایکان وای لێکئەدەنەوە ـ ، بەڵکو ئەو کارەی وادانا کە لەڕەووشت و سرووشتی زگماکی مناڵانە، بەڵکو تەنانەت بەهەلێکی باشی زانی تا یاری لەگەڵدا بکات و بەدەمیەوە پێبکەنێ، ئایا ئێوە لەو باوەڕەدان ـ ئەی کۆمەڵی باوکان و دایکان ـ کە هەڵوێستێکی لەوجۆرە هەروا بەسانایی بەسەر ئەنەسدا خوا لێی ڕازی بێ تێپەڕێ بێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی لەسەر جێبهێڵێ؟ نا سوێند بەخوا، بەڕاستی ئەم هەڵوێستە چاک کاری تێکرد وکاریگەریەکی بەهێزی لەسەر جێهێشت.

٣) پەروەردەکاری یەکەم ﷺ گلەیی و گازندەی لەمناڵان نەئەکرد، و زۆر لۆمە و سەرزەنشتی نەئەکردن، ئا ئەوە ئەنەسە خوا لێی ڕازی بێ خزمەتکارە پچکۆلەکەی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: ( خَدَمْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ ، عَشْرَ سِنِينَ، لاَ وَاللهِ مَاسَبَّنِي سَبَّةً قَطُّ، وَلاَ قَالَ لِي: أُفٍّ قَطُّ، وَلاَ قَالَ لِشَيْءٍ فَعَلْتُهُ: لِمَ فَعَلْتَهُ، وَلاَ لِشَيْءٍ لَمْ أَفْعَلْهُ: أَلاَّ فَعَلْتَهُ )[1].

واتە:" خزمەتی پەیامبەری خوام ﷺ کرد دە ساڵی ڕەبەق، سوێند بەخوا هەرگیز جوێنێکی پێ نەدام، وە هەرگیز پێی نەووتم: ئۆف لەدەستت، وە بۆ شتێ کردبێتم: پێی نەفەرمووم ئەوە بۆچی ئەوەت کرد، وە بۆ شتێکیش کە نەمکردبێ: پێی نەفەرمووم ئەوە بۆچی وات نەکرد ".

الله أكبر! دە دانە ساڵی ڕەبەق لەخزمەتیدا بووە هەرگیز جوێنێکی پێ نەداوە، بەڵکو تەنانەت تاکە یەکجاریش پێی نەوتووە: ئۆف، و هەر کارێکی کردبێ سەرکۆنەی نەکردووە لەسەری.

بەڵام زۆرێک لەباوکان و دایکان دێن لەڕۆژێکدا زیاتر لەدە جار سەرزەنشتی منداڵەکانیان ئەکەن، بەڵکو جوێنیشیان پێ ئەدەن و گلەیی و گازندەیان لەدەست ئەکەن، بۆیە منداڵ گێل و کەودەن دەرئەچێ، و ڕقیان لە باوک و دایکیانە و لێیان ڕائەکەن، و فەرمان و ڕێگریکردن و ڕێنماییەکانیان هیچ سەرەنجام و کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەریان نابێ،

(١) رواه الإمام أحمد ( ١٣٠٣٤ ) ، و أصله في الصحيحين .

ئەویش لەبەر زۆری ئەو ڕەخنە و گلەیی و گازندە و سەرزەنشتکردنانەی کە لێیان ئەبینێ و هەستی پێئەکات.

٤) پەروەردەکاری یەکەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە جوانترین ناوو شیرینترین دەستەواژە بانگی منداڵانی ئەکرد، و بەجوانترین نازناو ناوی ئەهێنان، بانگی ئیبنوعەباسی خوا لێی ڕازی بێ ئەکرد بە:( يا غُلام )، ئەی لاو، وە بانگی کچۆڵەیەکی ئەکرد و پێی ئەفەرموو: ( يا أُمَّ خَالِد )، ئەی دایکی خالید، وە بانگی لەمناڵێکی پچوکی تر ئەکرد و ئەیفەرموو: ( يا أَبَا عُمَير )، ئەی باوکی عومەیر، ئیتر ئەهات ئا بەوجۆرە ناوو نازناوانە ئەومناڵانەی بانگ ئەکرد وەک دەربڕینێکی هەست و سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی بۆیان، و ئەوانیش لەمیانەی ئەوەدا هەستیان بە پلەوپایە و گرنگێتی خۆیان ئەکرد.

بەڵام بەڕاستی زۆرێک لەباوکان و دایکان بانگ کردنەکانیان بەشێوازێکی تێکشکانانەیە و هەست بەکەمی کردنی لێ ئەخوێنرێتەوە، هەندێکیان دێن بانگی منداڵەکانیان ئەکەن بە: ئەی گێل، یەکێکی تر بە: ئەی شێت و ووێت، و یەکێکی تر بە: هەتیو منداڵەکەی بانگ ئەکات، وای لێهاتووە چاکەکەیان ئەوەیانە کە هەمیشە منداڵەکانی بەناوی خۆیانەوە بانگ ئەکات بەبێ هیچ نازناوێکی جوان، یان نازناوێک کە منداڵەکەی پێی خۆشبێت.

٥) پەروەردەکاری یەکەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ماف و پلەوپایەی منداڵی بەتەواوەتی ئەدا، و ڕاوێژی پێ ئەکردن و ڕاکەی وەرئەگرتن، بەڵکو تەنانەت داوای ڕێپێدانیشی لێئەکردن! وەک لەم فەرموودەیەدا هاتووە،: ( أُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِقَدَحٍ، فَشَرِبَ، وَعَنْ يَمِينِهِ غُلَامٌ هُوَ

أَحْدَثُ الْقَوْمِ وَالأَشْيَاخُ عَنْ يَسَارِهِ، قَالَ: «يَا غُلاَمُ أَتَأْذَنُ لِي أَنْ أُعْطِيَ الأَشْيَاخَ ؟»، فَقَالَ: مَا كُنْتُ لأُوثِرَ بِنَصِيبِي مِنْكَ أَحَدًا يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَأَعْطَاهُ إِيَّاهُ )(١).

واتە: کاسەیەک ئاویان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هێنا، لێی خواردەوە، لەلای ڕاستیەوە مێردمناڵێک هەبوو لەتەمەندا لە هەموو دانیشتوانەکە پچوکتربوو وە بەساڵاچووەکانیش لەلای چەپیەوە بوون، فەرمووی:" ئەی مناڵ مۆڵەتم ئەدەیت ئاوەکە بدەم بەم پیاوانە"، مناڵەکە ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من باوی هیچ کەسێک نادەم بەسەرخۆمدا دەربارەی پاشماوەی ئەو ئاوەی لەتۆوە بۆم مابێتەوە، ئیتر پێغەمبەریش ﷺ ئاوەکەی پێدا.

ئا بەوجۆرە پەیامبەر ﷺ نرخ و بەهای بۆ مناڵ دائەنا، تا ئەو هەستەیان لەلا دروست بکات کە گرنگ و بەڕێزن، کە هات بەوپەڕی ئەدەب ونەرمونیانیەوە مۆڵەتی لێ خواست و فەرمووی:" مۆڵەتم ئەدەیت ئاوەکە بدەم بەم پیاوانە".

بەڵام زۆربەی باوکان و دایکان ڕەنگە هەرگیز ووشەی لەو جۆرەیان گۆ نەکردبێ ، و شتی وایان بەدەم و زماندا نەهاتبێ مەگەر کاتێ لەگەڵ کەسایەتیە گەورە و بەناوبانگەکاندا دوابێتن!، بەڵام بەرامبەر مناڵ و خۆشەویستانی ئەوا هەر بیریشیان لێ نەکردۆتەوە کە شتی وا بڵێن، و پێشیان خۆش نی یە شتی وا گۆبکەن.

سەبارەت بەڕاوێژکردنیش ئەوا کۆتا کەس مناڵەکەیەتی کە ڕاوێژی پێ بکات، نایەت ڕاوێژی پێ بکات لە هەڵبژاردنی پۆشاک، و ئەوسەیرانگایەی بەنیازن بۆی بچن، وە هەر

(١) البخاري ( ٢٣٦٦ )، و مسلم ( ٥٤١٢ ).

شتێکی تریش کە پەیوەندی بە ناوماڵ و خێزانەوە هەبێت، ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە هێشتا منداڵە و ڕا و بۆچوونی وەرناگیرێ!.

٦) پەروەردەکاری یەکەم ﷺ بە پلەی یەکەم گوێی لەمناڵ و کەم تەمەنەکان ئەگرت، ئەگەرچی قسەکانیشیان سەبارەت بەو هیچ شتێکی نەگەیاندایە، ئا ئەوەتا عائیشەی دایکمان خوا لێی ڕازی بێ لەکاتێکدا کە منداڵ بوو ـ هات بەسەرهاتی ( باوکی زەرعی لەگەڵ دایکی زەرعی ) بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگێڕایەوە، کە بەسەرهاتێکی دوورو درێژە، کەچی سەرەڕای ئەوەش دانیشت و گوێی لێگرت، بەڵکوتەنانەت هات لەگەڵیدا ئاوێتە بوو بەو دەستەواژەیەی کە فەرمووی: ( كُنْتُ لَكِ كَأَبِي زَرْعٍ لِأُمِّ زَرْعٍ )[1]، واتە:" من بۆتۆ وەک باوکی زەرع وام بۆ دایکی زەرع ".

---

(١) متفق عليه، البخاري ( ٥١٨٩ )، و مسلم ( ٦٤٥٨ )، جا هەرچەندە نوسەر هەموو فەرموودەکەی نەهێنانەوە ئەوا بۆ زیاتر زانیاری خوێنەران فەرموودەکە بەدرێژی ئەهێنم ـوەرگێڕـ: ( جَلَسَ إِحْدَى عَشْرَةَ امْرَأَةً، فَتَعَاهَدْنَ وَتَعَاقَدْنَ أَنْ لاَ يَكْتُمْنَ مِنْ أَخْبَارِ أَزْوَاجِهِنَّ شَيْئًا، قَالَتِ الأُولَى: زَوْجِي لَحْمُ جَمَلٍ غَثٌّ، عَلَى رَأْسِ جَبَلٍ: لاَ سَهْلٍ فَيُرْتَقَى وَلاَ سَمِينٍ فَيُنْتَقَلُ، قَالَتِ الثَّانِيَةُ: زَوْجِي لاَ أَبُثُّ خَبَرَهُ، إِنِّي أَخَافُ أَنْ لاَ أَذَرَهُ، إِنْ أَذْكُرْهُ أَذْكُرْ عُجَرَهُ وَبُجَرَهُ، قَالَتِ الثَّالِثَةُ: زَوْجِيَ العَشَنَّقُ، إِنْ أَنْطِقْ أُطَلَّقْ وَإِنْ أَسْكُتْ أُعَلَّقْ، قَالَتِ الرَّابِعَةُ: زَوْجِي كَلَيْلِ تِهَامَةَ، لاَ حَرٌّ وَلاَ قُرٌّ، وَلاَ مَخَافَةَ وَلاَ سَآمَةَ، قَالَتِ الخَامِسَةُ: زَوْجِي إِنْ دَخَلَ فَهِدَ، وَإِنْ خَرَجَ أَسِدَ، وَلاَ يَسْأَلُ عَمَّا عَهِدَ، قَالَتِ السَّادِسَةُ: زَوْجِي إِنْ أَكَلَ لَفَّ، وَإِنْ شَرِبَ اشْتَفَّ، وَإِنِ اضْطَجَعَ التَفَّ، وَلاَ يُولِجُ الكَفَّ لِيَعْلَمَ البَثَّ. قَالَتِ السَّابِعَةُ: زَوْجِي غَيَايَاءُ - أَوْ عَيَايَاءُ - طَبَاقَاءُ، كُلُّ دَاءٍ لَهُ دَاءٌ، شَجَّكِ أَوْ فَلَّكِ أَوْ جَمَعَ كُلًّا لَكِ، قَالَتِ الثَّامِنَةُ: زَوْجِي المَسُّ مَسُّ أَرْنَبٍ، وَالرِّيحُ رِيحُ زَرْنَبٍ، قَالَتِ التَّاسِعَةُ: زَوْجِي رَفِيعُ العِمَادِ، طَوِيلُ النِّجَادِ، عَظِيمُ الرَّمَادِ، قَرِيبُ البَيْتِ مِنَ النَّادِ، قَالَتِ العَاشِرَةُ: زَوْجِي مَالِكٌ وَمَا مَالِكٌ، مَالِكٌ خَيْرٌ مِنْ ذَلِكِ، لَهُ إِبِلٌ كَثِيرَاتُ المَبَارِكِ، قَلِيلاَتُ المَسَارِحِ، وَإِذَا سَمِعْنَ صَوْتَ المِزْهَرِ، أَيْقَنَّ أَنَّهُنَّ هَوَالِكُ، قَالَتِ الحَادِيَةَ عَشْرَةَ: زَوْجِي أَبُو زَرْعٍ، وَمَا أَبُو زَرْعٍ، أَنَاسَ مِنْ حُلِيٍّ أُذُنَيَّ، وَمَلَأَ مِنْ شَحْمٍ عَضُدَيَّ، وَبَجَّحَنِي فَبَجِحَتْ إِلَيَّ نَفْسِي، وَجَدَنِي فِي أَهْلِ غُنَيْمَةٍ بِشِقٍّ، فَجَعَلَنِي فِي أَهْلِ صَهِيلٍ وَأَطِيطٍ، وَدَائِسٍ وَمُنَقٍّ، فَعِنْدَهُ أَقُولُ فَلاَ أُقَبَّحُ، وَأَرْقُدُ فَأَتَصَبَّحُ، وَأَشْرَبُ فَأَتَقَنَّحُ، أُمُّ أَبِي زَرْعٍ، فَمَا أُمُّ أَبِي زَرْعٍ، عُكُومُهَا رَدَاحٌ، وَبَيْتُهَا فَسَاحٌ، ابْنُ أَبِي زَرْعٍ، فَمَا ابْنُ أَبِي زَرْعٍ، مَضْجَعُهُ كَمَسَلِّ شَطْبَةٍ، وَيُشْبِعُهُ ذِرَاعُ الجَفْرَةِ، بِنْتُ أَبِي زَرْعٍ، فَمَا بِنْتُ أَبِي زَرْعٍ، طَوْعُ أَبِيهَا، وَطَوْعُ أُمِّهَا، وَمِلْءُ كِسَائِهَا، وَغَيْظُ جَارَتِهَا، جَارِيَةُ أَبِي زَرْعٍ، فَمَا جَارِيَةُ أَبِي زَرْعٍ، لاَ تَبُثُّ حَدِيثَنَا تَبْثِيثًا، وَلاَ تُنَقِّثُ مِيرَتَنَا تَنْقِيثًا، وَلاَ تَمْلَأُ بَيْتَنَا تَعْشِيشًا، قَالَتْ: خَرَجَ أَبُو زَرْعٍ وَالأَوْطَابُ تُمْخَضُ، فَلَقِيَ امْرَأَةً مَعَهَا وَلَدَانِ لَهَا كَالفَهْدَيْنِ، يَلْعَبَانِ مِنْ تَحْتِ خَصْرِهَا بِرُمَّانَتَيْنِ، فَطَلَّقَنِي وَنَكَحَهَا، فَنَكَحْتُ بَعْدَهُ رَجُلًا سَرِيًّا، رَكِبَ شَرِيًّا، وَأَخَذَ خَطِّيًّا، وَأَرَاحَ عَلَيَّ نَعَمًا ثَرِيًّا، وَأَعْطَانِي مِنْ كُلِّ رَائِحَةٍ زَوْجًا، وَقَالَ: كُلِي أُمَّ زَرْعٍ وَمِيرِي أَهْلَكِ، قَالَتْ: فَلَوْ جَمَعْتُ كُلَّ شَيْءٍ أَعْطَانِيهِ، مَا بَلَغَ أَصْغَرَ آنِيَةِ أَبِي زَرْعٍ، قَالَتْ عَائِشَةُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «كُنْتُ لَكِ كَأَبِي زَرْعٍ لِأُمِّ زَرْعٍ» ).

مێردەکەی خۆی بەڕاستی بکات و هیچی لێ نەشارێتەوە، واتە:" یانزە ژن دانیشتن بەڵێن و پەیمانیان لەگەڵ یەکتر گرێدا کە هەرکەسەو باسی مێردەکەی خۆی بەڕاستی بکات و هیچی لێ نەشارێتەوە، یەکەمیان ووتی: مێردەکەم گۆشتی هوشترێکی لەڕولاوازە، بەسەر شاخێکی سەختەوە: نەڕێگاکەی هێند ئاسانە کە بۆی سەرکەوی نە ئەوەندەش قەڵەوە کە بەز و چەوری لێ بگیرێت ( واتە زۆر چرووک و بێکەڵک و تووڕەیە )، دووەمیان ووتی: من هەواڵی مێردەکەم بڵاوناکەمەوە، من ئەترسم لەوەی باسی هەموو شتێکی بکەم، چونکە گەر باسی بکەم ئەوا ئەبێ باسی هەموو دەمارە ڕەق و ووشکەکانی لاشە و ناوسکی بکەم ( واتە گەربێتو باسی بکەم ئەبێ باسی هەموو خراپەکانی بکەم کەئەوەش ناکرێت، چونکە ئەیبیستێتەوە و تەڵاقم ئەدات )، سێیەمیان ووتی: مێردەکەم درێژێکی بەدخووە، ئەگەر قسەبکەم تەڵاق ئەدرێم، ئەگەر بێ دەنگیش بم بە هەڵواسراوی ئەمێنمەوە ( واتە نە بێوەژنم کە بتوانم شووبکەم و نە مافی ژن و مێردایەتیشم لەلای ئەبێ )، چوارەمیان ووتی: مێردەکەم وەک شەوی وڵاتی حیجازە، نە گەرمەو نەساردە، نەخراپەی هەیە تا لێی بترسم و نە لێیم وەڕس و بێزارە ( واتە لەیەکتر ڕازین )، پێنجەمیان ووتی: مێردەکەم کە هاتەوە ئەڵێی پڵنگە، کە لەماڵیش چووە دەرەوە ئەڵێی شێرە، پرسیار لەو ماڵ و شتومەکە ناکات کە پێشتر هێناویەتیەوە ( کە ئەڵێ وەک پڵنگ وایە مەبەستی ئەوەیە زۆر لەگەڵ خێزانەکەیدا ئەخەوێ، وە لەدەرەوە وەک شێر وایە لە پەلاماردانداا ، وە سەخی و بەخشندەیە و ئاوڕ لەو ماڵ و سامانە ناداتەوە کە ئەهێنێتەوە بۆ ماڵەوە )، شەشەمیان ووتی: مێردەکەم کە خواردنی خوارد هەرچی خواردن هەیە تێکەڵی ئەکات و لوولی ئەدات و هیچ ناهێڵێتەوە، گەر خواردیشیەوە چۆڕی لێ ئەبڕێ، کە پاڵیش کەوت خۆی لەپۆشاکەکەیەوە ئەئاڵێنێ، دەستم بۆدرێژ ناکات تا هەست بە خەم و ئازار و ئارەزووەکانم بکات ( واتە زۆرخۆرە و چروکە و یاری لەگەڵ خێزانەکەیدا ناکات )، حەوتەمیان ووتی: مێردەکەم گێل و نەفامە، هیچی تیابەسەر نییە، هەرچی دەردێ لەخەڵکدا هەیە لەودا کۆبۆتەوە، یان سەرت ئەشکێنێ، یان دێت ئەندامێکت ئەشکێنێ، یان هەردوکیان بەیەکەوە جێبەجێ ئەکات، هەشتەمیان ووتی: مێردەکەم دەست لێدانی وەک کەروێشک نەرم وشلە، بۆنیشی خۆشە وەک ڕوەکی زەرنەب (کە گیایەکی بۆنخۆشە)، واتە مێردەکەی ڕەووشت بەرز وئاکار شیرینە، نۆیەمیان ووتی: مێردەکەم ماڵەکەی گەورەیە ولەسەر بەرزاییەوکۆڵەکەی ماڵەکەی بەرزە، قایشی شمشێرەکەی درێژە ( واتە باڵابەرزە )، خۆڵەمێشی کوانوەکەی مەزن وزۆرە ( واتە لەبەر میوانداری ئاگری کوانووەکەی هەرگیز ناکوژێتەوە )، ماڵەکەی لەکۆڕ و یانەی هۆزەکەیەوە نزیکە ( واتە دەرگای ماڵەکەی لەسەرڕێشتە ونزیکە لەخەڵکەوە بۆهەر پێداویستی و ڕاوێژێک )، دەیەمیان ووتی: مێردەکەم ساماندارە بەڵام چ ساماندارێک، لەهەموو ساماندارێک چاکترە کەتۆ بەخەیاڵتا بێت، هوشترەکانی مۆڵگەی شەویان زۆرە لەوەڕگایان کەمە ( واتە لەشوێنی مۆڵدانیاندا ژمارەیان زۆرە بەڵام ئەوەندەیان لێ سەرئەبڕن بۆ لەوەڕگا کەم ئەبنەوە )، هەرکاتێ دەنگی گۆرانییان بیست دڵنیائەبن لەوەی کە تیائەچن ( واتە کاتێ میوانی دێت لەخۆشیاندا گۆرانی ئەڵێ بەوەش هوشترەکانی تێئەگەن کە سەرئەبڕێن )، یانزەیەم ووتی: مێردەکەی من ئەبوزەرعە بەڵام کام ئەبوزەرع؟ گوێچکەمی خستبووە لەرزە بە گوارە و خشڵ و زێڕ، قۆڵ و بازۆڵەی پڕکردبووم لەبەز و چەوری ( واتە بەباشی خزمەتی ئەکردم و قەڵەوی کردبووم )، کامەران و دڵخۆشی کردبووم و زۆر بەخۆم دڵخۆش بووم، دەریهێنام لەشوێنێکی ئاژەڵداری سەخت و ناڕەحەتدا، خستمیە ناو ماڵێکی دەوڵەمەند و پڕ لەحیلەی ئەسپ و هوشتری بەبار کە لەبەر قورسی بارەکانیان جیڕەی کۆپانەکانیان ئەهات ( واتە ماڵێکی دەوڵەمەند و خۆشگوزەران بوون )، ماڵێکی کشتوکاڵ و خەرمانی چاک و پڕ لەڕزق و ڕۆزی، ئەڵێم لەلای مێردەکەم قسەم ئەکرد و ڕەت نەئەکرایەوە و بەیانی خەوم ئەکرد و کەس هەڵی نەئەسانم ( چونکە کەسی تر هەبوو ئیشی ناوماڵی بۆ ئەکرد )، وە ئەمخواردەوە تا تێرئاو ئەبووم، دایکی ئەبوزەرع کام دایکی ئەبوزەرع؟، بوخچە و جەواڵەکانی قورس و پڕن، و ماڵەکەی بەرپان و فراوان بوو ( واتە لەهەموو کەلوپەل و پێویستیەکی ماڵ زۆری هەبوو وە میوان پەروەر بوو دەرگای ماڵەکەی لەسەرڕێشت بوو)، کوڕەکەی ئەبوزەرع بەڵام کام کوڕەکەی ئەبوزەرع جێگاخەوەکەی وەک شمشێری لەکێلان دەرهاتوو وابوو ( واتە بەژنوباڵای جوان و ڕێکوپێک بوو نەک قەڵەو ) دەستی کارژۆڵەیەک تێری ئەکرد ( واتە کەمخۆر بوو )، کچەکەی ئەبوزەرع بەڵام کام کچی ئەبوزەرع؟ گوێڕایەڵ و چاکەکار بوو لەگەڵ باوک و دایکیدا، لاشەپڕ و گۆشتن، ڕقی هەوێکەی هەڵئەسان ( لەبەر جوانی و ڕەووشت بەرزی)، کەنیزەکی ئەبوزەرع بەڵام کام کەنیزەکی ئەبوزەرع؟ قسەو نهێنیەکانمانی نەئەبردە دەرەوە و بڵاوی نەئەکردەوە، خواردن و ئازوقەی ناو ماڵەکەی بەهەدەر نەئەدا و دزی لێ نەئەکرد، و گرنگی بەپاکوخاوێنی ماڵەکە ئەدا و پیسیەکەی لە قوژبنێکی ماڵەکەیدا کۆ نەئەکردەوە بەڵکو فڕێی ئەدایە دەرەوە ( یان ماڵەکەی نەئەکرد بەهێلانەی خراپەکاری و پڕی نەئەکرد لەمناڵی زینا )، ڕۆژێکیان ئەبوزەرع لەماڵ چووە دەرەوە ئەوەندە زووبوو تازە مەشکە

بەڵام زۆرێک لەباوکان و دایکان نایەن گوێ لە بیربۆچوون و چیرۆکی مناڵەکانیان بگرن، وە دێن بە دەمدرێژ و زۆربڵێ وەسفیان ئەکەن!.

٧) پەروەردەکاری یەکەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەهات خەڵاتی ئەو کەسانەی ئەکرد کە شایستەی بەخشش بوون، وە جۆری ئەو خەڵاتەی بۆ ئەخستەڕوو کە خۆی حەزی لێیەتی، و ڕاوێژی پێئەکرد لەهەڵبژاردنیدا، وەک لەم فەرموودەیەدا هاتووە: ( يقول رَبِيعَه بْنُ كعْبٍ الأَسْلَمِيُّ: كنْتُ أَبِيتُ مَعَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَتَيْتُهُ بِوَضُوئِهِ وَحَاجَتِهِ ، فَقَالَ لِي: (سَلْ. فَقُلْتُ أَسْأَلُكَ مُرَافَقَتَكَ فِي الْجَنَةِ. قَالَ: «أَوَ غَيرَ ذَلِكَ؟ ». قُلْتُ: هُوَ ذَاكَ. قَالَ: فَأَعِنِّي عَلَى نَفْسِكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ )[1].

واتە: ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمی خوا لێی ڕازی بێ ئەڵێ: شەوێکیان لەلای پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مامەوە ئاوی دەستنوێژ و پێداویستیەکانیم بۆ ئامادە ئەکرد، پێی ووتم:" داوابکە ". ووتم: داوای هاوەڵێتیت و نزیکیت ئەکەم لەبەهەشتدا. فەرمووی:" ئەی نابێ جگە لەوە داوا بکەی ؟". ووتم: هەر ئەوەم ئەوێت و هیچیتر نا. فەرمووی:" دە تۆش یارمەتیم بدە بەزۆر سوژدە بردن ( واتە نوێژکردنی زۆر )".

---

لەژێرزا ( واتە ماستیان ئەوەندە زۆر بووە لەمەشکەدا ژەنیویانە لەبەر کەرەکەی )، گەیشت بەئافرەتێک دوو مناڵی پێبوو وەک پڵنگ وابوون لەژێر کەڵەکەیەوە بەدوو هەنار یارییان ئەکرد ( مەبەست سنگی یەتی )، دەستبەرداری من بوو هات ئەوی مارەکرد، منیش دوای ئەو شووم کرد بەپیاوێکی بەڕێز و بەرچاوتێر و نان بدە، سواری ئەسپی هەڵبژاردە و بەڕەونەق ئەبوو، ڕمی (خطی)ی بەدەستەوە ئەگرت ( کە ڕمێکی بەناوبانگە لەدەوروبەری شاری خطای بەحرەینەوە ئەیانهێنا )، هووشتر و ماڵاتێکی زۆری دامێ، لەهەموو جۆرە ئاژەڵێک کە سەربڕێ جووتێکی دامێ، پێی ووتم: بخۆ ئەی ئوم زەرع، بەشی کەسوکارەکەشت بنێرە، ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە ئەو پێیدام کۆی بکەمەوە و بیخەمە ناو بچوکترین قاپی ئەبوزەرعەوە هێشتا پڕی ناکات، عائیشە خوا لێی ڕازی بێ ووتی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرمووم:" من بۆ تۆ وەک ئەبوزەرع وام بۆ ئوم زەرع ".

(١) رواه مسلم ( ١٠٩٤ ).

بەڵام زۆرێک لەباوکان ودایکان زۆر سزای منداڵەکانیان ئەدەن و پاداشت وخەڵاتیان فەرامۆش کردووە، وە ئەگەر هاتو خەڵاتیشیان بکەن ئەوا بەبێ ئەوەی هیچ ڕاوێژێکیان پێبکەن لەهەڵبژاردنی ئەوەی بۆیان ئەشێت و خۆیان حەزیان لێیەتی.

٨) پەروەردەکاری یەکەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەهات دەستی بەسەری منداڵاندا ئەهێنا، هەستی خۆشەویستی خۆی بەرامبەریان دەرئەبڕی و پێی ئەگەیاندن، لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە رَحِمَهُ اللَّهُ گێڕراوەتەوە کە ووتویەتی: ( أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَزُورُ الْأَنْصَارَ وَيُسَلِّمُ عَلَى صِبْيَانِهِمْ ويمسح رؤوسهم )[١].

واتە:" پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەردانی پشتیوانەکانی ئەکرد و سڵاوی لەمنداڵەکانیان ئەکرد و دەستی پیرۆزی خۆی ئەهێنا بەسەریاندا ".

( و مَرَّ عَلَى عَبْدُالله بن جَعْفَرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا وهو صِبِيٌّ يَلْعَبُ، فَمَسَحَ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاثاً )[٢].

وە هەروەها تێپەڕی بەلای عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەردا خوا لێیان ڕازی بێ کە منداڵ بوو یاری ئەکرد، سێجار دەستی هێنا بەسەریدا ".

هەروەها دەستی هێنا بەسەری عەبدوڵڵای کوڕی هیشامدا خوا لێی ڕازی بێ وە نزای خێری بۆکرد، ئەوەش کاتێک بوو کە منداڵ بوو دایکی بردی بۆ خزمەتی پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ [٣].

---

(١) رواه ابن حبان ( ٤٥٩ )، و صححه محققه شعيب الأرنؤط، و حسنه الألباني في تعليقات على صحيح ابن حبان ( ٤٦٠ ).
(٢) رواه الإمام أحمد ( ١٧٦٠ )، نوسەر لێرەدا نوسیویەتی بەلای جەعفەردا تێپەڕی بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لەسەرەوە نوسراوە وەک لەموسنەددا هاتووە .
(٣) رواه البخاري (٢٥٠٢).

بەڕاستی بەم دەست لێدان و دەست پیاهێنانە لەسۆز و خۆشەویستی و میهرەبانیدا نوقمی ئەکردن، و دڵی بۆلای خۆی ڕائەکێشان و شەیدای ئەکردن.

بەڵام زۆرێک لەباوکان و دایکان ئەم دەست بەسەرداهێنانەیان گۆڕیوە بە قسە پێووتن و کێشان بەسەردا، بۆیە منداڵ لاسار و چەقاوەسو و دڵڕەق، و داڕنراو لەسۆز و بەزەیی دەرئەچێ مەگەر خوا خۆی وویستی لێی نەبێ.

٩) پەروەردەکاری یەکەم ﷺ ئەهات یاری و گاڵتەوگەپی لەگەڵ منداڵدا ئەکرد، و سڵاوی لێ ئەکردن، ئارەزووەکانیانی لەیاری و خۆشی تێر ئەکردن، تەنانەت ئەگەر لەکاری زۆر گرنگیشدا بوایە، ( خَرَجَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مرةً إلى صَلاَةِ الظُّهْرِ - أَوِ الْعَصْرِ - وَهُوَ حَامِلٌ الْحَسَنَ - أَوِ الْحُسَيْنَ - فَتَقَدَّمَ النَّبِيُّ ﷺ إلى الصَّلاةِ فَوَضَعَهُ بَجانبه، ثُمَّ كَبَّرَ لِلصَّلاَةِ فَصَلَّى ، فَلَمَّا سَجَدَ أَطَالَ السجود، فَلَمَّا انْتَهَت الصَّلاَةُ، قَالَ النَّاسُ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّكَ سَجَدْتَ سَجْدَةً قَدْ أَطَلْتَهَا، فَظَنَنَّا أَنَّهُ قَدْ حَدَثَ أَمْرٌ، أَوْ أَنَّهُ يُوحَى إِلَيْكَ، قَالَ: « فَكُلُّ ذَلِكَ لَمْ يَكُنْ وَلَكِنَّ ابْنِي ارْتَحَلَنِي، فكَرِهْتُ أَنْ أُعَجِّلَهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهُ » )[1].

واتە:جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵەوە هاتە دەرەوە بۆ ناومان بۆ ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ ـ یان عەسر بوو ـ کە حەسەن ـ یاخود حوسەینی هەڵگرتبوو - پەیامبەری خوا ﷺ چووە پێشەوە بۆ نوێژکردن و لە تەنیشت خۆیەوە دایناو، پاشان ئەڵڵاهوئەکبەری کرد بۆ نوێژ دابەستن و نوێژی کرد، کاتێ چووە سوژدەوە زۆر

(١) رواه الإمام أحمد ( ١٦٠٣٣ ) ، وصححه محققه شعيب الأرنؤط.

مایەوە لە سوژدەدا، کاتێ نوێژ تەواو بوو، خەڵکی ووتیان: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ تۆ سوژدەیەکت برد زۆرت درێژ کردەوە، گومانمان بۆ ئەوە چوو کە شتێک ڕووی دابێ، یاخود نیگات بۆ بێت، فەرمووی:" هیچ شتێک لەوانە ڕووی نەدا بەڵام کوڕەکەم سواری پشتم بوبوو، پێم ناخۆش بوو پەلەی لێ بکەم هەتا پێویستیەکەی بەجێ بێنێ ".

واتە: هەتا تێر ئەبێ لە یاری کردن لەسەر پشتم، وە بە وویست و ئارەزووی خۆی دێتە خوارەوە!!

( قَالَتْ أُمُّ خَالِدٍ بِنْتُ خَالِدٍ: أُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِثِيَابٍ فِيهَا خَمِيصَةٌ سَوْدَاءُ، قَالَ: «مَنْ تَرَوْنَ نَكْسُوهَا هَذِهِ الخَمِيصَةَ» فَأُسْكِتَ القَوْمُ، قَالَ: «ائْتُونِي بِأُمِّ خَالِدٍ» فَأُتِيَ بِي النَّبِيُّ ﷺ فَأَلْبَسَنِيهَا بِيَدِهِ، وَقَالَ: «أَبْلِي وَأَخْلِقِي» مَرَّتَيْنِ، فَجَعَلَ يَنْظُرُ إِلَى عَلَمِ الخَمِيصَةِ وَيُشِيرُ بِيَدِهِ إِلَيَّ وَيَقُولُ: «يَا أُمَّ خَالِدٍ هَذَا سَنَا وَيَا أُمَّ خَالِدٍ هَذَا سَنَا» وَالسَّنَا بِلِسَانِ

کراسەکەی ئەکرد و بەدەستی پیرۆزی خۆی ئاما ەی بۆ ئەکردم و ئەیفەرموو:" ئەی دایکی
خالید ئەمە سەنایە ئەی دایکی خالید ئەمە س نایە " کە سەنا بەزمانی حەبەشەیی واتا
جوانە(1).

بەڵام زۆرێک لەباوکان و دایکان سزایەکی زۆر مناڵەکانیان ئەدەن و خەڵات کردنیشیان
و هەر لەبیر کردووە، وە ئەگەرهاتو خەڵاتیشیان کردن ئەوا بەبێ پرس و ڕاوێژ پێکردنیانە

ئەکرد و ئەهات و ئەچوو، پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵیدا پێئەکەنی و دوای ئەکەوت هەتا گرتی، وە دەستێکی خستە ژێر پشتیەوە، و دەستەکەی تریشی خستە ژێر چەناگەیەوە، ئینجا دەمی خستە سەر دەمی و ماچی کرد.

ئا بەوجۆرەی کە بینیمان پێغەمبەری خوا ﷺ گاڵتەوگەپ و یاری لەگەڵ منداڵاندا ئەکرد، خۆشەویستی خۆی بۆ دەرئەبڕین، وە ئەگەر منداڵانی ببینیایە سڵاوی لێ ئەکردن و چاکوچۆنی لەگەڵدا ئەکردن، لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە خوا لێی ڕازی بێ گێڕراوەتەوە کە: ( أَنَّهُ مَرَّ عَلَى صِبْيَانٍ فَسَلَّمَ عَلَيْهِمْ» وَقَالَ: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَفْعَلُهُ )[1].

واتە:" ئەنەسی کوڕی مالک خوا لێی ڕازی بێ بەلای کۆمەڵێک منداڵدا تێپەڕی سڵاوی لێکردن" وە ووتی:" پێغەمبەری خوا ﷺ وای ئەکرد".

بەڵام زۆرێک لەباوکان و دایکان هەرگیز گوێ بەشتی وا نادەن، وە بەدەگمەن تیایاندا هەیە کە یاری و گاڵتەوگەپێکی جوان لەگەڵ منداڵەکانیدا بکات، و بەخۆشی و شادیەوە لەگەڵیاندا پێبکەنێ، بەڵکو هەندێکیان لایان وایە کە ئەمە کاتیان لێ ئەکوژێت و ئیشوکارەکانیان پەک ئەخات، وە ئەوە نازانن کە بەهۆی یاریکردنەوە لەگەڵیاندا ژیری و هۆش و بیریان پێئەگات وگەشە ئەکات، و تۆوی خۆشەویستیان لەناخدا ئەچێنێ و پەیوەندیەکی توندوتۆڵیشیان لەگەڵدا دروست ئەکات و دەستەبەری ئەکات.

هەروەها هەندێکیان هەر ناشزانن سڵاوکردن و تەوقەکردن لەگەڵ منداڵاندا چی یە و هەر بەلاشیدا ناچن.

---

(١) رواه البخاري ( ٦٢٤٧ ).

١٠) پەروەردەکاری یەکەم ﷺ ئەهات هانی منداڵە بەهرەمەندەکانی ئەدا، و بەسەر لەخۆیان گەورەتر پێشی ئەخستن ئەگەر بهاتایە لەکەسانی تر جیاوازتر و تایبەت تر بوونایە، ئا ئەوەتا عەمری کوڕی سەلیمە خوا لێی ڕازی بێ ئەڵێ: ( كُنَّا بِمَاءٍ مَمَرَّ النَّاسِ، وكَانَ يَمُرُّ بِنَا الرُّكْبَانُ فَنَسْأَلُهُمْ: مَا لِلنَّاسِ، مَا لِلنَّاسِ؟ مَا هَذَا الرَّجُلُ؟ فَيَقُولُونَ: يَزْعُمُ أَنَّ اللَّهَ أَرْسَلَهُ، أَوْحَى إِلَيْهِ، أَوْ: أَوْحَى اللَّهُ بِكَذَا، فَكُنْتُ أَحْفَظُ ذَلِكَ الكَلاَمَ، وكَأَنَّمَا يُقَرُّ فِي صَدْرِي، وكَانَتِ العَرَبُ تَلَوَّمُ بِإِسْلاَمِهِمُ الفَتْحَ، فَيَقُولُونَ: اتْرُكُوهُ وَقَوْمَهُ، فَإِنَّهُ إِنْ ظَهَرَ عَلَيْهِمْ فَهُوَ نَبِيٌّ صَادِقٌ، فَلَمَّا كَانَتْ وَقْعَةُ أَهْلِ الفَتْحِ، بَادَرَ كُلُّ قَوْمٍ بِإِسْلاَمِهِمْ، وَبَدَرَ ) ( أَبِي قَوْمِي بِإِسْلاَمِهِمْ، فَلَمَّا قَدِمَ قَالَ: جِئْتُكُمْ وَاللَّهِ مِنْ عِنْدِ النَّبِيِّ ﷺ حَقًّا، فَقَالَ: «صَلُّوا صَلاَةَ كَذَا فِي حِينِ كَذَا، وَصَلُّوا صَلاَةَ كَذَا فِي حِينِ كَذَا، فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلاَةُ فَلْيُؤَذِّنْ أَحَدُكُمْ، وَلْيَؤُمَّكُمْ أَكْثَرُكُمْ قُرْآنًا». فَنَظَرُوا فَلَمْ يَكُنْ أَحَدٌ أَكْثَرَ قُرْآنًا مِنِّي، لِمَا كُنْتُ أَتَلَقَّى مِنَ الرُّكْبَانِ، فَقَدَّمُونِي بَيْنَ أَيْدِيهِمْ، وَأَنَا ابْنُ سِتٍّ أَوْ سَبْعِ سِنِينَ )[1].

واتە:" ئێمە لەسەر ئاوێکدا بووین کە ڕێڕەوی خەڵک بوو، کاروانەکان بەلاماندا گوزەریان ئەکرد و تێ ئەپەڕین، ئێمەش پرسیارمان لێ ئەکردن ئەوە خەڵکی چیانە؟ ئەوە خەڵکی چیانە؟، ئەی ئەو پیاوە چی یە؟ ئەوانیش ئەیانووت: بانگەشەی ئەوە ئەکات خوا ڕەوانەی کردووە وکردوویەتیە پەیامبەر و سرووشی بۆ ناردووە، یان خوا ئەمانەی بە سرووش بۆ ڕەوانە کردووە، منیش ئەو ووتانەم لەبەر ئەکرد وەک ئەوەی لەسینەمدا بچەسپێنرێت، وە عەرەبەکان چاوەڕوانی فەتحی مەککەیان ئەکرد تا موسڵمان بوونی خۆیان ڕابگەیەنن و

(١) رواه البخاري ( ٤٣٠٢ ).

ئەیانووت: واز لە خۆی و گەلەکەی بهێنن، جا ئەگەر بەسەریاندا زاڵ بوو ئەوا ڕاستە کە پێغەمبەرە. جا کاتێ ڕووداوی ڕزگارکردنی مەککە ڕوویدا هەر هۆزەو دەستپێشخەری ئەکرد لەموسڵمان بووندا، وە باوکم پەلەی لێکرد و پێش هۆزەکەمان کەوت لە موسڵمان بووندا، جا کاتێ گەڕایەوە ووتی: سوێند بەخوا بەڕاستی لەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووم، فەرمووی: " نوێژ بکەن نوێژی فڵان و فڵان لەفڵان کاتدا بکەن، جا ئەگەر کاتی نوێژ هات با یەکێکتان بانگ بدات و کامەتان قورئانی زۆر لەبەرە بەرنوێژیتان بۆ بکات "، جا کە سەرنجیاندا هیچ کەسێک نەبوو لەمن قورئان زیاتر بزانێ، چونکە من لەکاروانیەکانم وەرئەگرت و لەبەرم ئەکردن بۆیە منیان پێشخست کە ئەو کاتە تەمەنم شەش ساڵان یان حەوت ساڵان بوو.

وە هەروەها ئوسامەی کوڕی زەیدی کرد بە فەرماندەی سوپایەک کە عومەری کوڕی خەتتاب و ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و سەعیدی کوڕی زەیدی لەناودا بوو ( خوا لەهەموویان ڕازی بێ )، کە تەمەنی لەبیست ساڵ تێ نەپەڕی بوو.

بەڵام زۆرێک لەباوکان و دایکان ناهێڵن مناڵەکانیان چەند فەرمانێک بگرنەدەست و بەجێی بهێنن بەبیانووی ئەوەی کە هێشتا منالن و تەمەنیان کەمە، بۆیە منالەکانیان بێ هیمەت و وورە لاواز، و ناشی و نا شارەزا دەرئەچن.

تەنانەت هەندێ لەباوکان متمانە ناکەنە سەر منالەکانیان بۆ هەڵبژاردنی ئەو شتانەی کە تایبەتە بەخودی منالەکان خۆشیانەوە، بەڵکو ئەوان دێن جۆری ئەو پۆشاکەی کە لەبەری ئەکەن و ئەو خۆراکەش کە ئەیخۆن بۆیان هەڵئەبژێرن.

١١) پەروەردەکاری یەکەم ﷺ ئەگەر بهاتایە ڕێگری شتێکی لەمناڵ بکردایە هۆکاری ڕێگری کردنەکەی بۆ باس ئەکرد و بۆی ڕوون ئەکردەوە، وەک لەفەرموودەدا هاتووە: ( أَخَذَ الحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ تَمْرَةً مِنْ تَمْرِ الصَّدَقَةِ فَجَعَلَهَا فِي فَمِهِ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «كِخْ كِخْ، ارْمِ بِهَا، أَمَا عَلِمْتَ أَنَّا لاَ نَأْكُلُ الصَّدَقَةَ؟ »)[1].

واتە:" حەسەنی کوڕی عەلی خوا لێیان ڕازی بێ دەنکە خورمایەکی لەخورمای زەکات هەڵگرت و خستیە ناو دەمیەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:" کخەیە کخەیە، فڕێیدە، ئەی تۆ نازانی ئێمە ماڵی زەکات ناخۆین؟".

بەڵام زۆرێک لەباوکان ودایکان دێن فەرمان بەمناڵەکانیان ئەکەن و ڕێگری شتانێکیان لێ ئەکەن بێئەوەی خۆیان ئەزیەت بدەن کەوا هۆکارەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە، بۆئەوەی منالەکە بەدڵنیاییەکی تەواوەوە کارەکە ڕاپەڕێنێ و بێ گوێییان نەکات.

١٢) پەروەردەکاری یەکەم ﷺ لەهەڵسوکەوت کردن و پەروەردەکردنی منالەکانی خۆی و نەوەکانیدا گوێی نەئەدایە قسەی خەڵکی، بەڵکو ئەهات ئەو کارەی لەگەڵیاندا ئەنجام ئەدا کە بۆیان چاکترە، و بەهۆیەوە باشتر سۆز و خۆشەویستیانی بۆخۆی مسۆگەر ئەکرد، ئەوەتا ﷺ لەسەر دوانگە وتاری ئەدا، لەپڕ حەسەن و

(١) البخاري ( ٣٠٧٢ ) ، و مسلم ( ٢٤٧٣ ).

حوسەین خوا لێیان ڕازی بێ هاتن، ئەڕۆیشتن و ئەکەوتن، یەکی کراسێکی سووریان لەبەردا بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ لەدوانگەکە دابەزی و هەڵی گرتن، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لەبەردەم ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵکیدا بوو، وە لەپەرستش و گوێڕایەڵی خوای گەورەدابوو.

وە جارێکی تر نوێژی ئەکرد و ئومامەی کچەزای لەسەر شان هەڵگرتبوو، هەروەها جارێکی تر سوژدەکەی درێژ ئەکاتەوە بۆئەوەی یەکێک لەنەوەکانی تێربکات کە چووبووە سەر پشتی، وە کاتێ ئەم کردەوانەی لەگەڵیاندا ئەنجامدا ﷺ کە لەشکۆدارترین کردار، و مەزنترین پەرستشدا بوو: کە خەڵکی ئەو هەڵسوکەوتەیان بەکارێکی هیچ و بێ بایەخیان دائەنا، بەڵام ئەو ﷺ بە مافێکی ڕەوای منداڵەکانی دائەنا، و ئەهات پێی ئەبەخشین ئەگەرچی لەبەر دەستی پەروەردگاریشیدا بێت، یان بەپێوە وەستابێ و بانگەواز بۆ پەرستش و گوێڕایەڵی کردنی پەروەردگاری بکات، ئاخۆ ئەبێ لەهەموو کار و فەرمان و بارودۆخەکانی تریدا چۆن بووبێت و چۆن هەڵسوکەوتی کردبێ؟.

بەڵام زۆرێک لەباوکان ودایکان، گەورەترین خەم و مەراقیان قسەی خەڵکیە، ئەگەرچی لەسەر حسابی هەست و سۆز و خولیای منداڵەکانیشیان بێت، دێن لەترسی قسەی خەڵکی ڕێگری لەمنداڵەکانیان ئەکەن لەبەردەم ماڵی خۆیاندا دابنیشێت و یاری بکات، وە ئەگەر منداڵ بیەوێ لەکۆڕێکی دانیشتندا قسە لەگەڵ باوک و دایکی یان لەگەڵ کەسانی تردا بکات ئەوا ڕووی تێناکەن، بەڵکو لەترسی خەڵکی داوای لێ ئەکەن کە بێدەنگ بێ، چونکە ئەمە پێچەوانەی داب و نەریتی باوە!، جاری واهەیە منداڵ ئەیەوێ ئەو پۆشاکە

لەبەر بکات کەخۆی حەزی لێیەتی (پۆشاکی ناشەرعی نا)، یەکسەر دایکی وەڵامی ئەداتەوە: ئەی ئەبێ خەڵکی بڵێن چی کاتێ تۆ ئەبینن ئەو پۆشاکەت لەبەردایە!.

جا بۆیە کاتێ مناڵ لەسەر ترسان لەقسە و ڕەخنەی خەڵکی پەروەردە بوو، ئەوا کەسایەتی و باوەڕ بەخۆ بوونی لاواز و لەرزۆک ئەبێ.

١٣) پەروەردەکاری یەکەم ﷺ ئەهات مناڵی ماچ ئەکرد و بۆنی پێوەئەکردن و بەسنگیەوە ئەیگووشین، وەک لەفەرموودەدا هاتووە کە: ( أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِبْرَاهِيمَ، فَقَبَّلَهُ، وَشَمَّهُ )[1].

واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ ئیبراهیمی کوڕی هەڵگرت و ماچی کرد و بۆنی پێوەکرد ".

وە لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە کە سەبارەت بە حەسەن و حوسەینی کچەزای فەرموویەتی: ( هُمَا رَيْحَانَتَايَ مِنَ الدُّنْيَا )[2].

واتە:" ئەوان دوو ڕێحانەکەی منن لەدونیادا ".

جا جوان ڕامێنن کەوا چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕێحانە چواندنی، کە ڕێحانەش: بریتی یە لەهەموو ڕوەکێکی بۆنخۆش.

زانایان ووتویانە: ئەوەی لەو ڕووەوە چوێنراوە: بێگومان مناڵ بۆن ئەکرێت و ماچ ئەکرێت، ئەمەش وەک ئەوە وایە ئەوانیش یەکێکبن لەڕووەکە بۆنخۆشەکان، چونکە بەماچکردن و

---

(١) رواه البخاري ( ١٣٠٣ ).

(٢) الترمذي ( ٣٧٧٠ ).

بۆنکردن وگوشینیان بەسنگیەوە هەستی بەحەوانەوە ئەکرد و ئارامی و ئاسوودەیی دەروونی دەست ئەکەوت، وەک چۆن یەکێک لەکاتی بۆنکردنی گوڵ و ڕێحانەدا هەست بە حەوانەوە و پشووی دەروون ئەکات [1].

هەروەها لەو فەرموودەیەشدا کەلای پێشەوا ترمزی هەیە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە خوا لێی ڕازی بێ گێڕراوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی حەسەن و حوسەینی ئەکرد و بۆنی ئەکردن و لەباوەشی ئەگرتن و بەخۆیەوە ئەیگووشین [2].

وە جارێکیان بیری حەسەنی کچەزای خوا لێی ڕازی بێ ئەکات ، بۆیە ئەچێ بۆ ماڵی فاتیمەی کچی خوا لێی ڕازی بێ وەک لەم فەرموودەیەدا هاتووە لە ئەبی هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێ : ( خَرَجَ النَّبِيُّ ﷺ فِي طَائِفَةِ النَّهَارِ، لاَ يُكَلِّمُنِي وَلاَ أُكَلِّمُهُ، حَتَّى أَتَى سُوقَ بَنِي قَيْنُقَاعَ، فَجَلَسَ بِفِنَاءِ بَيْتِ فَاطِمَةَ، فَقَالَ «أَثَمَّ لُكَعُ، أَثَمَّ لُكَعُ» فَحَبَسَتْهُ شَيْئًا، فَظَنَنْتُ أَنَّهَا تُلْبِسُهُ سِخَابًا، أَوْ تُغَسِّلُهُ، فَجَاءَ يَشْتَدُّ حَتَّى عَانَقَهُ، وَقَبَّلَهُ وَقَالَ: «اللَّهُمَّ أَحْبِبْهُ وَأَحِبَّ مَنْ يُحِبُّهُ» )[3].

واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لەساتەوەختی ڕۆژێکدا دەرچوو، نە ئەو هیچی فەرموو نە منیش هیچم ئەووت، هەتا گەیشتە بازاڕی بەنی قەینوقاع، لەحەوشەکەی بەردەم ماڵی فاتیمەدا دانیشت و فەرمووی:" ئەرێ پچکۆل لێرەیە، ئەرێ پچکۆل لێرەیە" ( مەبەستی حەسەن بوو )، کارێک ڕێگری لەفاتیمە کرد کە زوو بێتە دەرەوە بۆلای، وام

(١) عمدة القاري ( ١٦/ ٢٤٣ )، فتح الباري (٧/ ١١٠ )، منار القاري ( ٤/ ٢٦٩ ).

(٢) الترمذي ( ٣٧٧٢ ) .

(٣) رواه البخاري ( ٢١٢٢ ـ ٥٨٨٤ )، و مسلم ( ٢٤٢١ ).

گومان برد کە مێخەک بەند ئەکاتە ملی، یان ئەیشوات، جا حەسەن بەڕاکردن هات و پێغەمبەر ﷺ دەستی کردە ملی و ماچی کرد و فەرمووی:" ئەی خوایە خۆشت بووێت و ئەو کەسەشت خۆش بووێ کە خۆشی ئەوێ".

جا وەک بینیمان پێغەمبەری خوا ﷺ پەیوەندی لەگەڵ مناڵ و پچکۆلەدا ئابەو جۆرە بوو.

بەڵکو تەنانەت پێغەمبەر ﷺ ئەم ڕەفتارەی هەر تەنیا لەگەڵ مناڵاندا نەئەکرد، بەڵکو هەروەها مناڵی هەرزەکاریشی کردۆتە باوەش و ناویەتی بەسنگیەوە، ئەوەتا ئوسامەی کوڕی زەید خوا لێی ڕازی بێ ئەگێڕێتەوە کە: ( كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَأْخُذُنِي فَيُقْعِدُنِي عَلَى فَخِذِهِ، وَيُقْعِدُ الحَسَنَ عَلَى فَخِذِهِ الأُخْرَى، ثُمَّ يَضُمُّهُمَا، ثُمَّ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ ارْحَمْهُمَا فَإِنِّي أَرْحَمُهُمَا» )[(١)].

واتە: پەیامبەری خوا ﷺ ئەیگرتم و لەسەر ڕانی پیرۆزی خۆی دایئەنیشاندم، و حەسەنیشی لەسەر ڕانەکەی تری دائەنا، پاشان هەردوو ڕانی ئەهێنایەوە یەک، و پاشان ئەیفەرموو:" خوایە ڕەحمیان پێبکە چونکە من ڕەحمیان پێئەکەم ".

وە شتێکی زانراوە کە ئوسامە خوا لێی ڕازی بێ لەژیانی پێغەمبەردا ﷺ پیاوێکی گەورە بوو، بەڵکو تەنانەت کردی بە فەرماندەی ئەو لەشکرەی کە ژمارەیەکی زۆر لەموسڵمانە گەورەکانی وەک عومەری خوا لێی ڕازی بێ لەخۆئەگرت، وە تەمەنی لەکاتی کۆچی دوایی پەیامبەردا ﷺ نزیکەی بیست ساڵ ئەبوو، بەڵام حەسەن

(١) رواه البخاري ( ٦٠٠٣ ).

خوا لێی ڕازی بێ لەو کاتەدا تەمەنی هەشت ساڵان بووە، واتە: تەمەنی دوانزەساڵ لەحەسەن گەورەتر بووە.

حافزی ئیبنوحەجەر بە ڕەحمەت بێ ئەڵێ: ( ئەشێ ئەو کارەی کە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامیداوە کاتێک بووە کە ئوسامە هەرزەکار بووە و حەسەنیش دووساڵان بووە هەر بۆ نموونە، وە ڕەنگە دانانی ئوسامە لەماڵی خۆیدا بەهۆی شتێکەوە بووبێت کە وایخواستووە لەوێ بێت وەک ئەوەی نەخۆش کەوتبێت، وە پێغەمبەریش ﷺ بەهۆی خۆشەویستی و ڕێزیەوە لەلای خودی خۆی چاودێری ئەکرد و بەتەنگیەوە ئەهات، جا بۆیە ئەشێ لەو حاڵەتەدا لەسەر ڕانی پیرۆزی خۆی دایبنابێ، و کاتێ حەسەنی کچەزاشی هاتووە لەسەر ڕانەکەی تری داناوە و بەهانەی بۆ ئەو هەڵوێستەی هێناوەتەوە و فەرموویەتی: ( إِنِّي أُحِبُّهُمَا ) .

واتە:" بەڕاستی من خۆشم ئەووێن "[1].

ئا بەوجۆرە پەیامبەر ﷺ ئەهات بەخۆشەویستی و گوشینیان بەسنگی پیرۆزیەوە پاراوی ئەکردن و خۆشەویستی خۆی پێ ڕائەگەیاندن، بۆیە نەوەیەکی ڕاست و دروست پێگەیی کە لەسۆز و خۆشەویستی و بەزەییەوە مافی خۆیان بەدەستهێنا، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا ئاین و زانست و زانیاری و باوەڕیشیان وەرگرت، کە بەوان خوای گەورە دڵی بەندەکان و وڵاتانی ڕزگارکرد، و هەر بەوانیش خوای گەورە ئاین و ئارامی و ئاسایشی بەسەر تێکڕایی وڵاتاندا ڕژاند و بڵاویکردەوە.

---

(١) الفتح ( ١٠/ ٥٣٤ ).

بەڵام زۆرێک لەباوکان و دایکان لە ماچکردنی منالّەکانیدا زۆر ساردو سڕە یان هەر ڕواڵەتی و ڕووکەشە، بەبێ هیچ بۆنکردن و بەسنگەوە گوشین و میهرەبانیەکەوەیە، ئەویش ئەگەر بێتو ماچیان بکات و بۆنیان بکات.

وە هەندێکیان وائەزانن کە ماچکردن تایبەتە بەمناڵان، بەڵام ئەگەر هاتو تۆزێ گەورە بوون ئەوا دێن لێیان قەدەغە ئەکەن.

١٤) پەروەردەکاری یەکەم ﷺ ئەگەر بهاتایە نکوڵی شتێکی بکردایە و بەدەنگەوە چوونی لەهاوەڵانی نەبینیایە، و داوای لێبکرایە کە وازیان لێبهێنێ خۆیان حەزیان لەچیە و ئارەزوی چی ئەکەن ئەوە بکەن: ئەوا ئەهات جڵەوی بۆ شل ئەکردن، و بواری ئەدان، ئەگەرچی خۆی زۆر چاک ئەیزانی کە بۆچوونی ئەو ڕاستە و ئەوانیش هەڵەن، بەڵام پەروەردەکردنی پێغەمبەرایەتی لەسەر ڕازیکردن و بواردان بەتاقیکردنەوە ڕاوەستاوە.

ئا بەوجۆرە بووە، هەرچەندە پەروەردگاری لەئەقل و هۆشیدا ( تەزکیەی کردووە ) بەچاک

. ﴿مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَىٰ ﴿٢﴾﴾ النجم: ٢

کردووە و فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾﴾

وە لەسنگ و سینەیدا بەپاک باس

الشرح: ١ .

گەشاوە و ڕوناک نەکردییت ).

واتە:( ئایا سنگمان بۆ ئاسوودەو

ئەوەتا کاتێک کە گەمارۆی خەڵکی تائیف ئەدات ناتوانێ بیانشکێنێت و ملیان پێ کەچ بکات، لەبەر ئەوەی لەقەڵای بەرز و سەختدا خۆیان قایم کردبوو، وە تیربارانی هاوەڵانیان ئەکرد کاتێ لەقەڵاکەیان نزیک ئەبوونەوە، بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ وای بە بەرژەوەندی زانی بۆ خۆی و هاوەڵەکانی کە بگەڕێنەوە و وازیان لێ بهێنن، ئەویش وەک سۆز و بەزەیی و نەرمونیانی نواندنێک بوو بەرامبەر بەهاوەڵەکانی، بەوپەڕی ڕوونی و ڕاشکاویەوە فەرمووی: ( إِنَّا قَافِلُونَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ).

واتە:" ئێمە ئەگەڕێینەوە بۆ مەدینە بەوویستی خوا "، ئا لەوێدا هاوەڵە گەنج و خوێن گەرمەکانی ووتیان: بگەڕێینەوە و ڕزگاریشی نەکەین؟ پەیامبەری خوا ﷺ فەرمووی: ( اغْدُوا عَلَى الْقِتَالِ ).

واتە:" سبەینێ بچن بۆ شەڕ و جەنگ و هەڵمەت بەرن"، ئالێرەدا نەهات بە ڕا و بۆچوونی خۆیەوە پابەندیان بکات ئەگەرچی بێ هیچ گومانێک هەر ڕاکەی ئەو ڕاست و دروست بوو، بۆ بەیانی کەچوونەوە سەریان و هەڵمەتیان برد تووشی برینداریەکی زۆربوون، ئا لەوێدا پەیامبەری خوا ﷺ بۆ جاری دووەم پێی فەرموون: ( إِنَّا قَافِلُونَ غَدًا إِنْ شَاءَ اللَّهُ ).

واتە:" سبەینێ بەوویستی خوا ئەگەڕێینەوە"، گێڕەرەوەی فەرموودەکە ئەڵێ: ئەمەیان پێخۆش بوو، ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ پێکەنی [1].

---

(١) البخاري ( ٤٣٢٥ )، و مسلم ( ٤٧٢٠ )، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە وەک خۆی ( لَمَّا حَاصَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الطَّائِفَ، فَلَمْ يَنَلْ مِنْهُمْ شَيْئًا، قَالَ: «إِنَّ قَافِلُونَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ». فَثَقُلَ عَلَيْهِمْ، وَقَالُوا: نَذْهَبُ وَلاَ نَفْتَحُهُ، وَقَالَ مَرَّةً: «نَقْفُلُ». فَقَالَ: «اغْدُوا عَلَى القِتَالِ». فَغَدَوْا فَأَصَابَهُمْ جِرَاحٌ، فَقَالَ: «إِنَّا قَافِلُونَ غَدًا إِنْ شَاءَ اللَّهُ» )

هەروەها ئەوەتا کاتێک هات صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێگری لەهاوەڵەکانی کرد کە شەوو ڕۆژ بدەنە دەم یەک لەڕۆژوو گرتندا، جا کاتێ بینی کوڵ نادەن و نایەنەوێ واز بهێنن ئەویش هات ڕێگەی دان کە ڕۆژو شەوێک ڕۆژووەکەیان نەشکێنن، پاشان ڕۆژێکی تریشی بەو جۆرە پێ گرتن( واتە دوو شەوو دوو ڕۆژ )، ئینجا مانگی یەکشەوەیان بینی، فەرمووی: ( لَوْ تَأَخَّرَ الهِلاَلُ لَزِدْتُكُمْ ).

واتە:" ئەگەر مانگ دوابکەوتایە بەو ئەندازەیەش بۆم زیاد ئەکردن"، ئەمەش وەک سزایەک بۆیان کاتێ کە کوڵیان نەدا ڕۆژووەکەیان بشکێنن [١].

هەروەها ئەوەتا دێت صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەڕۆژی جەنگی ئوحوددا ڕاوێژ بە هاوەڵەکانی ئەکات لەسەر ئەوەی کە لەناو شاری مەدینەدا بمێننەوە، وە ئەگەر هاتو بێ باوەڕەکان هاتن بۆیان لەناو شاردا شەڕیان لەگەڵدا بکەن، بەڵکو تەنانەت هات بەوپەڕی ئاشکراییەوە فەرمانی پێکردن و فەرمووی: ( امْكُثُوا، فَإِنْ دَخَلَ الْقَوْمِ الأَزِقَّةَ قَاتَلْنَاهُمْ وَ رُمُوا مِنْ فَوْقِ الْبُيُوتِ)[٢]
واتە:" لەناو شاردا بمێننەوە، جا کاتێ دوژمن هاتە ناوەوە بۆمان لەکۆڵانەکاندا ( کۆڵان بەکۆڵان ) لەگەڵیاندا ئەجەنگین و لەسەر خانووەکانیشەوە ( ئافرەتان )تیربارانیان ئەکەن".
کە هەر ئەمەش ڕای ڕاست وتەواوو بەجێ، و ووتەی ژیرانە بوو، کەچی سەرەڕای ئەوەش هەندێ لە لاوان و پیاوانی خوێنگەرم بۆ شەڕو کوشتار ووتیان: ئەی پەیامبەری خوا

(١) البخاري ( ٧٢٩٩ )، و مسلم ( ٢٦٢١ )، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە ( قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ «لاَ تُوَاصِلُوا»، قَالُوا: إِنَّكَ تُوَاصِلُ، قَالَ: «إِنِّي لَسْتُ مِثْلَكُمْ، إِنِّي أَبِيتُ يُطْعِمُنِي رَبِّي وَيَسْقِينِي»، فَلَمْ يَنْتَهُوا عَنِ الوِصَالِ، قَالَ: فَوَاصَلَ بِهِمُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَيْنِ أَوْ لَيْلَتَيْنِ، ثُمَّ رَأَوُا الْهِلاَلَ، فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : «لَوْ تَأَخَّرَ الهِلاَلُ لَزِدْتُكُمْ» كَالْمُنَكِّلِ لَهُمْ. )
(٢) فتح الباري (٣٧٢/١١)، و أصله في البخاري معلقاً، صحيح البخاري: بابُ قولِ اللهِ تَعَالَى: ﴿□□□﴾ الشورى: ٣٨

ﷺ ئێمە بە ئاواتی ڕۆژێکی واوە بووین، وە زۆرینەی خەڵکی ڕازی نەبوون بە چوونە دەرەوە نەبێت بۆ دوژمن ( لەگەڵ ڕاکەی پێغەمبەردا ﷺ نەبوون )، جا کاتێ نوێژی هەینی کرد و ووتارەکەی تەواو کرد داوای چەک و جلی جەنگی کرد و لەبەری کرد، پاشان فەرمانیکرد بەخەڵکی کە خۆیان ئامادەکەن بۆ دەرچوون لەشار و ڕووبەڕوو بوونەوەی هاوەڵگەران.

ئابەوجۆرە هاتە سەر ڕاکەیان و لەگەڵ خواستەکەیاندا بوو، لەگەڵ ئەوەی کە زانستێکی چەسپاو، و دڵنیاییەکی تەواوی بەڕاستی ڕاکەی خۆی، و هەڵەی ڕاکەی ئەوان هەبوو[1].

جا لەو فەرمووده ڕاست و دروستانەی پەیامبەرێتیدا: مەزنترین پەند و وانە هەیە بۆ سەرکردەکان و پەروەردەکاران و باوکان و دایکان کە ئەگەر هاتو فەرمانیاندا بە کارێک کە بەرژەوەندی ئەوانەی تیابوو کە لەژێردەستیاندان پاشان ئەوان لەبەر خواست وئارەزووی دەروونیان داوایان لێکرد کە پێچەوانەکەی ئەنجام بدەن و سووربوون لەسەری، ئەوا پێویستە وازیان لێ بهێنن خۆیان چیان ئەوێ با بیکەن ـ ئەگەر گوناهو تاوان و سەرپێچی تیا نەبێت ـ، وە ڕێگەیان بدەن با تاقیکردنەوەی خۆیان ئەنجام بدەن کە لەدوایدا هەڵەی کردارەکەیان بۆ دەرئەکەوێت، جا ئەوکاتە پەرۆشی و بەتەنگەوەهاتنی باوک و دایک و پەروەردەکارانیان باش بۆ دەرئەکەوێ، کە هەرگیز هیچ فەرمانێکیان پێ نەکردوون یان ڕێگری کارێکیان لێ نەکردوون مەگەر بەرژەوەندی ئەوانی تیا نەبووبێت.

(١) يُنظَر : البداية و النهاية ( ٥/ ٣٤٤ ).

بەڵام زۆربەی باوکان و دایکان دێن منداڵەکانیان پابەند ئەکەن و ئەبەستنەوە بەو کارانەی کە خۆیان بڕیاری لەسەر ئەدەن و بەباشی ئەزانن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە بۆچوونەکەیان هەڵە بێ، و ڕای منداڵەکانیان ڕاست و دروست بێت.

با نموونە لەسەر ئەوە وەربگرین وەک: بە بەردەوامی ڕێگری کردن لە خواردنەوەی خواردنەوە گازیەکان، یان خواردن لەچێشتخانەی دەرەوە، یان ڕۆشتن لەگەڵ هاوڕێ و برادەران بۆ گەشت وگەڕان یان پیاسەکردن، یان بوار پێدانیان بەوەی کە خۆیان چ جۆرە پۆشاکێک یان مۆبایلێک هەڵ ئەبژێرن و جگە لەوانەش، یان نەچوونەوەی بۆ خوێندنگە لەبەر نەبوونی ئارەزووی لەیەکێک لەڕۆژەکاندا، جا ڕێگریی کردنی ڕەها لەوانە و بوارنەدانیان بەوەی کە خۆیان ئەو بڕیارە بدەن کە پێیان باشە ـ لەگەڵ بڕوابوونی باوک یان دایک کە ئەو کارە هەڵەیە ـ : ئەوا پیش خواردنەوەی تیا دروست ئەبێ دژ بە باوک و دایکی، و بڕوایەکی چەسپاوی لەلا دروست ئەبێ کە ئەوان کۆسپی سەرەکین لەبەردەم ئاوات و ئارەزوو ئازادییەکانیدا.

جا کاتێ کە گەورە بوو: ئەوا خۆی لەوپەڕی ئامادەباشیدا ئەبینێتەوە کە بەدڕندەیی لەڕووی باوک و دایکیدا هەڵگەڕێتەوە ئەگەر هاتو ئەوان هاتن وەک ڕابوردوو بە قەدەغەکردن و بەرپەرچ دانەوە بەرەنگاری بوونەوە، وە لەکەشێکی دوور لە چاودێر و ئامۆژگار و ڕێنیشاندەردا چی بوێت ئەوەیان بەرامبەر ئەنجام ئەدات.

بەڵام ئەگەر هاتو پێشتر ڕێگەیان بەوە پێدابوو، وە بەسەربەستی خۆی چی ئارەزوو لێبوو ئەنجامیدا، لەکاتێکدا لەبەر دەستیاندا بوو، وە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانیان ئەدا

بەگوێیدا، و خۆشەویستی خۆیان پێ ڕائەگەیاند، و بەزمانی حاڵ پێیان ئەووت کە ئەوان نابنە کۆسپ لەبەردەمیدا و بەرەنگاری نابنەوە: ئەوا هەرگیز ئەوە ڕووی نەئەدا کە ڕوویدا.

١٥) پەروەردەکاری یەکەم ﷺ بەڕاشکاویی پێی ڕائەگەیاندن کە خۆشم ئەووێن، بەڵکو تەنانەت ئەهات زیادەڕەوویی ئەکرد لەو دەربڕینەدا، و لەکاتی بینینیاندا شادمانی و خۆشحاڵی خۆی پێ ڕائەگەیاندن، وە هەندێجار کە ئەیبینین لەبەریان هەڵئەسا.

لەهەردوو صەحیحی بوخاری و موسیلمدا هاتووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە خوا لێی ڕازی بێ کە ووتوویەتی:

( أَبْصَرَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نِسَاءً وَصِبْيَانًا مُقْبِلِينَ مِنْ عُرْسٍ، فَقَامَ مُمْتَنًّا، فَقَالَ: «اللَّهُمَّ أَنْتُمْ مِنْ أَحَبِّ النَّاسِ إِلَيَّ )[(١)].

واتە: پەیامبەری خوا ﷺ کۆمەڵێ ژن و منالی بینی کە لەشایی ئەگەڕانەوە، بەپەلە و هەڵەداوان لەبەریان هەڵسا، پاشان فەرمووی:" بەخوا ئێوە خۆشەویست ترین کەسن لەلام ".

حافزی ئیبنوحەجەر بە ڕەحمەت بێ ئەڵێ: ( کە فەرمووی:( فَقَامَ مُمْتَنًّا )، واتە: لەخۆشی و شادمانی بەپەلە و بەقایمی لەبەریان هەستا )[(٢)].

باشە ئەبێ هەست و سۆزی ئەو منالانە چۆن بووبێت کاتێ ئەبینن پەیامبەری خوا ﷺ لەبەریان هەڵئەسێت و بەخۆشی و شادیەوە پێشوازییان لێ ئەکات، پاشان

(١) البخاري ( ٥١٨٠ ) ، و مسلم ( ٢٥٠٨ ).
(٢) فتح الباري ( ٩/٣٠٨ ).

بەوپەڕی ڕاشکاویەوە پێیان ئەفەرمووێ: :" بەخوا ئێوە خۆشەویست ترین کەسن لەلام "؟.

بەڵام زۆرێک لەباوکان و دایکان، قورسترین شت لەلایان ئەوەیە کە بەمناڵەکانیان بڵێن: خۆشمان ئەوێن، و بەناتەواوی ئەیڵێن و زمانیان تێکەڵ و پێکەڵ ئەبێ لەکاتی ووتنیدا. وە ئەبینی پێشوازی و بەخێرهاتنی گەرم لەمناڵەکانیان هەر بوونیشی نی یە یان زۆر سارد و سڕە.

١٦) پەروەردەکاری یەکەم صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەوپەڕی نەرمونیانی میهرەبانیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ئەکردن، دەبا گوێ لەو کۆمەڵە هاوەڵە لاوانە بگرین کاتێ ڕازی خۆیان بۆ خۆشەویست و پەروەردەکارەکەیان صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ درکاند، مالیکی کوڕی حوەیریس خوا لێی ڕازی بێ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: ( أَتَيْنَا النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَنَحْنُ شَبَبَةٌ مُتَقَارِبُونَ، فَأَقَمْنَا عِنْدَهُ عِشْرِينَ لَيْلَةً، فَظَنَّ أَنَّا اشْتَقْنَا أَهْلَنَا، وَسَأَلَنَا عَمَّنْ تَرَكْنَا فِي أَهْلِنَا، فَأَخْبَرْنَاهُ، وكَانَ رَفِيقًا رَحِيمًا، فَقَالَ: «ارْجِعُوا إِلَى أَهْلِيكُمْ، فَعَلِّمُوهُمْ وَمُرُوهُمْ، وَصَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي )[1].

واتە: هاتینە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وە ئێمە کۆمەڵێ گەنجی هاوتەمەن بووین، بیست شەو لەخزمەتیدا ماینەوە، جا کە گومانی برد و زانی کە ئێمە بیری خێزان و کەسوکارمان ئەکەین، و پرسیاری ئەو کەسوکارەی لێکردین کە بەجێمان هێشتبوون، ئێمەش هەواڵمان پێدا لەبارەیانەوە، بەڕاستی نەرمونیان و میهرەبان بوو، جا فەرمووی:"

(١) رواه البخاري (٦٠٠٨).

بگەڕێنەوە بۆلای کەسوکارتان، جا نوێژیان فێریان بکەن و فەرمانی کردنیان پێ بدەن، وە نوێژ بکەن هەروەک چۆن منتان بینیوە نوێژ ئەکەم ".

جوان ڕامێنن لەم دەستەواژەیە: نەرمونیان و میهرەبان بوو، ئەگەر بێتو هەندێکمان ئەم دەستەواژەیە بەکاربهێنێ یان پێی بناسرێ، ئەوا ئەو هەستەمان لەلا دروست ئەبێ کە ئەو کەسە خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز نی یە، وەک ئەوەی کە نەرمونیانی و میهرەبانی و سۆز و بەزەیی دژایەتی وورە بەرزی و کەسایەتی بەهێز و پەروەردەی چاک بکات! .

وە نموونەیەکی تر لەسەر نەرمونیانیە سەرسوڕهێنەکەی، و بەتەنگ هەست و سۆزی کەسانی تر بوونە سەیرەکەی ئەوەیە کە منالێکی شیرەخۆرەیان بۆ هێنا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وەک پیشەی هەمیشەیی ماچی کرد و یاری لەگەڵدا کرد، وە لەسەرکۆشی خۆی داینا و باوەشی پیاکرد جا مناڵەکە میزی پیاکرد، بۆیە کەسوکارەکەی دەستپێشکەرییان کرد بۆئەوەی بەپەلە بیبەن نەوەکو لاشەی پیرۆزی بەمیزی مناڵەکە پیس ببێت، بەڵام پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێگری ئەو کارەی لێکردن و فەرمووی: ( لَا تَقْطَعُوا دَرَّهُ ).

واتە:" وازی لێبهێنن ومیزەکەی پێ مەبڕن "، وازی لێهێنا هەتا لەمیزەکەی بۆوە [1].

وازی لێهێنا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ میزەکەی پێدا بکات، بۆئەوەی نەیشڵەژێنێ و نەیترسێنێ، و بێزارنەبێ ئەگەر هاتو نەهێڵرا میزەکەی تەواو بکات.

(١) رواه الطبراني في المعجم الكبير ( ٧٦٩٩ ) ، و حسنه الحافظ في الفتح ( ١ / ٣٥٠ ).

جا ئەگەر ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەتەنگ هەست و سۆزی منالێکی شیرەخۆرەوە بێت، ئەوا هەر مەپرسە لەبەتەنگەوەهاتنی بۆ هەست وسۆزی لاوان و گەورە و بەتەمەنەکان، و بەتەنگەوەهاتن و هەست ڕاگرتنی خێزانەکانی و هاوەڵە بەڕێزەکانی.

لەکۆتایدا داواکارم لەخوای بەرز و بڵند و باڵادەست کە منالْ و جگەرگۆشەکانمان بۆ چاک بکات، و یارمەتیمان بدات لەسەر ئەوەی کە بەجوانی بەتەنگ مافەکانیانەوە بین و بەڕێکوپێکی جێبەجێ بکەین، بەڕاستی هەر خۆی نزیک و وەڵامگۆ و بیسەری داواکانمانە.

و صلَى الله وسلمَّ و بارک علی رسوله و آله و صحبه أجمعین.

سوپاس بۆ خوا لەکاتژمێر (١٢:١٨) ی شەوی ١٦/١٧ ی مانگی ٣ ی ٢٠١٨

لەم وەرگێڕانە بوومەوە ( ساماڵ علی فرج ).

# پێڕست


- پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٤
- پێشەکی ........................................ ٧
**بەشی یەکەم ........................................ ٢٤**
- خۆپاراستن ........................................ ٢٤
- بنچینەی یەکەم ........................................ ٢٥
- قۆناغی یەکەم ........................................ ٢٥
- قۆناغی دووەم ........................................ ٤٧
- قۆناغی سێ یەم ........................................ ٤٨
- بنچینەی دووەم ........................................ ٦٠
- بنچینەی سێ یەم ........................................ ٦٣
- بنچینەی چوارەم ........................................ ٦٦
- بنچینەی پێنجەم ........................................ ٧٠
- بنچینەی شەشەم ........................................ ٧٣
- بنچینەی حەوتەم ........................................ ٨٠
- بنچینەی هەشتەم ........................................ ٨١
- بنچینەی نۆیەم ........................................ ٩٤
- بنچینەی دەیەم ........................................ ١٠٢
- بنچینەی یانزەهەم ........................................ ١٠٨
- بنچینەی دوانزەهەم ........................................ ١١٢
- بنچینەی سیانزەهەم ........................................ ١١٥
- بنچینەی چواردەهەم ........................................ ١١٩
- بنچینەی پانزەهەم ........................................ ١٢٢
- بنچینەی شانزەهەم ........................................ ١٢٥

- بنچینەی حەڤدەهەم ........................................ ١٢٧
- بنچینەی هەژدەهەم ........................................ ١٢٩
- بنچینەی نۆزدەهەم ........................................ ١٤٣
- بنچینەی بیستەم ........................................ ١٤٥
- بنچینەی بیست و یەک ........................................ ١٤٨
- بنچینەی بیست و دوو ........................................ ١٥٨
- بنچینەی بیست و سێیەم ........................................ ١٦٣
- بنچینەی بیست و چوارەم ........................................ ١٦٥
- بنچینەی بیست و پێنجەم ........................................ ١٦٨
- بنچینەی بیست و شەشەم ........................................ ١٧٠
- بنچینەی بیست و حەوتەم ........................................ ١٧٢
- بنچینەی بیست و هەشتەم ........................................ ١٧٦
**بەشی دووەم ........................................ ١٨١**
- چارەسەر ........................................ ١٨١
- بنچینەی یەکەم ........................................ ١٨٢
- بنچینەی دووەم ........................................ ١٩٣
- چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشیە جەستەییەکاندا ........................................ ١٩٩
- بەراوردێ لەنێوان پەروەردەی یەکەمین پەروەردەکار صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ
و پەروەردەی زۆربەی زۆری باوکان و دایکاندا ........................................ ٢٠٤

جارێکیان یەکێک لە بەرپرس و ئەمیرەکان ئەچێتە ژورەوە بۆ لای ئەو پێشەوا عومەرەی ( خوا لێی ڕازی بێ ) کە پیاوە گەورە و مەزنەکان لێی ئەترسان ، بینی عومەر لەسەر پشت ڕاکشاوە و منداڵەکانی لە چوار دەوری یاری ئەکەن ، ئەویش نکۆڵی لێکرد و پێی ناخۆش بوو کە هیچ قسە ناکات و بێ دەنگە لەیاریکردن و دەنگە دەنگی منداڵەکانی ، پێشەوا عومەر لێی پرسی : ئەی تۆ چۆنی لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەتدا؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی : کە ئەچمە ژورەوە ئەوەی قسە ئەکات بێ دەنگ ئەبێ ، پێشەوا عومەریش پێی ووت : کەواتە دەست هەڵگرە لەو کارەی پێمان سپاردووی ، تۆ کە نەرم و نیان نەبیت و بەزەییت بە ماڵ و منداڵتا نەیەتەوە ئیتر چۆن بەزەیت بە ئومەتی محەمەدا ﷺ دێتەوە .

لە کتێبی الهدي النبوي في تربية الأولاد
في ضوء الكتاب والسنة
نوسینی سعید بن علي بن وهف القحطاني (٩٧)

# چۆن منداڵەکانت پەروەردە ئەکەیت

٢٠١٩ ز